ئامانج و نەخشەو بەرژەوەندیەکانی ولاتانی سەرمایەداری و ئیمپریالیزمی جیهانی یە. بە کورتی ئەم ئەزموونە پێَمان دەلێَت ((نەشانە شێخ نە ئاسمان هیچیان ڕِزگارمان ناکات، با خۆمان بە ڕزگاری ڕابین،…)). ماوەتەوە کە بڵێَن ئەوەی ڕِووەدات بەردەوام بوونی بەرخودانە لە عەفرین لە شکل و فەرمیَکی جیاوازدا، هەربۆیە ئەوەی کە خەڵکی لەبەرەی ئازادیخوازانەدا دەبینیَتەوە دەبیَت لە سەنگەري هاودەنگ و هاوخەباتی بۆ گرِانەوەی ئیرادەی ئینسانی لەم شارەدا، بیَتەمەیدان و خەی ببینیَتەوە!

سەفەکلس ئەنتیگۆنە… وەرگێڕانی: خەبات عارف



بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرەبکەن …

بپێچە ئەی بەق … هەزار حوسەن

ب

جەنگ دەستپەدەکات
ەەژ ژەمەرەکان خەرا دەبن و
منداەەکان وجاخ کوێر
منیش لەم کتێبانە ادەمەنم
کەاڤەی

ئەم درەختە بەسەو شونانە
دەبنەوە بەر باران
سەیری ئەو شستانە دەکەم
کەبەگز
دەچنەوە سەر کورد بوون و
لەنیشتیمان یاخی ببوون

ە
گەرانیەکان لەهەلوەرینی گواناھـ
دەچن لەئیماندارەک
لەکوژرانی نەیژنەک دەچن
لەقەراغ دەریا
وەک ئینجانەی دەی هارێیەکمانن
کەپە بووە لەهیچ
چەژی ژیانن
بەدەم خەونی بەیانیانەوە

ق

تەنیایی
لەئاوازی گەرانیەکی بەباک دەچە
گوتنەوە وەردەکانی پاکیزەیی
لەدەی ەاوچیەکی بریندار
تەکشکاندی پیرەزیی
لەبەر چاوی خواوە
لەدەشدامانی ئەوارەیەک
ھەتاویان کرد بەتاریکی و
پەنجەرەی ئەوسانەبوون
شیلەی گومانیان لەدەچەا
...
بەقەکان هاوەی نزیکی ئەمن
بەقەکان لەمان زویر نابن
بەقەکان گەرانیمان بەدەن

ھەژار حوسەن

عەشقی ئیلاهی … بەختیار محەمەد

کە ماچت دەکەم،
دەڵێی لە دەرگای بەهەشت
ڕاوەستاوم.
کە گۆی مەمکیشت دەمژم،
دەڵێی لە حەوتەمین تەبەقەی ئاسمان
وەستاوم.
کە تەماشای ڕووتی
باڵاشت دەکەم،
دەڵێی من ئادەمم و
لە حەوا دەڕوانم.
ئاخ! ئەی پاکیزەم،
دەزانم ئێستا خوا لێم تووڕەیە و
لە بەهەشتە کلاسیکییەکەی خۆی
دەرم دەکا.

بە مووچە هاتوکان نادەن گوایە ئەوا دەبینن…؟! … مووزەفەر عەبدوڵا

ئەمە قسەکەی مامۆستا غەزاباوییەکەی ناوزایەتیکانی سالی پار بوو کە بە چەکدارکانی دەسەڵاتی دەوت کاتێک تەقەیان لە خۆپیشاندەران دەکرد.لە کاتێکدا مامۆستایان بە هەڤکێی ڕەوای خۆیان ناوزایەتی یان دەردەبڕی کە هەمان هەقی ئەو چەکدارانەش بوو.بەڵام ئەو چەکدارانە لە جیاتی پێوست بون بە ناوزایەتی یەکانەوە پاسەوانی خەڵکی ناڕازی کەچی خوێنی خەڵکیان دەڕشت.جا بە ئەبەت ئەم قسەیەی

مامەستایە لەسەری حیساب بکرێت لە کاتێکدا بەو ووشەیە تەنها دەی پەی خەی لە چەکدارە بە موچەکانو سەرانی دەستەات بەتاڵ کردەتەوە. بە پێچەوانەی لێکدانەوەو هەڵوەستی کەسانێکی تەسک بینەوە ئەم قسەیە دوایی بوو مایەی دەسخۆشانەو نوکتەی خۆشی سەرزاری خەڵک نێک هەر لە ئاستی کوردستان بەگشتو لە ئاستی ووڵاتانی تریش، تەنانەت لە قیدیەکی یوتوبدا لاوێکی چینی لە ماڵکەی خۆیان بە زمانی کوردی بە شێوازیکی کۆمیدی دەیوتەوە.

بەڵام با کەمێک لە ناوەڕۆکی ئەم ووشەیە ورد بینەوەو ڕوونی کەینەوەو بزانین مانای چی یەو بە دەکرێت لە دژی ئەم دەستەاتەو دژگا سەرکوتگەرو تاوانبارکانیان ،کە لەسەر حیسابی گیانو ژیانو نانی خەڵک دژین ، بەکار بێتو زەریش ئاسایی یە.

پەم وایە زەربەی کەس دژانەت گەواو- گەواد- بەو کەسانە دەڵین کە بازرگانی بە کەسانکەوە دەکەن کە کاری سێکس فرۆشی دەکەن. جا ئەو کەسانە بەرودەخ بە هەر هەیکەوە بێت ناچاری کردون بەوکارە. بیگومان ئەمەش بە پەی یاساو بەیارە هاوچەرخو شارستانی یەکان تاوان نی یەو بەرەنجامی بونی دەستەاتی وەک ئەم دزو گەندەڵو چەتانەی کوردستانە کە ڕۆژانە موچەو کرێ خەڵک نادەنو سەرکوتیشیان دەکەنو کەسانێک ناچار نەم کارە دەکرێن. بەڵام تاوانبار ئەو کەسانن کە بازرگانی بەم کاری سێکس فرۆشیەوە دەکەن هەر بەیەش پەییان دەڵێن گەواو.

ئیستاش ئەم دەستەاتە جگە لەوەی خەریکی دزینی هەموسەروەتوسامانی ووڵاتە هاوکات موچەی سەدان هەزار کەسی وەک ئەو مامەستا بەڕێز چەند مانگە نادەن.سەرەڕای ئەوەش دەستەاتە تایەفی یەکەی بەغدا بە مەبەستی خەی بەیاری داوە موچەی بدات بەڵام بەهەی ساتوسەودای لەگەڵ دەستەاتدارانی هەولێر ئیستا موچەکە تەواو نادەو زەری دەدزن . باشە مەگەر ئەم موچە نەدانە کارەکی گەواوی نی یەو هیچ جیاوازی یەکی هەیە لەگەڵ کاری ئەو کەسەی کە بازرگانی بە کاری سیکس فرۆشیەوە دەکات..! بروا بکەن ئەم کارەی دەستەات زەر تاوانترە لە گەواوی بازرگانانی سێکس.لەڕەدا من هەرگیز مەبەستم نییە شێوازو نەریتی جوڵنو سوکایەتی پەیرەو بکەمو باوو بەرگریشی لە بکەم نەخێر هەرگیز..! بەڵام ئەگەر هەر کەسێک بە ژیری دور لە ڕوانگەی ئەخلاقی ڕووتەوە لەی ورد بیتەوەو هەڵوەستەی لەسەر بکات ئەوە دەکاوەک موچەنەدانو دزینی ئەوەی لەبەغداشەوە هاتوە لەناوەڕۆکدا هەمان کاری گەواوی بازرگاکانی سیکسن کە بە تاوانکی گەورە دادەنریت لە ڕوانگەی بیروباوەڕو نەریتو تەنانەت یاساکانیشەوە.

دیارێ ئەم واقعیەتەکە کە زۆر جار لە ڕووداوێ پێ کەشمەکەشو ململانێ سیاسی وکۆمەڵایەتی یەکاندا ووتەو قسەو هاواری ناڕەزایەتی کەسانێک ، بە تایبەت جوڵنو سوکایەتیو توانج دەبیتە ، بەشێک لە دروشمو ناڕەزایەتی یەکانی دەمی جەماوەرو کاریگەریشیان دەبێت لەسەر ڕووداوکان. بە دڵنیاییشەوە ئەوانەی ئەو قسە بە ڕواڵەت جوڵناوی یە دەدەن مەرج نی یە سوکایەتیو جوڵنو بڕیزی دیاردەی نەریتو کەلتوری ژیانیان بێت.بەڵام کاتێک دەسەڵاتدارانو ژمارەی سەرکوتگەرەکان مافەکانی خەڵک پێشێل دەکەن ،هەروەک دەسەڵاتی چەتەو گەندەڵی پارتیو یەکێتیو هاوپەیمانەکانیان ، ئەوە کەسانێکی زۆر لە سەنگەری لەرژانی جامی تواڵیو ناڕەزایەتی یان و، باری دەروونیان ناچار دەبەن قسەی وا بکەن. ئەمەش حاڵەتیکی زۆر ئاسایی بەرهەڤ.وە ئەم جۆرە قسانە زۆر جار لەسەر زاری گەورە ئابڕۆ سیاسی یەکان ، جا نەک هەر ئاستەکان کە نەریت هەمیشەیانە ، بەڵکو ئازادیخوازو چەپەکانی دونیاش بە درێژایی مێژوو کراوەو دەشکرێت .
باشترین بەڵگەش جوڵنو سوکایەتی یەکانی سەرانی خودی پارتیو یەکێتی و هاوفکرو نەریتەکانیانە بە یەکتر کاتێک کەمترین جیاوازیو دژایەتی دەکەوێتە نەوانیانەوە.
ئێستا کە منیش ئەم قسەیە بە کەمک دەسکاری یەوە دەدەمەوە بەووی سەرانی دەسەڵاتداراندا ئەوە قابیلیانە.لەو بەوایەشدام ئەگەر کەسانێک ، کە کەمترین لایەنگری مافو ناڕەزایەتی یەکانی جەماوەر، لەناویان مابێت مەری تەئید لە ووشەیە دەداتو دڵیت خەڵک هەقیانە هەرچی بڵێن بەم دەسەڵاتە.

بەیە هەقی هەمو خەڵکە ، بە تایبەتی موچە خۆرانو ئەو مامۆستایش جارێکی تر پەکەوە بە دەنگی زوڵاو لە ناڕەزایەتی یەکانیان بەم دەسەڵاتە بڵێنەوە بە موچەکان نادەن گەواوینە..؟!

٢٢٠١٨-٣-٢٤
موزەفەر عەبدوڵا

7 فیلم لە بەشی "سینەمای ئیتالیا" لە فێستیڤاڵی جیهانی فیلمی فەجر نمایش دەکرێن

مەنسوور جیهانی – 7 فیلمی سینەمای لە بەشی "چاوخشاندنێک بە سینەمای ئیتالیا" لە سی و شەشەمین خولی فێستیڤاڵی جیهانی فیلمی فەجر لە شاری تاران نمایش دەکرێن.

7 فیلمی سینەمای کە هەموویان ساڵی 2017 بەرهەمهاتوون لە بەشی "چاوخشاندنێک بە سینەمای ئیتالیا" لە میانەی سی و شەشەمین خولی فێستیڤاڵی جیهانی فیلمی فەجر FIFF لە شاری تارانی پایتەختی وڵاتی ئێران نمایش دەکرێن، کە بریتین لە: فیلمی سینەمایی "تیتۆ بچووک و بوونەوەرە فەزاییەکان" Little Tito and the Aliens لە دەرهێنانی "پائۆلا لیویا راندی" Paola Livia Randi، فیلمی سینەمایی "جەبر لاپاسی" The Laplace's Demon لە دەرهێنانی "جیەردانۆ جیولیڤی" Giordano Giulivi، فیلمی سینەمایی "یاسا ئاوێنەیە" The Law لە دەرهێنانی"ساڵواتۆرە فیکارا و پیکۆنە" Salvatore Ficarra and Valentino Picon، فیلمی سینەمایی "چامبرا" A Ciambra لە دەرهێنانی "یۆناس کارپینیانو" Jonas Carpignano، فیلمی سینەمایی "ئۆکوپکی کارەکان" The Order of Things لە دەرهێنانی "ئاندرێ سگرێ" Andrea Segre، فیلمی سینەمایی "جگەیەک کە سەبارەکان دەووخێن" Where the Shadows Fall لە دەرهێنانی "ولنتینا پەدچینی" Valentina Pedicini و هەروەها فیلمی سینەمایی "میزان" Equilibrium لە دەرهێنانی "وینچێنزۆ مارا" Vincenzo Marra.

لەم کەمپەینە فیلمێکی سینەمایی لە بەشی پێشبڕکێی، دوو فیلمی سینەمایی لە بەشی "چرای خەیاڵ"، فیلمێکی سینەمایی لە بەشی "نمایشی تایبەت" و هەروەها ئۆو فیلمانەی کە ماوەتەوە لە بەشی "چاوخشاندنێک بە بەرهەمەکان" نمایش دەکرێن.

بەشی "چاوخشاندنێک بە سینەمای ئیتالیا" لە چەندین مانگ پێش ئێستاوە بەرنامەی بۆ داڕێژراوە و بە هاوکاری وەزارەتی فەرهەنگی ئیتالیا و باڵیۆزخانەی ئەم وڵاتە لە شاری تاران بەڕێوەدەچێت.

میوانانی تایبەت لە ئیتالیا بۆ بەشداریی لە سی و شەشەمین خولی فێستیڤاڵی جیهانی فیلمی فەجر، بەڕێوەبردنی ڤەرکشۆپی فێرکاریی لە

زانکۆکان و هەروەها بەڕێوەچوونی شەوی ئیتالیا سەردانی وەاتی ئەران دەکەن.

سی و شەشەمین خولی فێستیڤاڵی جیهانی فیلمی فەجر بە بڕیاری بڕایەتی سینەماکاری ئێرانی "ڕەزا میرکەریمی" و بەشداریی بەرهەم و دادوەران، دەرهێنەران، ڕۆژنامەنووسان، رخنەگران و میوانانی وەاتانی جۆراوجۆری جیهان لە چەندین بەشی جۆراوجۆری پشبڕکێی و دەرەوەی پشبڕکێی، لە ڕۆژانی 19 تا 27ی ئەپرێلی 2018 لە کەمپی پەردیسی سینەمایی "چارسوو" لە شاری تاران بەڕێوەدەچێت.

بڕیاری بڕایەتی ئاگەیاندنی گشتیی فیستیڤاڵی جیهانی فیلمی فەجر.

زمانێ کوردی و ئەدەبێ کوردی … ئاری زێندینی

زمان و ئەدەب,دوو کایەی فراوانن لە ژیانی مرۆڤ بە چەندین لق و پۆپ و بوار خۆیان دەخزێننە نێو ژیانی تاکەکان, زمان و پەیدابوونێ زمانێ مۆژوویەکی نادیاری هەیە بەڵام لەورۆژەی مرۆڤ پەیدابووە لە سەر زەوی زمانیش پەیدابووە سەرەتا زمانێ نقیسین نەبوویە تەنێ زمانێ وتووەژولەکتگەیشتن نێوان مرۆڤەکان بووە بە شێوەی جولانی جەستە و دەست و سەرو پاشی گەشەی کردوو بووە بەرەو ئەوە ڕێشت ئەو تشتەی مەبەستیانە وێنەی بکێشن لە سەر بەردودیوارو ئەشکەوتەکانن واتە لە زووەکەوە پاش زمانی وتووەژوگفتوگۆ زمانی (نقیسین) سەریهەلداوەوپەیدابووە تا بە ڕۆژی ئەڤۆ دەگات چ زمانێ وتووەژی نێوان مرۆڤەکان چ زمانێ نقیسین گەشەی کردووەوپەرەی سەندووە, ل هەمی زمانەکانی میللەتان و دونیا زمان دوو شێوەی هەیە:

یەکەم / زمانێ وتووەژ, کە زمانێکی نێو خەڵکە هەرچەندی کە زمانێ هەسەنی میللەتەکەیە بەڵام زمانەکی نافەرمی (ناسمی) واتە زمانەکی ناوچەیی وباژێری خەیانە دویر لە پەیەوکردنی یاساوەدستوورو زمانی زمانەکە کە زمانەکی ستاندارد نیە.
دووەم / زمانێ نقیسین, ئەمەش دوو جۆرە:

1- زمانێ راگەیاندن و ئەدەب وهونەروهەزاران کتێبی چاپ کراو کە دەچێتە خانەی شێوە زمانێ نافەرمی(ناسمی), مرۆڤەکان گۆڕانکاری زوو تێدا دەکەن و تێکەڵە لە زمانێ گوندولادێ وشاروناوچەیی زاڵە.
2- زمانێ (ستاندارد – یەکگرتی), کە زمانێکە کۆمەڵگەکەومیللەتەکە بە تێکڕا تێدەگەن و دەشێن قسەی پێبکەن لە نووسراوودامووەزگاحکومیەکان بواری کتێبی پەروەردە لە قوتابخانەکان لە سەرتاسەرێ دەوڵەت پەیڕەودەکرێت واتە زمانەکە دەستووریە ژ لایێ رێنووس و ڕێزمانەوە گۆڕانکاری درەنگ بە سەردا چێدبیت دچیتە خانەی زمانی (فەرمی , ئسمی).

ژ لایێ زۆربەی نەتەوەووڵات وکۆمەڵگەکاندا لە زووەوە هەوڵ هاتیە دان کو زمانەك سەرتاسەری (ئسمی – فەرمی) بە شێوەی ستاندارد بێتە بەکارئینان پەڕەوی بکەن کۆکردنەوەی هەمی تاکەکان لە چوارچێوەی ئێك زمانێ یەکگرتی ئەمەش لە ڕێگایی (ئایین , سیاسەت , نەتەوەپەرستی , دەسەڵات , زۆرداری) یانژی زمانەك ستاندارد ژدەرێ کتێبکی پیرۆزی ئاینی بێت وەك (قورئان) یان کتێبکی ئەدەبی و ئەدەب هەروەك لە کۆنەوە زمانێ (لاتینی) زمانەکا فەرمی و ئەدەبی سەردەمی خۆی بوو ژبەر زۆری بەر هەمەت ئەدەبی.زمان سامان و گەنجینەیەکی کەلتووریە لە ناڤچوونی ئەڤ سامان وگەنجینەوکەلتووڕە نەتەوەیە مەرگی بەشێك لەو سامانە کەلتووڕەیە مەرگی بەشێك لە شارستانیەتی مرۆڤە , بەداخەوەش لە ڕابردوو بە هۆی داگیرکەرانەوە بە شێکی زۆری زمانەکەمان ل ناڤچوو, زمانێ دایك و زمانی خوێندن و زمانێ نفیسین ئێك ل بنەمایەترین مافەکانی تاکە لە کۆمەڵگە ,میللەتی کوردیش بە درێژایی چەندین ساڵ بەشێکی زۆری مافەکانی پێشێلکراوە زمانەکەی قەدەغە کراوە بۆی نەبووە بە زمانی خۆی ئاخافتن بکات منداڵی کورد لە یەکەم ڕۆژی لە دایکبوونیەوە بە زمانێکیتر مشکی پێدەکرێت, زمان ل نهادا تەنێ فاکتەرێکی کەلتووری نیە بەڵکی زمان فاکتەرێکی سیاسی هەیی چونکی لەناوبردنی زمانێك وسووك تەماشا کردنی زمانێك هەوڵدانە بۆ نەهێشتنی سەرتاپایی ژیان و کەلتوورو خودان کارانی ئەو زمانەیە. زمان دەمرێ و دێتە ل ناڤچوون بە هۆی لە ناڤچوونی میللەتەکەونەبوونی کەلتووروئەدەبێکی کۆم بەرهەم و بەهێز بێیە گەر میللەتیش لە ناڤ بچێت کەلتووروبەرهەمی ئەدەبی لایەنکۆ گرنگی زیندووکردنەوەی ومانەوەی زمانە,میللەتێکی وەکو میللەتێ کورد لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە لە کۆنەوە هەتا نووکە هەندێك لە پارچەکانی کوردستان کە ئیگە نەدراوە زمانەکەمان قسەی پێبکەین و لە ناوچە کوردنشینەکان بەشێوەیەکی ئسمی (ستاندارد) بێتە پەیڕەکرن بەڕام

به هۆی بوونی ئەدەبێکی کوردی بەبەرهەم وزۆروزەوەند بە پیت بە تایبەت لە (شیعروپەخشان) زمانەکەمان هەمی گاڤا پێشدەکەوێت و زیندووە دویرە لە فەوتان و نەمان,بەتایبەت ل باشووری کوردستانێ (هەرێمێ کوردستانێ) نیمچە سەربەخێیەکا وەرگرتیە ژ لایێ ئیداری وسیاسی لە راگەیاندن و داموودەزگا حکومیەکان وبواری کتێبە قوتابخانەکان زمانێکی ێسمی (فەرمی) پەیەودەکرێت زاربەی خەڵکی کوردستان لێکتێگەیشتنیان هەیە بێ زمانەکەمان کە شێوە دیالێکتی کرمانجی ناوەراستە,ئەمە حاڵی زمانی کوردیە لە نهادا پێتڤی بە بیرکردنەوەوتوژینەوەیە نوێیە چونکی هەرسەردەمەو شتی نوو وگۆرانکاری نوو ل زانست و بوارەکانی ژیانی مرۆڤ کاریگەری بلەز هەیە بێ سەر زمان دبیت بە پێوەری ئەڤ گۆڕانکاریانە تەماشایی زمان بێتە کرن, لە سەردەمی ئێستادا گەر میللەتیش لە ناو بچیت و مافی قسەکردنی زمانی خێیی نەبێت ئەدەب و کەلتوورەکە دەمێنێت وەك کەلەپوورووبەگە بەهۆی هەزاران کتێبی چاپکراوۆژنامەی بۆاڤکراوەوچاپکراو وەك ئەرشیفێکی نووسراو.

زمان و ئەدەب

زمان و ئەدەب خزمەتێکی زۆری ئێکتری دەکەن پاش ئەوەی مرۆڤ پێشکەوت و بیردەکاتەوە بەرهەمی ئەدەبی و بواری راگەیاندن (میدیا) خزمەتێکی گەورەوباشی زمان دەکەن,زمانی کوردێ وئەدەبێ کوردیش یەك لەو زمان و ئەدەبانەی سەر رووی زەویە,گەر زمانی نقیسین نەبوایە ئەدەبیش نەدەبوو بە هەمی لقەکانیەوە لەم سەردەمەی ئێستاش ئەدەبیش بە هەمی لقەکانیەوە لە خزمەت زمانە وەك فەرهەنگێکی زاراوەووشەوپەیڤ ژ بو زمان .زمانێ ئەدەبی زێتر زمانێکی پاراوەسەن وپەتی پێ فەرهەنگی زاربەی ناوچەکانی کوردستان و گوندولادێکانی کوردستان پاڵنەرێکی بەهێزی دەوڵەمەندکردنی زمانێ کوردیە پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان زمان وئەدەب,ئێك لە هێکارە هەرە سەرەکیەکانی مانەوەی زمانێ کوردی و دەوڵەمەندی زمانێ کوردی کە پێویستمان بە هیچ وشەوزاراوەیکیتر نیە لە زمانی بێگانە دەوڵەمەندی ئەدەبی کوردیە بەتایبەت (شیعروپەخشان) هێزانقان و شاعیران ونووسەرانی کۆن و نوێ کە لە چوارچێوەی زمانێ (نقیسین) هەژمارەدکرێت پێنگاڤەکێ گرنگ و سەرەتاییە بێ زمانێکی (ستاندارد) بێجگە لە مەش بوونی زۆری وشە و پەیڤی نوێ لە کەلتووروناوچەکانی کوردستان وکۆمەگەی کوردی زمانێ کوردی جوانتر دەکات.زمانێ کوردی بە هەمی شێوەولق و شێوەزارودیالێکتەکان گەنجینەیەکی ب نرخە ل وتەوواژەوپەندوبەیت و شیعروگۆرانی وفۆلکلۆرولاوك و حەیران ئەمەش

بەرهەمێ میللەتی کوردە ل بوارەکانی ژیانی خێدا پاشان زمانێ کوردی دەوڵەمەندەکات و جوانی دەکات ئەمەش پەیوەندیەکی بە هێزی زمانێ کوردی وئەدەبێ کوردی بە دیار دەئیخیت. لە مێژوویی زمانێ کوردیدا بە(سێ) شێوە زمانی ئەدەبی کوردی نووسراومان هەیە کە بوونەتە دەوڵەمەندی و بناغەی زمانێکی ستاندار کوردی لە نها و لە داهاتوودا, وەك:

شێوەی ئێکەم/ شێوەی ئەدەبی (هەورامی یان گۆران), کە سەر بە دیالێکتی کرمانجی خواروو, ئێکەم بەرهەمی ئەدەبی هەورامی یان گۆرانی دیالێکتی کرمانجی خواروو شیعرەکانی (بابا تاهیری هەمەدانی) پێش هەزار ساڵ لەمەوبەر شیعری پێ نووسیوە پاشی ل سەدەکانی ناوەڕاست بەرەو دوماهی سەدەی (19) شاعیرانی وەکی (خانایی قوبادی , کاردۆخی) بە شێوەی (هەورامانی و گۆرانی) شیعریان وتووەونقیسیە,وی دەمێ هەم زمانی وتووەژوخەلکی بووە هەم زمانێ نقیسین وەکی (شیعر) بەڵام زمانێ ستانداردوزمانی داموودەزگایی میری نەبووەو ناشزانین وەکو مێژوویی دەسەڵاتدارێتی بە تەواوی کێ حوکمی کردووەوچەند بووە. شێوەی ئەدەبی هەورامانی زمانێکی کوردی ەسەن وپێوپاراوبووە ڤێگاڤێ زێرینەی خەلکی ئاخافتنی پێکردووە لە هەزان وشیعری کوردی ەنگیداوەتەوە دەوڵەمەندە وشەوپەیڤ وزاراڤەو فەرهەنگ وکەلتووری ناوچەودێهاتەکانی کوردی وی سەردەمێ,ل سەردەمی ئێستاشدا شێوەی هەورامی زمانێ قسەووتووەژی ناڤ خەلکیە لە ناوچەکانی خێیان لەسەر سنووری وڵاتی (ئێران) کەدابەشکراوە کە بەشکی کێم کەوتێتە سنوری باشوری کوردستان کە خێی دەبینێتەوە لە چەند شارچکەولادێیەك ژ لایێ ئەدەبیات ژی بەشکی کێم شیعروپەخشان دەهێتە نقیسین جاربەجاریش لە ستێان و بەدیاردەکەوێت نەبێتە زمانێ داموودەزگایی حکومی, واتە زمانێ هەورامانی ماوەونەفەوتاوە وەکو ئەدەب وکەلتوورێك ماوە دەتوانرێت سوودی لێببینرێت بێ دەوڵەمەندکردنی زمانێ کوردی و فەرهەنگێ زمانێ کوردی بناغەی زمانێکی ستانداردی کوردی.

شێوەی دووەهەم/ شێوەی ئەدەبی (کرمانجی سەروو- ژوورو) کە دەبێژنێ (بادینی) بە شێوەیەکی گشتی, ئەم شێوە ئەدەبە هەمی زمانێ کوردی لە شێوەزاروناوچەزاروگوندولادێ کە سەر بە دیالێکتی کرمانجی (ژوور , سەروو) ئەوبەشەی کوردستانەش کەوتێتە سنووری وڵاتی (تورکیا) کە ناوچەیەکی فراوانی کورد دەژی کە پێکهاتیە لە چەند شاری گەورەوبچووك و زۆری لادێ وگوند,ل نهادا زمانێ زۆربەی خەلکیە ژ ئەدەب وهونەروستێان ورێژنامەوتەلەڤزیۆن ەنگیداوەتەوە بەڵام بەری

نووکه له ناڤه ڕاستی سەدەکانی ناڤەڕاِست تا کۆتایی سەدەی (19) زۆرترین بەرهەمێ ئەدەبی پێ نووسراوە لە شیعروپەخشان وبواری ڕۆژنامەوانی بە پیتی (عەرەبی و لاتینی), شێوەی ئەدەبی کرمانجی ژوورو-سەروو(بادینی) ئەدەبێکی دەوڵەمەندی زمانی کوردیە چەندین سەدە شیعری پێ نووسراوەوزمانی وی دەمی خەڵکی بووە بووەتە زمانێ میرنشینەکانی (بادینان و بۆتان وجەزیرەوهەکاری) ل باکورێ کوردستانێ مەزن هەروەها بەشێکی کێم ژی کەوتەتە وڵاتی (سوریا) کە لە چەند شارچکەیەکی وەك(قامیشلێ وعفرین و کۆبانی) چەندین گوندولادێ کە تەنها زمانێ خەلکی بووە بوار نەهاتیەدان بێ نقیسین, تاکو نها ژی ئەڤ شێوە ئەدەبەوزمانە بەردەوامە لە زمانی قسەکردن و زمانی نقیسین لەو بەشەی کوردانی وڵاتی(تورکیا) لە بواری شیعروگۆرانی و ڕۆژنامەوانی و تەلەڤزیۆن کە پێیەتی لە هەزارەها وشەوپەیڤ و زاراوەی پەتی و هەسەنی زمانێ کوردی.

ئەڤ شێوە زمان وئەدەبی کوردیە شاعیرانی وەکو (مەلای جەزیری و عەلی حەریری و ئەحمەدێ خانی و فەقێ تەیران وپرتەوێ هەکاری و جگەرخوێن و قەدری جان) شیعریان پێ نووسیوە کە بوونەتە ئەدەبێکی دەوڵەمەندوفەرهەنگێکی هەسەن بێ زمانێ کوردی بناغەك بێ زمانێکی ستاندارد ڕێلێکی کاریگەری هەبووە لە مانەوەونەفەوتانی زمانێ کوردی بە گشتی و زمانێ دیالێکتی کرمانجی (ژوورو- سەروو).

شێوەی سێ هەم/ شێوەی ئەدەبی کرمانجی (ناڤەڕاست) کە بە زمانێ (سۆرانی) ناڤ زەدکراوە, شێوەی ئەدەبی ناڤەڕاست ئەدەبێکی زۆروزەوەندی هەیە, کە بەشێکی زۆری لە کوردانی وڵاتی (ئێران , ئێراق) قسەی پێدەکەن و پێیدەنقیسن لە شیعروپەخشان وگۆرانی و ڕۆژنامەوانی و هونەر, هەرچەند زمانێ هسمی ستانداردی خەلکی و داموودەزگایی حکومی نەبووە بەڵام ل نهادا پشتی سەرهەلدانا خەڵکی کوردستان لەو بەشەی وڵاتی ئێراق زمانێ هسمی خەلکی و داموودەزگا حکومیە و لە بواری خوێندنی قوتابخانەکان دێتە پەیِرەوکرن, شێوەی ئەدەبی کرمانجی (ناڤەڕاست) شاعیرانی وەکو (نالی و سالم وکوردی وحاجی قادری کۆیی و گۆران وفایق بێکەس ودێدار و پیرەمێرد و هەژارموکریانی وهێمن موکریانی) چەندانی دیکە شیعروپەخشانی پێ نووسراوە کە ئەدەبێکی دەوڵەمەند بە وشەوپەیڤ و زاراوە فەرهەنگی زمانێ کوردی پێش ئێخستیە ژ فەوتان رزگاری کردووە کە بناغەیەکی پتەوە بێ زمانێ ستانداردی کوردی لە نهاوداهاتوودا. ئەم سێ شێوە ئەدەبیاتەی کوردی کە بە زمانێکی پاراوەسەن و زمانێ زێربەی ناوچەودێهات ولادێ و زمانێ زێربەی کۆمەگەی کوردیە بناغەیەکی باش

و دەوڵەمەندەو پێنگاڤی ئێکەمە بۆ زمانێکی (یەکگرتی, ستاندارد) هەرچەند ئەرکێکی قوِرس وزەحمەتە بەڕام زمانەکەمان دەپارێزی لە فەوتان و ژ ناڤچوون, هەرچەندە لە سەردەمی نهادا هەمی تشت وەکی پەڕاونووسراوی کێن ونوو نافەوتێت بە هۆی ئەو پێشکەوتنەی زانست وتەکنەلۆجیا هەمووی دەمێنتەوە وەکی خۆی ئەگەر میللەتێك داپڕسنی و لە ناویشی ببەی بەڕام زمانەکەی بە هۆی ئەدەبە نووسراوەکەی دەمێنێت واتە جگە لە ئەدەب وکەلەپووری چەندین ساڵە بواری تەکنەلۆجیا زمان دەپارێز گەشەشی پێدەدات بە تایبەت ئەو ئامێروتەکنەلۆجیایەی لە بواری راگەیاندن بەکاردێت لە رۆژنامەوگۆڤاروتەلەڤزیۆن و رادیۆ کەزمانێ کوردی بۆ خەڵك و دونیایی دەرەوە بڵاڤ دەکاتەوە کە زێتر ئاشنا دبیت بە مرۆڤەکان.

زمانەکەمان و ئەدەبەکەکان لە ئێستادا:

پشتی گردووگۆو شیکردنەوەی مێژووی زمانێ کوردی وئەدەبێ کوردی بەشێوەیەکی پوخت,دگەهینە ئەنجامێکی واقیعی و بەردەست کە شێوەی ئەدەبی کرمانجی سەروو- ژوورو خزمەتکاری زمانی کوردی دیالێکتی ژوورو- سەروو بووە لە فەوتان رزگاری کردووە هەروەها شێوە ئەدەبی کرمانجی (ناڤەڕاست) هەروەتر خزمەتێکی زێری زمانی کوردی دیالێکتی (ناوەڕاست)ی کردووە لە ئێستاشدا هەردوو شێوە ئەدەبی و زمانی کوردی دیالێکتی (ژوورو- ناوەڕاست) زێربەی کێمەگەی کوردی قسەونووسراویان هەیە بەو دوو شێوە زمانە وا باشترەوچاکترە بناغەی زمانێکی (ستانداردی کوردی) لەو دوو دیالێکتە پێکبهێنرێت کە شێوە ئەدەبیەکەیان فەرهەنگ و وشەوپەیڤ و زاراوەی کوردی ڕەسەنی زێربەی ناوچە کورد نشینەکانی ئاکەنجیە. زمانێ کوردی ناسنامەی میللەتێ کوردە, زمان واتە نەتەوە , ئەدەب واتە کەلتووروکەلەپووری نەتەوە , زمان وئەدەبەکەمان بوونەتە بوونمان و مانەوەمان لە مێژوودا, زمانێ کوردی زمانێ زێربەی خەڵکی کوردستانە پێوستیمان بە زمان و ئەدەب و وشەوپەیڤی زمانانیتری بێگانە نیە, زمانێ کوردی لە سەردەمی ئێستادا لە ڕێگەی (ئەدەب و راگەیاندنەوە) چەتە ڕیزی زمانانی جیهان چەندین کتێب ونامیلکە ئەدەبی لە زمانێ کوردیەوە وەرگێڕاون بۆ زمانانی (ئینگلیزی وفارسی وتورکی) کە ئەدەب رۆلێکی سەرەکی بینی لە ناسین و دەوڵەمەندکردنی زمانێ کوردی,ئێکەم پێنگاڤیش بۆ بەرەوپیشڤەچوونی زمانێ کوردی و لێك نزیکردنەوەی زمان وئەدەبەکەمان نڤیسەران و ڕەوشەنبیران وخوێندەڤانان, با وازبهێنین لە زمانی ناوچەیی و ئەدەبی ناوچەیی و میزاجی بەلکی زیاتر لە هەوڵی زمانێکی (یەکگرتی)ی سەرتاسەری بین بۆ زمانێ کوردی لە

بەرهەمە ئەدەبیەکانیش هەنگبداتەوە کە دنیایی و بناغەیەکی پتەووقایمە بۆ زمانی کوردۆ, دەشێن پێنگاڤەکان بۆ ئێکخستن و تێکەڵاوی هەردوو دیالێکتی (ژوورو, ناڤەڕاست) ل چەند خاڵێك کەم بکەینەوە وەکی :

1-شێوەی ئەدەبی کرمانجی(ژوورو , ناڤەڕاست) ئێکبخرێت لە بەرهەمە ئەدەبیەکان هەنگبداتەوە.
2-لە داموودەزگا حکومیەکان بە تایبەت لە باشووری کوردستان تێکەڵاوی و ئێکخستنی دیالێکتی (ژوورو و ناڤەڕاست) بهێتە پەیڕەوکرن.
3-ل کتێبی قوتابخانەکان ل حکومەتی هەرێما کوردستانێ پەیڕەو بکرێت کە چینێکی خوێندەوارورەوشەنبیری داهاتوون.
4-ل سەردەمی ئێستادا کە ڕاگەیاندن (میدیا) ڕۆلێکی کاریگەروسەرەکی دەبینێت بەشێوەی پەیڕەوکردنی هەردوو دیالێکتی (ژوورو , ناڤەڕاست) زمانێ کوردی پەخش و بڵاو بێتە وەشاندن.
5- گرنگترین پێنگاڤ چاپکردنی کتێب و نامیلکە ل شێوەی (فەرهەنگی پەیڤ و وشە= قامووسی وشەوپەیڤ) کە هەردوو دیالێکتی (ژوورو , ناڤەڕاست) کەم بکاتەوە.

ئەو شەقەی لە جەستەی ئەو مامۆستایەی هەولێردرا لەهەموو کورد درا … عیماد عەلی

ئەو گرتە فیدیۆیەی ئەمڕۆ کە بە ڕاستی گریاندمی. دیمەنەکە باس لەسەر فێڵ و تەڵەکەبازی بەغدا و ئەنقەرە و تاران نیە کە بە هەوڵە هەمەچەشنە دوژمنکاریەکانیان لەبەرامبەر کورد هەموو جارە شێوازێکی نابەجێ بەکاردێنن و مەبەستی سەرەکیان ئەوەیە بەهەر شێوەیەك بێت کوردستان تێکبدەن. باسەکە لێرەدا لەسەر گەندەڵیە دارایی و ئابووریەکانی حکومەتی هەرێم و حزبەکانی دەسەڵاتیش نیە کە کەرامەتی کوردیان خستە ژێر پێیانەوە، باسیشم لەسەر ملکەچکردن و سەردانواندنی دەسەڵاتی کوردی نیە بۆ دوژمنانی گەلی کورد کە بۆ

بەرژەوەندی تەسکی حزبی و کەسی خۆیان تا ئەمڕۆش بەردەوامن لەو کارەیان و دان بە شکستی خۆیاندا نانێن.

باسم لەو شەقەیە کە هەرزەکارێکی پەروەردەی دەسەڵات وحزبەکانی هەرێمی کوردستان لە مامۆستایەکی دەدەن کە بۆ مافی سەرەتایی خۆی و بژێوی ماڵ و منداڵی هاتۆتە سەرجادە و نالەباری ژیانی تەنگی پێهەڵچنیوە، ئەو مامۆستایەی هەوڵەر کە سەرەرای جەورو ستەمی دەسەڵات تا ئەمڕۆ سەبری گرتووە و لەهەموو شوێنکیتر زیاتر پشوودرێژتربووە، بەڵام ئەمڕۆ تەنها خۆپیشاندانی کردووە و داوای بچوکترین مافی خۆی کردووە. بۆچی ئەمە رووبدات؟ بۆ ڕۆژ لە تەمەنی خاوەن مافێك نەگیرێت کە هیچ تاوانێکی نیە و پاش شەق تێهەڵدانی زۆر بە سادەیی و بۆ هیچ هەڵچونێك دەڵێت؛ لەمن دەدەیت بۆمن چیم کردیە؟

کەس هەیە ئەو پشودرێژیەی خەڵکی هەولێری لەبەرچاو نەبێت؟ بۆچی ڕۆژ لەو وەفاداری و بەئەمەکەیەی ئەوان نەگیرا. ئەگەر باستان لە سڵمانی کرد کە فرەیی ڕاوبۆچون و ململانێی سیاسی و حزبی ڕێگی خۆی لە نارەزایەتیەکان هەبێت، خۆ ئەوە مامۆستایەکی هەولێری بەسەبر و هێمن و ژێردەستەی چەپوکی دەسەڵاتی ئۆوەیە وەك دەڵێن کە تا ئەمڕۆ هیچی نەکردووە و بەهەڵکاری دروستنەکردنی بۆشایی بۆ دزەکادنری دوژمنان و ڕێگریکردن لە دەستوەردانیان تەنها خۆی خواردۆتەوە، بەڵام کە ئێسك هات پێست دەدرێت و ئەویش تەنها داوای ڕەوای خۆی دەکات. سەرەرای شکستی حوکمرانیتان تەنانەت نەیتووە برخێن و برێن، بەڵێ ڕاست دەکات چی کردیە، هیچ زیانێکی لەکەس نەداوە، دەستدرێژی نەکردۆتەسەر هیچ دامودەزگایەك و کەسێك، بەڵام ڕەفتاری کاسەلێسەکانتان بگاتە ئەو حاڵەی کە بەعسیش سێی لێ دەکردەوە.

لێرەدا هیچ نامێنێتەوە بۆ وتن، جگە لەوەی بەوردی تەماشای ئەو گرتە ڤیدیۆیە بکەیت و تێرامانێك بکەیت و لە پەروەردە و ڕەفتار و مامەڵەی ئەم دەسەڵاتە و دارودەستەکەی بروانیت و لە هۆکاری بکۆڵیتەوە. بۆچی گەیشتۆتە ئەم بارودۆخەی کورد بە خۆی بە ئاشکرا پیشانی بدات کە لە دەسەڵاتدا نە عەقڵ و نە پلان و نە ڕۆژ و نە مافی کەس و نەش گرنگترین شت کە ئەخلاقە لە نێو دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی دەسەڵاتەکەیدا نەماوە.

بەڵێ توژینەوەیەکی زۆر ورد و قوڵی دەوێت بۆ ئەوەی کە بزانرێت تەنانەت دەسەڵات کاریگەری سەلبی لەسەر پەروەردە و ئەدەب و ئەخلاق و ڕەفتار و بیرکردنەوە و عەقڵی تاکی کوردی کردووە، کە تەنانەت

بگاته ئەوەی لە بنەما ئەخلاقی و کلتوری و تایبەتمەندیەکانی خۆی لایداوە . ئەگەر قەیرانی ئابووری و لایەنی مادی لە هەر کاتێکدا بێت چارەسەر بکرێت و وەزعی دارایی خەڵك رووە و باشی بروات و گرانکاری رووبدات، ئەگەری گەورەیە کە زۆر شت بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، بەڵام شکستی ئەدەبی و ئەخلاقی و کەلتوری و تایبەتمەندی چاکە و سیفەتە ناوازەکانی میلەتێك بشوێت چۆن دەگەڕێتەوە جێگەی خۆی، چۆن چارەسەر دەکرێت خەڵکینە؟

گەورەترین ناپاکیکردنە لە کوردستان ... رزگار شوان

کوردستانی جوانمان، بە زەوی ئاسمانییەوە، بە شاخ و گرد و دەشت و دەڤییەوە، بە ئاو و دار و بەرد و خاك و خەڵییەوە، بە گوڵ و گوڵزارییەوە، بە کۆستان و گەرمانییەوە، بە باکوور و ڕۆژهەڵات و باشوور و ڕۆژئاواییەوە، نیشتمانی پیرۆزی ئەمەی کورد، جێی هەزاران ساڵی باوباپیرانمانە.. کوردستان جوگرافیا و مێژوومانە، ڕابردوو و ئێستا و داهاتوومانە، تا ئۆپەڕەی خۆشەویستی خۆشمان دەوێ، هەمیشە وا لە ناخی دڵ و دەروونمانە، لە بیر و هۆش و خەیاڵمانە، بۆتە وەردی شیرینی هەمیشەی سەر زارمان.
کوردستان پێناسە و ناسنامەمانە، خوێن و هێناسەمانە، سەربەرزی و شکۆداری و سەروەریمانە.. کوردستان ئابووومانە، دایک و باوك و خوشك و برا و خۆشەویست و کەسوکارمانە، سامان و سەرمایەمانە.. کوردستان هەموو شتێکمانە.
ساز و پەرش و خۆشەویستی و دڵسۆزی و هاوبەستەبوونمان بە کوردستان، ساز و ئاڤین و خۆشەویستییەکی قووڵی ڕەهەکییە، هاوبەستەبوونێکی ڕەگ بەهەز و قەد ئاستوورە، کە هەرگیز داگیرکەران و دوژمنانی کورد و کوردستان نەیان توانیوە و ناتوانن ئەم خۆشەویستییە لە هۆش و دەماندا دەریبهێنن یا کاڵی بکەنەوە.. چونکە خۆشەویستی کوردستان چۆتە خوێنمانەوە.. کوردستان بووە بە گروپی خوێنمان.. وەکو شاعیری گەورەی گەلەکەمان (عەبدوڵا گۆران)ی نەمر دەڵێ:

کوردستان: جگامی جی هەزار ساڵم
پڕوردەی ئەم دڵ و سەر لووتکە و یاڵم
عەشقی تۆ ئەی دایکی خەم و هاوخوێنم
هەر لە پشتی باوکا چووە هۆنم
ئەشچۆتە هۆنی کوێ و کوێزا
تا کورد مابێ لە چیای بەرزا

هەوومان قەرزاری کوردستانین، ئاوی شیرینیمان نەش کرد، هەوای پاکیمان هەمژی، لە بەروبوومی زەر وزەبەندیمان خوارد، لە باوەشیدا لە دایکبووین و گەش و پڕوردە کراین، بە دیمەنی سروشتی قەشنگ و دڵفڕێنی چاومان هەڵهێنان و حەیران و مەستی بووین.. کوردستانێ قەڵغان و سەنگەرمانە بە بەرگری و خەپاراستن لە داگیرکەران.
بەیە بەرگریکردن لە کوردستان، ئەرکێکی پێویست و زەر پیرۆز و ڕەوشتیی هەموو کوردێکە، راستە ژیان شیرینە، خوێن بەنرخە، بەڵام لە ژیانمان شیرینتر، لە خوێنمان بەنرختر، کوردستانمانە.. بەبێ کوردستان بوون و مانمان هیچ واتایەکی نییە، ژیانمان هیچ چێژ و خۆشییەکی نییە، دنیاش لەبەرچاوماندا هیچ جوانییەکی نییە، شوێنکیش نییە لە جیهاندا کە جوانتربێ لە کوردستان.. کوردستان بە دنیا ناگوترێنێ.
لووتکەی دڵسۆزی و خۆشەویستی و ئەمەکداری و بەخشینیش، قوربانیدانە لە پێناوی بەرگریکردن لە کوردستانی شیرینمان، بە هەزاران کوردستان پڕوڕی دڵسۆزمان شەهدبوون و گیانیانی خەیان بەخشی بە کوردستان و بوونە مایەی ڕەز و شانازی بە گەلەکەمان.. تا هەتایە بە شانازییەوە یادیان دەکەکرێنەوە و بەڕێزەوە ناویان دەهێنن.
(هەمیرۆس) دەڵێ:" لە دنیادا هیچ شتێک لە خاکی نیشتمان شیرینتر نییە"
(پیرەمەرد)ی نەمریشمان دەڵێ:

کاولەکەی وتەن هێندە شیرینە
ژاری دووپشکی عەربەت هەنگوینە

(جیفارا)ش دەڵێ:" نیشتمانەکەم فڕی کردم.. کە خوێنی شەهیدانە.. سنووری نیشتمان دیاری دەکات"
سەز و پڕەش و خۆشەویستیمان بە کوردستانی نیشتمانمان، هێندە لە ناخمدا گەورە و بە سنوورە، ڕەنگە نەتوانین بە نووسین و هەنراوە و چیرۆک گوزارشتی لێبکەین.
کە پەرلەمانتاری کوردمان بەڕێز (عوسمان بایدەمیر) ناوی کوردستانی

هێنا، تورکێ ڕەگەزپەرستەکان، چاویان چووە پشت سەریان، جگری سەرکی پەرلەمانی تورکیا، لە ناو هۆڵی پەرلەماندا بە ڕقەوە وتی:" کوردستان لە کوێیە؟" عوسمان بایدەمیریش دەستی خستە سەر دڵی خۆی و سێ جار وتی: " کورددستان لە ناو دڵمان دایە" ڕاستێ کوردستان لە ناو دڵمان دایە و هەرگیز داگیرکەرانی کوردستان، ناتوان دەریبکەن.

بەڵام لە هەموو کات و شوێنکدا، لە نێو هەموو گەلکدا، کەسانکی لە ڕەدەرچووی هەڵپەرست و خۆپەرست هەن، کە تەنیا بیر لە ژیانی خۆیان دەکەنەوە، گوێ بە ئازار و نەهامەتییەکان و کارەساتکانی گەلکەیان نادەن، گوێ بە دەستدرێژی و ستەم و ئێو مەترسیانەش نادەن کە لە لایەن داگیرکەران و دوژمنانەوە ڕووبەڕووی نیشتمانکەیان دەبنەوە، ئەم جارە کەسانە هیچ خۆشویستی و دڵسۆزی و هاوبەستبوونکیان بە گەل و نیشتمانکەیان نییە، لەمەش خراپتر و مەترسیدارتر، ئەوەیە وەکو گوێنین، کەچی بوونەتە دەک و چەقیونەتە جێستەی گەلکانیان.. ئەمانە ئامادەن بە پارە و دەسەڵات و پایە و بە بەرژەوەندی کەسێتییان، ئەوپەڕی ناپاکی لە گەل و نیشتمانکەیاندا بکەن، خەیان و ویژدانیان و ڕوشتیان و مرۆڤایەتییان بە داگیرکەران و بە دوژمنانی گەل و نیشتمانکەیان بفرۆشن، سیخوڕی لەسەر گەلکەیان بکەن و بە ئاشکرا و بە نهێنی زانیاری گرنگ و مەترسیدا بە داگیرکەران بفرۆشن.. ئامادەن نەکەری و تانە و لەمە و سەرشۆڕی و شەرمەزاری و سووکایەتی قبووڵ بکەن.

ناپاکی پەتایەکی زۆر مەترسیدارە و، کارەساتی زۆری لێدەکەوێتەوە.. ناپاکی جۆری زۆرە، وەکو ناپاکی هاوسەرگیری، ناپاکی هاوڕێتی، ناپاکی بازرگانی کردن بە ماددە هۆشبەرەکانەوە، ناپاکی دەسەڵات،… هتد، بەڵام گەورەترین و پیسترین و ناپاکترین ناپاکی، ناپاکیکردنە لە نیشتمان.. کە بە گەورەترین تاوان دەرهەق بە گەل و نیشتمان دادەنرێت. لە هەموو یاساکانی گەلانی دنیادا، لە ناپاکی نیشتمان نابوورن و بڕ هیچ لێبووردن و بەخشینێک ناکەوێت و قورسترین سزا دەدرێت.
بەگومان مێژووی گەلی کوردیشمان بەدەر نییە، لە لاپەڕە ڕەشکانیدا، ناوی چەندین ناپاکی نیشتمان و خەفرۆش و کوردستان فرۆش و جاش و نۆکەر و سیخوڕ و، چاوساغ و کاوسووری پێش لەشکری داگیرکەر و دوژمنانی کورد و کوردستان تۆمارکراون، کە بە پارە و پایە و دەسەڵات، یارمەتی دوژمنانی گەلکەمان و داگیرکەرانی کوردستانیان داون و پێشیان کەوتن و ڕابەریان بوونە و، لوولەی تفەنگکانیان کردوونەتە گەل و نیشتمانکەیان، یا زانیاری نهێنی و

مەترسیداریان بۆ داگیرکەران فرەشتووون.. رۆژێکی زۆر ناپاکیان بینیوە لەو کارەساتە خوێناویانەی کە بەسەر گەلەکەماندا هاتوون.. زۆر بەداخەوە، کە ئەم جاش و خۆفرۆش و نۆکەر و ناپاکانە هەکارێکی سەرکی بوونە لە شکستپێکانی شۆڕشگانی گەلەکەماندا.. پەندێکی ئیرلەندی هەیە. دەڵێ:

"بوونی شەرێکی دژندە لە پشوە بەت.. باشترە لە بوونی سۆگێکی ناپاک کە لە دواتوە بەت"
ناپاکی کوردستان، ئەوە کوردە ناپاکەیە، کە ناپاکی لە کورد و کوردستان بکات، چ بە نهێنی یا بە ئاشکرا هاوکاری داگیرکەرانی کوردستان بکات، سیخوڕی بکات و زانیاری و نهێنیی مەترسیدار بە داگیرکەران بگەیەنێت، هەکارێک بەت بە ئەوەی داگیرکەران پێیان بخەنە کوردستانەوە و داگیری بکەن.. ناپاکانی نیشتمان فرۆش، شایانی ئەوە نین کە لە کوردستاندا بژین و بمێننەوە.. نابەت چاو لە ناپاکی و لە تاوانکانیان بپۆشرێت و لێیان ببوورن، پێویستە قورسترین سزا بدرێن، سەر بە هەچ لایەنێکبن، لە پاڵی هەچ حیزبێکدا بن.. هەچ لایەنێک بیان گرێتە خۆیان و چاوپۆشی و پەردەپۆشی لە ناپاکی و لە کارە قێزەونەکانیان بکەن ئەو لایەنەش بە هاوناپاکی دادەنرێت.. چونکە ئەم ناپاکانە زیانێکی زۆر گەورەیان بە چارەنووسی ئەمە و بە داهاتووی کورد و کوردستان گەیاندووون، رۆشووتی گەلەکەمان باجێکی زۆر قورسی ناپاکی و تاوانەکانی ئەم ناپاکانە دەدەنەوە.. نابەت ئەم ناپاک و نیشتمان فرۆشانە، وەکو بەرزێکی بانان بۆی دەرچن و هیچ لێپرسینەوەیەکیان لەگەڵدا نەکرێت.. هیچ بیانوو و پاکانەیەک بۆ ناپاکیان لە قبووڵ ناکرێن، ناپاکیش وەکو پێویستی قێزەونە بۆ ناوچەوانیانەوە کە تا هەتایە دەمێنێت و بۆ نەشتەرگەریش لێیان نابڕتەوە، دوای مردنیشیان هەر بۆ ناپاک ناودەبرێن.

ناپاکان شایانی ئەوەن کە رۆژی هەزار جار نەفرەت و تف و بەردباران بکرێن.. بۆ ئەوەی ببن بۆ پەند بۆ کەسانی تری هاونیاز.. بۆ ئەوەی هاوشوەی موشیر ئاغا و مەلای خەتی و ئەرشەد زێباری و… دووبارە نەبنەوە. ناپاکان شایانی ئەوەش نین کە بشمرن، خاکی پیرۆزی کوردستان جێستەی پیسیان بگرێتە خۆ.
(ناپلیۆن پۆناپارد) دەڵێ:" نەمتوانی ئیسپانیا بگرم چونکە جاشیان نەبوو"
پێش ئەوەی کە (هیتلەر) بمرێت، لێیان پرسی: هیچوپوچترین کەسانێک، کە لە ژیاندا چاوت پێکەوتوون کێن؟ لە وەڵامدا وتی:" هیچوپوچترین

کەسانێک کە لە ژیانمدا چاوم پێکەوتووون، ئەو کەسانەن کە بە داگیرکردنی نیشتمانەکانیان یارمەتیان دام"
ناپاکانی نیشتمان کە خەفرۆش و بەکرێگیراون، تەنانەت ئەو لایەن و داگیرکەرانەش کە بە بەکرێان گرتووون و سیخوڕی و نۆکەریان بە دەکەن.. ئەوانیش بە هیچوپووچ و بە بێنرخییان دەزانن.. رقیان لێیانە و بە چاوێکی سووک و بەدبینییەوە لێیان دەڕوانن.
بە نموونە: چیرۆکی (ناپلیۆن و ئەفسەرێکی ناپاکی نەمساوی) تان بە دەگەیەنەوە.

(ناپلیۆن) لە شەڕکانیدا بە گرتنی نەمسا، لەبەر سەختی تەبەگرافیای نەمساوە شکستی هێنا و نەیتوانی بیگرێت.. بیریان لەوە کردەوە کە بە پارە نۆکەرێکی نەمساوی بکڕن و سیخوڕیان بە بکات و لەسەر سوپای نەمسا زانیاری لەوەربگرن. توانیان ئەفسەرێکی نەمساوی بە پارە رازی بکەن.. ئەفسەرە ناپاکەکە نهێنی و زانیاری زۆر مەترسیداری دەربارەی شوێنەکان و جۆری چەک و ژمارەی چەکدارانی سوپای نەمسای بە سوپای فەرەنسی دا، ئەوەشی پێ وتن کە کە لە نێوان دوو چیای نزیکی سوپای فەرەنساوە، سوپایەکی کەمی نەمساوی لێیە و چەکی قورسیان پێ نییە، گەر ئەو لەشکرگایە بگرن دەتوانن بە ئاسانی بچنە ناوەندی نەمساوە. سوپای فەرەنسی سوودەکی زۆریان لە نهێنی و زانیاریەکانی وەرگرت.. بە هەزەکی زەبەلاحەوە، لە شەوەکدا، لە ناکاودا هێشیان کردە سەر ئەو لەشکرگایە و بە ئاسانی گرتیان.. لەوشەوە چوونە ناوەندی نەمسا و لە ماوەیەکی کەمدا هەموو نەمسایان گرت.. کە بارودۆخی فەرەنسا ئارام بووە ئەو ئەفسەرە سیخوڕە ناپاکەکەی نەمسا، کە رۆژێکی ناپاکی هەبوو لە بەدەستوەدانی نەمسا چوو بە فەرەنسا، چوو بە کۆشکەکەی ناپلیۆن بە وەرگرتنی کڕی ناپاکییەکەی کە گەیشتە بردەم (ناپلیۆن)، ناپلیۆن (گەزیک زۆر)ی بە هەدایە سەرزەویەکە.. ئەفسەرەکە وتی:"بەڕام دەموو بەختی ئەوەشم هەبێت، کە تەوقە لەگەڵ دەستی ئیمبراتۆردا بکەم" ناپلیۆن وەڵامی دایەوە:"ئەم زۆڕە بە کەسانەکی وەکو تۆیە، بەڕام دەستی من تەوقە لەگەڵ کەسانەکی وەکو تۆ ناکات، کە ناپاکی لە نیشتمانەکەی بکات"
ئەفسەرە سیخوڕە نەمساویەکە، زۆڕەکەی هەڵگرت و بە سەرشۆڕیەوە چووە دەرەوە.
ئەفسەرە پلە باڵاکانی فەرەنسا کە لەوەدا ئامادەبوون.. ئەم هەڵوەستەی ناپلۆنیان پێ سەیربوو، چونکە ئەو ئەفسەرە یارمەتی و هاوکاریەکی زۆری کردن و هەکارێکی سەرەکی بوو بە سەرکەوتنیان و بە داگیرکردنی نەمسا، بۆیە لە ناپلیۆنیان پرسی بە بۆ شەوێ

رەفتاری لەگەڵدا کرد؟ ناپلیۆن بە وتەیەکی مەژوویی زەر جوان و بەجێ وەڵامی سەرکردەکانی دایەوە و وتی:"ناپاکی نیشتمان، وەکو ئەو دزە وایە کە دزی لە سامانی باوکی دەکات و دەرخواردی دزەکانی دەدات.. نە باوکی لێیدەبوورێت، نە دزەکانیش سوپاسی دەکەن"

نیشتمان هەرگیز ئەم ناپاک و خەڕڕەش و سیخوڕ و جاش و بەکرێگیراوانە لە بیر ناکات، کە دەستکەوتی دوژمنان و داگیرکەرانی نیشتمان بوون.. هەرگیز لە سزای گەل رزگایان نابێت.. هەرگیزیش مەری ناپاکییان لێنابێتەوە.

کورد دەڵێ:"سەد ساڵ بکەیت بەگانە پەرستی.. دوایی هەر دەنیت نشوستی"

دەشڵێ:"هەزار کراس بدەیە بە پاکی.. کراسە مەدەیە بە پیسی" ئەو ناپاکانەش دیارن کە کێن، وەکو دەڵێن:" دار هەبێ سەگ دز دیارە"

حیزبی خەڵات ... شیعری: نزار قبانی ... وەرگێڕانی: پشکۆ ناکام

گەر نیشتمان دوور خرابێتەوە
وەکو من
و
بیرلە چەرچەفە سپی یەکەی
دایکی بکاتەوە
وەکو من
و
بیر لە پشیلە ڕەشەکەی
ماڵەوە بکاتەوە
وەکو من
و
گەر قەدەغە بە نیشتمان
نووسین بگرێتە بەر
وەکو من

و
فەرهەنگ و ئاقە بگرتە بەر
وەکو من
ئیتر بە ناخرتە
ئو خەستخانەیی
هەموومانی تیاین...!
بە نابەتە ئندامی حیزبی خەفەت
کە بە هەزاران
کوردی لە خە گرتووە
وەکو من...!

==========

عەفرین؛ لاولاوی نیشتیمان … بەتان لەتیف عەبدولقادر"پایان"

لەپەرتوکی ئاڤستادا
وەنەی چلە زەیتونە کەشراوە..
لەی نوسراوە: عەفرین؛ ئاوی ئافرەنە..
بەرخودانی ەیحانەو لاولاوی نیشتیمانە
ئااخ چەن پەکراوم؟!..
گەرچی دەستم؛ بەکلیلەکانی ئاشتی وئازادیەوە گرتووە
بەام هەشتا؛
ئو تەفانە نامرەیە دەی زەیتونیم لەت ئەکاو ئەوشنە.
** * **
وەختی کەرکوک دەی شکا؛
وەختی چوارچرا دامرکەندرایەوە؛
وەختی دیاربەکر دەی تەکهەهات؛
کوردستانەکەی بن خەتەش گریا..
ئەی عەفرینم؛

تەنیایيت هەر لەزستانە بە بارانکەی خەم ئەچێ و
لەپارچە شوشە شکاوەکانی بەرهەتاویش..
لەرە ناڵین وەک گرە مەزن دەمنین
گەر برسی بووین؛ خەڵی پێش بەرایی ئەخەین..
کەمردیشین؛ وەکو زەیتون بەژن زراف ئەوەینەوە
دەمان زمانی ئازادی و لەمەژووشدا دەی عەفرینە ئەدوێنە.
*** * ***
بە کوێ دەن وبە کوێ؟!
نازانن کە هەتاوی پێش مردن؟!..
نازانن کە لەسەبەری سەوزی زەیتون
لەسەبەری فریشتەیی گەنای ئەودا دەمرن؟!..
مادام میفتاحی عەدەمن؛
لەئاسمانی سەوزی عەفرین تەکشکاوو دەبەخەمن.
مادام میفتاحی فەتح بین؛
بەبرژانگی چاوەکانمان نیشتیمان ڕەنگین ئەکەین و
پەتان دەڕەین خاتر جەمن.
بەئازدی وئاشتی ومرەیی
وەک کەترە چلە زەیتونمان هەمایەو
ئاڤرینە لەمەژە ڕووباری ژیانەو
سەرچاوەکەی؛ دەی بەگەردی ئاڤستا
وەک لەوی عەزەب باریکەو
لەگرە مەزن؛ غەزەل لەمردن ئەوێنە..
**** ** ****
کەزیەکانی نارین کوبانێ
بەتەقەی چەک زەیتون چنراون
دەنگی بولبول؛
هەتاوی ئەوین بەسەبەری زەیتون خاو ئەکاتەوە
ئەدی نەمگوت:
لەتاریکایی مەشریقی وجود
کەبانێیە (مشتە نورە) بەئازادی؟!..
بە بەرخەدان..
بە سەربەستی..
ئەرتەش شکەن گوڵی سوورە!..
چەک زەیتونی عەفرینەش
وەک ترپەسپی ی کوبانێ مشتە نوورە!..
ئەی گرە مەزن؛
چەماوکەی تەریک وتیزمارەکانت وەگەڕخەوە..

هاواری بۆ فریا دەنگی وشک بووە..
ئەم قرچەی گەرمایە هی کوورەی ئاگرەو
ئەرتەش شکەن ئاڤەستاکەی چاوی بوورە..
***** * *****
ئەوە فەتحە؟!..
ەوخاندنی دوو گردی سەر سینگی نارین؟!..
ئەی خودایە..
فەتحی عەدەم ستەم ئەکات..
ئەی خودایە..
ئەو نارینە مشتە نورە
فوقانی وجودە بەفەتحی عەدەم..
بزەی جەماوی دوای ئەنفالە وادوورە..
****** * ******
لەعەفرینی بەژن زراڤی دارزەیتون حەشرە..
سوتان لەکەانەکانی ئازار
لەکەانە تەنگەکانی جەحیم
سازی سوتان ئەژەنەت و
زەیتونەکانی ناو بەهەشت هەراسان وبەزار ئەکات..
******* * *******
لەم گەردوونە بە بندا
نەنوح هەیەو نەکەشتیەکەی..
وەلە کەزیەکانی زەیتونە دزراون..
دیلی دەستی سوتانن بەستەم..
ئەی خودایە لەو جیهانەی؛ نقەی لەبەر نایەت!..
من دەەم: ئەی دەی پە خورپەم..
ئەی بەرخودانی نیشتیمان
هەر پەرتوکەک بکەیتەوە هەر مەنفایە
دەست بەکلیلەکانی بەربەیانەوە بگرە..
ئاسەیەکەی وەک بڕی ئاڤەستا باریک
سەاو لەدەگەرمی گەنج وخورتەن وەاتپارەز..
سەاو لەبەرخودانی عەفرین کەبەور هەەمەت ئەبات.

******** * ********

بەتان لەتیف عەبدولقادر"پـایـــان"
٢٠١٨-٢-١٦ هەولێر

پەیامێک بۆ منداڵانی جیهان

لە (کۆمەڵەی منداڵانی کورد – لە نەرویج)ەوە

ئەمەی ئێندامانی (کۆمەڵەی منداڵانی کورد – لە نەرویج) کە بەشێکین لە منداڵانی کوردستان ئەم پەیامەمان بۆ زمانی کوردی ئاراستەی سەرجەم منداڵانی جیهان دەکەین، کە ئەمەش بەشێکین لە ئێوان.. لە هیچ وڵات و شوێنێکدا بژین.. لە هیچ نەتەوەیەک بن.. سەر بە هیچ باوەڕ و ئایینێک بن.
ئێی منداڵانی جیهان.. ئێوە لە ئەمەی منداڵانی کورد بەختەوەرتر و زیانخەشترن.. ئێوە بە ئاسوودەیی و ئارامی و ئاشتی دەژین.. بە شادی و کامەرانی دەژین.. ئێوە ئازادن و خاوەنی دەوڵەتی سەربەخێی خۆتانن.. ئازادی و دیموکراتی و ئاشتی و مافەکانی مرۆڤ و منداڵان و ژنان لە لای ئێوە بوونیان هەیە.. ئێوە مافەکانتان پارێزراون و ڕێزتان لێدەگرن.. ناتانکوژن و دەربەدەر و ئاوارەتان ناکەن.. سەرما و گەرماتان نابڕێت.. تەرن و برسیتان نییە.. بە ئێوپەی ئازادی و دەخشیەوە پێدەکەن و یاری دەکەن.. بە ئارەزووی خۆتان شایی و سەما دەکەن.. لە باوەشی گەرمی دایکان و باوکانتان دا، گوێتان لە ئاواز و موزیکی خۆش دەبێت، بە گەڵانوەی چیرۆکی خۆش دەتانکەنە خەو.. لە هەموو لایەکەوە سەز و خۆشەویستی و ڕەز دەورەی داون.. بە تامی دێتان چێژ و خۆشی لە تافی منداڵیتان دەبینن.. جیهانی پڕ لە هیوا و خەیاڵ و خەونی خۆشتان لێتێک نادەن.. کەس ناتان تەقێنێ و کەس ماڵ و قوتابخانەکانتان ناوورخێنێت..

بەڵام لە کوردستانی داگیرکراوی ئەمەی کورد دا.. داگیرکەران هەندێ ڕەگەزپەرستن، هەندێ دەندەن و خوێنمژ و فاشستن، هیندێ شەڕخواز و کاولخوازن، هەندێ دژی ئازادی و دیموکراتی و ئاشتی و پێکەوەژیان و مافەکانی مرۆڤ و منداڵانن.. هەندێ ستەمکار و تاوانبارن.. خاوەنی ڕقێکی هەندێ ڕەشن.. لە هەموو جیهاندا لە وێنەیان نییە.. لەوەتەی هەن دژایەتی گەلی کوردمان دەکەن.. لەوەتەی هەن کورد ژینەسایدەکەن.. کوردستان کاول دەکەن.. سامانی کوردستانمان تاڵان دەکەن و دەدزن.. داگیرکردن و خوێنڕشتن و کوشتنی منداڵان و ژنانی بەتاوان.. بەڕەوشتی و نامەردی و

تاوانکردن و جەردەیی و دزی و وەرانکردن و دەربەدەرکردن و ڕەگەزپەرستی، بەشکی ڕەسەن لە کولتووری بەگانی داگیرکەرانی کوردستان، کە لە باب و باپیرانیانەوە بەیان ماونەتەوە.

ئەوەتا بە ڕۆژی ڕووناک، بە بەرچاوی جیهان و کامێرەگای نێو دەوڵەتییەوە، تورکیای زیندانستان و ئێرانی سەدار و عێراقی شیعستان و سوریای بەعستان، بە چاوپۆشینی ڕوسیا و ئەمریکا و ناتۆ.. گەلەکەمەیان لە گەلی بەتاوانی کوردمان کردووە.. بە زبەلاحترین هێز و بە قورسترین چەکی مەدەرزمەوە، پەلاماری شاری کەرکوک و خانەقین و دووز و مەخموور و شەنگالیان دا، لە باشووری کوردستان، بە سەدان ماڵ و دوکان و بازاڕیان تاڵانکرد و تەقاندیانەوە، بە دەیان کەسیان کوشت، بە هەزاران کورد ئاوارە بوونە و ناهەلن بگەڕێنەوە بە زەدی خەیان.. هەر ئەم داگیرکەرانەی کوردستان هەمان گەلە کەمەیان لە شاری (عەفرین)ی ڕۆژئاوای کوردستان کرد و، سوپای ڕەگەزپەرست و دەندەی تورکیا، لەگەڵ هەزاران جاشی بەکرێگیراویان لە پاشماوەی داعش بەڕێوشتەکانی سوریا و عێراق لە ژێر ناوی (سوپای ئازاد) دا پێ چەک کردن و دەندان و نامەردانە، شەو و ڕۆژ بە فڕۆکەی تانک و تۆپ و زرپێشی ڕووسی و ئەمریکی و ئەوروپی، بە دەستپاراستن و زەر بەبەزەییانە و نامەردانە شەو و ڕۆژ بە بەوچان بەردووبارانی ماڵوێرانکەران و بازار و قوتابخانە و نەخۆشخانەی شاری عەفرینی قارەمان و جوانیان کرد.. بە سەدان کوردی سڤیلیان شەهیدکرد، بە سەدان بریندارییان هێنا.. کە لە نێو شەهیدەکاندا، زیاتر لە پێنجا منداڵی کورد شەهیدکران، زیاتر لە سەد منداڵیش بریندارن.. کەچی ئەردوگانی خوێنمژ، کە تا ناڕەگەزی بە خوێنی کورد سوورە، نکووڵی لە تاوانەکانی دەکات، لە جیاتی کوشتنی پێنجا منداڵی کورد بە پێنجا چەکداری کورد ناوی بردن.. بەجگە لە لە شەهیدبوونی بە سەدان ژن و پیری کورد لە عەفرین و دەوروبەری.. تا ئێستاش تورکیای فاشست درێژە بە تاوانەکانی دەدات، لە عەفرین و لە باکوور و باشووری کوردستاندا، ڕۆژانە ئتاوانی قێزەونتر لە دژی گەلی کوردمان ئەنجام دەدات.. تورکیا دژی کوردە لە هەرشوێنکدابین.
بە هەی پەلاماردانی عەفرینەوە، لە ترسی کوشتن، زیاتر لە دوو سەد و پێنجا هەزار کوردی عەفرین ئاوارەی سوریا بوونە، لە بەر باران و سەرما و سەهۆدا دەژین.. لەو ژمارەیە زیاتر لە حەفتا و پێنج هەزار منداڵیان تێدایە.. لە باروودۆخکی زەر سەخت و کارساتاویدا دەژین.. چی ماڵ و سامانیشیان هەیە، لە لایەن سوپای تورکیا و جاشە بەکرێگیراوەکانیەوە بە بەرچاوی کامیراکانی میدیاکانی جیهانەوە

تاڵان کران.

بە داخەوە گەلی کوردمان زیاتر لە سەد ساڵە، بۆتە قوربانی بەرژەوەندییەکانی وڵاتە زل هێزەکان.. هەموویان لە جیاتی جیهان شۆڕی داعشیان بە کورد کرد، ئێستاش پشتیان تێکردووین.. تا ئێستا هیچ هەنگاوێکیان بۆ ڕاگرتنی تاوانەکانی تورکیا نەناوە.. هیچ هەڕەشەیەکی پراکتیکیان نەناوە.. تورکیا و ئێران و عێراق ئێستا هەموو تاوانێکیان دژ بە گەلی کوردمان ئەنجام دان و ئەنجامیدەدەن.. کەچی تا ئێستاش کەمتەرخەمی نیشانەدەن و ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ و منداڵان و ژنان، لە ئاستی تاوانەکان و ڕەشکوژی و ژینەسایدکردنی بە ئاشکرای گەلی کوردمان، کوێرن کوێن، لاڵن، وێژدان مردوون.. هیچ هەڕەشەیەکی نێرێنییان نەنواندووە، تا ئێستا بە ئاشکرا و بە فەرمی پرۆتستۆی تاوانەکانی تورکیایان نەکردووە.. بەدەنگیش لە ئاستی تاوانداا، تاوانە.. ئەمەش شەرمەزارییەکی گەورەیە بۆ کەمتەرخەمی نەبوونەتی و بۆ ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ و منداڵان و ژنان، بۆ وێژدانی مردووی جیهانی بۆ بەهێستی مرۆڤایەتی.. بەرانبەر بە گەلی کوردمان.. هەموو دەوڵەتانی جیهان قەرزاری پێشمەرگە و شەرڤانانی کوردن لە بەرخودانی و قوربانیدان و بەرگریکردنیان لە دژی داعش.

ئەی منداڵانی جیهان، داوا لە ئێوەی هاوڕێ و خۆشەویستی ئەمەدکەین، کە دەنگتان هەبێن و دەنگتان بخەنە پاڵ دەنگمان و بە تووندی پرۆتستۆی تاوانەکانی داگیرکەرانی کوردستان بکەن.. داوکان لە کەمتەرخەمی نەبوونەتی و لە ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ لە وێژدانی جیهانی و لە هێستی مرۆڤایەتی بکەن، پێیان بڵێن بەس چاوپۆشین و بێدەنگی و بێهەڵوێستی لە ئاستی ئێو هەموو تاوانێی کە ئەردۆگانی دیکتاتۆری سیکۆپاتی، سەرۆک کۆماری تورکیای زیندانستان، بە ناڕەوا لە کوردی دەکات.. هاوارکەن و بڵێن، بەس کوشتن و بێدەنگردن و وێرانکردن و دزی و تاڵانکردن و دەربەدەرکردنی کوردی بەتاوان.. بڵێن بەس خوێنڕشتنی خەڵکی سڤیلی کورد.. داوا لە کەمتەرخەمی نەبوونەتی بکەن، فشار بخەنە سەر ئەردۆگان و دوای لێکەن هێرش و تاوانەکانی لە دژی شاری عەفرینی داگیرکراو ڕابگرێت و هێزەکانیان دەرچن لەم شارە کوردستانییەمان.. بڵێن بەس شەڕ و داگیرکردن.. بەس ژینوسایدی گەلی کورد.. با هەوومان داوابکەین، کە ئەردۆگانی تاوانبار و ستەمکار، بە تاوانی کوشتن و خوێنڕشتن و ژینەسایدی کورد، بە کوشتنی منداڵان و ژنانی کورد و وێرانکردنی کوردستان.. بدرێتە دادگای نەوەتی..

بەگومان تاوانە قێزەونەکانی ئەردەگان، تاوانی دژی بە مرۆڤایەتین.. پشێلکردنێکی زۆق و ئاشکرای هەموو یاساکان و رێکەوتنەکانی مافەکانی مرۆڤ و منداڵان و ژنانن.

ئەی منداڵانی جیهان.. سەاو و خۆشەویستی و ڕێزمان بۆتان هەیە.. سەاوی سەرجەم منداڵانی کوردستانی ئازادیخواز و ئاشتیخواز و دیموکراتیخواز و ژیانخواز.

ڕێزا شوان/ سەرۆکی کۆمیتەی منداڵانی کورد – لە نەرویج
نەرویج: ٢٥ی/ ئادار / ٢٠١٨

تابلۆ بە دەربرینی خەم و ئازارەکانی پەنابەران … ئامادەکردنی: هێژار تۆها

عەباس عەبودی ، ناوی ئەو پەنابەرە عێراقییە کە جیاواز لە پەنابەرانی تری هاوڵێی ، خەمەکانی ئەوان و خۆیشی لەو تابلۆیانەدا ئاوێتە دەکات کە بەشێوەیەکی سادە بەڵام پڕ مانا کێشاونی.
عەباس ، ماوەی نزیکەی چوار ساڵە لە کەمپەکانی پەنابەران لە دوورگەی ناورۆ ژیان بەسەردەبات بەبێ ئەوەی بزانێت چی بەسەردێت لە داهاتوودا.
عەباس وەك خۆی دەڵێت وێنە دەکێشتێت بێ ئەوەی خەمەکانی لە بیربچێتەوە.
ئەم پەنابەرە یەکێکە لەو پەنابەرانەی دوورگەی ناورۆ و پاپانیوگینیا کە پێشتر ویستویانە بە قاچاخ و بە بەلەم ووڵە ئوسترالیا بکەن و بڕی 13 هەزار دۆلاری داوە بە قاچاخچییەکان بەڵام لەلایەن هێزە دەریاییەکانی ئوسترالیاوە دەستگیرکراون و ڕەوانەی کەمپەکانی ئەو دوو دوورگەیە کراون و هەرگیز لە ئوسترالیا نیشتەجێ ناکرێن.
ئەم سیاستە تونده وەهای لە عەباس کردووە کە بەرپرسانی باڵای ئوسترالیا بخاتە ناو تابلۆکانی و لە دوو تابلۆی جیاوازدا سەرۆك وەزیرانی ئوسترالیای وەها نیشانداوە کە پەنابەرێکە و منداڵەکەی

لە ئامێزدایە لەکاتی نقومبوونی بەلەمەکەیاندا و هاوکات وەزیری ناوخۆی ئوسترالیاشی لە تابلۆیەکی تردا کێشاوە کە وەك پەنابەرێك دەردەکەوێت و داوای داخستنی کەمپەکان دەکات. بە ووتەی خۆی دەیەوێت ئەوانیش هەست بەو ئازارانە بکەن کە ئەوان چەشتویانە.

سەرچاوە : ئاژانسی هەواڵی ئێس بی ئێس

دایکی شیرینم .. دڵستێم خامۆش

ئازیزەکەی من ئەرێ هێ دایە
لەگوێم هەر ماوە سێزی لای لایە

لە بیرم ناچێ باوەشی گەرمت
گێرانی دڵەڕە و ئاوازی دەمت

بەهەبەستی جوان تێ دەتخەواندم
کاتێ دەگریام زوو ڵێت دەژاندم

لە تاریکی شەو چەشنی چرا بووی
بە گیان و بە دڵ بۆ من پەنا بووی

لە بیرت ناکەم دایکی شیرینم
ساتێ نەتبینم لێم تاڵە ژینم

هەتا بمێنم من لەم دونیایە
خۆشەویستی تۆم هەر لە دڵدایە

هۆڵەر ٢٠٠٤/٨/٢٤

ەزمان و ئەدەبی کوردی … کارا فاتیح

ناونیشانەکەی بابەتەکە

(ەزمان و ئەدەبی کوردی) ناونیشانەکی نامە نییە و تایتڵی سەرکیی ئەو کتێبەی پڕۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکانی قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی و پیشەییە، کە سەرتاکەی کەمەک بابەتی ەزمان لە خۆدەگرێت و بە نموونە و ڕاڤە و پەناسەوە ەوون دەکرێنەوە و پاشان بە ڕاهێنان، تاقیکردنەوەیان لە سەر دەکرێت، بەشەکی تریشی بە بابەتی ئەدەبی: شیعر، پەخشان و باسی قوتابخانە ئەدەبییەکان و…هتد لەگەڵ ژیاننامەی ئەدیبان و کەمەک بابەت بە خوێندنەوە پێ کراوەتەوە… پرسیارەکە ئەوەیە: بۆچی بابەتەکی پڕۆگرامی خوێندن، بریتییە لە تێکهەڵکێشکردنی دوو بابەتی جودای وەک: ەزمان و ئەدەب؟ بۆچی هەر کەسێک مامۆستا ئەدەبی کوردی بێت، دەبێت مامۆستای ەزمانی کوردییش بێ؟ بۆچی بەدرێژاییی خوێندنی کوردی لە قوتابخانە، ئەم دوو بابەتە کراون بە یەک مادەی خوێندن و کەسێک نەهات بپرسێت، ئەم دوو بابەتە چییان بە سەر یەکەوە هەیە و بۆچی لە یەک کتێبدا ترنجاون و یەک کەسیش دەتوانێت لە هەر دوو بابەتەکەدا پسپۆر بێت؟ لە کاتێکدا نەک هەر دوو بابەتەکە، دوو پسپۆڕیی جودان، تەنانەت لە ناو هەر یەکێکیاندا بە وردبوونەوە لێیان، چەندین پسپۆڕی جیا دەکرێنەوە؟

وەڵامێکی تەقلیدیمان بە ئەم پرسیارانە بیستوە کە پێ دەچێت زۆر هووکێش لە پرسیارەکە گەیشتبێت، کە پێی وایە، لە بەشی ەزماندا ئاشنابوون بە یاسا و ێساکانی زمان و چۆنێتیی قسەکردن و نووسین بە ێگەیەکی زانستی دەتە کایەوە، لە بەشی ئەدەبیشدا جگە لە ئاگاداربوون لە ئاست و مەژووی ئەدەبی کوردی و توانایی بەهرەمەندکانی، توانایی دەربڕینی ئەدەبی و قسە و نووسینی کاریگەر و سەرنجڕاکێش و بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە و ستەی جوان و ناسک و بەهێز دەباتە سەرەوە، پێکیشەوە، واتە یزمان و ئەدەب بەهاوبەشی دەبنە هەی ئەوەی قوتابی جۆرە نووسینێک فڕ بێت، کە بە وشە و ستە و پڕۆگرافی تێکمە و زانستی چنرا بێت، یاساکانی ەزمانی تێدا جێبەجێ کرابێت و پێیش بێت لە دەربڕینی کاریگەر و بەهێز و سەرنجڕاکێش کە جیاوازە لە قسەکردنی ەتیینی، بە شێوەیەکی کرداریەیش نووسینی پارچە داشتنێک کە توانییانەی قوتابیی تێیدا

تاقی دەکرێنەوە، کراوە بۆ ئەرکەکی ئەو وانەیە.

بۆ سەرنجدان لە دۆخی نووسینی کوردی و ئاستی هەزمانی و فەرهەنووسی بۆ تایبەت نووسینی ئەو نووسەرانەی لە دونیای هەژنامەوانیدەوە دەرکەوتوون و ئەمە خەراخەرا کتێبکانیان لە چاپ دەدەن دەر، بەتەواوی دەنیا دەبین کە ئامانجێک نییە ئەو کتێبە (هەزمان و ئەدەبی کوردی) پێکابێتی و بەرهەمکی هەبووبێت، کۆشەی ئەو کتێبە یان ئەو پڕۆگرامەی خوێندن لە ناو خۆیدایە، هاستتر وایە بەهەم هەزمان و ئەدەب ناکرێت بکرێنە یەک مادە و بخرێنە ناو یەک کتێبەوە، چونکە ئەوەی هەزمان بە یاسای زانستیی نووسینی دەزانێت و فەرهەنگی نووسین و هەنووس بە هاست دادەنێت، ئەدەب و ئەدەبانی کورد بە تایبەت ئەوانەی لە کتێبی قەناغکانی خوێندندا هاتوون، کە بەشێکی زۆریان هیی سەدەکانی هابردوون، مەرج نییە پابەندی ئەو یاسا و هەسا زمانییانە بووبن و لە بنچینەدا ئەم یاسایانەیان هەر لە بەر دەست نەبوە و زۆریان لێیان ئاگادار نەبوون تا لە نووسینەکانیاندا پەیڕەویان لە بکەن، ئەوە جگە لەو گەلانکاریانەی بە سەر زمانی قسەکردن و نووسیندا هاتوون، بەیە ئێستەمە بنەمایەکی هەزمانیی پتەو لە بەشە ئەدەبیەکەی ئەو کتێبەدا (هەزمان و ئەدەبی کوردی) ببینینەوە و هەنووسکی زانستیمان بەر چاو بکەوێت کە پشتی بە بەشەکەی هەزمان بەستبێت و نووسەر و خوێنەری کورد لەوەی فەرهەنگی بەیە ئەم کتێبە ئەوەی دەیدات بە قوتابی هەر خەی بەر لەوەی لە بەرگی دواوە لەوەی تەپەڕ ببێت لەی دەستنێتەوە، ئەوەی لە شوێنکدا و لە وانەیەکدا وەک یاسای هەزمانی پشکشی دەکات، لە شوێن و وانەیەکی تردا پشێلی دەکات و هەی دەوشێنێتەوە.

پێویستە وەک هەنگاوی یەکەم ئەم دوو بەشە (هەزمان و ئەدەب) لە خەیاڵ و بیرکردنەوەی مامەستا و قوتابی و خوێنەر و نووسەری کورددا بترازێن، ئینجا ئەوانەی خەیان بە ئەکادیمییان و پسپۆرانی ئەو بوارە دەزانن دەبێت بزانن، ئەدەب و هەزمان هاستە دوو کایەی تەواو دابەاو نیین، بەهام هەندێش نزیک نیین بکرێنە یەک مادەی خوێندن و بەدرێژاییی چەند ساەک لە ناو یەک کتێببدا جە بکرێنەوە و یەک مامەستا ببێتە پسپۆڕ لە هەر دوو بوارەکەدا، پێویستە بزانن هەزمان باس لەو یاسا و هەسایانە دەکات کە زمانی لە سەر بونیاد نراوە و هەر ئەو یاسایانە شێوەیکی تەکمە و زانستییانەتر لە نووسیندا پەیڕەو دەکەن، مەبەستیش لە نووسین هەموو کایەکانی نووسینە نەک ئەدەب بە تەنها، بەیە ئەو پەوەندییەی لە نێوان هەزمان و بابەتکی ئەدەبیدا هەیە، هەمان ئەو پەوەندییە کە لە نێوان هەزمان و

بابەتێکی دەروونی، ئایینی، فیزیکی، جوگرافی و مێژوویی...هتد، دا هەیە، چونکە کە ڕۆژنامەوانی بەس لە یاساکانی نووسین و ڕێنووسێکی زانستی دەکات، بۆ نووسین بۆ گشیی بەس دەکات نەک تەنها بۆ بابەتی ئەدەبی، لە ڕاستییشدا بابەتی ئەدەبی لەو بابەتانەیە کە زۆرترین پێشێلکاریی یاساکانی ڕۆژنامەوانی تێدا دەکرێت، ئەویش بۆ هەی ئەوەی بڵێکی ئەو بابەتانە تێکستی ئەدەبین و سەردەمانێکی پێشتر نووسراون و دەستکاریکردنیان ڕێپێدراو نیین و هەندێ جاریش بۆ هەی زاڵبوونی دەنگی کاراکتەر و قسەکەرەکان لە ناو تێکستەکاندا، نووسین دەچێتە سەر شێوازێکی زارەکی و شێوەیەکی هاوبەشەکی و ناسیستماتیکی تێدا بۆ دی دەکرێت، واتە کە نووسینێکی ئەدەبی دەخوێنینەوە، وەک ئەوەی گومان لە قسەکردن بێت وایە، تا ئەوەی تێکستێک بخوێنینەوە.

(ڕۆژنامەوانی و ئەدەبی کوردی) ناونیشانێکی بەتاڵە بۆ کتێبێکی قەناغەکانی خوێندن، چونکە هەر خۆی لە خۆیدا ئەو ئامانجانە دەمرێنێ کە بۆیانی دەکات، ئەوەی دەیکات بۆ یاسا خۆی لە باری دەبات، ئەوەی تەکمەیی بێت فشەڵی دەکاتەوە، دەبێت هەموان بزانن، گەر ئەدەب و ڕۆژنامەوانی دابەشویش نەبن لە یەک، بەشێک نیین لە یەک و هەندێ لە نزیک یەکەوە دانانرێن و پسپۆڕییەکیان تێکەڵ ناکرێن، دەکرێت ئەمەیش بۆ سەرەتای ئەو خەمساردییە بزانین کە ئەمڕۆ نووسەری کورد دیدێکی ستراتیژیی بۆ نووسین نییە، هەر کەس و هەر ناوەند و دەزگایەکی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری بە میزاجی خۆی پێناوی لە ڕێنووسێک دەکات و بۆ ئەوەی سەرەتاییترین هۆشیارییان لە بارەی ڕۆژنامەوانی و ڕێنووسەوە هەبێت، بەیار لە شێوەیەکی نووسین دەدەن و لە ناوەند و دەزگاکانی خۆیشیانەوە پێناوەدەکرێن.

سەرنان بەر لە پەلامارەکانی ئەنفاڵو دوای ئەنفاڵ ...

عومەرمحەمەد

سەرلە ئێوارەی ٢٢ لەسەر ٢٣ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ گوندی سۆسنان گازبارانکرا، دوای ئەوەی گوندنشینەکان بە نیازی نانی ئێوارە چوونەوە ماڵەکانیان، رەک لەکاتی نانی شێوان بە زرمەو نرکەی کاتۆشا بە ئاگا هاتن،کە لە سەربازگەکەی دەربەندیخانەوە بیان هەواڵ کرا، هەرچەندە بەمبەکان دەنگیان نزم بوو، بەڵام تراژیدیای گۆرەیان بە دوای خۆیانداهێنا، بەجۆرێک نەک نانی ئێوارەی لەشێواندن، بەڵکو کەس فریا نەکەوت پارووێک قوتبدات، جگە لە کەمەکوژییەکی ترسناک کە هەر لە جەدا ٦٥ کەس شەهید و نزیکەی ٤٠ کەس بریندار بوون، بەیەکجاری شیرازەی گوندەکەی شێواندن. هەرئەو شەو ٤کەسی تری گوندی کەشک لەکاتی بەهاناوەچونیان بەخەڵکی سۆسینان ٤کەسیان برینداربوون و گیانیان لەدەستدا بۆیە هەمیشە شەهیدەکانی سۆسنان ٦٩ کەس ناودەبرێن . نابەت ئەوەشمان فەرامۆش بکەین کەوا هەرلەو کیمیابارانەدا پشمەرگەیەکی خەڵکی هەورامانیش شەهید بوو. .....

[بە درێژەی بابەت کلیکی ئێرەبکەن ...]

عەفرین ؟ دەبەت زەر بوەرانێ پێنج لەسەر زامکان دانیین، بەسەڵەمی ئیسراییلی دەروەی خەمان!!

زاهیر باهیر – لەندەن

عەفرین نە کوتووەو نە دەڕاوە و نەپرسە و ماتەمینیشی دەوەت ،شەقانانی نەبەرد بە هەموو بشکانیەوە لەگەڵ خەڵکی ئازا و بوێری عەفرین-دا دووەم گەورەترین داستانی نەبەردیی و جەنگیان دوای شۆش لە کەتەلەنیا دژ بە فاشیزم و بەربەریییەتی نەک هەر

دەوڵەتی تورکیا بەکو ناتۆ و " کۆمەڵەتی نێودەوڵەتی" تۆمار کرد. ئیسپانیای 1936 لە عەفرین-دا دووبارە بووەوە .

عەفرین ئێستڕیەکی گۆشاوەی مۆزووی بڕەنگاربوونەوە بوو لە ناو سەراپای بەرگرییەکانی دیکەدا کە مۆزوو نیشانی داوە بۆ تایبەت دوای نەبڕدکانی شۆشی کۆلۆنیا کە بە هاوبەشی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئەنارکیستەکان و سۆشیالیستە نادەسەڵاتخوازەکانا ڕویدا.
عەفرین مۆزوویەکی بە خۆی دروستکرد کە هەتا مۆزووی بەشەریەت بڕدەوام بێت ، ناو و شانۆی خۆاگریی و بەرگریی و دژایەتی فاشیزمی دەوڵەتیی و سیستەمی سەرمایەداریی ، بە خۆی تۆمار کرد . پەنجاو هەشت ڕۆژی بەرخۆدان ، نەك دەوڵەتی تورکیا و هاوپەیمانەکانی هێنایە لەرزە و هەشکە بەکو " کۆمەڵەتی نێودەوڵەتی" ش ، بەیە کەسەك ناتوانێت لەمە و سەرزەنشتی شۆڤانان و عەفرینیەکان بکات.

عەفرین ئەو پارچە زەویە بوو کە نەك هەر لە سوریادا جیاواز بوو ، بەکو لە هەموو ڕۆژاوای ناواین-دا تاك و جیابوو . حەوت ساڵی ڕەبەق دوور لە شەڕی کوشتن و بڕین و کاولکاریی نێوانی دەوڵەتی سوریا و " موعارەزە " و نێوانی خودی گروپەکانی " موعارەزە" بوو ، حەوت ساڵی ڕەبەق توانی هەڵەك لە نێوانی خۆی و شوێنەکانی دیکەدا بکەشێت. عەفرین ئەو پارچە زەویە بوو کە زیاتر لە 200 هەزار سووریی لەو مرۆڤایەتی خۆیان ، یەکساڵتی نێوانیان، ئاشتی و ئاشتەوایی و ڕەز و حورمەتی خۆیانیان تیادا دەزییەوە .
لەبەرئەوە سەرکەوتنی عەفرین کلیلێک دەبێت بەکردنەوەی ئەو قفڵەی لە مەشکێی خەڵک دراوە ، لەلایەن ئەردەغان و قەزاوی و هاوشەوەکانیان شکستی ئەردەگان هەر شکستی سەربازی نابێت ،بەڵکو شکستێکی گەورەی ئایدیەلۆژیش دەبێت .بەیە تەواوی دەگماتیک و کۆنە پەرستان هاربوون ئەترسن گرکەورەی بە هەست و ڕوح کردنی تاکی هێز هەڵاتی بکرێتەوە ،ئەمە دەبێتە سەرەتای هەشیاربونەوەی ویژدانی تاک و لەو خەوە قوڵە هزگاری دەبێت ئیتر پیلانگێڕانی عەقڵ فێ دەدرێن

زبەدانی مژو .
ئەم جەنگی بەدر نییە،جەنگی گواڵە نییە،کە ئیمپراتۆریەتێکی داڕزاوی لەبەردەمبەت،ئەو جەنگی ئاینی سەیەم لەگەڵ ئاینی چوارەم*
جەنگاوەرانی ڕێگای ئازادی،و ئاشتی و برایەتی گەلان لەبەردەم خەلیفە وەستاون،لە بەردەم سورەت فتحدا سوڕەتی ئازادی و ژن و ژیان وەستاون،ئەڕە دوێانی تاریکی و هونەکی،عەقڵانیەت و تۆگماتیزم،دیموکراتیەت و فاشیزمە.

ئەم جەنگە هەرچەندە جەنگێکی نابەرابەرە،هەر چەندە خەلیفە لەجیاتی شیر و تیر پشکۆوتوترین چەک و تەکنەلۆژیای جەنگی پێیە،بەڵام بەڵام بە دواکەوتوترین مەزهەب و عەقڵێکی ژەنگگرتو ،وبەوی شەشک بونەتەوە کە هاوتای نییە لەئیرادەومرۆقایەتیدا.
بەڵێ شەشک کە بانگەوازی ئازادی و هەستانەوە سەرپێی گەلە بەدبەختەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەکات،،نەعرەتی شەش زراوی سوڕتانەکان و پیاوە فڕێباو بەویژدانەکانی بردووە.
بە ئەوی ڕۆژهەڵاتی ناوین ژیانێک بۆی شایستەی ژیان، دەبەت لەیستەکی سوڕتانە خوێنمژو واعیزەکانی کەتایی پێ بەت،دەبەت مەشکی تاک بکرێتەوە تا دەست و دە و چاو و گوێچکەی بەوی داهێنان و خۆشویستی و جوانی و ئاوازی ژیاندا بکرێتەوە.بە باوەڕی من سەرکەوتنی عەفرین لەدانێکی گەورە دەبەت لەو دەگماتیزمەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین هەیە و ئەو قفڵە دەکاتەوە کە بەناوی خوداوە لە مەشکی مرۆڤکان دراوە.

سەر کەوتنی عەفرین دەبەتە پاژنەی ئاشەلی پیاوەکانی خوداو قفڵەک لە فتح دەدرەت و فتح کەتایی دەت.ئیتر ئەو بەهەشتەی سوڕتانەکان و دەزەخی چەوساوەکان شوێن بەیەکتر چڕ دەکەن .
دەبەت بزانین ئەوانەی جەنگ دەبەنەوە بەهەزەکانن نەک ئەوانەی خوایان لەگەڵە.قەڵەزاویش وتەویەتی کە خودا پشتیوانی ئەردەگانە،گەلە لە شەڕی عەرەب ـ ئیسرائیلیش واتان ئەوت،لە ئیسرائیل سەرکەوت!
مرۆڤی هۆشیار تەدەگات کەخودا بەشداری هیچ جەنگێک ناکات .

مەحمود عەبدوڵا
*مەبەست لە و کەمەگا نوێیە کە ئەجالان تیریزەی کردووە ئەجەلان دەڵێت"سەرم سوڕما کەوتیان تە خڕیکی دروستکردنە ئاینێکی نوێیت"

سەرکەوتن بە عەفرین

ساڵیادی شۆڕشی شۆڕشگێڕانی لە چ هەلومەرجێکدا دەکەینەوە؟... نوری بەشیر:

١٨/٣ ساڵیادی شۆڕشی شۆڕشگێڕانی لە کوردستان، شۆڕشگێڕانی سەرتای ڕاپەڕینەوە لە ساڵی ١٩٩١دا لەلایەن کۆمۆنیستەکان و چەپەکان و کرێکاران و خەڵکی ئازادیخوازو ستەمدیدەی کوردستانەوە دامەزرا.
بزوتنەوەی شۆڕشی دەورەیەکی نوێ بوو لەخەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستان لەدژەوەی سیاسەت و دەسەڵاتی ئۆحزابی کوردایەتیدا، هەربۆیە باسکردن لەڕاپەڕین و هەلومەرجەکانی دواتری کوردستان بەبێ باسکردنی شۆڕشگێڕان ناتەواوە و هەمان مەژووی شۆڕشی کوردستان دەبێت کە لەلایەن حزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکانی کوردستانەوە بۆئارەزو و لەبەرژەوەندی خۆیان و سەرمایەداران و شێخ و خاوەن عەشیرەتەکانەوە نووسیوانەتەوە و خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستانیان لەو خەبات و هاتنە مەیدانە بەبەری کردووە.

لەکامە هەلومەرجدا ئێستا یادی شۆڕشگێڕان دەکەینەوە:

ئەم ساڵ لەهەموو کات زیاتر پێویستە قامک بخەینە سەر ساڵیادی شۆڕشگێڕان و دەرس و تەجروبەیەک کە شۆڕشگێڕان خستیانە بەردەم کۆمەڵگە کە تەجروبەیەکی گەورەو زیندووە لە هاتنە مەیدان و خەباتی خەڵکی کرێکارو رادیکالیزمی کوردستان.

خەڵکی کوردستان بەهەی هەلومەرجێکی پێشتری دەرجە دوویی و زیندان و ڕاگواستن و کوشتن و ئێنفال و کیمیابارانەوە لەلایەن رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی بۆرژوا ناسیونالیستی عەراقی و تا دەگاتە رژێمی بۆرژوا ناسیونالیست فاشیستی بەعس، بە دوای ڕاپەڕیندا، خەشخەڵیەکی زۆریان بەدەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی شاخ هەبوو،کە بەدوای ڕاپەڕین و پاکردنەوەی شارەکان لەرژێمی بەعس، هێزەکانی حزبەکانی کوردایەتی هاتنە شارەکانەوە. ئەم خەشخەڵییە درێژەی کێشاوە ئۆگرچی ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی و تا دەگاتە حزبە ئیسلامیەکان و حزبەکانی بەناو ئۆپۆزسیۆن و تازە ڕاگەیەنراوەکانیش،

لەمژووی سیاسی خەیاندا هەندێ لاکێوتەو ریسواو ماهیەتیان ڕۆشن نەبەتەوە.

کەتا کارنامەکەیان ئێستا دەیبینین بەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ دا کە کوردستان چ هەلومەرجێکی سەخت بەسەر دەبات لە بە یاسایی و بە دەوڵەت و سەرگەردانی و بێئەمەلی خەڵك، بەڵام هەشتا خۆشخەیاڵی بە ناسیونالیزم پاشکۆی پێنەکراوە، خەڵک دژی یەکێتی و پارتی و باقی حزبەکانە ، بەڵام دژی ناسیونالیزم نییە، خەڵک تەجروبەی تاڵی لەگەڵ حزبەکانی کوردایەتیدا هەیە، بەڵام لەخۆشخەیاڵی بەسیاسەتیان و لەچوارچێوەی حزبەکانیان رزگاری نەبووە، ئەمەش دەرەجەیەکە لە ناوشیاری چینایەتی خەیان وەک خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کەمەگەو سوانەوە لەبازنەی سیاسەتی چینایەتی بەرژوازی کوردیدا نیشان دەدات.

بەیە ئەگەر کەسێک ڕاپەڕینی نەبینبێت یان دوای ڕاپەڕین لەدایک بووبێت و هەوەی نەدابێت مەژووی ڕاستەقینەی دەورەی ڕاپەڕین و شوراکان بزانێت، ئەوا ڕەنگە بەدرێ و دەلەسەو بە مەژوو شوانکانی حزبەکانی کوردایەتی خۆشخەیاڵ بێت لەوەی کەتنها حزبەکانی کوردایەتی بوون نەخشەی ڕاپەڕینیان داشت،
کە ئەمە دوورە لەڕاستیەوە، وە کارنامەی ئەم ٢٧ ساڵەیان و درێژانەیان و تاڵانکاری و کوشتارو تیرۆریان، ڕاستی شواندنی واقعیەتی ڕاپەڕین و شوراکانە لەلایەن ئەو حزبانەوە.

هەربۆیە لە دوای نزیکەی سێ دەیە لەیادی شوراکان، هەشتا کارنامەو سیاسەتی ناسیونالیزمی کوردو حزبەکانی بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە سایەی کردوەو ماوەتەوە.
بە ڕوینەوەی خۆشخەیاڵیەک بەو حزبانەو دەستپێکردنی قۆناغێکی تازە لەخەباتی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان لەدەرەوەی سیاسەت و بەرنامەی ئەو حزبانە وشیاری و ڕێکخراوبونی چینایەتی پێویستە.

ڕاپەڕین و شوراکان:
ڕاپەڕین:

ڕاپەڕینی کوردستان کە هاوکاتی ڕاپەڕینی خواروی عێراق بوو، تەوانرا لەماوەیەکی کورتدا شارەکان لەلایەن خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و لاوان و ژنان و کەمینەستەکان و چەپەکانەوە کە کەمیتەکانی ڕاپەڕینیان دروست کردبوو پاک بکرێتەوەو هەر واش کرا،

ئەم ڕاستیە لەزمانی زۆرێک لەسەرانی حزبەکانی کوردایەتی خەیانەوە

باسیان کردوە کە کاتێک هێزەکانی پێشمەرگە هاتنە رانیەو سلێمانی، شار هەمووی لەهێزەکانی رژێمی بەعس پاکرابوەوە.
لەدوو ساڵی رابردوودا بەشێک لەو کەسانەی کەچپ بوون و لەراپەڕین و شوراکانیدا بەشداریان کردبوو وە دوایی بەخشخێشاڵی بەناسیونالیزمی کورد چوو بوونە دواوە ئێوا لە میدیاکانیەوە جارێکی تر تاکیدیان لە دەوری کۆمۆنیستەکان و کۆمیتەکانی ڕاپەڕین کردەوە بەپێچەوانەی مێژووێک کەناسیونالیزمی کورد ئاوەژووی کردبوو.

شوراکان:

شوراکان و بزوتنەوەی شورایی کە لەهەلومەرجی ڕاپەڕینەوە سەریهەڵدا، وەک دەورێکی نوێ لەخەباتی شاری خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و کۆمۆنیستەکانی کوردستان، کە خۆی لەمێژووی حزبەکانی کوردایەتی و بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد جیاکردەوە ڕاستی سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی نوێی کۆمۆنیستی و چەپ بە سونەت و کارێکی نوێی شاری و ڕادیکالانەوە هاتە مەیدانەوە، بەپێچەوانەی دەورەی پیشووی خەباتی لادی و شاخ کە دایان سەپاندبوو …

شوراکان وەک دەسەڵاتدارێتی جەماوەری کە هەم یاسا دانەر و هەم بەڕێوەبردنی یاساکان وەک هێزێکی ڕادیکالی و شۆشگێڕی شار لە ژنان و پیاوانی کرێکارو کۆمۆنیست و ئازادیخواز بەبێ جیاوازی خۆی ڕاگەیاندن و دەستیان کرد بە هەڵبژاردن لە شوێنی کار لەکارگەکان و شوێنی ژیان لەگەڕەکەکاندا،هەروەها دەستیان برد بە زەر بابەتی کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی کۆمەڵگە لە دەسەڵاتی وشیاردەرانەو ڕێکخراوبوونی جەماوەری و کرێکاری.
لەیەکەمین ڕۆژەکانی ڕاگەیاندنی شوراکانەوە هەموو هێزە بەرژوا ناسیونالیستەکانی کورد بە یەکێتی و پارتی و حزبە بەدەنگەکانی دەوریان، یەکەمین کاردانەویان و لەبەرامبەر ترسی شوراکان و ئەو هێزە جەماوەرە زۆرەی لە دەوری بوو نیشاندا.

لەبەرئەوەی لەمێژووی کوردستاندا بە یەکەمین جار بوو لەدەرەوەی سیاسەت و هەیمەنە و قۆمەوی حزبەکانی کوردایەتی بشێوێکی ڕادیکاڵ و ئینسانی و بەبێ جیاوازی بزوتنەوەیەک دروست بێت کەرخنەی ریشەیی لەحزبەکانی کوردایەتی هەبێت و بانگەواز بکات کە ئەو حزبانە چ لەشاخ و چ لە شار نە نوێنەری بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بوون و نادەتوانن نوێنەری خەڵک بن.،
هەر بۆیە لەڕۆژەکانی یەکەمەوە چ یەکێتی و چ پارتی و چ بەرەیەک کەهێزیانبوو بەدژی شوراکان و هێرسەواوانی شوراکان وەستانەوە، کە

نەک تەنیا شوراکانیان بە بڕبەستی بڕدەم خەیان دەزانی، بەڵکو لەهاتنە مەیدانی خەڵکیش ترسیان هەبوو، وە تا ئێستاشی لەگەڵ بەت لەناو هێنانی شوراکان دەترسن، لەبەرئەوەی شوراو هێزو دەسەڵاتدارێتی شورایی وەک هێزی جەماوەری کرێکارو کەمدەرامەتی وشیارو رادیکاڵ جێگاو رێگای ئەوان لەکەمەنگەدا ناهێڵێت و ڕێگا لەدەسەڵاتی بنەماڵەیی و حزبی و سەرمایەک عەشیرەت و سەرمایەداران و تاڵانکاری و سەرکوت و تیرۆر دەگرێت.

دەرسەکانی شوراکان پاش ٢٧ ساڵ لەدەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد!
بزوتنەوەی شورایی لە شوراکاندا کە نموونەیەکی بەرجەستەی دەسەڵاتی جەماوەری هێنایە کەمەنگەی کوردستان، خەڵک لەوەدا هەم یاسا دانەربووون و هەم یاسا بەجێبەر، واتە بەپێچەوانەی دەسەڵاتە پەرلەمانیەکیان کەلە سەرەوە و هەر چوار ساڵێک بە پاراستنی دەسەڵاتی سەرمایەو بەرژوازی قوتی دەکەنەوە.

شوراکان دەسەڵاتی بەکردەوەی هێزو ئیرادەی خەڵکە لە مەیداندا کە هەر کاتێک هەر ئەرگان وکەسێک چێن لە کەبونەوەی گشتیدا ئازادانە هەڵبژێردراوە، ئاواش لەکاتی نوێنەرایەتی نەکردنی خواست و ویستەکانی کەمەنگە دەتوانرێت لاببرێت.

کارو چالاکیەکانی شوراکان ئەگەرچی کورت ماوە بوو، بەڵام لەئاستی کەمەنگەدا و لەبەرنامەو چوارچێوەی ڕەخنراوە کرێکاریی و جەماوەریکاندا، لەکەمەنگەدا کاریگەری گەورەی دانا و بەجێ هێشت. ئەم سیاسەت و جهەتگیریە نوێیە لەکەمەنگەدا لە پێشوازی بەرینی جەماوەری بەهرەمەند، بوو. لە دەورەی شوراکانی ساڵی ٩١ دا وترا ئەو حزبانەی کوردایەتی، نوێنەری بەرژوازی و سەرمایەدارانن و ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێت، کە دواتر بوویان بەدژی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کەمەنگە دەبێت، کە وابوو نەک نانیان بە خەڵك دابین نەکرد، بەڵکو نانی سەر سفرەی منداڵانی کرێکاریشیان دزی، سەروەت و سامانی کەمەنگەیان بەتاڵان برد، نەک کاریان بە خەڵك دابین نەکرد، بەڵکو زەربەی خەڵکیان بەکارو برسی کرد. نەک ئازادیان بە خەڵک دابین نەکرد، بەڵکو بەهەموو شێوەیەک دژی ئازادی ئادەربین و خەپیشاندان و مانگرتن و ڕەخنراو بوونیش بوون.
بەدەسەڵاتی دژی "ژن و تیرۆری ژنان" و لاوان و ڕۆشنبیران و کەمەنیستەکان دەناسرێن.، تا دەگاتە دەسەڵات و حکومەت و پەرلەمانەکیان.

خەڵکی کوردستان شاهیدی ئەویە و بەخوێن و گۆشتی خەیان تاجروبەیان

لەگەڵیاندا هەیە کە نوێنەرایەتی سەرمایەدارانن و بەفیرۆدانی دەلاراوا و گوندی ئەمانی دەناسرێنەوە، کەواتە لەبەرامبەر دەسەڵاتی حزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکاندا، دەسەڵات و حکومەتی شورایی رێگایەکە کەخەڵک خۆی دەسەڵاتدار بێت،

خۆی یاسا دانێرو یاسا بەڕێوەببات، هاتنە مەیدانی هێزو ئیرادەی خەڵك کە دەتوانێت زامنی ئایندەیەکی باشتر بۆ خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەت و کەمئەگە دابین بکات.،
شوراکان ئەمە بەرنامەی بوو، وە بە کردوەیش ئەم بەرنامەیە برایە پێشەوە بەیە حزبەکانی کوردایەتی بە هەموو شێوەیەک دژایەتیان کردو پاشکشیان پێکرد.

شوراکان نەک تەنها ئەمانەی کرد بەڵکو کەمئەگ سونەت و کاری سیاسی نوێ و وشیاری خستە بەردەم کەمئەگە، کە تائێستاش ناسیونالیزمی کورد لەی دەترسێت و دەستی بە نابات، لەوانە سایادی کارساتی کیمیابارانی هەڵەبجەیە.

شوراکان لە کوردستان لە ١٦/٣/١٩٩١ بە یەکەمین جار لەمێژووی کوردستاندا لەبەردەرکی سەرای شاری سلەمانی لەرەو رەسمکی جیاوازی تا ئێستای حزب و سەرانی حزبەکانی کوردایەتی و تێشریفاتیان، بۆئامادەبوونکی جەماوەری فراوان و سەراسەری، لەرێگای شوراکانی هەموو گەڵک و کارگەکان و جەماوەریدا لەشوێنەکانی خەیانەوە بەرپێوان و بەلافتەو دروشمەوە بەرەو بەردەرکی سەرا سایادی کیمیابارانی هەڵەبجەیان بەرز راگرت، وە رژەمی بەعس و هەموو هەزکانی هەکاری کیمیابارانی هەڵەبجەیان تەدا تاوانبار کرد، هەر لەرەوە بەردەرکی سەرا ناونرا مەیدانی ئازادی.

بەیە ئەگەر خەڵکی کوردستان بیەوێت لەکابوسی بۆرژوا ناسیونالسیت و ئیسلامیەکانی کوردستان ئازاد بێت، ئەگەر بیەوێت لە دزی و تاڵانکاری و تیرۆرو سەرکوتی ئەو حزبانە رزگاری ببێت، ئەگەر بیانەوێت لە دەسەڵاتی بنەماڵەو حزبە مافیاو دژی ژن و دژی مندااڵن و دژی لاوان رزگاریان ببێت، ئەوا دەبێت ریزی خەیان لە شوراکاندا رێکخراو بکەن بە ئەوەی بە هەمیشە لەدەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی رزگاریان ببێت و ئایندەیەکی باشتری ئینسانی بۆ خەیان و نەوەکانی دوای خەیان مسۆگەر بکەن.

١٤/٣/٢٠١٨

جمهوری ئیسلامی ئێران بۆ چی دەناسرێتەوە..؟! ... موزەفەر عەبدوڵا

لە چەند ڕۆژی ڕابردودا ڕووداوی تیرۆری قادر قادری، کە یەکێک لە سەرکردە سیاسی و سەربازییە دیارەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، لە ناوچەی پشدەر بوو هەواڵێکی بەرچاوی میدیاکان و پرسو ڕای گشتی .
بە پێی هەواڵەکان قادری لەسەر ڕێگای بەتۆن تەقەی لێکراوە و لە ماشینەکەیدا بە کۆژرواوی دەزراوەتەوە. دژی ئەم تاوانەش وەڵای ئیدانەکردنی یەکسەریش پێنجەی تاوان لە لایەن حزبی دیموکرات و ڕای گشتی ئازادیخوازیەوە بە ڕژێمی ئیسلامی ئێران درێژکراوە و گومانیش لێوەدانییە.

دیارە ئەمە نە یەکەم تاوانی ئیرهابە کە ئەم ڕژێمە ئەنجامی دەدات لە کوردستانی عێراق زۆر شوێنی دونیا نە دوا تاوانیشە .
جا ئەم هەواڵی تاوانی ئیرهابە هاوکاتە لەگەڵ هەواڵی بەاوبونەوەی ڕاپۆرتی لیستی ئیعدامی زیاتر لە ٥٠٠ کەس لە لایەن ئەو ڕژێمەوە لەمساڵدا. ئەمەش بووە مایەی سەرکەنەکردن و ڕیسوا کردنی ڕژێم لە لایەن ڕای ئازادیخوازی و پارێزەرانی مافی مرۆڤ لە ئاستی دونیادا.

لەمبارەیەوە پێویستە لە وەڵام بە پرسیارەکەمان زیاتر ئەوە ڕونبکەینەوە کە چۆن ئەم ڕژێمە بە ئیرهاب و ئیعدام دەناسرێت و لە پاڵ دەیان شێوازی تری تۆندوتیژی و سەرکوت.
تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە بە دیاردەی ئیرهابکەیەوە ئەوەیە وەک وتمان کە تیرۆری قادر قادری نە یەکەم تیرۆر و نە دوا تیرۆرێشە. بەکو لەماوەی ٢-٣ دەیەدا تەنها لەو حزبەی قادر چەندین سەرکردەی گەورەیان لە تیرۆر کراوە. لەوانەو لەسەرو هەمویانەوە عبدالرحمانی قاسملوو دوو هاوڕێی تری بون لە نەمسا لە کۆتایی هەشتاکان . پاشان شەرەفکەندی و زۆر ئەندامو کادری تریان. بۆتایبەتی لە شارەکانی کوردستان عیراق و لەسایەی دەسەڵاتی میلیشایی هەردوو حزبی هاوپەیمانی حزبی دیموکرات. تاوانی هەرش و کوشتنی بە کۆمەڵیان لە

نیوی نەوەدەکان لە کەیە بە یەکێکی تر لە تاوانە ئاشکراکانی ڕژێمی ئیسلامی دادەنرێت کە بە هەزێکی سەربازی زەرەوە هاتبونە سەر بنکەو بارەگاکانیان و زەریان لێکوشتن.
ئەم جگە لە تیرۆری سەدان کەسی هەسوەاوی سیاسی تری لە لایەنە ئۆپۆزیسیۆنە چەکدارو بە چەکەکانی تری کوردستانی ئێران و لایەنەکانی تر، بە تایبەت لە ڕیزەکانی کەمەلەو حزبی کەمۆنیست.

جا کاتێك لەم ڕووەوە لەم ڕژێمە بەوانی بەمان دەردەکەوێت کە چۆن ئیرهاب بەتە تایبەتمەندیو ئامرازێکی کاراو کاریگەر بە کوشتن و ترساندنی نەیارەکانی و مانەوەی دەسەلاتە سەرکوتگەرەکەی. وە ئەم تایبەتمەندی و ئامرازە تەواوکەری هەموو تایبەتمەندی و ئامرازەکانی تری سەرکوتە بە مانەوەی نزیک بە ٤٠ ساڵ لە دەسەلاتە خۆنەویەکەی.
تایبەتمەندی یەکی تری ئەو ڕژێمە بریتی یە لە ئیعدام – سیدارە- کە ئامرازو کەرەگەیەکی کاراو کاریگەری تری دەستی ئەم ڕژێمەیە بە لەناوبردنی فەرمی و ئاشکرای هەموو نەیارە گەورەو بچوکە سیاسی یەکانی. هەبەت بەشی زەری ئەوانەی کە ئیعدامیان دەکات تەمەتی جەراجەریشیان بە هەدەبەستەت. تەنانەت ئەگەر ئەو کەسانە لە خوار تەمەنی ١٦ ساڵیشەوە بن ئەوە هەر ئیعدامی کردون جا بە ئاشکرا بەت یان تەمەنیانی بردبەتەوە سەرەوە بە ئەوەی زیاتر ڕیسوا نەبەت.

بە پێی ڕاپەرتی هەکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و ووڵاتی ترو هەکخراوە نەو دەوڵەتی یەکان، لەوانە هەکخراوی لێبوردنی نەو دەوڵەتی و چاودێری مافی مرۆڤی ئەمریکی و لێژنەی پاراستنی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان، تەنها لەمساڵدا وەک وتمان نزیک بە ٥٢٠ کەسی ئیعدام کردوە بە ئاشکرا. ئەم جگە لەوەی سەدانی تری لە ژێر ئەشکەنجەدا کوشتووە. بەپێی ڕاپەرتەکان لە ناەزایەتی یەکانی ئەم چەند مانگەی پەشودا، کە تا ئێستاش بە شێوازی جەراوجەر درێژەی هەیە، زیاتر لە ٥ هەزار کەسی لە ژنان و پیاوان، کە زەریان لاوانن، دەسگیرو زیندانی کردوە. زەربەیانی ئەشکەنجەی سەخت داون. تەنانەت لاقەیان کردون، بە تایبەتی لاقەی ژنان. وە لە نەویاندا خەکوژیان کردوە چ لە زیندان چ دوای هاتنە دەرەویان . بەگومان ئەمەش خێی لە خێیدا بە گەورەترین تاوانی دژی مرۆڤایەتی دادەنرێت. وە لەم ٥هەزار کەسە سەدانیان لە ژێر ئەشکەنجە مردون و دیانیش لە ڕیزی ئەو لیستی لەسدارانەدان.

ئەم تەنها لیستی ئیعدامی ئەمساڵو بەس. خە ئەگەر چاوەک بخشینەن بە لیستی نزیک بە چل ساڵی دەسەلاتیدا ئەوە بەپێی ئامار

فرمیێکانی ئەکخراوەکانی مافی مرۆڤ زیاتر لە ١٥٠ هەزار کەسی ئیعدام کردوە. وە لەنەو ئەو ئیعدامانە ئیعدامی بە کۆمەڵی ژنان و پیاوانی کۆمۆنیست و چەپ لە تاران و شارەکانی تری ئێران و ناوچەکانی کوردستان، بە تایبەتی شاری سنە، لە نیوەی یەکەمی هاشتاکان کاتێک دەیویست دەسەڵاتی سەرکوتگەری جێگیر بکات لە دونیادا ئەو تاوانانە دەنگی دایەوە.
ئەم تایبەتمەندی یەش ئەوەمان بە ووون دەکاتەوە پەمان دەڵێت کە ئەم ژێمە هەر وەک هەمو ژێمە ئیسلامیو قەومی یە فاشیێکانی تر کە بە زەری لەم ووڵاتانە فەرمانڕەوان ناتوانن یەک ڕۆژیش لە دەسەڵاتدا بن ئەگەر دەسهەڵگرن لە ئیرهابو ئیعدام.

ئیرهاب و ئیعدام بەیان لوتکەی سەرکوتگەری و هەر توندوتیژیێکەو درێژکراوەی شەوازەو ئامرازێکانی تری بەرەوەبردن و سەپاندنی دەسەلاتکەیانە.
ئەوەش بڵێین کە ئەم دوو تایبەتمەندییە بەتە ئەزمونێکی گەورە بە زەرەک لە دەسەڵات و ژێمەکانی ناوچەکەو تاقمە ئیسلامی یەکانی تر کە لەدەسەلاتیشدا نەبن.
هەر بە نمونە تیرەریزمی ئیسلامی باڵی سوننەگەرا لە زەر ووڵات بەهەی ئەم ژێمەوە زیاتر گەشەی کردو ئەزمون و کۆکی زەری لە شەوازی ئیرهاب و ئیعدامی ئەو وەرگرت.
ئەم تایبەتمەندی و ئامرازە درێژکراوەی سیستماتیکی چەوسانەوەی هەمەلایەنەی ئابوری و ئایدیەلۆژی ، سیاسی ،ئ ابوری، کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی لەسەر هەمو کۆمەڵگا، بە تایبەتی ژنان، کرێکاران، لاوان، هەڵسوڕاوان و ئازادیخوازانی ناو جوڵانەوەکەیان و ناڕازایەتی یەکانیان.

زەرن ئەو ئازادیخوازە کرێکاریانەی، بە تایبەتی چەپ و کومونیستەکان، کە بەردەوام پێیەکیان لە زیندانەدان، وتەنانەت زەریان لە ژێر ئەشکەنجە مردون یان ئیعدام و تیرباران کراون لە شۆڕشی کارو ژیانیان.

هەروەها لەناو بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان تا ئێستا دەیان و سەدان لە هەڵسوڕاوان و ئازادیخوازانیان دەسگیرو زیندانی و ئیغتیساب کراون. هەر ئەو تایبەتمەندیەی ئیرهاب و ئیعدامەش وایکردوە کە زەریان ئێران بجێ بهێڵن و لە وڵاتانی تر ببنە پەنابەر. بەڵام لەو وڵاتانەش ژیانیان لە مەترسی ئیرهابدان وەک قادری قادری.
هەبەت ئەم دوو تایبەتمەندیە لە پاڵ دەیان و سەدان دیاردەی تری وەک کاتی کارکردنی زەرو موچەو کرێی کەم. یاخود چەند مانگ موچە نەدان و کرێ نەدان . هەژاری بەرزی بێکاری هەژاری و نەداری و بێخانەو لانەیی و بە خزمەتگوزاری و جیاوازی ڕەگەزی و دینی و

تایەفی، بە تایبەتی جیاوازیکاری نێوان ژن و پیاو، کە بەتەسیمایەکی تری ناسینەوەی ژەمی ئیسلامی دژە ژن ...هتد.

بەڵام لەنێو هەمو ئەو دیاردانەدا، وەک ئاماژەمان پێدا، دیاردەو تایبەتمەندنییەکەی لە ئیرهاب و ئیعدام، ئیتر ئەو دوانە بە لوتکەی سەرکوت و توندوتیژی دەسەاتە پێ لە تاوانکەی دادنرێت. خۆ ئەگەر ئەم دوو دیاردەیە لە پاڵ دیان دیاردەی تری نێبوایە ئەوا ئەو ژەمە ئیسلامییە یەک هەژیش نەیدەتوانی لەسەر دەسەاتی سیاسی بمێنێتەوە . چونکە ئەم ژەمە کە نوێنرایەتی باڵیکی گەورەی بەرژوازی لە ئێران دەکات ئەوەندە کۆنەپەرست و دژی ئینسانی و دژی سەرتایی ترین مافو ئازادی و یەکانی ئینسانێ هەموو بونی ناکۆکییە لەگەڵ کەمەگای پێشکەوتوو مەدرینی ئیران.

۲۰۱۸-۳-۱۵

کاریکاتێر ـــ هاوار... جەبار

جبار 2018

بینای هونەریی چیرۆک (بینای ڕووداو) ... محەمەد سەرابی

ڕووداو یەکێکە لە بینا سەرەکی و بنەڕەتییەکانی چیرۆك و لەپاڵ بیناکانی دیکەی (کات و شوێن و کارەکتەر)دا، بنیاتی دەقی چیرۆك پێکدەهێنن. (ئەرستۆ ٣٢٢ – ٣٨٤ پ.ز) وەها پێناسەی ڕووداو دەکات کە "کردارێکە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی هەیە."١ یان دەگوترێت: "زنجیرەیەك (ڕاستی واقیع)ن، لە ڕووی ئەرگانییەوە پێوەندیدارن بەیەکەوە لە ڕێی سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتاییەوە، خۆیان دەنوێنن."٢ یاخود بە پێی ئەو چەمکەی کە (ڕۆناڵد بارد ١٩١٥-١٩٨٠) بەی داشتووە "بریتییە لە کەمەڵك ئەرکی کارتکراو لە لایەن هەکارەك یان چەند هەکارێکی تایبەتەوە."٣ واتە هەمیشە ڕووداو بەهەی هەکارگەلێکەوە دەتەئاراوە، کە سەرەتای جووڵەیەك دروستدەکات و پاشان ئەو جووڵەیە بە خاڵەك بەرزدەبێتەوە، هەمیشەش خاڵێکی کۆتایی هەیە کە جووڵەکەی تێدا دەوەستێت، کە کۆتایی بە ڕووداوەکە دەهێنێت.

هەر ئەم هەڵوێستە، بە یارمەتی ڕێگەزێکانی دیکەی دەق، بنیاتی چیرۆکێکی هونەری دادەمەزرێنن، چونکە "چیرۆك کاتێك فەرمی دەبێت کە وێنەی ڕووداوێکی تەواو دەگرێت، واتە کاتێك ئەو ڕووداوە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی دەبێت و پێوەندییەکی ئەرگانی هەرسێ بەشەکەکانی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، چۆنیی ئەو پێوەندییەی ئەندامەکانی لەش بەیەکەوە دەبەستنەوە."٤

ڕووداو، وەك بینایەکی گرنگی چیرۆك و ڕۆمان, پێوەندییەکی پتەوی هەیە لەگەڵ گێڕانەوەدا, ڕووداوی هونەری ئەو زنجیرە هەوکەوتانەن، کە بە گێڕانەوەیەکی هونەری گەڕاونتەوە و چوارچێوەیەکی تایبەت لەخۆ دەگرێت.
بەگومان مەبەستیش لە ڕووداویی هونەری، ئەو ڕووداوانەن کە چیرۆکنووس لە چوارچێوەی چیرۆکەکەیدا بە شێوازێکی هونەری دەیگێڕێتەوە، نەك خودی ڕووداوەکان خۆیان لە واقیعدا بەشێوەیەکی هونەری ڕوویاندابێت.

هەر دەبارەی ئەم پێوەندییەش دەگوترێت: "گێڕانەوە ئەرکی ئەوەیە لە دەقدا ڕووداوەك یان چەند ڕووداوەك بگێڕێتەوە، کەبەسەر پاڵوانەك/کارەکتەرێك داهاتوون. بۆئەوەی گێڕانەوە هەبێت، پێویستە

ووداوەك لە ئارادابێت، ئەگینا پەسەی گیانەوە دروستنابێت و ئەوکاتەش دڵق دروست نابێت.”5 وەك دەبینین، لەرەشدا ووداو وەك جەوهەرو هەوێنی دڵق سەیردەکرێت، ئەمەش تەروانینی (ئەرستۆ)مان بە بیردێنێتەوە، کاتێك ووداو وەك جەوهەری تراجیدیا دەبینیت و ئاگەزەکانی دیکەی وابەستەدەکاتەوە.6 بەگومان لە ژیانداو ئاژانە چەندەها ووداو دێنەئاراوەو ووددەن، ئەوەی وادەکات یەکێك لەو ووداوانە ببێتە هەوێنی چیرۆکێکی هونەری، گرانەوەیکی هونەریانەیە. دەبێت ووداوەك هەبێت و چیرۆکنوس بیگێڕێتەوە، بەو پێیەش ووداو هەکاڵەکی سەرەکییە بە بوونی گیانەوە، ئاگەر گیانەوەش نەبێت، ژانرێك بوونی نابێت بەناوی چیرۆکەوە.

(د.انگونیوس بگرس) لەبارەی بینای ووداوەوە دەڵێت: ”کەمەك بەسەرهاتێکە کە حیکایەتخوان لە چوارچێوەیکی دیاریکراو بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە، گشتەکەن و گرژدەن و بە پێی ئەو چوارچێوە هونەرییەی بۆی کێشراوەو پێوەندییەکی تەکمەشیان بە کارەکتەرەکانەوە هەیەو دواتریش بە خزمەتی (چنین) کارلێك دەکەن.”7 وەك دیارە، (د.انگونیوس) پێوەندییەکی دیکە ئاماژە پێدەدات، ئەویش پێوەندی ووداوە بە ئاگەزەکانی دیکەی (کارەکتەرو چنین)ەوە. ووداو لەرەدا دوای چنینی دڵق دەکەوێت و خێی لەو ئاگەیەوە بیان دەکات، کە چیرۆکنوس بە شێوەیکی هونەری بۆی دەکەشێت.

هەرچی ووداو و کارەکتەریشە، هەمیشە دوو دووانەی لەکدانەباون و کاردەکەنە سەر یەکتری. لەکوە ووداوەك بەتەئاراوە، کارەکتەرێك، یان چەند کارەکتەرێك بوونیان هەیەو کاریگەریان دەکەوێتەسەر، یان بە پێچەوانەوە، دەشێت کارەکتەرەکان ئەی کارایان هەبێت لە هەنەئاراوەی ووداوەکان.
هەمیشە ئامادەیی و هاتنەئاراوەی ووداو، لەگەڵ ئاگەزەکانی دیکەدا، دیاردەیکی پێشبینکراوە، چونکە ”سروشتی پێوەندییەکانی کەسێتییە جەربەجەرەکانی نێو دڵقی {چیرۆك}، لە خۆشویستن و ڤەلەبوون، سەرکەوتن و شکستخواردن، لە دایکبوون و مردن، بزواتن و وەستان، کین و فشتن، سەرجەمیان هەڵچوونێك دەخوڵقێنن، کە دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی کەمەڵێك رووداو.”8 لەمەشدا هەکاری یەکەم، لەبەرهەمهێنانی ووداوەکاندا دەگێڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی کارەکتەر خۆی.

بەڵام بەگومان دەشێت جەرکەی دیکە لە ووداو هەبن، کە هیچ دەسەڵاتێکی کارەکتەری تێدا نەبێت و بگێڕێتەوە بۆ دەسەڵاتێکی ئیلاهی، یان سروشتی، وەکو ووداوەی (هەرسهێنانی بستێکی

بەفر، غەرقبووبوونی کەشتییەك، کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەیەك، باران و لافاو،…هتد)، بەڵام بەگومان کارکتەرکان ئامادەییان هەیەو دەکەونە ژێر کاریگەری دەرئەنجامەکانیانەوە. لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانین دوو جۆر لە ڕووداو دیاریبکەین، کە بریتین لە (ڕووداوی کەسێتی و ڕووداوی سروشتی/ئیلاهی).

بە گشتی ڕووداوەك، دەشێت چیرۆکنوس پەنابەرێتە بەر چەندین سەرچاوەی جیاوازو لەیەوە ڕووداوی چیرۆکەکەی وەربگرێت. واتە سەرچاوەی چیرۆکنوس ڕەهایەو دەکرێت پەنابەرێت بەر چەندەها کەناڵی جیاواز، لەبەرئەوەی "ئەو بابەتانەی سەرچاوەی چیرۆك پێکدەهێنن ناتوادرێت دەستنیشانبکرێت، وەك پێیڕۆسەك بەسەر چیرۆکدا بسەپێندرێت، چونکە چیرۆکنوس سەربەستییەکی موتڵەقی هەیە لە هەڵبژاردنی هەر بابەتێکدا."9 بەیە لە ڕوی ئەم بۆچوونەوە (ڤەرجینا ووڵف) دەڵێت: "ئەوەی پێیدەگوترێت بابەتی گونجاو بۆ ڕۆمان شتێکە بوونی نییە، هەموو شتێك دەست دەدات بێتە بابەت. هەر هەستێك ، هەر سیفەتێکی هەشی یان گیانی، دەتواندرێت بکرێتە بابەتی کارێکەو هیچ درکپێکردنێك نییە نەتواندرێت بکاربهێندرێت."10 ئەمەش پاسادانی ئەوە دەکات، کە لە بنەڕەتدا جۆرو چەندایەتی ڕووداوکان نیین کە دەبنە هەی سەرکەوتنی چیرۆکەکە، بەڵکو ئەوە کارامەیی و ئاستی هونەریی گێڕانەوەی چیرۆکنوسە، کە ئایا دەتوانێت ڕووداوێك کە سرنجی ڕادەکێشێت، لە بەرگێکی هونەریی باڵادا بیگێڕێتەوە؟ بەیە دەکرێت ڕووداوێکی سادەو ئاسایی چیرۆکێکی هونەری لە بەرهەمبهێنرێت، چیرۆکنوس چەندین دەلالەت و مانای جیاوازی پێببەخشێت و چەندین لایەنی پەنهانی تێدا درکپێبکات. بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر چیرۆکنوس ئاستی هونەریی و کارامەیی گێڕانەوەی لاوازبێت، دەشێت گێڕانەوەی کاراساتێکی گەورە، هیچ جۆگەی سرنجی وەرگر نەبێت.

ئەرگەرچی وەك وتمان سەرچاوەی ڕووداوکان زۆهان و دیارینەکراون، بەڵام بە دیوێکی دیکەداو لە ڕوانگەیەکی جەرایەتییەوە، دەتوانین دوو جۆر سەرچاوەی گشتی- ڕووداوی تێکستێ گێڕانەوەییەکان دریابکەین، ئەوانیش مەبەستمان لە (ڕووداویی واقیعی و ڕووداوی ئەندێشەیی)ن. لە سەرچاوەی یەکەمیاندا، دەتواندرێت بگوترێت "ڕووداوی چیرۆك سەرچاوەکەی واقیعەو چیرۆکنووس تووشی دڕکات، بە ئەوەی بیگەیەنێتە پلەی چیرۆك، لە شیوەیەکی ئەدەبی دا."11 واتە دەبێت ئەو ڕوداوە واقعییە بخاتە قاڵبی زمان و گێڕانەوەیەکی هونەریانەو لە ئاستێکی ئاساییەوە، گیانێکی هونەریانەی بەبەردا

بکات و بیگەیەنێتە ئاستێکی ئەدەبی.

لەم حاڵەتەشدا ئاراستەی کارتێکردنی نێوان واقیع و ئەدەب وایە؛ کە واقیع کار دەخاتە سەر ئەدەب. لێرەدا "ئاوەزی بەشوێیکی بەرچاو هەستی پەرەکرێت ئاوێتەی زێرینەی کات ئەدەب ئەداوێکانی خەیاڵ و واقیعی ژیانەدا هەندەبژێرێت و دەیخاتە دووتوێی دۆقی ئەدەبییەکانەوە."12 هەرچی جۆری دووەمیانە، چیرۆکنوس پشت دەبەستێت بە مەودای فراوانی جیهانیی ئەندێشەیی خەیاڵی و ئەوداوی چیرۆکەکەی لاوازە دەخوڕقێنێت. ئەمەش ئاوێتەناگەیەنێت، کە چیرۆکنوس لەم حاڵەتەدا بەتەواوەتی لە جیهانی واقیع دادەبڕێت. دەشێت چیرۆکنوس دیاردەیەك، یان پەیامێکی فیکری سەرنجی ڕابکێشێت، بەڵام بە گەیاندنی پەیامەکەی بەر ئەندێشەی و لە ڕێگەی خوڕقاندی ئەوداوەك، یان چەند ئەوداوێکی دەستکردەوە، کە زادەی جیهانی ئەندێشەی خەیاڵن، پەیامەکەی بگەیەنێت. لەم حاڵەتەیشدا گەر کارتێکردنەك لە نێوان واقیع و ئەدەبدا هەبێت، دەشێت ئاراستەکە لە ئەدەبەوە بەرەو جیهانی واقیع بچێت، چونکە وەك (ئوسکار وایلد) دەڵێت: "زەر جاران ژیان لاسایی هونەر دەکاتەوە."13 ئەمەش مەبەست لەوەیە زەرجار دەشێت سەرچاوەکانی ئەداو ئەندێشەی ئەدیب بێت و دواتر لەلایەن کەسانێکەوە، ئەو ڕواداوانە لە واقیعدا لاسایی بکرێنەوە.

هەربۆیە دەتوانین بڵێین، بینای ئەوداو بناغەی هەر چیرۆکێکی هونەرییەو بە بوون و گەشانەوەی ئەوداوەك، یان چەند ئەوداوەك، چیرۆکیش بوونی نابێت. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەبێت ئاستی چەندێتی ئەوداو لە چیرۆکدا سنووردارێت و ئەو مەودا فراوانەی لە نێوانیدا بەدیدەکرێت، نابێت لە چیرۆکدا هەبێت. بەڵکو ئاوەزی گرنگ ئاستی گەشانەوەو هونەریی ئەو ئەوداوەیە، کە جێگەی سەرنجی چیرۆکنوسە، لە ئاستێکی ئەدەبیاندا. لێرەشەوە، بینای ئەوداو، وەك بناغەو هاوێنی هەر چیرۆکێکی هونەری، پەیوەندییەکی پتەوەیی لەگەڵ تەواویی بیناو ڕێگەزەکانی دیکەی دەقدا هەیە.

پەراوێزو سەرچاوەکان:

١.ئەرستۆ، هونەر شیعر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پێشکەش و پەراوێزی:عەزیز گەردی، خانەی چاپ و پەخشی ڕەنمایە، چ2، سلێمانی٢٠١١،ل٣٣
٢.میران جەلال محەمەد، بنیاتی ئەداو لە ڕۆمانی کوردیدا، چاپی

کوردەلەجی، چاپی یەکەم، سلەمانی ٢٠٠٩،ل١٣
٣. سەرچاوەی پێشوو، ل١٣
٤. پەرەز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی, بەاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم-سلەمانی٢٠٠١، ل.82
5. سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، بنیاتی گێرانەوە, ، چاپی دەزگای توێژینەوەو بەاوکردنەوەی موکریانی، چ١، دهۆك٢٠٠٩، ل.١٥٣
6. ئەرستۆ، هونەر شیعر، وەرگێرانی لە ئینگلیزی و پێشکەی و پەراوێزی:عەزیز گەردی، خانەی چاپ و پەخشی ڕۆنما، چاپی دووەم، سلەمانی٢٠١١،ل٢٨
7.سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، بنیاتی گێرانەوە ، چاپی دەزگای توێژینەوەو بەاوکردنەوەی موکریانی، چ١، دهۆك٢٠٠٩، ل.١٥٤
8. پەرەز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی, بەاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم-سلەمانی٢٠٠١، ل.٨٤
9. سەرچاوەی پێشوو، ل.٨3
10.سەرچاوەی پێشوو , ل.83-84
11. ئیبراهیم قادر محەمەد، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشوردا ، نامەی دکتۆرا، ئادابی ز. سەلاحەدین،هەولێر-ئابی١٩٩٧ز، ل.٢٤
12. سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، بنیاتی گێرانەوە ، چاپی دەزگای توێژینەوەو بەاوکردنەوەی موکریانی، چ١، دهۆك٢٠٠٩، ل.١٥٣
13. سەرچاوەی پێشوو.

بە دەبەت یادی گازبارانی هەڵەبجە بکەینەوە ئامانج لێیادەوەری چیە و دەستکەوتکانی چین ؟

عومەر محەمەد- سلەمانی
١٦/٣/٢٠١٨

ئەرکی ئەمڕۆ یادەوەرییەکانی جینۆسایدی هەرلێ فیلیەکانەوە، هەتا بارزانیەکان و هەڵەبجەو ئەنفال وشەنگال، بەگرنگیەوە تەماشایان بکەین و بەگرنگیەوە بڕۆو پیریان بچین و یادیان بکەینەوە، بەڵام لەوەگرنگتر ئامانجی یادەوەرییەکانە، چۆنێتی ئاراستەکردن و پەیامی یادەوەرییەکانە، پەیام بۆناوخۆی خەمان و بۆ دەرەوەی خەمان، ئایا بڕاست ئەمڕۆ هەتا چەند ساڵی تر دەبێت بگرین ؟ گریان جەماوەر پێدەبەخشێ ؟ ئەی پەیام چیمان پێدەبەخشێ هونەری یادکردنەوە چیە، بۆچی باشە ؟ ئەم کەستانە لەیاد بکەین باشترە یان بەزیندویی بیانهێنینەوە ئەگەرواما کرد چ بڕەمەکیان دەبێ ؟ ئەم پرسیارانە هەموویان گرنگ وجەوهەرین، ئەمانە تەنها پابەندنین بەهەستی ساتەوەختی یادکانەوە، وەک چاولەکەریی، بەڵکو پابەندن بەئایندەمانەوە، هەڵبەت بەئاوردانەوەیەکی ڕەخنەگرانەی ئازایانەی ڕابوردومان .

ئەمساڵ ١٦ی ئازاری ٢٠١٨ یادی سیهەمین ساڵی یادەوەری گازبارانی هەڵەبجەو ئەنفالە واتا ٢٦ ساڵی ڕابەڕ خەمان بەبێ سانسەری بۆغدا یادی هەڵەبجە دەکەینەوە، بەڵام دەبێت ئازایەتی ئەوەمان تێدابێت بپرسین هەتا ئێستا چۆن یادمان کردووەتەوە ؟ چیمان بەدەست هێناوەو چەمان لەدەستداوە؟ ئەگەر بە ئازایانە وەڵاممان وەرگرتەوە، ئینجا دەبێت هەڵوێستەیەکی ئازایانەش بکەین و لەخەمان بپرسین ئەی لەمودوا چۆن یادکان بکەینەوە؟ چۆن قەرەبووی کاتی لەدەستچومان بکەینەوە، ئایا ئەمە بوێری ئەوەمان هەیە دەستکاری ماڵی خەمان بکەین ؟ لەبنەڕەتەوە بوێری ئەو پرسیارانەمان هەیە لەخەمانی بکەین ؟ یان لەیەکەمین و وەک ڕاپوردو یادکی پەخرجی بەبەرهەم دەکەینەوە !؟ ئاخر یادەوەری بەهای ئەخلاقی و سیاسی و یاسایی هەیە، ئەگەر یادەوەریمان بوێت دەبێت ئەم بەهایانەمان بگرنگ بێت، دەنا کەس بروا بە خەنمایشکردن و خوێندن و فرمێسک و وتاری بکردارمان ناکات .!

ئەی کەوایە گرنگی یادەوەری چیە؟

یەکەم : با باسکەمان لە فەلسەفەوە نەئاڵێنین و زۆر بەسادەیی بدوێین، گرنگی یادەوەری لەبنەڕەتەوە پابەندە بەمافی مرۆڤکانەوە، چ ئەوانەی بوون بەقوربانی تاوانکەو چ ئەوانەی لەژیاندا ماون و چ ئەوانەی زەرەمەند بوون، تەنانەت ئەوانەشی زەرەمەندی ڕاستەوخۆنەبوون و تارادەیەک سەلامەتن، بەڵام ئایا ئەمانە بەبێ

دادپەروەری و سەروەری یاسا بۆی دەن ؟ کێواتە مەرجی یەکەمی یادەوەری دادپەروەریی و گرانەوەی شکێنە بە ئینسانەکان و ژیانەکی سەلامەت و شکۆدار بۆهەموان.

خۆ رەنگە بەدەستهێنانی هوشیاریش لەم بارەیەوە هەروا ئاسان نەبێت، بەڵای کەمەوە پێویستی بە قۆناغی دادوەری راگوزەری (عدالة الانتقالية) وە هەیە. بەڵام دەخی ئەمە وەک هی کەس نیە، نەوەک هی ئەرمەنەو نەوەک هی جووەکان، بەڵای کەمەوە ئەوان دەوڵەتیان هەیە، بەڵام ئەمەی کورد وەک دەوڵەتمان نیە، دەسەڵاتی خۆجێیەتیش هەشتا خاوەنی تۆرەک نیە بە سیاسەت و دەوڵەتی میراتگریش هەندە سەرکاری لەگەڵ دیموکراسیەت و بنەماکانی مافی مرۆڤ نیە، کێواتە هەر دەبێت خەمان قەڵەماڵین و چاوەروانی دەوڵەت و دەسەڵاتداران نەبین .ئەی کێواتە خەمان کێین ؟ لەپێشەوە هەموو ئەوانەی هەست بەگرنگی یادەوەری و دروستکردنی مۆزوو و داهێنانی کەلتورەکی باڵا دەکەن . ئەرکی ئەوانەیە یەکەم هەنگاوەکەگرن .

دووهەم : دەکەومێنتکردن و لێکۆڵینەوە لەتاوانەکە و ناسینی مەرجعی فیکری ئەنجامدەری تاوانەکەو خۆ دورخستنەوەو خەداماڵین لە ڕەفتاری جەلاد – بە بریاردەرو ئەنجامدەرەوە، ئاخر ناکرێت جەلادو قوربانی هەردوکیان هەڵگری یەک فکرو یەک ڕەفتاربن ! کێواتە ئەرکەکی گرنگ و هێنووکەیی لەمەوداوامان لە یادەوەریدا بۆعەس ناسیینە! ئینجا ریشەکیشکردنی بۆعسیزم و ڕەفتارکانی نەک هەر لەو شوێنانەی تاوانەکەی لە ئەنجامدراوە، بەڵکو لەتەواوی هەریمی کوردستاندا، لەناوخانەوادەو فەرمانگەو دەزگاکانی خەبەرەوبەرێتیدا دەبێت بۆعسیزم ببێتە شەرمەکی گەورە، دەبێت ببێتە شەرمەکی ڕەشنبیری و کەمایەتی .

سێهەم : بەو پێیەی لەماوەی ٢٦ ساڵی دەسەڵاتدارێتی خەماڵیدا، لەیادکاندا زەرترین بەڵێندراوەو کەمترینیان جێبەجێکراون، زەرترین درکاوەو کەمترین کارکراوە، دەشێت یادەوەری داهاتوو ئەم نەنگیەشمان چارسەر بکات و بەپێچەوانەی رابوردووەوە، راستگۆیی و پابەندی ئەخلاقی بەرهەم بهێنێت، ئەمە ئەگەر بە هەر شەهیدەک بە هەر ئەنفال کراوەک تەنها یەک درێ لەخەمان یاساغ بکەین، ئەوا ئەوەندەمان شەهیدو ئەنفال هەیە ڕاستگۆترین میللەتی سەر روی زەمین دەردەچین خاوەنی ٢٦ ساڵ بەڵێنە جێبەجێنەکراونین ؟ کێواتە با دەست پێبکەین و رابووردو لەبیر بکەین .

چوارەم : یادەوەری دەبێت لەبوردەیی بەرهەم بهێنێت ئاشتبوونەوەی

گشتی بەدوای خەیادا بهێنە و ببێتە چەک وئامرازێکی باش وکاریگەری دژایەتی گەندەڵی وچاوچنۆکی، لەپشتەوە داب ونەریتێک دابهێنە کەوا هەموو قوربانیەکان تیدا هەست بەشکۆمەندی بکەن، بۆنمونە لە ڕۆژی ١٦/٣دا خەڵکی شار بۆتایبەتی خەڵکی شار وەک ڕۆژانی جژن بەماڵانەوە بگەڕین وگەردن ئازایی لەیەکتری بکەن، ئەوانەی بەهەر هەیەکەوە دەیان لەیەک ڕەنجاوە ئاشت ببنەوەو دڵە منداڵەکانیان خۆش بکەن و ڕۆحی گیان بەخت کردووەکان و شەهیدەکان ئاسودەبکەن و بریندارانی چەکی کیمیایی دڵخۆش بکەن و سەروەری و ئاسودەییەک بهێنن کایەوە کە نەوەکانی ئایندە لەسەری بژین .

ئەمانەو بەگشتی پێویستە شارەکی وەک هەڵبجە بکرێتە شارەکی مۆژوویی نەک بە تابلۆیەک بکرێتە پارزگاو لەناوەڕۆکیشدا هەر قەزاکەنەکەی جاران بێت، ئەمەش هەربۆتنها بەهەی گازباران و ئەو تاوانەوە نا کە دەرهەقی کراوە بەڵکو هەکاری مۆژوییشی بۆتنیشت ناوە مەعنەویەکەی هەڵبجەوە هەیە، کە لە سەنگەی پرسەی جینۆسایدوئەوتاوانە گەورەیەی دەرهەقی کراوەو هەڵبجەی بەدنیادا ناساندوە.
ئەوەی دەبێت لە بەرچاوبگیرێت لەپێش هەموو هەکارەکانی ترەوە هەڵبجە بەرلە تاوانەکەش شاری شاعیران بووە، نابێت ئەم سامانە مەعنەویەی لە دابماڵدرێت ئینجا تاوانی گەورەی دەوڵەتی عێراقو ناوە مەعنەویەکەی ئێستاشی بخرێتە سەر، کە دەبوو زەر زووتر وەکو هەنگاوی یەکەم بە خۆ بنیاتنانەوەو گیانی بەرنگاری بکرایەتە شارەکی مۆژویی وەک قودسی فەلەستینیەکانو نجەفی شیعەکانو هیرۆشیمای ژاپۆنیەکان، بۆئەوەی بەوەی دکتاتۆریەتی بەعسو شۆڤێنێتی عەرەبیو بەدبەختی کەمەگەی نەوەوەتیدا بخرایەتە سەرپێ .

هەرکەس بڵێت پێشتر وەها پرۆژەیەك لە توانادا نەبووە راست ناکات، چونکە دەیان بەگەی حاشا هەڵنەگر بەردەست وئامادەن، کە پێچەوانەکەی بسەلمێنن، دەبوو ئەوسا یەکێتی و پارتی کە خەیان بەنوێنەری خەڵکی کوردستان دەزانی، لەبری خەسپاندن نەك لە بودجەی حزبەکانیان تەنانەت لە قورگی ئەندامو کادرەکانیشیان بگرتایەتەوە بە وەها تەحەدایەك و بنیاتنانی پرۆژەیەکی (سومبل)ی نەتەوەیی، بەڵای کەمەوە، ئەگەر بڵێن ئەوەمان پێنەدەکرا خۆ دەیانتوانی شەڵی ناوخۆ نەکەنو ئەگەرکردیشیان دەیانتوانی هەڵبجەو گەرمیان و ناوچە ئەنفالکراوەکان نەیکەن. بزانێ ئەگەر وەها هەستێکیان هەبوایە سنوری شەریشیان بەرتەسک نەدەبووە ؟ ئایا مەیدانێکیان دەما بە

سەنگەر لەیەکگرتن ؟ بەڵام بەداخەوە ئەو سەروەختە ئاستی تێگەیشتن
نەك لە مافی مرۆڤ و تاوانی جینۆساید بەڵکو لەوەها پرۆژەیەکیش
لەخاڵی سفردا بوو. ئەو داهاتوو هاوکارییانەش کە بەناوی هەڵبژاردن
کەیان دەکردەوە نەیانخستە خزمەتی ئەو شارەو خەڵکەکەیەوە. دەنا
هەرگیز ڕۆژمان بە ئێستا نەدەگەیشت.

بەهەرحاڵ هەنگاوەکان هەرچەندەك بن گرنگ ئەوەیە بە لەمەولا کەسپی
بەردەم بەمۆژووییکردنی شاری هەڵەبجە نەبن .
ئێدی ئەورۆژە بەسەرچوو بە دنیا بڵێین ئەمە بەوئەندازەیە
ستەمکاریمان دەرهەقکراوە، چونکە ئێستا هەم هەلومەرج جۆرێکی ترەو
هەم کەمتیگەی نەودەوڵەتیش باشتر دەناسین بەڵکو لەو تێگەیشتنەوەبە
، کە کورد خۆی لەسەربنیاتبنەتەوەو هەرجارە تووندڕەوی و دڕندەیی
بەدکارییەك بەسوکایەتی بەسەر زیندووەکانی و یادەوەری و
قوربانیەکانی ببینە وئاگاداری بەهای مرۆڤ بێت و لەهەر
هەنگاوێکیدا بڕیاری خۆی ببینێو جیهانبینی بنیاتنەرانە بێت، بەیە
پەیوستە لەو دیدگایەوە تەماشای هەڵەبجە وەك شوێنێك بیادەوەری
بکەین نەك هەموو بەهای ناوە مەعنەویەکەی هەڵەبجەو دەسە گرنگەکەی
لە ئیمتیازی بە پارێزگابوونیدا کورتبکرێتەوەو لە هەموو کاتێکدا
بەچاویاندا بدرێتەوەو بڵێین لەوە زیاتر چیترتان دەوێ ؟ ئەوانیە
کردوومانە بە پارێزگا. ئەگەر وایان گووت ئیدی ناوچەکانی تریش مافی
خۆیانە بڵێن ئەی ئەمە ؟

ئێستا هەموو لەوە تێدەگەین کە هەڵەبجە تەنها ناوی شارێك نیە،
بەڵکو ڕەمزێکی گەورەی یادەوەری جینۆسایدی ئەمەیەو ناوێکی مەعنەوی
کوردە، ئەوەش فاکتەرێکی گرنگە کە بکرێتە شارێکی مۆزەیی ، راستە
یەکەم هەنگاو بەپارێزگابوونێتی، هەرچەندە من زۆر ترسم لەو
هەنگاوەش هەیەوهەر زوو ئەم ترسەم بەبەنەی بەپاریزگابوونیەوە
نوسی، (ئەم ئیمتیازە لەبری ئەوەی خۆنەکانی بارەو سارەو بارن
بیکوژن لەبری ئەوەی گۆڕەی بکەن تەواو بچوکی بکەنەوە، ترسم لە
پێنەگەیشتنی ڕاگەزەکانی هەیە).

ئیدی بیادەوەرییەکانی ساڵانی داهاتوو دەبێت ئەم شارە ڕەگاوبانی
باشی هەبێت، هەتڵی شایستەو چێشتخانەی باشی هەبێت کە توانای
قەرەباغی هەبە. هەڵەی شایستەی بە کەبونەوە وسمیناری تێدابێت. بە
هیوام دوای یادی سی ساڵەی نەك هەر بڕپرسانی هەرێمی کوردستان
بەڵکو هەموو ئەو کەسایەتی و ڕەکخراوانەی کەمتەرخەمو بەرژەوەندی
خوازبوون، شەرم لە کردەوەکانی رابوردویان بکەن ئیدی
یادەوەرییەکان لەبری ئەوەی تەوی ئومێدی بچنن ئومێدومتمانە

ببەخشنەوە، ئەمەش هیچ خۆشخەیاڵی نیە بەڵکو ئومێدو ئیرادەیەو ئەمەش هیچمەان لە نێوەکانی تر کەمتەرنیە دەستەاتکی دادپەروەرنەبێت .

ئاگاربخوازن دەتوانن لە ئێستا بەدواوە کات بەفیڕۆ نەدەن. چیدی بەیان نالوێت و ناکرێت تەنها بە تابلۆیەکو دانانی پارێزگارێکو بەرەوبەرە گشتیەکان کە هەموویان پیکەوە کاندیدی حزب بن ئارایشتی قەزایەک بکەنو ناوی پارێزگای لەبنرێت، بەڵکو دەبە پارێزگای هەڵەبجە لە ناوبرێکدا لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان جیاواز بێت، پارێزگایەک خاڵی بێت لەبارگای حزبوهێزی چەکدار بەو واتایەی بکرێتە شارێکی سیمبولیو مۆزویەو لە خزمەتی دەزی سیاسی کوردستانیشدا بێت. وەک بەپارێزگاکردنی هەڵەبجە نەبووە دەستپەکی بەخەداچوونەوە بایادەوەری سی ویەک هەمین ساڵە، چ لەروی روخسارەوە چ لە ناوبرێکدا شارێک بێت جیاواز لەوانی دی. ئەرکی هەڵەبجەییەکانیشە بە گەدانە جیاوازی حزبەکان تەنانەت بە گەدانە جیاوازی ئاین و ئایدۆلۆژیا هەنگاوی بەهێهنن بەتایبەتی ئەمە بەهەڵەبجە زەر پیویستە چونکە لەوە جگەلە ئیسلام کاکەیی زەرهەن وجگەلەیەکێتی وپارتی حزبی تریش زەرن .

پارێزگایەکی نوە داماڕاو لە چەک

ئاگەر هەتا ئێستا لەباری مەعنەویەوە هەڵەبجە نەبووتە سەنتەری پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، دەبە لەمەولا وای لەبکرێت تەنانەت لەوە زیاتر بەواتوببێتە دەروازەی ئاشتبوونەوەی گشتی بەهەموو هێزە ناکۆکەکانو عەقڵیەتی خوێنڕژی بگەڕێتە سەرکەبەرکەی مەدەنیو خزمەتگوزاری، چەندە کارەکی جوان دەبێت ئاگەر هەڵەبجە ببێتە پارێزگایەکی لەچەکدا ماڕاو، هەرهیچ نەبێت بە ڕێزگرتن لەومرۆڤانەی بەگازی کیمیایی کوژران وبریندارببوون، پاراستنی مافی مرۆڤ لە ناوخانەوادەو خیابانو فەرمانگەکانیدا لە لوتکەی واتاکانی خێدابە. لە سەر ئاستی دەرەوە تەحەدایەکی گەورەی بیری شۆڤێنی و دەمارگیری بێت، لە ناوخۆش ببێتە بنیاتنەرەوەی تاکی کوردو دوربێت لە هەموو پشێلکاریو توندوتیژییەک.

کەبونەوەو کۆنگرە گرنگو چارەنوسسازەکان لە هەڵەبجە ئەنجامبدرێن بەو واتایەی پابەندی ئەخلاقیان بەراسپاردەو ئەنجامەکانیەوە هەبە و هەڵەکی سوربێت بە هەرجۆرە نیازخراپیەکو لە بەرامبەریشدا پێگەیەکی شایستەی هەر نیازپاکیەک بێت. وەک شۆڕفەک وەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان ببێتە ئەو شارەو تیایدا وەزیر

بەجۆرێك بجوڵێتەوە لە بری بەباکی ئازنەی بلەرزە لە هەنگاوو بریارەکانیدا، هێزی ستانداردی بە باشترینو پێشکەوتوترین ئاست لە دروستبکرێتو کەنگرەو کەنفرانسە نودەوڵەتیەکانی جینەسایدی لی ببەسترێ. هەبێت نابێت ئەم گرنگی پێدانە بتەنها لە هێزبجەدا کورتبکرێتەوەو نابێت ئەم ئیتیازانەش بجرێک مامەڵیان لەگەڵدا بێت لە بری رێزوشکە سوکایەتی بشوێنانی تر لەبکەوێتەوە.

زەرگرنگتر دەبوو وەک بایەخی یادەوەری هێزبجە لە بری پارێزگا بکرایە بشارەکی مێژوویی هەتا لە باری سمبولییەوە لە پارێزگا هەکشاوترولە باری مەعنەویشەوە لە ئاستی پایتەختی هەرێمی کوردستاندا بێت و فرەکخانەو یاریگای نودەوڵەتیو رێستڕانتو هەتیل وکافتریای باشی تێدابێت، تەنانەت بکرێتە شوێنی بریاردانی سیاسی و پەیمانی ئاشتی نەوان حزبەکانی کوردستانو لەوانەش گرنگتر داوا لە بەغدا بکرێت بشکی دادگای تایبەت بتاوانە گەورەکانی لە دابەزرێ .

ئەگەر دەسەلاتدارانی کورد بیانەوێ دەتوانن هێزبجە و شوێنەکانی تریش وەک کارتێك لە بڕامبەر دەوڵەتی عێراقدا بکاربهێنن و بیکەنە شاری مێژوییوسمبولی ئەوکاتە، بە سەروشتی خێی وەک قەرەبووکردنەوەیەکیش دەبووە دەستکەوتکی سیاسی، بەڵام ئەگەربە ناسنامەی جینەساید بکرێتە پارێزگا ئەوسا ئەگەر دەستکەوتیش بێت هیچ بە کوردو هێزبجەیەکان ناگەرێت بەڵکو تەنها دەبێتە دەستکەوتکی ئیداری نەك سیاسیو مەعنەوی .

لەراستیدا هەق نیە رەشنبیرانی کورد بگشتیو هێزبجەیەکان بتایبەتی بەوە قایل بن شارەکیان کە گەورەترین تاوانی سەدەی بیستەمی دژەقکراوە بکرێتە پارێزگایەکو بەس، چونکە ئەو دەستکەوتە نە هێندە گەورەیە هەتا لەئاستی ئەوتاوانەدا بە کەدژەقی کراوە نە هێزبجەیەکانیش لەمەینەتی زگار دەکات، بەداخەوە رەشنبیران و رەکخراوکانی کەمەگەی مەدەنیەش لەو ئاستەدابوون کە بە پارێزگاکردنی هێزبجەیان بدەستکەوتی مەزن ناوبرد. ئەمە ئاماژەبوو بۆ ئەوەی چەندە لە جینەسایدو قەرەبووی ئەو تاوانە تگەیشتوون، دنا هێزبجە شایانی ئەوەیە بکرێتە شارەك کە دنیا سەرسام بکات نەك بیکەنە قەزایەکی گەورەتر لە ئەستاو ناوی پارێزگای لەبنەن.

سەرباری ئەو مایپوچیەی رابوردوشمان، هیشتا ئومێدم هەیە، ئاورەک لە ٢٦ ساڵی یادەوەری تاوانکان بدەینەوەو بەبیرەکی فراوانترو

نیازێکی جوانتروئامانجێکی بایەخدارەوە بەپیر یادەکانمانەوە بچن ونێک هەر دادپەروەری بەکو کەمەک نەتریتی جوان وبەرز بهێنینە ئاراوە کە هەم خەمان دەخۆش بکات وهەم دنیا سەرسام بکات، کەمەک ئەرکی زەر ئاسان بەام زەر واتادار لە ئستە بگرین و هەموولایەکمان لێی سودمەند بین.

بەهیوام لەیادەوەریەکانی سالانی داهاتوودا هەبجە بەراستی ببێتە پایتەخی ئاشاتی و خەکەکەی قەڵەمبمان و شارکیان لەچەک دابمان و ئاشتی و میانرەوی و ژینگە دستی ببێتە شوناسی شارکە وهەموو ئەم خەسەتانە لەشارکانی تریشدا رەنگ بدەنەوە.

بەهیوام لە یادکانی تری تاوانی جێنسایددا کەمگەیەکی تری پچەوانەی ئستابین راستگەو ژیاندست و میانرەوبین، ناتوندوتیژو رەفتار بەرز، لاشرو ژینگە دست بین. رەژانی یادەوەری بکەینە رەژانێک بە خوێن نەرشتن وسەربرین رەژانی یادەوەری قوربانیەکانمان نێک هەرمرۆڤکان تەنانەت پەلەوەرو ئاژەڵکانیش ژیانیان پارێزراوبێت، رەژانێک بێت نێک قەسابخانەکان ودوکانی مریشک سەربرکان تەنانەت چشتخانەو کەبابخانەکانیش خاڵی بن لەگشت . رەژانێک پراوپربن لە رەزو شکۆی مرۆڤ و زیندەورانی دی یادەوەریەک بەرەوبەرین هەموو دنیا شەرم لەبەدنگی خۆی لەبەرانبەر تاوانکان بکات کە دەرهەقمان کراون .

بۆچی هێزکانی سوریا لە عەفرین بە دەنگن، بۆچی ئەمریکاش بەدەنگە؟ … زاهیر باهیر

هاتنی هێزکانی سوریا بۆ عەفرین گەلێکی دڵخۆش و بە ئومێد کرد، وایان دەزانی کە سوریا دەکەوێتە شوێن لەگەڵ تورکیادا.
بە گومان ئەم شیکردنەوە و لێکدانەوەی هەر هەر زەربەی ڕۆشنبیرکان و سیاسیەکانی ڕۆژاوا و باشوور و لایەنگرانی دیکە هەر وەکو زەربەی کات هەڵە دەرچو.
هەر لەسەرەتاوە ڕوسیا لەو پلانەی سوریا ناڕازی بوو لەبەر ئەوەی

نزیکەی 2 ساڵ لەمەوبەر ڕوسیا دەیویست کە کوردەکان تەواوی عەفرین بە سوپای سوریا بسپێرن و ئەم داخوازییەی ڕوسیاش لەسەر بناخەی نزیکایەتی پەیدەد بە ئەمریکاوە هاتە کایەوە .

شکستی نیوانی ڕوسیا و ئەمریکا لە ناوچەکەدا بە هاوکاری هەندێك لە دەوڵەتەکانی کەندا و، بەدوای وەکیل دا دەگەڕان کە ئەو شکستەی پڕبکەن هەر هەموو هەڵەکانی سوریا لە سوپای سوریای ئازدەوە بە گروپە تیرۆریستەکان و تاکو پەیدەد لەم جەنگەوە ئاڵان ئیدی شکستەکە بوو بە شکستی نەوان ئەمان و ڕوسیا و ئەمریکاش تەماشاکەر و هاندەر و گەرمکەری شکستەکە.

بە گومان دەبوایە دەرکمان بەوە بکردایە کە هەرگیز ڕوسیا نایەوێت سوریا و تورکیا کەهاوپەیمانی ئۆن دەستیان بچێت بە خوێنی یەکدیدا، ئەمە وای لەوە کرد کە سوریا هەندێك لە جێیشی شەعبی لەگەڵ بەڵک چەک و تەقەمەنی سوك و قورس دا ڕەوانەی عەفرین بکات. سوریا بەمەی کە کردی دوو نیشانی شکاند ، یەکەم : ڕوسیای قایل کرد بەوەی کە ئەو بە گوڕەی پلانی ئەو دەڕوات هەروەها پەیدەشی قایل کرد کە سوریا بە پاراستنی سنورەکانی دەگەڕێتەوە و دژ بە سوپای تورکیا دەجەنگێ. دووهەمیش: گەر عەفرین نەکەوێت ئەوە ئەوان بارو بنکەی خۆیا لەوە داناوە و کارئاسایی دەکات بە گەڕانەوەی سوپای سوریا بە ئەوە هاوکایش لەم قۆناخدا ئەوان تەماشاکار دەبن .

ئەگەر عەفرینیش کەوت ئەوە ئەوان لەوێن و دوای سوخمی دوڵی بە کشانەوەی تورکیا ئیدی بە ئاسانی سوریا بە تەواوی دەگەڕێتەوە بە عەفرین .
تا ئێستا ئەردەگان لەم گەمە سیاسیەدا سەرکەوتو بووە ، گونی هەموو لایەکی گرتوە : ئەوروپا، سوریا ، ڕوسیا ، ئەمریکا و داعش و گروپە تیرۆریستکانی دیکە . ئەمریکا ناتوانێت هیچ شتێك بکات دژ بە تورکیا چونکە نایەوێت تورکیا لە ناتە دەرچیت و بکەوێتە بەری ڕوسیاوە . ڕوسیاش لە ئێستادا تورکیا بە ئەو لە سوریا گرنگترە دەیەوێت بەڵای خۆیدا، تورکیا ڕاکێشێت. ئیتر ئا لەڕەدا کێشەی کورد و سەنگی کورد لە سوریادا ، گرنگی هاوسەنگیی سوریا و تورکیان نابێت بە هیچ کام لە ئەمریکا و ڕوسیا.

زاهیر باهیر – لەندەن
16/03/2018

لەرەوە سەر بە گۆڕەپانی ئاپۆرین دانووستم ... سمکۆ عەبدولکەریم

ئەگەر ئاپۆرین تا ئێم ساتە وەختەش، نەیتوانی بێت لە ئاست سەرجەم هیواو ئاواتەکانماندا بێت، لە ئاست داخوازی و داواکارییەکانی خەڵکدا بیت، کە بە شۆڕشێکی سروشتی لە هەموو شوێنێکی دنیادا شۆڕش و ئاپۆرینەکان لە پێناویاندا سەر هەڵدەدەن، ئەوە دەتوانین هەر هیچ نەبێ بایەخی ئاپۆینی بەهاری 1991 ی کوردستان لەوەدا بەرجەستە بکەین کە پێ مەترسیترین نەخشەی دوژمنانی پووچەڵکردەوە.

ئەو نەخشەیەی لە کاولکردنی گوندەکان و ئێنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکەی کوردستانەوە دەستی پێکرد، خواش دەزانێ بڕچی کەتایی دێهات.
ئاپۆین ئەگەر تا ئیستاش لەبەردەم کەمالیک پرسیاردا بێت بەناو ونامەکی باشی ئەوەی داواتەوە کاتیک سەدام لە دیداریکی ڕۆژنامەوانیدا وتی:

"ئێمە کە خویناوی بین، واتا راستەوخۆ دەست دەکەین بەسەربڕینی هەر کەسیک کە خیانەت لەم ولاتە بکات، یان لەم بیر و باوەڕە گشتیانەی کە مافی گەلە، خەی پی بحەسینێتەوە، یان لە دلسۆزیی بۆ ئێم خاک و ئاسمان و هەوا و خەڵکەکەی و ئاو و زەویەکەی دەرچێ، یان یارمەتی بیگانە بدا دژ بە بەرژەوەندی ولات و کەسوکارەکەی.
بەڵێ هەر شتەکمان بە بەدزرێتەوە کە ئێم هەنگاوەی نابێت (بە بڕیارێکی سەری دەپەڕنین) و بە ئاشکراش ئەوە کردەوەی باپیرانمان بووە لە سەرەتای ئیسلامدا وەک چۆن خالیدی کوڕی وەلید سەری (30) سی هەزار کەسی لە کەمەڵگای بچووکی دوورگەی عەرەبی پەراند، لە نێوان جەنگاوەرانی هەڵگەڕاوەکان "الردە" .

لێرەدا هەڕەشەکانی سەدامی دیکتاتۆر تەواو دەبێ و منیش دەڵێم وەڵای هەموو کەموکورتییەکان سەر بە گۆڕەپانی راپەڕین دانووستم و هەوڵدەدەم لەوە تێبگەم، کە ئاپۆین چەندە گۆڕەپان بوو، ئاپۆین چۆن

هەموو ئەو ڕووداوەی گەلی کە سەدامیەکان دەیانویست جارێکی تر نەخشەی ئەو وڵاتە دروستکراوەی دەستی ئینگلیز بە خوێنی ئێمە و لە ژێر ڕەحمەتی ئەو ئاسمانەی ئەوان بە زەر کردویانەتە هی خۆیان ئێستورتری بکەن.

بەڵێ دنیام هەموو ئەوانەی ئێمە بە هەر هەڵەکاریکەوە بێت، بەڵاستیان بە یان نا، خۆزگە بە سەردەمی سەدام و حوکمی سەدام دەخوازن نەیانتوانیوە ئەو پیاوە بناسن، ناشیانەوێ بیناسن، ئەوان هەرگیز ئەو چەند پەڕیان نەخوێندەتەوە کە من لەردا بەم نووسیون، ئەوانە تەنیا دەیانەوێ ئەو چەند بستەی بەر پێی خۆیان ببینن، کە هەندێ جار ناشیانەوێ ئەو بستەش ببینن، ئۆگەرنا چۆن نەیانتوانی لەوە تێبگەن سەدام ئامادە بوو سەری هەموومان بپەڕێنێ بە بیانووی ئەوەی گەورەیی نیشتمان دەپارێزێ، با گەورەیی ئەو نیشتمانەش بە کلەسەری ئێمە هەڵچنرا بێ.

هاورێ سامان لە عەفرینەوە کێبانیت لێبیرە؟! … ریبوار عارف

لەم ڕۆژانەدا هاورِێ سامان کریم پاش تێپەڕبوونی 52 ڕۆژ بەسەر لەشکرکێشی حکومەتی فاشیستی تورکیا سەرئەنجام بەدەنگی شکاندو ئەوەی دەمێک بوو دەیویست بیڵێت درکاندی. ئۆگەرچی ئەم هەواڵەست نیشاندانە تەنیا لەیگەی والی فەیسبووکەکەی خۆیەوە بوو، بەڵام لەبەر گرنگی باسەکەو قەرزێکی کەن کە هاورێ سامان دەبوایە سێ سال لەمەوبەر لە گەرمەی ڕووداوەکانی نیو کێبانیدا بیدایەتەوە، بەهەرحال بەدەنگ بوونی، وا ڕەوەندی ڕووداوەکان بەرەو داگیرکاري شاریکیتری ملیانی دەبات، کەچی هاوڕێ نوسەر هەشتا لەباخی خۆیدا نایەتەدەرو سەرێک لە کەلکوژی عەفرین نادات.

بۆیە من ئۆگەر لەقەرزی کونیش گەلەم هیوادارم هەرنەبێت ئەمجارە سامان ئێستیک بکات و لە مەحکوم کردنێکی مەرجدار زیاتر بڕوات و چاوێک بگەڕێتەوە بە باسەکیدا، هەرچەند زەریش ئومیدەوارنیم،

چونکە خالی هاوبەشی میتۆدی سامان لە ڕووداوەکانی دوێنێ کەبانی و ئەمریکی عەفریندا لە بەدرێژایی بوون بە ژیان وچارەنووسی ئینسان و ئینسایەتی لەم ناوچەیەدا. هەربۆیە دیدی زالی هەردوو ڕووداوەکە ئاوێنەی کە مادام ڕزگاربوونی ئەم دوو شارە دەسکەوتێکی بۆ حزب و چینی کریکارو کۆمۆنیزم تیدانیە، ئیتر هەر دەخالگرێک ئاسنی سارد کوتان وچوونە ژێر چەتری ناسیونالیزم وعەوامگەری عەشایەتیکی کۆمۆنیستە، کە ئاو بە ئاشی ناسیونالیزدا دەکەن. ئەم میدالۆ بەر لەهەر کەس ولایەنێک لە بەرکی هەلسوڕاوانی حزب و بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری دەدات، بەتاوانی ئەوەی کەبۆ هیچ قۆیدوشرتیک داکوکی لێبراوانە لەنکەوتنی ئەو عەفرینە دەکەن کە ڕەمزی ڕاوستانەوەی ئازادیخوازیە دژ بە کۆپرستی وئیسلامی سیاسی وفاشیسزمی حکومەتی ئەردگان. کەواتە بابین بزانین ئەم حوکمانە لەکوێوە لە چیەوە سەرچاوە دەگرن!

لەدەستپێکی نووسینەکەدا سامان دەلی: '' بەرگری لە عەفرین تا ڕادەی ناردنی هەزی چەکدار کارو ئەرکێکی کۆمۆنیستیە. بەشداریکردن لە خۆپیشاندان و مانگرتن وگرتبونەوەو هەر شیوەیەک لە شیوەکانی دیکەی ناڕەزایەتی کارو شیوازێکی گونجاوی کۆمۆنیستیە، یان پێویستە شێوازێکی کۆمۆنیستی بێت.'' بەڵام هەموو ئەمانە تەنیا کاتیک بەرەوا لەقەڵەم دەدات وەک دەڵی'' کۆمۆنیستەکان پیۆستە ڕیزی سەربەخۆی خەیان بە شیوەیەکی ڕەشن لە ناسیونالیزم لە پەکەکە لە پەیەدە و هەموو هەزەکانی دیکە... جیاکردنەوەی ڕیزی سەربەخۆ کارێکی عەمەلیە دەبێت دیارو ماددی و ڕەشن بێت.

واتە کۆمۆنیستەکان نابێت بچنە ژیر ئالای پەکەکەو پەیەدەو کەسەکە و ئەجەلان و سالح موسلم و،،، نابێت بە بانگەوازی ئەوان بەشداری بکەن یان نەیکەن... نابێت لە خۆپیشاندانی ئەواندا بەشداری بکەن، وە ئەگەر بەشداری دەکەن وەک کارێکی فەوری و ناستەوخۆ پیویستی بە مەرج هەیە، لەوانە بە ئالای کۆمۆنیستی وئالای حزبی خەیانەوە، بائالای مارکسەوە، وە هەروەها پێویستە وەک قسەکەرێکی سەرکی جیگاو ڕێگایان هەبێت. باشترین و کارسازترین شیواز ئەوەیە کۆمۆنیستەکان بە جیا بانگەوازی خەیان بکەن و نارەزایەتی خەیان بکەن. تەنانەت ئەگەر هەزەک دەتوانێت چەکدار ڕێوانە بکات، پێویستە بە ڕێکەوتن لەگەل هەزەکانی عەفرینداء بەرەی شۆڕیان جیا بیت. '' هاورێ سامان دریژە بە نووسینەکەی دەدات دەڵێ:'' کۆمۆنیزمێک کە نەتوانیت یان نەیەوێت لەهەر تەنگژەو توند پێچ و ئەزمەیەکدا ڕیزی سەربەخۆی سیاسی و کارنامەی خۆی جیابکاتەوە لە هەزە بورژوایەکان لە جیهانی

هاوچەرخی ئەمڕۆدا، کۆمۆنیزم نیۆ و هیشتا ناسیونالیزمی تەنپارندوە، یان کۆمۆنیزمکی ناسیونالیستی یە.

کەسانی ناسراوی کۆمۆنیست و کادرە ناسراوەکانی کۆمۆنیزم، لە هاوکاتی منداڵی هەڵبژاردنی گەورە دەکەن ئاگڕ وەک بەشک لە لەشکری پەکەکە وپێدەدە دەربکەون و شوناسنامەی کۆمۆنیستیان ون ببێت لە کارەکانیاندا، بمانوێت یان نا لە قۆناغەکدا، بە هوشیاری یەوە چونەتە پشت سیاسەتی ناسیونالیزم و شیوەی کاری. پەویستە ئەوە ڕوشن بێت کە کۆمۆنیستەکان وە حزبەکانی سەرسەختانە بەریگری دەکەن لە عەفرین، لەحالێکدا ئاگڕ شوناسی کۆمۆنیستیمان دیار نەبێت کە دیار نیە، بە هوشیاریەوە دەبینە لەشکری ناسونالیزم. ئەمە شیوازو سیاسەتێکی کۆمۆنیستی نیە.''

بەیارمەتی هاوڕێ سامان، بەشک لە وتارەکەی سێ سال لەمەوبەری دەنمەوە یاد، کە ئاڵەقە نێک هەرخاوەنی یەک جیهەتگیری و میتەدە، بەکو لەهەندێک شوێندا پەرگرافەکانیش هاوشوێن. بالێردا سەرنجی ئەم بەشە لە نووسینەکەی بدەین کەدەڵی:'' هەر هەزکی کۆمۆنیستی و دواتر هەرکادرێکی کۆمۆنیست دەبێت بزانێت وە هوشیاربێت بە هەرکارێک کە دەیباتە پێش وبزانێت کە چ بەرژەوەندییەکی تەدایە بە بزوتنەوەکەی، بزووتنەوەی کرێکاری وە هاوکات بە حزبەکەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری. لەپێویست بە مەسەلەی کۆبانیەوە کۆمۆنیزم نوێنەرایەتی ناکرێت، لەئاستی پراتیکدا. کەئەمە خۆی ئاکامی تەنگژەن وکەسپی گەورەتر...، مەیدانی کاری کۆمۆنیستی "کۆبانی" نیە، ئاگڕ چی خۆکی کۆبانی خۆکیکی جەنگاوەر وخەباتکارە وپێویستە پشتیوانی لێبکرێت، مقاومەتی ئەوان جگای تەقدیرو پشتیوانیە بەڵام بە ئەوان بە ناسیونالیزم دەنوسرێت...دواجار پرسیارێکی سادە ئەویە ئاگڕ کۆبانی سەرکەوت کۆمۆنیستەکان چی یان دەست دەکەویت وچی یان کەکردەتەوە؟! وە ئاگڕ کۆبانی داگیرکرا دیسان جەسوری گیان فیدایی هەر بە ناسیونالیزم دەنوسرێت، جا پا یەدەپێ بێت.''

هاوڕێ سامان لە عەفرینیشدا بەڕێو کوی دەمنبات؟

ئەوەی لێرەدا قسەیەکی لەسەر دەکەم تەنیا لە پێیوندی بە هەوداوەکانی عەفرینە. لەمبارەوە ئەوەش بلیم کە من ئاشنام بە شمولی بوون و مەتاتیەتی باسەکانی هاوڕی سامان، هەروەها بە مەحکومکردنی کۆمۆنیستەکانی دەوربەریشی، کەشێک لەچەنیەتی بەکارهێنانی مافی ئازادی بیان وبیروڕای ئەودانیە. بەڵام کاتیک کە

خۆی بە تیرۆریزمینی حزب و بزتنەوەیەک بزانێت، دەبێت بۆر لەهەر شتێک پێ لە زەمینەدابیت و جگەیەک بە ''خواردنی شیر برنج بهێنێتەوە، کە پراتیکی ئینسانە''. ئەوەی کە تۆ دەخاڵەتکردن و کارکردن بۆ ڕاوستانەوە دژ بە پۆلامارو کوشتارگەی فاشیستانەی حکومەتی تورکیا بۆ کاریک و ئەرکێکی کەمەنیستانە دەزانیت ئەمە جێ پێشوازیە.

من نەک هیچ کشێکم لەگەڵ کاری جیاوازوسەربەخۆدا نیە، بەڵکو بەدوای دەرفەتێکی گونجاویشدا دەگەڕێم گەر بزانم ئەمکانی جێ بەجێکردنی دەبێت، عەمەلیکەمەوە. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە تۆ تواوی ئەم ئۆگرانەت لەپشت مەرجێکەوە قایمکردوە، واتە ئۆگەر ئەم مەرجە پراتیک نەکرێت ئیتر تۆ هەرجارە دەخاڵەتکردنێک بۆ دۆکۆمێنتی ناسیونالیزم و ئاو بۆ ئاشاکردنی بورژوازی دەزانیت. لەمێش خراپتر ئەوەیە کە تۆ هاورێ یانی خۆت بۆ شتێک ئیتهام دەکەیت کە بوونی نیەو بوونیەیە نیە کە ئیوە باسی دەکەن، واتە ئەوەی هاوری کەمەنیستەکانت لەژیر ئالای و وینەی ئوجەلاندا کەدەبنەوە خەپیشاندان دەکەن.

دنیایەکی سیرە بەراست ئۆگەر ئەم ئیتهامە زۆرێک لە عەمەلی هاورێ یانی تەنیشت دەستەوە نزیک بوایە، نەدەکرا ئەو نزیکترین کەسانەی دەوروبەری خۆت ڕاچڵەکینیت و ئامۆژگاریان بکەیت کە دەخاڵەتگەری کەمەنیستی لەم وریانکاریەی عەفریندا چی وچنە؟! یان هەقیقەتێکەی ئەوەیە کە خۆشت دەزانیت کە ئەوە کارنامەی هاورێ یانی پال دەستت نین، دەنا چی لەوە ئاسانتربوو کەبەهەر شیوەیەک بتوویسیایە سەرنج و ڕینمایەکانی خۆت لەگەڵیاندا باسبکردایە. تەبلیت لایەنی کەم لە ریگەی سوسیال میدیاوە ئەوەندە سەرنجی ئەو هاورێ یانەت نەدابیت کە چۆن بۆ ئالاو پەرچەمی خەیانەوە دەچنە خەپشیاندانەکان، کەچی دواتر لەم فەزا مەجازیەدا ئەو ''هاورێ ناسراوی کەمەنیست و کادرێ ناسراوانە'' ئیتهام دەکەیت بەوەی کە ''هەڵەیەکی گەورەیان کردوەو بوونەتە بەشێک لە لەشکری پەکەکە وپەیدە؟! خۆئۆگەر بشلیت ئاگاداری ئەوەنیم کە ئەو هاورێ یانە لە خەپیشاندانەکاندا بۆ ئالاو ئارمی حزبەوە بەشداریان کردوەو قسەکەری بۆردوامی خەپیشاندانەکان بوون؛ ئەوە ئیتر کەس مقسەرنیەو ڕەنگە زیاتر بۆ ئیشتیقاقی خۆت بیت بۆ نەبینینی هەلسورانیک کە هاورێ یان بۆ مەرج تیدا بەشداریان کردوە.
ئەمە جگەلەوەی کە لە ڕاستیدا لەم خەپیشاندانانەدا ئالای هیچ حزب و لایەنیک ناگریی لی نەکراوەو ئالای سوورو ئارمی هەر حزب و لایەنیک

ئازادو ئاسایی بوون. کەواتە بە پیوانەکەی خۆشت بیت بەم مانایە بەشداریکردن لەو خۆپیشاندانانەی کە تەنانەت ئەوانیش بانگەوازی دەکەن کاریکی نا کەمەنیستانە نیەو بەهەی کەم دەرکی و ناسیونالیست بوونی ئەو کەمەنیستانەوە نیە کە تیدا بەشداری دەکەن؛ بەڵکو دروست بەپێچەوانەوە بەهەی تەعمەق و بریـــــاردانیکی سیاســـــیانەوە کەدیانەویت بە جیهان بینیەک کە هەیانە دەخالەتگەری سیاسی بکەن لەبەرامبەر بە کارساتیک کە لالَ دیَنیتە دەنگ! تەنانەت ئەو مەرجەی کە هـــاورە سامـــان ئامـــاژەی پیـــدەکات واتە، ئەوەی کە ''ئیَمە قسەکەریَکی سەرەکی بین''، پێیوەند بە حزوری سیاسی خەمانەوە هەیە تە ناتوانیت پیَشوەخت ئەمە بەسەر هیچ لایەنیکەوە فەرزی بکەیت. کاتیک کە لایەنیک بانگەواز دەکەن وەرقەی سپی بە هیچ لایەنیک واژە ناکەن، ئەوەی کە ئەمە دەکاتە ئەمری واقـع، میـزان و شیـوازی دەخالەتگەری ئەمەیە کەدەتوانیت رەقەم لیبدات.

ئەستا نیشتمانی دایکە
هووم هەژی هەناتووی هەژهەناتە
هەژکوەرەکان نایبینن .
***
درەنگمە زۆر درەنگ
عە فرین بانگم دەکات
ئەوەتا دایکە پیرۆزەکی تەنیا
لە ماڵەکی تەنیا
لە گوندەکی تەنیا
هوو لە سەرچەتەی چەتان دەڕە:
ئەز نامە ڤم
عەفرین عەفرینامۆیە .
***
عە فرین بانگم دەکات ..
زۆر درەنگە
دەچم...هە رلەرەم
بۆ دیل دەگیرەم...هە رئازادم
شە هید دەکرەم و هەشتا زیندووم .
***
زۆر درەنگە
عە فرین بانگم دەکات
درەنگە شەوداهات
دەبە چیەکەک بۆ ئە و منداڵە بگەڕەوە
لە جیاتی باپیرەی

بەم سەرماوبرینداریەوە
خەوی لێناکەوێ
ئەو دوا چیرۆکە دەیبیسێ .
***
ئەفرین بانگم دەکات
دەبێ هەرچی زووە
فیشەک بگەینمە شەقانەکان و
تەزەک وریان لەوەرگرم
بیدەمەوە بە میدیاکاران
چەند وێنەیەکی داگیرکەربگرم
لە کاتی هەڵاتن
چەکە جەماوەکانیان کەکەمەوە
کوژراەکانیان بنێژم
دیلەکانیان ناو نووس بکەم .
***
زەرد درەنگێ
هەڵدەرەم ..کە دەچم
ئازادم ..کە دیل دەکرێم
هەرزیندووم ..کە شەهید دەبم
ئەفرین بانگم دەکات .
***
درەنگمە هەرچی زووە
دەبێ بارگای
نەتەوە یەکگرتووەکان
دابخەم
تابلۆی دەموکراتیەت
دابگرم
کتێبی مافی مرۆڤ
بسوتێنم
بە هاوپەیمانان بڵێم
درەدەکەن .
***
ئەفرین بانگم دەکات
هەرچی زووە
دەبێ کوردەکان کەبکەمەوە
پێیان بڵێم
بە یەکەمینجاروبێ هەمیش

یەکگرن
دنیای دوژمن
لە بەردەرگایە .
زەردەنگە
عەفرین بانگم دەکات .

مەولود ئیبراهیم حە سەن ١٠/٣/٢٠١٨ – هەولێر

لاوکی هەبجە مەنیفێستی مەوجوودیەت و ئازار* … عەلی مستەفا*

لاوکی هەبجە، شیعرێکە لە کۆی چلویەك لاپەڕەدایە، لە ساڵی 1989نووسراوە. هەڵگری پەیامێکی زەر و واقیعی ئازارێکی قووڵە. ئەم شیعرە ئەرکێسترای ماتەمینی گەلێکی ستەمدیتە و گوناهێکی گەورەی بوونە. شمشاڵی لاوکی نووستووی موئەبەدە بە ژیان. چاندنی سۆزکە تا ئەبەد لایەکی سووتاوە. ئەم شیعرە بە زمانێکی شیعری پڕ لە بەرائەتی چنراوە. پریەتی لە خەیاڵی ئەو دیمەنە هۆنگاوەنگانەی بە نیگا، خەیاڵی شاعیر و واقیعدا لەنگەر دەگرن و ناڵێن. هەبەتە ئەم شیعرە شوناسی گەلێکە لە هۆنگی هەڵەبجەییەکاندا، ناسنامەی نیشتمانێکی ماندوو و شەکەتە لە زامی ساڵۆز نەبوون و برینە گەورەکەی خاکی هەڵەبجەدا. لاوکی هەڵەبجە، سترانی بێدەنگییە، کە بە گوێی تاواندا چرپێندراوە.

تەنکتر لە گریان و یادەوەریی:
شاعیر لە بۆنی سۆوڵادەکات، نەبادا مەرگی منداڵێکی هەڵەبجە، یاخود مەرگی منداڵێکی کورد لە هەرشوێنکی دنیادا بێت، بە ناوی سیاسەتی بازرگانییەوە خرابێتە وەزن و کێشانی سۆوەکەوە. لەم شیعرەدا گریانی شاعیر لە تێکردنەوەی ئەو ئازار و ئێشانە دەردەکەوێت، کە بۆنی مەرگ و هەرزانبازاڕیی مرۆڤایەتی بەسەر گیانی کەمەگەی کوردییدا هاوتەریب لەگەڵ کوردەواریەکەیدا دەسەپێنرێت و چێنووکی بێبەزەییانەی بازرگانی کیمیا، بۆمبا و تەقەمەنیەکان لە

نەوان سیاسەتی ڕۆژئاوا، ئولفەتی ترسەنۆکانە و ئیدیۆلۆژیای کۆپی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەبنە هەڵگری شوناسێکی تاریك و مەترسیدار بەسەر گیانی پەپوولە ئاساکانی هەڵەبجە و تەواوی ناوچەکانی تری کوردستاندا.

ئەمە چەند ڕووتین لە بەردەم تۆفانی گازی ژەهراوی و
بۆمبارانەکانی ئەم چەرخەدا!
ئەمە چەند تەنیایین لەپرسەی
ئەم شارۆچکە شەهیدەدا. ... ل 573

هەموو ئەو هەستانەی بۆ مرۆڤبوون کەمەگە لە لووتکە دەهێنێتەوە، لە چەند ساتێکی تێکەوڵکەی بازرگانی بە مرۆڤایەتی، میلەکەی ڕادەگیرێت، نەبادا هەستەکان عاتیفەی ئینسانیانەیان بجووڵێنن و تەوژمی بازرگانییان بە مرۆڤ بوەستێت. کیمیاییکردن، کۆکوشتنی هەڵەبجەییەکان و ناوچەکانی تر، نیشانەی مەوجوودیەتە لە واقیعدا. جێبەجێکردنی تاوانەکەش بردنەسەری مامەڵەی سیاسەتی بازرگانی مرۆڤە لە مێزی تاریك و هەرزانویژدانی خاوەن کۆمپانیا و دەسەڵاتەکاندا.

ڕەفیق سابیر، لە سێبەری ئەو گەمە زمانیانەدا، سەرگەرمی پشکەشکردن و ڕاستکردنەوەی ئەو بەها ئینسانی و هەوشتییەیە، کە واقیعێکی دڕووشم ئامێز لە میانی تاریکبینیانەوە گومانی بوونی خستە سەر کەمەگە. بۆیە لە دەقەکەدا زمانی شیعریی لە لووتکەیەکدا دەبینین، کە جواناسینی دوو دیمەن و دیوی واقیعی ستەمکار و ستەم لێکراو، بەستنەوەی بە مێژوویەکی باو، کە عەقڵیەتی چەپۆك بە ستەمکردن و ڕاهاتن بە ستەملێکردن بەردەوامی پێداین. شاعیر لە سێنگەی چێنیەتی نووسین و هێنیەنەوەی دەقەکەدا، بەرەو سەرسامیت دەبات (ئەگەر لەهەر کەسێکدا هەوڵێك هەبێت بۆ ئاشکراکردنی نادیارێك و ئاشنا بوون بە جیهانێکی دیکە لەودیو ئەم جیهانە بینراو و هەست پێکراوەوە، ئەوا شاعیر بەهۆی خەیاڵی داهێنەرانەوە، نادیارێك بە ئەمە دەناسێنێت و نهێنییەکمان بۆ ئاشکرا دەکات)1 هەبەتە شاعیر جیهانی بوونی مرۆڤی لە ئایەتێکی هەڵەبجەییەکاندا پشاندەوین و لەنگەری ڕوانین و تەماشای ئینسانیەتی گشتی خستووەتە سەر شارۆچکەیەکی بچووك و زامدار، وەك بۆمبی هەڵەبجە ئاوێنەیەکی گەورەیە، جیهان تێیدا بچووك بووەتەوە، ئەمە حەقیقەتی بوونە بوونە بە مرۆڤ و بە سەرلێشێواوکردنی. پەراوێزخستنی بوونە لە ئاکار و سروشتی بوون بە ئینسانیەت و ژینگەکەی. هەبەتە شاعیر لە تەقەڵای زمانە شیعرییەکەیەوە هەوڵی ناساندنی شار و مێژووی هەڵەبجەییەکانی داوە. ئەمە کاریگەری ئەو نهێنییە ساڕێژ نەبووەیە، کە سیاسەتێکی تەخ بە سیمای خراپەوشتی ڕۆژگار، بەسەر چۆن و چنووسی لە دەقدا بۆی بەجێماوە.

ئەم شیعرە نووسینەوەی ئەو بەها هەچووەیە، کە لە نێوان خەیاڵ و بەشی سێیەمی بیرەوەریەکانی ئینساندا دەکەونە خێ، دەق و گوتاری ئەدەیبی، یاخود تەمارکردنی ئەو هەستە گوناهانەن تا ئێستاش دەقی ئەدەیبی بێ نەچووەتە خەوەتەوە. کەواتە واقیع چەند هەش، یاخود جریوەکەی چەند بەسز بێت، دەبێت حەقیقەتی دەقی ئەدەبی لە خەیاڵەوە دەستپێبکات و زمانیش باڵای شیعر هەڵبخات. (لە ئەزموونەوە زمانێکی فەردانی دروست دەکات لەوێشەوە بەرەو خەیاڵ و پێشبینیکردن دەچێ، وەك چۆن لە هەڵگەی ترس و دڵەاوکێی دەروونییەوە مامەڵە لە تەك گومان و بێهودەییە شیعرئامێزەکەدا دەکات بە جریوەو جوانی دەسپێرێت)2 لەگەڵ نووسەر هاوڕاین لە بوونی زمان و خەیاڵ لە دەقدا، ئەوەی عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا باسی دەکات، ئەو سەرەتا دروستبوونەیە، کە تاك دەبێتە خاوەن بیرێکی سەربەست. لەو سێنگەیەوە هەمای زمانی فەردانیی، گەشەی خەیاڵی ئینسانیی و وێژەیی، دەئاخنرێتە ناو دەقەوە. هەبەتە دەق بە جاویدی دەمێنێتەوە، ئەگەر سانسەر نەخرێتە سەر خەیاڵ و دروشمی واقیع، یان بیر، وەك سەرچاوەی کاریگەر بێ نووسینەوەی دەق لاواز نەکرێتەوە. (من بە ڕاوچی دەچم و بە هەست و نەست دەرك بە شتەکان دەکەم، نەك بە ئەقڵم. ئەقڵ هەنگاوێك بچێتە پێش شیعر دوو هەنگاو دێتە دواوە. شیعر و سۆزداری جمکێکن پێکەوە دەژین و پێکەوە دەمرن و ئەقڵیش بە دزیەوە خێی لێ مات داون)3 لە ئان و ساتی نووسینەوەی دەقی شیعرییدا نابێت لە ژێر هەژموونی پارێزبەندیدا بمێنینەوە، ئەگەرنا ناگەینە ئەو دەقەی، کە دەمانەوێت گوزارشت بکات لە واقیع و ئەو کاریگەرییەی بە سەر هەست و نەستمانەوە دروست بووە. ڕەفیق سابیر، بەم ئەزموونە شیعریەدا، لە ماڵی ووداو و خەیاڵدا ڕەشماڵی نووسین و هێنینەوە هەدەدات و دەقێك لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا هەشتان بۆنی سۆوی هەبجەمان بەسەردا دەپژێنێت و هەمیشە زیندووە.

هەبجە هەرەسی هەقە
چنگێك خۆڵە خوێن دەیدڕێت.
داستانێکە بەیان لە زام دایدەتاشێت
لەسەر تەم و
دارستان و
خۆڵەمێش دەینووسێتەوە.
ڕووبار بەدەم گریانەوە
بێ گیا
دەریا
بێ کەنار و

تریفەی دەگ□□تەوە. ... ل 559
شاعیر لە شینی هەڵەبجەدا بە ستایلی ئەدەبیی لە بازنەی شیعردا هەنگاوی لە تەك لەژیك چە كردووەتەوە. شاعیر پەمان دە□□ت: هەڵەبجە یادەوەرییەكە بەمان جەماوە لە زمنی ئەو دەسەاتە سیاسی و كەمەكخوازییەی ساانكە بە كوشتنی تریفە و □ووناكیی، بەندی بە كراوە. شاعیر لە هەر وەنەیەكی شیعرەكەدا وەزیفەكانی بە گ□□انەوەی یادەوەریی بە گرووپ، لە چوارچەوەی ئەرك و نزیكایەتیدا دیاری دەكات، وەك □ووبار بە گیا، دەریا و كەنار، تریفەی مانگ لەشەوانی دەركەوتنەوەی ئاودا دەگ□□تەوە. كەواتە هەڵەبجە جگە لە گ□□انەوە و یادەوەری ئازارێكی مەژوویی، هیچی تر نییە. (كولتووری سیاسی و ڕشنبیری ئەمە، بە گشتی بەبایەخ بەسەر شتە بچوكەكاندا دەروات، ئەم دەردە تەنیا دەردی ڕشنبیری كوردی نییە، بەكو بەرهەمی باادەستی عەقڵی میتافیزیكییە، خودی عەقڵی میتافیزیكی كولتووركان لەسەر ئەوە كدەكات تەنیا بیر لە مەزن و موتەعالی و موفاریق بكەنەوە)4 هەڵەبجە لە كولتووری كەمەگەی كوردییدا بووە یادەوەرییەكی مەژوویی و ئازارێكی هەستپەنەكراو لە عەقڵیەتی مرۆقایەتی و سیاسەتی بەرژوازیدا. چونكە ئامانج لە هەڵەبجە، تەنیا كوشتنی مرۆڤ نەبوو بە تەنیا، بەكو بەرزكردنەوەی ئەو مارشە هەترەشییە بوو، بە هەموو تاكێكی كەمەگەی كوردیی و بزووتنەوەی ش□□شگ□□ی كوردیی، كە جیهان تێیدا كە كەوت. كەواتە مرۆقایەتی درێەكی گەورەیە كاتێك لە شونی خۆی لەنگەر نەگرێت.

بوون یان تەزێكی گوماناویی:
رەفیق سابیر، وەك شاعیرێك شوناسی □ەنگێكی كاە بەسەر جەستەی حەقیقەت و بەپەروایە لەو ئازارەی لەوەتەی هەیە، گوناهی بە دەكات و خ□□ بە باای شەفی بوون و گەانەوەی □استەقینە هەدەگرێت. شاعیر لە تەكستی لاوكی هەڵەبجەدا، گریانێكی بە كوە لە حەسرەت ئەو ژاكانە بەبنەمایانەی مرۆڤ دەخاتە ژێر پرسیاری بوون و نەبوونەوە، ئەمەیان كاردانەوەی ئەو كوشتنەیە، مرۆڤێك دەبێتە بازرگان و هەژارێك دەكاتە كیلە، سیاسییەكی درێزن دروست دەبێت و میللەتەكەی یان لە برسان دەمرێنێت، یانیش لە كوژییدا دەبێتە هەگری شوناسێكی مەترسیدار.
نهێنیەكان دەپشكنم
تا لە نێوان هەقیقەت و چاوانتدا
سنوورێك بێ ئەم گومانە بدزمەوە
تا ئاكەم لەسەر كەلاوەكان هەكەم
گەردی سەدەكان لەسەر ڕح

شۆنەواری داگیرکەران لەسەر کانی و
زەردەخەنەو
باران و گیا
لەسەر پەنجەرەی ژوورەکەم بسرمەوە.
نهێنیەکان دەپشکنم
تا داستانی ئەم داستانە
یان تاوانی ئەم تاوانە
بۆ نەوەکەم بنووسمەوە. ....ل 572
هەبەتە شاعیر، لە گەڵ ئەم هەموو نائومێدی و دڵە زامدارەی، هەشتان دەیەوێت ئەم تەلبەندانە ببڕێت و بگەڕێتەوە ئەو سنوورەی ژیان، کە بۆنی سۆکی نووستووی لێدێت. لەم دەقەدا پەیامی هەواڵێکی ناسۆری هەڵگرتووە و بۆ هەموو نەوە و ڕەگەزێکانی، وەک نەریتێکی گوناە و یاسایەکی چڕێس دەگێڕێتەوە، پێمان دەڵێت: مژوویەك پێیەتی لە کوشتنی پەپوولە و کوژاندنەوەی ڕووناکی، پێە لە سەرەڕۆکردنی تاوان، دیمەنەکانی ئەم مژووە، هەواسینی جەستەی ژنە لە تاریکی و سووتاندنی بشکەیە لە بۆنی سۆدا.
ئەم دەقە دەرگەی چوونە ژوورەوەی تاك و نەوەکانی داهاتووی کەمەگەی کوردییە، بۆ ئەوەی ئەم مژووە لە شکڵی گونیەیەك دابکوترێت و هەموو سیماکان لە دیتی خۆیان هەاوێر بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن داهاتوو لە بیرکردنەوە و چەمکی مرۆقانەی خۆیان بۆیار بدەن، شاعیر پێی وایە حەقیقەت زۆر جار قەڵەواژوو دەبێتەوە لە چنگ ئەو فشارە ڕەجیمکراوانەدا، کە دەبێت تاك لە چوارچێوەی دەرنەچێت، ئەوەش بەڵای هەموومانەوە کەمەککردنە بە کوشتن و کوژاندنەوەی هەموو ئەو دەقانەی بۆ ئازادی بۆیار، لە دایك دەبن. شێل شیستف فەیلەسووفی ڕووسی دەڵێت: (ماسی لە قوڵاییدا دەگەڵێت، مرۆڤ لە کوێ ژیان باشتر و خۆشتر بێت، بەڵام هەندێك جار مرۆڤ دەگەڵێت لە کوێ قوڵترە، هەرچەندە بە ڕوونی دەبینێت لەوێ نەك باشتر نییە بەکو ئێجگار خراپە)5 مرۆڤبوون لە سروشتی عاتیفەدا دەبێتە هۆی دروستبوونی ژینگەیەکی ساخەم و تۆتالیتارییەکی بەردەوام، لەم دڵخەدا بەرەنگاریی ناماقولییە و فیکر تێیدا پووك بووەتەوە. بەڵام لە سیاقی بۆیار و جەبرییەتی دەسەاتدا بۆ ئومێد و نائومێدیی، بۆ مانەوە و تەقینەوە، هێز لاسەنگ دەبێت، چونکە خەسڵەتی مرۆڤ سەربەستییە، ئەمەش ئەوی بوون، وەك شڕۆشگێڕێك لە دەروونیدا ڕەجیمی لە بازنەیەکی داخراودا قەبووڵ نییە.

لاانەوەی مرۆڤێك لە دڵنەواییدا:
شاعیر لە کۆستی شارێك و مەخلوقەکانی شار، تاری تاڵ لە ناو

وشەکانیدا دەژەنێت، هاوپێوان دەکات لە شینی ئاوابوونی تیشك لە کەلی بەندی شنرۆ و گوومبوونی ئاسۆی یار و یاوەرانی. هەبەتە ئەم دەقە جگە لەوەی پەیامێکی گەیاندن و ئاگادارییە بۆ نەوەکانی داهاتووماڵان، بۆ تۆماری مێژوویەکی پڕ لە تاوان، نووسینەوەی جەستەیەکی بریندار و خەمدار، ئەوا دەقێکە پێیەتی لە ئێستاتیکا، نووسینەوەی هاوشێوەی پەپوولە و بەرائەتەکەی. چەند جوانە گوێ نەژاکێت، چەند گەورەیە خۆ بە خەردەل نەشڵدرێت، چەند ئازیزە زارێی چاوگەش بخەوێت و بۆنی سۆو نەیکوژێت. شاعیر لە ئاکامی ووداڵی ئەم هەموو تاوانانەدا مێژوویەك لە دەقدا دەخاتە بازنەی تاوان و لێپرسینەوە.

بنوو کۆرپە شیرینەکەم!
چیتر دەنگی دەستێژ و فێکە نایەت
بنوو ڕۆحە شەکەتەکەم!
بۆنی گاز و خوێن و جانەوەران نایەت. ... ل 574

شاعیر لە کەرنەڤاڵی مەرگدا بە گیان و جەستەیەکی ماندوو، تێڵای نائومێدی دەگرێتە ئەو ئارامگەیانەی کۆرپەکانی کورد لە هەڵەجە بۆ ئەبەد خەوتن و بیناییان لە دیدار کەوتوون. ئەوە ئەو جوانووسین و لاڵانەوە عیرفانی و ئینسانیانەیە شاعیر لە تەناسوخکردنی کردەیی هەموو مرۆڤێکی ووحیی و بە ویژداندا دەیچێنێت و لە گۆشەی دەقێکی پڕ تاسەدا شیوەنمان لەگەڵ دەگێڕێت.

ئیتر ئەو هێڵە تەریبانە ڕاست نابنەوە. ئارامگەکان پڕن لەو گوناهانەی بۆنی بەهەشتیان لێدێت. دواجار جەلاد پێویستی بە کوشتن و تەقاندنی فیشەکی شێت نەما. بۆنی گاز، خوێن و جانەوەریش کاری خۆیان کرد. مێژووش لە ئامێزی شەرمنترین سەکۆدا چاوی خستووەتە سەر لیباسی یوسفەوە. دوای هەر مردنێك توخمی کوشتن ئاشنایەتیمان ناکات.

بەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتنی ترادسیۆنی کوشتنە لە شکڵی مرۆڤێکی جەلاد، یاخود شاعیر لە گومانەوە کەرنەڤاڵی ئەوەی بۆ کێشاوین، کە ئیدیۆلۆژیا لە هەر جەمسەر، پێگەیەك و ئاستێکدا بێت، تێنووە بە کوشتنی مرۆڤ، کاتێك مرۆڤ نەبێت بە کۆیلە و عابید. لە شاعیر وایە هەر جۆرە کوشتنێك و کۆکوژییەك، ئاماژەیە بە مەوجوودیەتی بەرانبەر، جا بەرانبەر لە هێزدا بێت، یان لە بێهێزدا بێت. شاعیر لە دەرکەوتەی ناهاوسەنگی ژیان، گەشەی زوڵم و تاواندا لە بازنەی باو دەردەچێت و هەموو بیر و باوەڕێك بە هیچ دەزانێت، ئەگەر لە خزمەتی تەواوی مرۆڤدا نەبێت بە هاوسەنگی یاسایی، کۆمەڵایەتیی و سروشتیی.

*ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ژمارە 2ی هاوینی 2017ی گۆڤاری (کەلێن) بڵاوکراوەتەوە.

سەرچاوەکان:

1- میراودەلی، عومەر، زمانی دەق، هەولێر: وەزارەتی ڕۆشنبیری، 2008، ل. 33.
2- عەبدوڵا، عەبدولموتەلیب، زمان، بوون، شیعر، هەولێر: چاپخانەی موکریانی، 2010، ل. 55.
3- ماغوت، محەمەد، من ترس ڕۆحی سمیوم، و: شوان ئەحمەد، چ2، سلێمانی: ئەندێشە، 2016، ل. 59.
4- عەلی، بەختیار، لەودیو کورسیەکانەوە چی دەبینیت، ڕوانینێك لە ماناکانی کورسی، گۆڤاری هەنار، ژ (29)، سلێمانی، 2008، ل. 19.
5- عەلی، ئومێد حەمە، مرۆڤ لە نێوان هیچ و ناکۆتادا حەقیقەتی بوونی مرۆیی لە ئاسۆی فەلسەفەی بلێز پاسکاڵ دا، گۆڤاری هەنار، 2012، ژ (79)، ل. 60.
6- سابیر، ڕەفیق (دیوان)، چ1، سلێمانی: ناوەندی غەزەلنووس، 2014.

***عەلی مستەفا:**

لە ساڵی (1979) لە گوندی ئالماوانی سەروو لەدایکبووە. دەرچووی کۆلێژی زمان- بەشی زمانی کوردیی زانستگەی سەڵاحەدینە.
ئێندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە. فەرمانبەرە لە کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە.
توێژینەوەو وتاری ئەدەبیی، پەروەردەیی، ژینگەیی، فیکریی و سیاسیی لە زۆر بڵاوکراوەکانی کوردستان بڵاوکردووەتەوە. چەند پەڕۆیەکی نووسینی لەکۆینەوە و شیکاری ئەدەبیی لەژێر دەستدایە.

عەلی مستەفا*
کۆلێژی پەروەردە- شەقڵاوە/ 2017

گۆگرتن لە بەدنگی … کامەران

چروستانی

بە چاوێکی غەمناکەوە دایکەکە تەماشایەکی کوڕەکەی خۆی کرد، کوڕەکەش نیگایەکی کرد و هیچ قسەیەکی نەکرد. دایکەکە بەبێ دەنگ چەند فرمێسکێکی ڕژاند هەرچەندە ئێویست غەمناکیی سەر دەموچاوی بشارێتەوە. کوڕەکە پرسی: دایە گیان بۆچی خۆت غەمناک ئەکەیت، بۆوا بکە هەورم و خەم لەو باسە ناخەم و ئەوەتا بە خەم بەدەنگ دانیشتووم. دایک لە وەڵامدا وتی: کوڕم، ئەگەر هیچ شتێک نەتوانم، ئەوا ئەتوانم بەدەنگیی کوڕەکەم بخوێنمەوە.
ئایا مرۆڤ دەتوانێت بەدەنگی بخوێنێتەوە؟ ئایا دەتوانرێت گوێ لە بەدەنگی بگرین؟
ئەم وتەی ئافرێتەکم بەبیر دەهێنێتەوە، کە دێیوت لە ئاخ و هاواری منداڵ، مرۆڤووی هەموو ئازارەکانی من و ئافرەتانی جیهان نووسراوەتەوە. بە هەمان شێوەش گەلێک جار بەدەنگی پەیامی خۆی وانە دەکات کە لەوانەیە بە دەربڕینێکی ئاسایی نەتوانرێت بگەیەنرێت، کاتێک لەناو ئەو بەدەنگییەدا کەمێک هەست و بیرێکە و دەربڕینی دەموچاو کەدەبنەوە.

دووبارە هەمان پرسیار: ئایا دەتوانین گوێ لە بەدەنگی بگرین؟
چەند ناوازەیە کاتێک مرۆڤ گوێ لە بەدەنگیی خۆی دەگرێت، چاوەکانی بۆئارامی لێک بنێت، گەشتێک بۆ بەدەنگییەکەی ناو ناخ و هەست و سۆز و هزری خۆی دەکات، گوێ لە دەنگە نەبیستراوەکانی تان و پۆی ناو ناخی بگرێت، جارێک بۆ دەشت و چیا و دەڤەکانی هەست و سۆزیدا بێت و بۆوات، جارێکی دیکەش بۆناو ڕووبەرووبوونەوەی بیرەکە و بۆچوونەکانی هەزردا بچێتەوە، ئاوەڕێک لە ڕابردوو بداتەوە و نیگایەکیش بخاتە سەر ئایندەی. لەناو ئەم گەشتانەدا هەمیشە بوار دەگوزەرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت پارچە موزیکێکی جوانی ژیان بەدی بکەین یان دابەڕژین. خۆ ئەگەر بەسەر پاشماوەی شارێکی ڕووخاوی ناو ناخیشماندا تێپەڕین، ئەوا بۆلایەنی کەمەوە ئەبێت بۆ ئەزموونێک و گەلێک جاریش پانۆرامێک بۆ ئەوەی لە بەردەکانی ئەو شارە ڕووخاوەدا، خانچکەیەکی نوێ، گەڕەکێکی نوێ و شارێکی نوێ یان بۆلایەنی کەمەوە باخچەیەکی ڕەنگاوڕەنگی لە بنیات بنێینەوە.
گوێگرتن لە بەدەنگی جیهانێکی نەردین و تایبەت، تەنیا ئەو کەسەر چۆڕ و سوودی لە وەردەگرێت، کە دەتوانێت بەرجەستەی بکات، کە بچێتە ناو ئەو جیهانە بەدەنگەوە، نەک تەنیا جیهانە بەدەنگەکەی ناخی خۆی، بەڵکوو

لەناو ئەم جیهانە جەنجاڵەی سەردەمدا گوێگرتن لە بەدەنگیی کەسێک، چوونەناو پەیام و گفتوگۆی پشت زەردەخەنەیەک، گۆشەنیگایەکی چاوەکان، لەوکی خەمبار، ناوچەوانێکی گرژ گۆڵێک جار دەتبات ناو ئەو جیهانەی کە لەوانەیە بە وشە و دەربڕینێکی ئاسایی نەتوانرێت بڕجەستە بکرێت. جیهانی بەدەنگی و هەماکان جیهانێکی پڕ وشە و دەربڕینە، پڕ هەست و سۆزە، ئەو جیهانەیە کە دەتوانێت ناخی دوو مرۆڤ تێکەڵ بە یەکتر بگات و بچنە ناو قوڵایی ڕۆحی یەکترەوە، ئاگەرچی لە یەکتر دوورپش بن.
دەڵێن: ئاگەر بەردەوام بیرت لە کەسێک کردەوە، ئەوا بەگومان بەر لەوەی کە ئەو کەسەش بە هەمان شێوە بەبەردەوامی خەیاڵی لەلای تۆیە.
ئەمە ئەو جیهانە بچووکەی بەدەنگێیە کە دوو هەست، دوو ڕۆح، دوو هزر و دوو کەسایەتی پێکەوە دەبەستێتەوە.
ئایا ئێستا دەتوانین گوێ لە بەدەنگیی ناخی خەمان و کەسانی دیکەش بگرین؟

گەمەی ئاگر... یوسف مەنتک ئەحمەد



بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن .....

هێزی میللی کوردی، جەنگی

سوریا، ئەمریکا و ڕوسیا ... ئاشتی ئیبراهیم ئەفەندی

لە میدیا جیهانیەکان و ناوچەییەکان، جەنگی سوریا لە ژیر ناونیشانی "جەنگی مەدەنی"، پێناسە و ناسنراوە، بە کۆمەڵگەی نێو نەتەوەیی. پێویستە ئەو ڕاستییە بوترێت، کە ئەو ناونیشانە نیوەی ڕاستە، نیوەکەی دی باسی لێوە نەکراوە کە، جەنگی سوریا " جەنگی مەدەنی و جەنگی جیهانی سێیەم"، کە لە سەرەتای ئەو سەدەیە، بە شێوەیەکی جیاوازتر، لە جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمی سەدەی ڕابردوو، پێیەو دەکرێت، لەلایەن زلهێزەکانی ناوچەکە، دنیا و ئەو وڵاتانەی کە لە ڕووی ئابووری پێگەی بەهێزیان هەیە لە بازاری دنیادا.

ناساندنی جەنگی سوریا، بە "جەنگی مەدەنی"، لە نێو کۆمەڵگەی نێو نەتەوەیی، لە لایەن میدیای زلهێزەکانی دنیا، بە مەبەستەوە کراوە. زلهێزەکانی دنیا دەیانەوێت، خەیان بدزنەوە لە لێپرسراوەتی ئەو تاوانە گەورەیەی کە ٧ ساڵە، ئەنجام دەدرێت دژ بە مرۆڤایەتی، کە لە ئەنجامیدا، چوار سەد هەزار سوری کوژراون، پێنج میلیۆن پەنابەرن، شەش میلیۆن دەربەدەر و بە جۆگە و ڕۆگەن. ئەگەر سەرنج بدەین، لە هیچ میدیایەکی جیهاندا، لە ژێر مانشێتی "جەنگی جیهانی سێیەم" دا ڕووداوەکانی سوریا ڕووماڵ ناکرێن.

"جەنگی مەدەنی"، لە واقیعی دنیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، کە لە ئەنجامی ناتەبایی و کێشە و نەگونجانی گەلانی ناوچەکە لەگەڵ یەکتری وەکو، ناتەبایی، نێوان کەمە نەتەوەکان. بوونی گروپی ئیسلامیی هەڵگری مەزهەبی جیاوازی وەک شیعە، سوننە، سەلەفی و سۆفی و دەیانی دی. بوونی بیروباوەڕی چەپ و عیلمانی، کێشەی سەرەک و دەستەاتی دیکتاتۆر و گەندەڵی و پیسخوری کە گەشەی زیاتری کردوە. دەستدرێژە نامەوای زلهێزە ناوچەیکانی وەک ئیران و تورکیا بە وڵاتانی دراوسێی وەک سوریا، عیراق، لبنان.

ناکۆکی نێوان زلهێزەکانی دنیا بە بەرژەوەندیی و دەستکەوتی ماددی لە ناوچەکەدا، چی لە سەپاندنی دەسەڵات و هەیمەنەی خەیان، چی بە بوون بە تاکە هێز لە سەر ئاستی دنیادا بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشەیەکی بەردەوامە. وەک ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕووداوە، زلهێزەکانی دنیا، ئەورووپا، ڕوسیا، ئەمریکا و تا دەگات بە چین، مەترسی سەرهەڵدانی گروپی سیاسیی و ئایینی و

مەزهەبییان لە نێو خودی وڵاتەکانی خۆیاندا هەیە و لە سەرتای سەرهەڵدانیەتی، کە دەیانەوێ پێشی پێ بگرن، بەهەی ئەوەی، مەترسی دروست دەکات، لە سەر بڕژەوەندییەکانیان، سنووری دەسەڵات و یەکگرتوویی وڵاتەکانیان. نمونەیەکی دی ئوستڕالیا، کێشەی لەو جۆرەی هەیە، بە تایبەتی بەهەی ئەوەی، هاوسنووری ئاوە لەگەڵ مالیزیا و ئەندونیزیا، کە دوو دەوڵەتن و بزوتنەوەی ئیسلامیی تەددا لە گۆشە کردنە، هەروەها رەژیەک لە ئەوانەی کە ڕوویان لە ئوستڕالیا کردوە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەاست و ئاسیاوە هاتوون کە زۆربەیان موسڵمانن. هەڕەتوەکان لە نەویاندا لایەنگریان دروست کردوە، هەر چەند بە ڕەژیەکی ئەجگار کەمن، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا، ئوستڕالیا هەر لە ئەستاوە لە هەوڵی ئەوەدایە، کە پێشگیری لە گۆشەکردنیان بکات. ئەمانە هەمووی هەکاری گرنگن و بوون بە هەوێنی، هەڵگیرساندنی "جەنگی مەدنی و جیهانی سێیەم" لە سوریا.

زلهێزەکانی دنیا، خوێندنەوەی تەواوی بارودۆخەکەیان کردوە، زانیارییان هەیە کە کام گروپی تونددەوە، لە کام وڵاتی زلهێز مەترسی سەرهەڵدان و گۆشەکردنی هەیە، کە ئەمە هەکارێکی گرنگە، هەر یەکە و لای خۆی ئەو گروپە وەک کارتی فشار بەکاردەهێنێت دژ بە ئەوەی دی بە سپاندنی مەرجە سیاسیی ئابووری و سەربازیەکانیان. نمونە، ئەمریکا زانیاریی هەیە، کە ئەو گروپە چەکدارەی لە غوتە، دژ بە ئەسەد ڕاوەستاون، ئەو گروپەن کە ڕووسیا مەبەستی لەناوبردنیانی هەیە، لە ئەنجامی ئەوەدا، ئەمریکا ژیاندنەوەی داعش و ئەو جۆرە گروپانە، وەک هەڕەشەیەک دژ بە ڕووسیا بەکاردەهێنێت.
بە دنیاییەوە، پێشوەخت پلان و تاکتیک و ستراتیژیەتی ئەو جەنگە دارژراوە، لە لایەن زلهێزەکانی دنیا. گەڕانی جەنگ، پێشوەخت دیاری کرابوو، کە شونێک بێت، دوور بێت لە وڵاتەکانی خۆیان. هەروها مەبەستیان بوو، جەنگێک هەڵگیرسێنن بە ئەوەی هەموو لایەنگر و دەستی هەڕەتوەکان، لە چوارقورنەی دنیا ڕووی تێبکەن، لە یەک شوێن کەبێنەوە بە ئەوەی لەناوبردنیان ئاسانتر بێت.

جەنگی سوریا، هێژ دوای هێژ، سەختر و خوێناویتر دەبێت، تا گەیشتووە بە ئاستێک نەتوە یەکگرتووەکانیش دەسەڵات و توانای ڕاگرتنیان نییە، نمونە مانگی ڕابردوو نەتوە یەکگرتووەکان، بە ۳۰ ڕۆژ ڕاگرتنی جەنگیان ڕاگەیاند بەڵام هەندێک لە لایەنەکان پشتگوێیان خست بە تایبەتی تورکیا. هەکاری ئەوەش بە ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەلێک گروپی چەکدار، وڵاتانی ناوچەکە و دنیا لەو

جەنگەدا ئاماون.
لە سەرەتای هەڵگیرساندنی شەڕی سوریا لە ٢٠١١وە، بە سەدان گروپی چەکدار یەکیان گرتوە، هەر زلهێزکی دنیا و ناوچەکە جگە لە سوپای فەرمیی خۆیان بە دۆیان گروپی چەکداریان لە ژێر ناوی جیاجیادا دروستکردوە، کە لە ئاکامدا نزیککردنەوەیان لە یەکتر ئاسان نییە هەر یەکیان مەرج و ئامانجی تایبەتی هەیە.

تورکیا، دوژمنی سەرسەختی کوردە بە تایبەتی یەپەگە. ئەنقەرە، نەک هەر ئازادی بە میللەتی کورد نەوا نابینی، بگرە هەموو جارەکیش پەداگری دەکات لەوەی کە دەبەت کورد تەنیا لە دانیشتن و گفتوگۆکانی "ئاشتی"یشدا ئامادە نەبن. ئیران و ئەسەد و عیراقیش بەهەمان شێوە. ئیران و ڕوسیا، پشتیوانی لە مانەوەی ئەسەد دەکەن. ئەمریکا دژیانە لەگەڵ ئەوەی ئەسەد، وەک کابرایەکی عیلمانی خۆی دەنوێنێت بەڵام لە هەمان کاتدا بەکرێگیراوی روسیایە، کە دوژمنی سەرختی ئەمریکایە. ڕوسیا، خوازیارە شەڕی جیهادیەکان بە ئەسەد بکات لە غوتە و لە هێگەی ئەوەوە بە یەکجاری لە نێویان بەرێت، بەهەی ئەوەی ئەو جەرە گروپە، ئەوانەن کە مەترسیان هەیە لە نێو ڕوسیا گەشە بکەن. گروپەکانی غوتە، سی گروپن نەگونجاون، کاتێک کە دەتە سەر دابەشکردنی پشک و بەرژەوەندیی، دژ بە یەک دەچنە سەنگەر.

هەموو لایەنە بەشداربووەکان، تەماحی ئابووری، سیاسیی و سەربازیان لە ناوچەکەدا هەیە، وەکو ئیران و تورکیا خوازیارن ئیمپراتۆریەت لە ناوچەکە دابمەزرێنن. ڕوسیا، ئەورووپا و ئەمریکا بە تەماحی ئابووری و دەسەڵات و هەیمەنە دەجەنگن. گروپە تووندەوە ئیسلامییەکان دوای سەرکەوتنیان دیانەوێت، بنکەیەک بە خۆیان دابمەزرێنن لەوەوە پەلوپۆ باوێن و سنووری دەسەڵاتیان فرەوان بکەن و دەستبگرن بەسەر خیروبێری ناوچەکە. تەنیا کورد نەبەت کە تەماحی هیچی نییە، تەنیا بەدەستهێنانی ئازادی و فەراهەم کردنی ژیانێکی هەمن و ئاسودە لە سەر ئەرز و خاکی خۆی لە نێو چوارچێوەیەک و دەسەڵاتێکی سیاسیی فەرمی. کورد میللەتێکی موسالیمە، چاوی لەوەدا نییە، دەست بگرێت بەسەر خێروبێر و سامانە سروشتیەکانی ناوچەکە یان ئیمپراتۆریەت دابمەزرێنێت، دەستدرێژی بکاتە سەر ماف و ئازادی میللەتانی دی هەر وەک چۆن ئیران و تورکیا لە هەوڵی ئەوەدان.
گرفتەکان، لەو ناوچەیەدا، گەلێک ئاڵۆز و تێکهەڵکێشراون، زەرینەی سادەی نێو میللەتەکان سەرودێری لە دەرناکەن، بە تایبەتی خەڵکی سادەی سەر شەقامی کوردی. بە دنیاییەوە بە دۆزگای هەواڵگری، زلهێزەکانی دنیا و ناوچەکە بە تایبەتی بە ئیتیلاعات و میتی تورکی

گەیشتوون بە سەرۆ داوکان، لەسەر ئەو بنەمایەدا پلان بۆ دژایەتی و جەنگ و هەڕەشە سەربازیەکان دادەڕژێن، لە سەر مێزی گفتگۆدا داواکاری و مەرج و ئامانجە سیاسی، سەربازی و ئابووریەکانیان تاوتوێ دەکەن.

لە بارودۆخێکی جەنجالی لەو جۆرەدا، لە ڕۆژئاوای وڵات، بە هیمەتی شەهیدقانان، جەماوەرێکی و سەرکردەکانی، خەباتگێڕیکی بێ وێنەیان لە مێژوودا تۆمار کردوە، وەرای ئەوەش، لەم بارودۆخە دا کورد پێویستی بەوەیە، یەک بگرێت، خەبات لە هەر چوارپارچەی کوردستان، هەزێکی چەکداری میللی سەرتاسەری پێکبهێنێت، کە بە گومان، ئەگەر هەوڵی جدی بۆ بدرێت، ئەو هەزە میلیۆنی ژمارەی لە ٢٠میلیۆن کەمتر نابێ، لە ژێر یەک ئاڵا و ڕابەرایەتی یەک سەرکردایەتی، دەستەی ئاراستە بکرێت، لە هەر لایەک مەترسی، هەڕەشە و شەڕ دژی کورد هەڵگیرسا، ئەو هەزە هێزە لەو شوێنە بکات و کاری بەوە نەبێت کام زلهێز یان کام وڵات شەڕی کە دەکات. بەمجۆرە کورد، دەتوانێت لە گۆڕەپانەکە سەنگەکی قورستری هەبێت، هەموو لایەنەکان هەژماری بۆ بکەن و لەی بگەڕێنەوە. لە دەرئەنجامدا، ڕێگر دەبێت لە دووبارە بوونەوەی کارەساتی جاری ئەنفال، هەڵەبجە و شەنگالێکی دی و بە تاڵان بردنی ماڵ و منداڵی. تا هەتایە ئیتر کەس ناتوانێت جارێکی دی نێک تەنیا دەستدرێژی بکاتە سەر خاک، بەڵکو ناتوانێت پێنجە بۆ یەک تاڵە موی سەری یەک ئافرەتی کوردیش درێژ بکات.

لە بەرانبەر ئاوێنەدا … شێعرێک لە ماسیمۆ بۆنتەمپللی

پێشەکی و وەرگێڕانی: زانکۆ یاری …

ماسیمۆ بۆنتەمپللی (Massimo Bontempelli)، ڕۆمانnووس و شاعیر و ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی سەدەی 19ی زایینیی ئیدەبیاتی ئیتالییە کە لە ساڵی 1878 لەدایکبووە و لە ساڵی 1960دا کۆچی دوایی کردووە.
ماسیمۆ لە پارێزگەی پێشکۆتووبوونی ئیدەبی ڕیالیزمی جادوویی‌دا

بارێکی گرنگی بوو، ٢٣ کتێب لەم نووسەرە بەرجەستەن. هەمانی"مرۆڤەکان لە تەپەبینی هەژگار" کە بە فارسی وەرگێڕدراوە و هەمانی "شەتڕەنج لە بەرانبەری ئاوێنەدا" کە لە ١٩٢٢ نووسراوە و یازدە ساڵ دواتر بەناوی "Chess Set in the Mirror"، بڵاو کراوە. هەمانی ""La scacchiera davanti allo specchio نووسراوەیەک لەمەڕ شەتڕەنج نییە، بەڵکوو خوێندنەر هووبەووی چیرۆکێک سەرقاڵ دەکات کە جار وایە بە پێکەنین هانی دەدات. بە بڕیاری چیرۆکەکە، هەدی هەدی خەڵکی لەنێو ئاوێنەکەدا دەدزێتەوە و کەسایەتیی سەرەکیی ئەو کوێکی تەمەن دە ساڵانە کە خەڵکی لەو پێی ئاوێنەکە و لە دونیایەکی جیاواز دەبینێتەوە کە بە هەکارێکی نادیارەوە، لە ژوورێکی خاڵی حەپسکراوە و لەسەر شەمینەیەک، تەنیا سواری شەتڕەنج و ئاوێنەیەک دیارە و ئیدی هیچ. نە هەر ژوورەکە، بەڵکوو ئەوپێی دیمەنی دەرەوە ناخۆش و دڵگیرە.
شێعری "لە بەرانبەر ئاوێنەدا" (بە ئیتاڵی: Davanti allo specchio)، یەکێک لە شێعرە سەرنج ڕاکێشەکانی ماسیمۆ_یە و ئەمە یەکەمین وەرگێڕانی کوردیی ئەو شێعرەیە کە لەردا دەیخوێننەوە:

لە بەرانبەر ئاوێنەدا
لە ڕۆژێک
ووناک لە تەشکی هەتاو
پڕ لە ئاوات و ئاکام
پڕ لە شنە بایەک کە لە پەنجەرەوە دێتە ناو،
سەر خۆش لە بۆنی گوڵانی نێو بەستان
لە شوێنێکی بەدەنگ
هەستی بەختەوەر بوونم دەکرد
بەختەوەری بە هەی ئەفسوونی سروشت
هەڵدەفڕم
لە بەرانبەری ئاوێنە،
کەزییەکانم ڕازانەوە
وخساریشم،
بە ئەسپایی گەرانی دەڵمەوە
هەتاوی ئاگرین
کەم کەم بەرەو ڕۆژئاوا دەچێت
شەو کۆتایی پێ دێ
بەدەنگی دووری تێک شکاندبوو
خۆم لە بەرانبەری ئاوێنەدا نوێ هاتە پێش چاو
بەڵام بەداخەوە،

دەنگی من شۆڕشکێکی تێ نەشکاند
لە ناکاو ڕۆحم خەمین بێ
تەنانەت بولبوولیش
نەیدەچریکاند…

(ئەم بابەتە لە گۆڤاری پارناس [زانستگای کوردستان]، ژمارەی 10و9، زستانی 2714 چاپ کراوە)

کچێك لێباران … شیعر: هاوار تێیب … دەنگ: کێمال میرکی

ئەم مەملەکەتە … حەمە هیوا

حەزدەکەم عاشق ببم
عاشقی کچێك کە بەزمارەملێ پارچەیەك
قوماشی کرابێتە سەر
عاشقی کچێك هەموو ژیانی لە ژورێکدا بەسەربردبێ
هەموو خەونی هەبوونی کەمانچەیەکی هەش و لێکردنەوەی گوێکی
ئەرخەوانی بوبێ،
کچێکم خۆشبوێت کە پێم بڵێت تا دواهەمین سەفەر وەك کچکردوویەك
لەگەڵت ڕادەکەم.
هەموو بەیانیەك
بە ئاوازی پەرەسێلکەکان لە خەو بە ئاگا بێین
و
لە دەشتاییەك پێکەوە نوقمی چاوانی یەك بین و کەروێشکێکی سپی و
سێ بێت
و

ئەکەردیەنمان بۆ بژەنێت
گشت پەپوولەکان بڕن و بە دیارمانەوە بنیشن و بفڕنەوە.
.....
نیشتیمانم خۆش ناوێت،لە بری نیشتیمان منا٠کی سوا٠کەرم خۆشدەوێت
و هەموو پیرۆزیەکان دەکەم بە فیدای،ئا٠ای نیشتیمان دەهێنم و
پارچە پارچەی دەکەم وەك پەڕیەك و فرمێسکی گشت منا٠ە بۆنازەکانی
پێ ئەسڕمەوە.
نیشتیمانی من لێوان لێوە لە بونی حاجی ئاغاکان،گشت حاجی ئاغاکان
لە گۆ٠ەپانێکی لماویدا کۆدەکەمەو
گشت کچە غەمگینەکان لە زیندانی ئەواندا دەردەهێن،وەك ێیشۆ٠ەیەك
لە قەفەزدا،بۆنی مرۆڤ بونیان پێ دەناسێنم.
.....
لەم مەملەکە شانازی هیچ شتێك ناکەم
لێرە
منداٍ٠ەکان لە بری ئەوەی
فێری وەفاداری و خۆشەویستی بکرێن،
فێری لێکردنەوەی گوێ دەکرێن
دایك و باوکانی ئێرە،
لە بری ئەوەی وەچەکانیان فێری پاکیزەیی بکەن
فڕ دەکرێن،
لاپەرەی کتێبەکان بدڕن و کۆلارەو فڕکەی پێ دروست بکەن،
لێرە لە بری ئەوەی مرۆڤەکان گوێ لە میوزیك بگرن،
گوێ لە مەلاکان دەگرن،
ئەو مەلایانەی پێیان وایە
شەرەف لە پارچە گۆشتێك دایە
ئەو مەلایانەی کە پێیان وایە
لێدانی دایك و باوك شیفایە!

10/3/2018

قازانجی جەنگ لە چیدایەو بە کێیە ...؟! ... موزەفەر عەبدوڵا

لەمساڵدا بای ١٧ملیارو نیو چەکمان فرێشتوە ... پەتین وادەیت.....

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ وە ،کە بە کۆتایی هاتنی جەنگی ساردی نێوان بلۆکی ڕۆژئاوای سەرمایەداری بازاری ئازاد بە ڕابەری ئەمریکاو، بلۆکی ڕۆژهەڵاتی سەرمایەداری دەوڵەتی بەڕابەری یەکێتی سۆفیەتی بەناو شۆسیالیستی هەرسهێناوە ،تا ئیستا هەمو مێژووی سەدکانی ڕابردوو بە قەد ئەم نزیک بە سی ساڵە جەنگی کارساتباری بەخەیاوە نەدیوە .ئەو کوشتو کوشتار، ئاوارەیی ، دەربەدەری ، پەنابەری ، بێکاری ، هەژاری ، قاتوقڕی و دوژمنایەتی یە نێوان خەڵک کە دورستیان کردوە وێیانداوە لەهەمو میژویی ڕابردوی سەدکانی تری نەبوە.لە کاتێکدا هۆشیاری و زانستو زانیاری و لەهەمو بوارێکدا لەهیچ سەردەمیکدا وا پڕە سەندو نەبوە.هەر بۆیش لەم سی ساڵە هەواڵو پرسو ڕاگورینەوەو هەوەست گرتن لەبارەی جەنگەوە بۆشی نێوەی زیاتری هەمو دامودەزگای ڕاگەیاندنکان و قسەوباسی سیاسەتمەداران و هەر مرۆڤێکی ئاسایی بوە وەکوک پیویستی خواردنی ڕۆژانەی لێهاتوە.

بەڵام زیاتر بونی کارساتکان لە ڕووی سیاسی یەوە لەوەدایە کە بۆشی هەرە زۆری مرۆڤکان ، تەنانەت ڕاڤەکارە سیاسی یەکان و چاودێرانیش ، پێیان وایە هەکاری ئەم جەنگانە لەسەرو ئیرادەی مرۆڤکان و حزب و دەسەڵاتو ڕژەمو سیستەمە سیاسی یەکەی دونیادایە. زۆر بە دەگمەن دەبینین و دەبیستین دەخوێنەوە کە ئاماژە بەوە بدەنو جەختی لەبکەنەوە کە بابە جەنگ درێژەی سیاسەتە بە شێوەی هەرە تووندو تیژی یەکەی .سیاسەتیش جگە لە سەرخانی ئابوری زیاتر هیچی تر نی یە . ئەم ڕایە لەسەر جەنگ هەمو ڕاڤەکاران و سیاسەتمەداران و چاودیران لە من باشتر دەزانن بەڵام کەشکەی ئەویە کە دەگمەنیان لە ڕواڵەتی ململانێی و بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی یە چینایەتییەوە هەم لە تەزو ڕایەکەو هەم لە جەنگەکان دەڕوانن.

بەڵام کاتێک جار جار قسەی هەندێک لە سەرکەکانی جیهانمان بەرگوێ دەکەوێت لەسەدا سەد ڕاستی ئەو ڕاو تێزمان بە دەستەلمەت کە بەڵ

هەمو جەنگەکان پەویستی یەکی حەیاتی ئابوری سیستەمە چینایەتی یەکانن لەوی کەمەگا دابەش بوە بەسەر چینە کەمەایەتی یەکان لە دەوری موڵکداری تایبەتی . وە ئەمەش بەتە هەکارو سەرچاوەی سەرەکی هەگیرسانی جەنگ.سیستەمی ئابوری وسیاسی ئەم دوو سە سەدەیەش کە سەرمایەو سەرمایەداری یە جەنگی کردەتە پەویستی یەکی هەمیشەیی بە بەدەست هینانی قازانجی سەرمایەو ەاگرتنی دەسەاتەکەی.
جا ئەم قازانجەی سەرمایەیە لە زەر بوارەویە.یەکەک لەو بوارانە قازانجە لە بواری فرەشتنی چەکو تەقەمەنی.ئەمە لە قسەکەی فلادمیر پەتین بە ئاشکرا دیارە کە لە کۆبونەوەی لەگەە دەزگایەکی کاروباری جەنگو پیشەسازی چەک کردونی و دەەیت
تەنها لەمساەدا زیاتر لە ۱۷ ملیار دەلار چەکمان فرەشتوە.

جا خوەنەرانی ئازیز..! کاتەک ئەم ەەژە قازانجەت بەرچاو دەکەوەت کەمەک بیری لیبکەوە ئەمە تەنها ژمارەیەکی ەووت نی یە لە دەمی پەتین وەک بایەک دەرپەەی بەت ..نەخەر ! بەەکو ئەم ژمارەیە مانای قوەی ئابوری وسیاسی و..هتد هەیە.
ئەو روسیایە لە سەرەتای نەوەد کە هیچ نەبو لە دوای هەرەسی سەقیەت و ئەمریکا وەک مشک یاری پەدەکردو شاپو شەپازلەی لەدەدا بە تایبەتی لە دەورانی یەلستن. ئیستا بەتە ئەو زلهەزەی کە پەتین زەر جار شاپو شەپازلە لە ئەمریکا دەدات .
دیارە ئەم ۱۷ ملیار قازانجە دەچیتە سەر ئابوری روسیا کە ئابوری سەرمایەداری یە نەک فیودالی و کەیلایەتی . ئینجا جا بیهەنینە پیشەو چاو ئاخو خودی ئەمریکاو فەرەنساو بەریتانیاو ئەلمانیاو چین و زەری تر جەند قازانجیان تەنها لەمساەدا کردو؟!!
پرسیارەکی سەرەکی تەر ئەویە ئەم هەمو چەکە بەسەر کەو کەی ولەکویدا بەکار هاتووە ؟! بیگومانە هەموی بە سەر ئیمەدا لەم وولاتانەی وەک عیراقو سویاو لیبیاو یەمەن و وولاتانی تری گیرەدە بە قیرانو ململانی و شەر لە کیشوەرەکانی تریش.وە کە لە داهاتوشدا جەنگی تر .تەنانەت جەنگیکی تری سەرتاپاگیری جیهانی لەبەردەم دەرگاماندایە ئەگەر دژی ئەم جەنگانەی ئیستا نەوەسینەوە.

با بیهەنینە بەرچاومان تەنها بەم حەقدە ملیار دەلارە چەکو تەقەمەنی یە چەند کەس لەم وولاتانە کوژراونو بریندارو پەککەوتە بونو ئاوارەو برسیوبەکارو هەژار بون..هتد
بیهینینە بەرچاومان ئەگەر ئەم ۱۷ ملیارە تەنها بە بواری تەندروستی بەکارهاتبا لە ەوسیا خەک چەند سودمەند دەبون.ەەنگە بەەن و بپرسن ئاخر روسیای پەتین لە فرەشتنی ئەم جەنگەو چەکانە

قازانجی کردوە بە باشو باشتر کردنی ژیانی خەڵکەکەی.؟!
گومانی تیا نی یە ئەمە ئای هەندێک لە نوسەرە نوکەرە بێئاگاکانی دەوری پێتین و ترامپن کە بە قازانجی سیستەمەکەیان دەیکەن. یان نوسەرگەمژەکانی خوارەی سیستەمەکەیانن کە بەرامبەر کرێی نوسینکەکانیان وەری دەگرن تا ئەوارە قاپە ئارەقە فەلەکەیانی پێ بخونەوە .خۆ ئەگەر ئەمە رای بەشێک لە و خەڵکە ستەملیکراوە بێت ئەوە ئاکامی نا هەشیاری چینایەتی وگۆڕ بونیانە بە بیروباوەری نیشتیمانچێتی و نەتەوەچیتی ئەو دیاردە سیاسی یانە.
لە ئاستیدا ئەگەر ئەو جەنگانەی بەناوی پاراستنی خەڵکی ئەو وڵاتانەوە کراوە کە ئێمەکانو سەرکەکانیان بەریان خستون وا پەوپاگەندەی بە دەکەن وەک پێتین و ترامپ و بلیرو ئوردۆگان و گۆرەو بچوکیان ئەوە دەبو ئەستا لەو وڵاتانە هەژاری و بێکاریو برسێتیو ئاوارەییو بێخانەولانیی دەیان دیاردەی تری خراپ نەبوایە.
بەڵام دیارە ١٧ ملیارەکەی پێتین لەشەڵەکاندا تەنها لە قازانجی سەرمایەو سیستەمە سەرمایەداری یەکەیدایە.

دژایەتی شیعەی عیراق بۆکورد خەتای ئەم دەسەڵاتەی خۆمان نیە؟ … عیماد عەلی

زۆرجار ئەو پرسیارە لەخۆمان دەکەین؛ بۆچی دەنگی کاندیدەکانی عیراق بە دژایەتی کورد زیاد دەبێت؟ وەك دیارە ئەم حاڵەتە؛ واتە دژایەتی کورد لە نێو پێکهاتەی شیعەدا زیاتربووە، کە لە کاتی رژێمی بەعسدا بەپێچەوانەوە بوو، ئەمیش؛ واتە ئەم گۆرانکاریە گەورەیە لەبەر چەند هۆکارێکە کە لە پاش روخانی سەدامەوە هاتۆتە ئاراوە و بە تایبەتی لە هەڵبژاردنی پێشووەوە بۆتە دیاردە لە نێو ئەو خەڵکەی باشوور و ناوەڕاستی عیراقدا، لێرەدا قسەم لەسەر کۆنەبەعسیەکان و پیاوانی رژێمی پیشوو نیە و تەنها باسم لەپێکهاتە شیعەکیە بە گشتی، بۆ؟
لە رووی کۆمەڵایەتیەوە کە هەردوو پێکهاتە شیعە و کورد هاوبەشێکی

نزیك بوون لە زۆموزۆری سەدام و لە پاش روخانی ئەو رژێمە، ناوچەکانی ناوەراست و باشوور لەبەر هەر هۆکارێك بێت ئەو پشکەوتنەی بەچاو نەبینی کەلە کوردستان و لەبەر کۆمەیك هۆکاری بابەتی و خودی لە رووی سیاسی و ئابووریەوە رووبدا. بەڵام ئەوەی ئەوە زیاتر لە سەقامگیرنەبونی سیستمی سیاسی عیراق و هاتنە ئارای قۆناغێکی کاتیی بۆ یاسای تایبەت بە هەرێم و پارێزگاکان و پشتبەستن بە چالاکی کەسی و میزاجی شەخسی کاریگەری گەورەی لەسەر دیدی پێکهاتەی شیعە بۆ کورد فەرزکرد . هەستکردنی شیعە بە دواکەوتنی لە زەرینەی ئاستەکاندا، لە ژیانی تایبەتی و گستیاندا لە کوردی هاوخەم و هاوبەشیان لە زوڵم و زۆری رژێمی سەدام بە پێچەوانەوە کەوتەوە و ئەوەی لایان جێگیربوو کە کورد لە مافەکانی ئەوان دەخوات و لەسەر حساب و نەوتی ئەوان پێشدەکەوێت و ژیانی هاوڵاتیانی پەرەدەسێنێت، بۆیە زیاتر خەڵکانی شۆفینی و کۆنەبەعسی و رەگەزپەرست؛ رۆڵی گەورەیان هەبوو لە گۆرینی دیدوبۆچونی پێکهاتەی شیعە لەسەر کورد، ئەمەش لەگەڵ ئەوەی کورد بەخۆی هیچ کارێکی ئەوتۆی نەکرد بۆ مانەوەی هاوخەمی و هاوسۆزی لە دەرئەنجامی هاوناڵاندنی ئەم دوو پێکهاتەیە، لە پێناو هاوبەشی و بەشداری هەمەچەشنی هەردوولا و پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش و درێژەپێدانی تادواجار و یەکترتەواوکردن لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە لە رووی ستراتیجیەوە هیچ هەوڵێکیان نەدا بۆ بنیاتنانی دەوڵەت کە بۆهەتایە پێویستمان بەوان نەبێت. بۆیە تەنانەت هاوکێشە کۆمەڵایەتیەکە کۆرانکی ئەوتۆی تێدا دروست بوو کە گۆرانی هاوکێشەی سیاسیشی لەگەڵ خۆیدا دروستکرد .

بۆگومان دیدوبۆچونی سیاسی زادەی بەرهەمی بیر و دیدی کۆمەڵایەتیشە، بە تایبەتی بە پێی ئەو میکانیزمەی هەبژاردن کە دەرهاویشتە و بەرهەمی دیدی خەڵکە بۆ بەرنامە و هەڵوێست و دیدوبۆچونی کاندیدەکان بۆ پرس و بابەتە هەمەگیرەکان و بۆچونی کاندیدیش لەمەر کورد و ژیان و گوزەرانی لە دەرئەنجامی کارگەریی بینینە مێژوویی کەڵەکەبووەکەی تێوانینی عەرەب بۆ کورد و ئەو رەگەزپەرستیەیە کە وەك پشکێی هەمیشە گەشاوە لە هەناویاندا دەتروسکێتەوە و، زۆرجار لە ئیرەیی و چاوچنۆکی لەهەر جموجوڵێکی کورد وایانلێدەکات ئاواتەخوازن مانەوەی کورد بە ژێردەستەیی ئەوانبن. ئەمە ئەگەر ژمارە کەمێکی خەڵکی ڕۆشنبیر و مرۆڤدۆست و بە تایبەتی زەرینەی چەپەکانیان لێدەرکەیت، بەڵام زەرینەی دەنگدەر لە جۆری یەکەمن و ئەوان دەرچوونی کاندیدەکان یەکلایی دەکەنەوە، بۆیە زەرینەی ئەوانەی کە دەنگی باڵایان لە هەبژاردنەکاندا هێنا لەم جۆرانەبوون کە دژایەتی ئاشکرا و نهێنی خۆیان بۆ کورد دەردەبڕی و

زیادەڕۆیان لە ڕەخنەگرتن لەکورد دەکرد.
بۆ ئەم هەڵبژاردنە" ئەوەی تا ئێستاش عەبادی لەسەر دەروات و سێی لێدەکاتەوە و لەبەرچاوی گرتووە، پشتبەستنە بەو بۆچونانە لەمەر بەدەستهێنانی دەنگی ئەم جارەی هەڵبژاردنەکان، وا بەئاشکرا دەیبینین کە هەموو بریارەکانی لەمەر کورد لەم ڕوانگەوە دەدرەکرێن و تەنانەت لەبەر ئەو ترسە مافە دەستوریەکانی کورد ناسەلمێنێت، تاگەیشتە ئەوەی جەخت لە پێشێلکردنی زۆرێک لەیاساکانیش دەکاتەوە، ئەگەر پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت . بۆچی ئەم هاوکێشەیە کڕاوە؟ ئەمە زیاتر بۆ خودی ئاستی ڕۆشنبیری خەڵکی عەرەبی عیراق و ڕەفتاری سەرکردایەتی و دەسەڵاتی کورد و خوێندن و هەواڵستی نادروست بوو کە وای لەعەرەب کرد بگەنە ئەم وەزعە و حەسودی بە کورد بەرن و هەموو شتێك بکەن بۆ گەرناوەی کورد بۆ چوارگۆشەی یەکەم. خەتای دەسەڵاتی کورد لەوەدا بوو کە هیچ پلانێکی بۆ ئەم مەبەستە نەبوو و ڕەفتاری وای دەکرد کە هانی ئەم بۆچونە بدات، بۆ نمونە؛ ئیدعای هەوڵرکردنە دوبەی دەکرد بۆ گرنگیدان بە دوارۆژی کورد و، وەك خۆنیشاندان و لەخۆباییبوون دەجوڵایەوە، بەرزکردنەوەی باڵاخانەکان و پڕزلێدان، نمونەیەکی زەر زەقن لەمبارەوە بۆ ئەوەی هیچ جۆگیربونێکی سیاسی لەگەڵدا بێت، کۆ لەدونیادا بینیوەتی کە تۆ ڕزقت بەدەست کەسێکەوە بێت و لە ڕزقەکەی خۆی پیاوەتی بەسەرەوە بکەیت؛ کەس هەیە چاکسازی گەرەپانی یاری تۆپی پێی شەعبی بەغدای لە لایەن نۆچیروان بارزانیەوە لەبیر نەبێت، کەس هەیە یارمەتی مادی خەڵکی ناوەڕاست و باشووری عیراق زۆر جار لە زۆر بواردا لەلایەن ئەم دەسەڵاتەوە لەبیربکات کە جگە لە هەستوروژاندن هیچیتری لێسەوز نەبوو. بە ئەزمونی شەخسی لەو کاتانەدا بۆمان درکەوت کە ئەو کەسانەی ناوەڕاست و باشووری عیراق چەند لەمەر ئەو کردەوانە لە ڕووی سایکۆلۆجیەوە بریندار دەبوون. لە لایەکی ترەوە سیاسەتکردن و هاوپەیمانێتی لەگەڵ سوننەی عیراق کەشیعە زەدەدیدەی دەستی ئەوانبوون وایلیکردن کە ئەو هاوخەمیەیان کزبێتەوە و لەبیربچێت و ڕۆژانی سەختیان لەبەرچاونەمینێت.
بۆیە تەنانەت دژایەتی پێکهاتەی عەرەبی شیعەی عیراق بۆ کورد بە ڕۆژەیەکی گەورە لە دەرئەنجامی هەڵەی کار و بەرهەمی سیاسی دەستی ئەم دەسەڵاتەیە زیاتر لەوەی خەتای ئەوان بێت.

فەرهادی ەحمەتی : من نازانم لە کوم ! ... ئامادکردنی: هژار تها

" من نازانم لە کوم " ، ئەمە ووتەی پەنابەرکی ئرانییە بەناوی فەرهادی ەحمەتی کە لە ترسی نەبوونی پارزگاری داوای مافی پەنابەرتی پشکەش بە دوورگەی پاپانیوگینیا نەکردووە کە بە ماوەی چەندین ساە لەو دوورگەیە ژیان بەسەردەبات.
ەحمەتی ، دەت لە پاش گیانلەدەستدانی ئەو پەنابەرە کوردەی کە لە شوباتی سای 2014 دا گیانی لەدەستدا ، ئیتر متمانەیان نەماوە بەوەی کە لەلایەن بەرپرسانی ئەو دوورگەیەوە بیان پارزرن.
بە ووتەی ەحمەتی ، هەرچەندە دواتر کەیسی پشکەش کردووە لە ناچاریدا لە سای 2016 دا بەام کەیسەکەی ەتکراوەتەوە و لە ئستادا خاوەنی هیچ بەگەنامەیەکی مانەوە لەو دوورگەیە نییە.
پەنابەرانی دوورگەی پاپانیوگینا و ناور کە بەشکیان کوردن ئەو کەسانەن کە ویستویانە بە قاچاخ و بە بەلەم وو لە ئوسترالیا بکەن بەام لە لایەن هزە دەریاییەکانی ئوسترالیاوە دەستگیرکراون و ەوانەی کەمپەکانی ئەو دوو دوورگەیە کراون و هەرگیز لە ئوسترالیا نیشتەج ناکرن.
ئستا فەرهادی ەحمەتی و چەندین پەناخوازی تر نە مافی مانەوەیان لە پاپانیوگینیا نییە و داهاتووشیان نادیارە.
سەرچاوە : ماپەری هەوای ئەی بی سی نیوز

(ململانی مرق و کمەگە لە مانی پیاوکی تکشکاودا) ... سەدیق سەعیدواندزی

ژان ژاك سەدەت:مرق کەلەدایك دەبت، وەك پەەیەکی سپی وایە کەهیچی ل تمارنەکرابت. ئیدی ئەوە کمەگەو دەوروبەرە، مرق

فڕی دڕەقی و دڵندەیی و پەروەردەی نا تەندروست دەکات. بۆگومان هەموومان دەزانین مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەولە میانەی ئاوێتە بوونی لە گەڵ کۆمەڵگە و دەوروبەرو ژینگەی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان دیکە، فڕی چەندین دیاردەی نەشیاو، نادروست و نامرۆیی دەبێت.

ئەمەش بەهۆی کەوتنە ژێر کاریگەریەتی کلتووری ئەوانی دیکە بە شێوەیەکی پێزەتیڤ، یان نێگەتیڤ. دەشێ مرۆڤ لەسەرەتادا خاوەنی چەندین بەهاو پرەنسیپی مرۆیی و ئەخڵاقی بێت و لە ژێرکاریگەریەتی هیچ فشارێکەوە، دەستبەرداریان نەبێت. بەڵام زۆرجاریش لە ململانێی نێوان تاك و کۆدا، مرۆڤ و کۆمەڵگەدا، پەروەردەی دروست و نادروست، ئەقڵو سۆزدا، بەشێکی زۆرلەمرۆڤەکان ناتوانن تاسەر شەڕی ئەو بەهایانە بکەن و بەداخەوە دەدۆڕێن. وەك ئەوەی لە ڕۆمانی (پیاوێکی تەکشکاو)دەیبینین .ئەو ڕۆمانە، باسی کۆمەڵگەی مەراکیشمان لە سەردەمی پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە کەناوی(موراد)ە بۆ دەکات. ناوەڕۆکی ئەو ڕۆمانە، سەرگوزشتەی ژیانی فەرمانبەرێکی دەوڵەتمان بۆ دەگێڕتەوە کەتیایدا گەندەڵی و بەرتیلخۆری و مشەخۆری، وەك تەونێی جاڵجاڵۆکە دەوریان داوە و پێکەشی نۆوخێی دەکەن. تا دواجاریش بەداخەوە لەوشەهۆدا دەدۆڕێت و دەچێتە سەر هەمان ڕۆچکەی حاجی حەمیدی کارەکتەرەکەی تری ڕۆمانەکە.

موراد کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، دەرچووی کۆلیژی ئەندازیاریە و دوای ئەوەی وەك ئەندازیارێك لە وەزارەتی نیشتەجێکردن دادەمەزرێت، ئیدی دەبێتە بەرپرسی بەشی مۆڵەتدانی دروستکردنی باڵەخانە و خانوو. کەهەمووشمان دەزانین ئەوبەشە چ دەروازەیەکە بۆ گەندەڵی وبەرتیل و ڕەشوە.موراد خاوەنی کەسایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی و هەموو ئەو بەها و پرەنسیپە ئەخلاقیانەیە، کەمرۆڤ تاکونەبێتە گەندەڵکار، پێی دەناسرێتەوە.بەردەوام بەوپەڕی پاکی،ڕاستگۆیی، یاساییانە، کارەکانی دەکات و لەبەرامبەریشدا چەند درهەمێك وەردەگرێت. مووچەکەی بە شی بژێوی خێزان و دوومنداڵەکەی ناکات و ژیانێکی مەمرە و مەژی دەژێت.

بەڵام ویژدانی ئاسوودەیە و سەربەرزو خاوەن شکۆیە.لەبەرامبەریشدا چەندکارەکتەرێکی دیکەی نێو فەرمانگەکەی وەك حاجی حەمید، کەسێکە لە بەرامبەر ڕایکردنی مامەڵەی هەر هاووڵاتییەك، بۆ پارەوەردەگرێت و کەسێکی بەرتیل خۆرە. ئەو ژیانی جیاواترە لەموراد و بە شێوەیەکی شاهانە دەژیت. بەڵام ویژدان و شکۆی وەك موراد نییە. موراد هەرچۆنێك بێت بەو ژیانەی خۆی ڕازییە.وەلێ لە ژینگە و

دەوروبەرێك دەژیت نموونەی کەسانی وەك ئەوی تێدا نییە. بۆیە لەلایەکەوە بە هۆی فشاری حەلیمەی خێزانی کەبەردەوام سەرزەنشتی دەکات کە ئەو پیاو نییە و ناتوانێ وەکو کەسانی تر ژیانی مارێ و منداڵی دابین بکات، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی حاجی حەمید لە فەرمانگەکەی، دەکەوێتە نێوان ئەو دوو بەرداشە ودەیهاڕن. بەم جۆرەلەنێوان ململانێی لە گەڵ خود و ویژدانی خۆی لەلایەك و حەلیمە و حاجی حەمید لەلایەکی ترەوە،دەکەوێتە شەڕ.ِتاکو دواجار بەداخەوە ئەمیش فێری هەمان هەڵەفتاری ئەوانی تر دەبێت و سەرەنجام دەبێتە بەرتیل خۆرودەبێتە ئەو پیاوە تێکشکاوەی کەخۆی ناوی ناوە.

ئەگەر پێشتر موراد لە ژێر فشاری خێزان و هاوپیشە گەندەڵەکانی دابێت، ئەوا لەمەودوا دەکەوێتە ژێر فشاری ویژدان و ئەو هەڵەیەی کە کردوویەتی. بەردەوام هەست دەکات کەتاوانێکی کردووە و ئیدی ئەو کەسێکی دیکەی جیاوازە لەوەی پێشووتر. ئەو چەند درهەمێك زۆرتر لە موچەکەی بەهۆی ڕاییکردنی مامەڵەی هاووڕاتییانەوە دەباتەوە. بەڵام تاهەتایەڕویژدان، کەسیەتی، شکۆی کەمەڵایەتی، ئازادی و سەربەستی خۆی دەدۆڕێنێت. هەروەك خۆشی لە ڕۆمانەکەدا دەڵێت: (کەسانی گەندەڵ ئازادی و سەربەستیان لە کوێ بوو؟) موراددەکەوێتە بارودۆخێکی دەروونی ڕوخاوەوە. بەردەوام هەست دەکات تاوانێکی گەورەی کردووە. بۆیە ژیانی بەتەواوەتی دەگۆڕێت.بەردەوام لە دڵەڕاوکێ و ترس دەژیت.

دیارە ئەمەش چارەنووسی هەموو ئەوانەیە کە دەست بۆ گەندەڵی دەبن. بەوەی کە ڕۆژێك دادێت، دەکەونە لێپرسینەوە. بۆیە هەمیشە بە دوودڵییەوە چاوەڕوانی هەرلێزنەیەك دەکەن کەبەمەبەستی هەژماردن و بەدواداچوونی کەل و پەلەکان،یاخود هەر کارێکی تر سەردانی فەرمانگەکە دەکەن. بۆگومان کاتێ گەندەڵی دەبێتە دیاردە لە فەرمانگەکان و دەبێتە بەشێك لە تایبەتمەندی پەروەردەی ناتەندروستی تاکەکان، ئیدی هەوڵدەدەن مەرکەزی یاسایی بەو کارە بدەن. دەیانەوێت هەوایەتییەکی کەمەڵایەتی بەبەردا بکەن بۆ ئەوەی ئەو تێگەیشتنە لای خۆیان و ئەوانی تریش دروست بکەن، کە ئەوەی ئەوان دەیکەن کارێکی ئاساییە.

بۆیە دەبینین لە ڕۆمانەکەدا زۆرتر لە جارێك حاجی حەمید بە موراد دەڵێت هەموو ئەوانەی دەیکەین، ئاساییە. چونکە لە هەموو شوێنەکانی وڵات بەم شێوەیە کارەکان دەکرێن. بەداخەوە ئەمەیەکێکە لەگرفتەکانی بە شێکی هەرە زۆری کەمەلگا دواکەوتووەکان، کە هوشیاری تاکەکان لەئاستێکی نزمدایە. تاکەکان لە وجۆرە

کەمەلگایانە، لە بری ئەوەی بەرەنگاری دیاردە قێزەوەنەکان ببنەوە، دەبینین خەشیان دەبن بە بەشێك لەو کلتوورەی هەیە.

بەومانایەی ئەو گەندەڵی دەکات، ئەویتر بێ نەیکات. لێرەوەش حاجی حەمیدی هاوڕێی مورادە بەردەوام مەبەستیەتی ئەو هەستە لای مورادە دروست بکات، کە ئەوکەسیەتییەکی دیکەی جیاوازە لەوان. کەسێکی نامۆیەبە فەرمانگە و بە خودی کەمەگەش. تا دواجار ئەمیش فێری گەندەڵی دەکەن. بەڕام مورادە کاتێ فێری هەمان ئەو خوونەریتەی حاجی حەمید و ئەوانیتر دەبێت، کە ئەویش بەرتیلخۆری و وەرگرتنی پارەیە لە بەرامبەرجێبەجێکردنی ئیشی هاووڵاتییان، ئیدی دەبێتە مورادێکی دیکە. دەبێتە ئەو مرۆڤەی هەموو ئەو بەهاو پرەنسیپە مرۆیی و مرۆڤیانە لە دەست دەدات، کە پێشتر هەیبوون لە ژیانیدا.

تا دواجار دەبێتە پیاوێکی تێکشکاو کە بەردەوام ویژدانی ئازار دەچێژێت.خۆنەر کە ئەو ڕۆمانە دەخوێنێتەوە،واهەست دەکات تاهیر بن جەللون باسی کوردستان دەکات نەك مەراکیش! چونکە گەندەڵی و گەلەك دیاردەی تریش کەلەو ڕۆمانەدا باسکراون، لەکوردستانیش بەهەمان شێوە بوونیان هەیە. ئەو ڕۆمانە خوێندنەوەی گرنگە بەتایبەتیش بێ گەندەکاران. بێ ئەوەی هەمووان بیزانین گەندەکاران، چ جۆرە کەسیەتییەك، شکۆو پێگەی کۆمەڵایەتییان لە نێوکۆمەگە هەیە. من کاتێ لە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە بوومەوە ئەوپرسیارەم لادروست بوو کە بۆچی مورادە هەمان کەسە پاکەکەی پێشووتر نەمایەوە ولەوشەوەدا بەداخەوە دڕاو و بووە پیاوێکی تێکشکاو؟ بەڕام ئاخۆ هەموو کەسێك دەتوانێ شەڕی پارە بکات و تەسلیم نەبێت؟ بێگومان مەحاڵە. ئەگەر ئەمە ببوایە، ئێستا گەندەڵچی و بەرتیلخۆران لە کۆمەگەدا نەئەبوون.

پەراوێز/پیاوێکی تێکشکاو/ڕۆمان نووسینی(تاهیربن جەللون) وەرگێڕانی/ ئازاد بەرزنجی/ بڵاوکراوەی ناوەندی ئەندێشە 2016..

تێبینی/ ئەم بابەتە لە ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ژمارە(1029)ی ڕۆژی 23_2-2018بڵاوکراوەتەوە…

بینای هونەری چیرۆك (بینای کارەکتەر) … محەمەد سەرابی

یەکێك لە بینا بنەڕەتی و گرنگەکانی هەر دەقێکی گەڕانەوەیی، وەکو چیرۆك، کارەکتەرە. پێش سەرهەڵدانی چیرۆك بەم فۆرمە نوێیەی کە ئێستای هەیە، هەر لە کۆنەوە شیعری شانۆگەری هەبووە یەکێك لە گرنگەکانی ئەم ژانرەیش کارەکتەر بووە. هەر بۆیە پێش ئەوەی باسی ئەم بینایە بکەین لە چیرۆکی نوێی ئەدەبی میللەتاندا، گرنگە تەوانی (ئەرستۆ) وەربگرین کاتێك لە (هونەری شیعر)ەکەیدا باس لە بنیاتی تراجیدیا دەکات، لەناویشیاندا بینای کارەکتەر.

(ئەرستۆ ٣٢٢ – ٣٨٤ پ.ز) دەڵێت:"تراجیدیا لاسییکردنەوەی کردەوەیەو کردەوەش چەند کەسێکی دەوڵەت بە ئەوەی جۆرجێبکەن، ئەو کەسانەش بگومان هەندێك سیمای تایبەتییان لە هزرو کەستیدا هەیە، هەر ئەم دوو هێگەزەش جۆری کردەوەکە دیاریدەکەن. ئەم وامان لێدەکات بڵێین هەی ئەم کردەوانە دوو شتن؛ (هزرو کەستی)، ئەم دوو شتەش دەبنە مایەی سەرکەوتن، یان تێکشکاندی هەر کەسێك".١ وەك لە تێروانینی ئەرستۆدا دەبینین، ئەوەی جۆهەری کاری تراجیدیایە هوودارەو کارەکتەریش وەکو وەسیلەیەك ئەرکی وەرگەڕانی ئەو هوودارەی هەیە.

واتە کارەکتەر وەکو سەبەرێك بە شوێن هوداودا دەردەکەوێت، نەك خۆی لە خۆیدا مەبەستی سەرەکی بێت. ئەوەی زۆر گرنگەو پێویستە بە کارەکتەرەوە (ئەرستۆ) باسی لێوەکردووە، هەزرو کەستی کارەکتەرەکانن کە هەیانە. بگومان ئەم خاڵە یەکێکە لە خاڵە گرنگەکان، کە هەموو قۆناغێك دەبێت و تەنانەت بە ئێستایش، بە بنیاتنانی هەر دەقێکی گەڕانەوەیی، وەکو شانۆ گۆمان و چیرۆکی هونەری، گرنگە نوسەر ڕەچاوی بکات، بۆ پێیەی لە هەموو قۆناغ و سەردەمەکاندا، مرۆڤ لە هەر کەمەگایەکدا بێت خاوەنی تایبەتمەندی و بیرکردنەوەو سیمای جیاوازە، کە دەبێت لەناو دەقەکاندا, لە زمان و کردەی کارەکتەرەکاندا ڕەنگبداتەوە.

بگومان ئەگەر کەنتر لە گریگ بۆانین، کارەکتەر وەك هێگەزێك لە حیکایەت و دەقە ئاینی و ئەفسانەکاندا ئامادەیی هەمیشەیی هەیە. هەر حیکایەت و ئەفسانەیەکی جیهان بە گشتی و گەلانی ڕۆژهەڵات بە تایبەت بە نمونە وەربگرین، بە بوونی روودارەو و کارەکتەر مانایەکی ئەوتۆیان نامێنێتەوە. بەڵام بە بڕاوەد بە کارەکتەری

ەمان و چیرکە هونەرییەکانی ئەستا، جیاوازی زۆری هەیو لە فۆرمی جیاوازدا فەەمکردبوونە.

پاش سەرهەدانی کورتە چیرک و ەمان هەر لە گاڤە سەرەتاییەکانیەو تاوکو ئەستا، ەگەزی کارکتەر هەمیش ئامادەیی خۆی هەبووو یەکەك بووە لە ەگەزە بنەەتی و گرنگەکانی ئەم ژانرانە، بگرە لە چیرک و ەمانی نوەدا، ئەو گرنگی و بایخەیی لە حیکایەتە میللی و فۆلکۆرییەکاندا هەیبووە، زۆر زیادی کردووە، چونکە ئەگەر لە کەندا کارکتەر ەگەزك بوویت بە وەرگەرانی ەوداوی حیکایەتە میللییەکان، ئەوا لە زۆر چۆرك و ەمانی نوەدا، دەبنە بابەتی سەرەکی و چەندین ەهەندی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و هزری و ئەنتەرپۆلۆژیانەی پەدەرەت.

بەەام لەرەدا گرنگە جیاوازی ئەو بکەین کە سنوورو تایبەتمەندی کارکتەر لە نەوان چیرک و ەماندا جیاوازە، بەوپێیەی دەکەیت لە ەماندا زیاد لە کارکتەرکی سەرەکی بوونی هەبەت و زۆر قەناغ و لایەنی ژیاری کارکتەرکان بخرێتەەوو، بەەام لە کورتە چیرکدا سنوورکە تەواو چە دەکرێتەوو زۆربەی کات یەك کارکتەری سەرەکی بوونی هەیو ئەویش "قەناقکی دیاریکراوی تەمەنی لە سەردەمکی دیاریکراو، یان ەژمەك لە ژیانی دەخرێتە بەرباس.

لەرەوە ئەگەر بەینە سەر پەناسەو گرنگی ئەم بینایەو وك چەمکەك باسی لەوە بکەین، دەربارەی کارکتەر لە کورتە چیرکدا، (د. مەریوان عەمەر حەسەن) لە نامەی دکتۆراکەیدا دەنوسێت: "کارکتەری کورتە چیرك هەگری تایبەتمەندی خودی ئەو ژانرە نوێیە، ئەگەرچی چنینی هونەریانەی چیرکنووسە، بەەام لە واقعی ژیانی کەە بەدوور نییەو پاەوان و کارکتەرکان دەشێن هی سەردەمی ابردوو، یان ئەە، یان هی داهاتووی کەە بن، واتە دەشێت پاەوان و کارکتەرکانی نەو کورتە چیرك لە داهاتوودا دروستببن".٢٠ لەرەدا چیرکنوس دەشێت کارکتەرکانی لە جیهانی واقیعەوە وەربگرێت و داهێنانی خۆی تێدا بکات، یاخود بە پێچەوانەوە بە ئەندەشکاری خۆی دەکرێت کارکتەری نەو چیرکەکەی بخوڤێنێت و دواتر لە جیهانی واقیعدا هاوشێوەیکی دروستبێت.

هەروەها دەگوترێت:"کارکتەر بریتییە لە کەی چەند عونسورکی بەلۆژیکی و کۆمەڵایەتی کە ەفتاری تاکەکەس، لەوانی دیکە جیادەکاتەوە، ئەو کارەیش لە ەگەی میراتگری، یان مەبەندی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە سەرهەدەدات، واتە کارکتەر پێکدێت لە ئاکامی

هاوکێشی نەوان ڕەفتاری مرۆڤ و مەبەندی ژیان".٣ لە لایەکی دیکەوە دەربارەی ناساندنی کارکتەردەگوترێت:"قارەمان یان کارکتەر، تاکەکە بە هەموو ئاکار، بیچم، هزر، خولیا و جووڵەیەوە، بە کەمەك نیشانە و سیفەتی تایبەت بە خۆیەوە جیادەکرێتەوە و دەناسرێت. واتە ئەو مرۆڤەکە یان گیاندارەکە لە تاکەیلی دەوروبەری خۆی ناچێت. مەرجیش نییە دیوی دڕندەیی و ناوەوەی هاوسەنگ بن. ئەوە کارکتەرە کە ڕووداوەکان دەخولقێنێت و گۆشەیان پێ دەدات".٤ ئەمەش بەو ئاراستەیەماندا دەبات بەپێی، چیرۆکنووس خەبەخۆ کارکتەرەکانی هەڵنابژێرێت و بەکو دەبێت بەوپەڕی ناسین و شارەزاییەوە بیار لەسەر چۆنێتی بیرکردنەوەو ئاکارو خولیاو جۆگەکانی بدات، چونکە دەشێت جۆگەیەکی نائاگایانە، یاخود خستنەڕووی بیرو هزرێکی ناتەواو، هونەری کارکتەرسازییەکە بشێوێنێت و لەباری ببات.

چیرۆکنووس دەبێت هزرو دونیابینی کارکتەرەکانی باش بناسێت و بە دڕووندا ڕەبچێت، ئاگەرنا یەکەك لە بینا گرنگ و بنەڕەتییەکانی چیرۆکەکەی، کە کارکتەرە، بۆزداریەکی کاراو بنیاتنەرانەی نابێت و سەرکەوتنی ئەزموونەکە بەرەو شکست دەبات، هەر بۆیە دگوترێت:"پێوستە چیرۆکنوس لە ناسینی پاڵەوانەکەیدا، ئەوەندە نزیك بێتەوە، بەشێوەیەك بچێتە ناو پێستی پاڵەوانەکەیی و وەك خۆی بیناسێت، هەر لەبەر ئەوەش لەسەر چیرۆکنووس پێوستە شارەزایی هەبێت، بە لایەنی کەمەوە لە دڕووناسی بە هەڵسەنگاندنی ڕەفتارو دەربڕینی کاسایەتی پاڵەوانەکان وەکو خۆی".٥ بە نمونە ئاکارو جیهانبینی و جۆگەی هەر کەسایەتیەکی، وەکو (ژنەکی سەزانی، پیاوکوژەك، سەربازەك، مامەستایەك، شۆفێرەك، گوڕە کچەك، منداڵەك..هتد) لەیەکتری جیاوازەو چیرۆکنوس کاتەك بیار لەسەر هەر کەسایەتیەکی وا دەدات، دەبێت لە هەموو لایەنەکەوە دونیابینی لەوەی توانای بەسەر خۆقاندنی کارەکیدا دەشکێت، ئەوکات بیاری بۆزداریکردنی بدات. بە واتایەکی تر، لەم ڕوانگەیەوە وەك (جیدا ئیجینێت) دەڵێت:"پاڵەوان ئەو کارکتەرەیە کە چیرۆکگێڕەوە، دەیخاتە ژێر گەردە بینینەوە".٦
کارکتەر بینایەکە، لە دەقی گێڕانەویدا بەتەواویی بە بینای ڕووداوەوە گرێدراوە. باس لەوەدەکرێت، ئاگەر بکەرەك بوونی نەبێت، چۆن دەتواندرێت کردەیەك، چالاکییەك، ڕووداوەك بخوڵقێت؟ چونکە ئاشکرایە هەر ڕووداوەك سەرچاوەی خۆقاندنی هەکارەك، یان زیاد لە هەکارەکی دیاریکراوەو بەبێ ئەوان نایەتە بەرهەم. هەروەها تێبینی ئەوە کراوە، لە میانی خوێندنەوەی دەقەکدا، بە تایبەتی ئەو چیرۆك

و بەسەرهاتانەی تاراژیدین، دەبینرێت کاتێك ڕووداوەکی تراژیدی ڕوودەدات، ئەگەر لە کەستییەك ڕووبدات کە خاوەنی پلەوپایەیەکی دیاری کۆمەڵایەتی بێت، یان کەستییەکی بەناوبانگ بێت، زیاتر کاردەکاتە سەر وەرگر، وەك (ئەدیب، هاملەت، ئەتللە)، بەیە لەبارەکی هاوشێوەدا کەستی ڕۆمانی دەبێت لە دەرخستن و زیاتر کاریگەکردنی ڕووداو و بەخشینی چژێکی زیاتریش بە دەقەکە.٧ بەڵام جگەی ئاماژەپێدانە، دەشێت لە دەقگەلێکیشدا کارەکتەر ڕۆمانی لە هاتنەئاراوەی ڕووداوەکاندا نەبێت و بە پێچەوانەوە کاریگەرییەکە ڕووبدات.
لە ڕووی توخم و چییەتی کارەکتەرەوە، نابێت ئەوە لەیادبکەین کە مەرج نییە هەمیشە کارەکتەرەکانی نەو کورتە چیرۆك لە فۆرمی مرۆڤدا دەربکەون، بەڵکو زۆر چیرۆکیش هەن هاوشێوەی حیکایەتە فۆلکلۆرییەکان کارەکتەرەکانی ئاژەڵ، یاخود هەر تەنەکی دیکەی بگان بێت، وەکو چیرۆکی (مرۆڤ و ئەسپ)*ی (لیۆ تۆلستۆی)ی چیرۆکنوسی ڕوسیایی، کە کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکە بریتییە لە ئەسپێك و هەرهەمان کارەکتەریش تەواوی چیرۆکەکەمان بە دەگێڕیتەوە و چەندین ڕۆهەندیش لە زاری هەمان کارەکتەرەوە دەخرێتە بەرباس. تەنانەت دەکرێت کارەکتەرەکان شتانەکی بگان لەخۆبگرن و لە لایەن چیرۆکنوسەوە وەکو سیمبول و خوازە بەکاربهێنرێن، لەمەشدا بگومان کارەکی ئاسان نییەو لەهاتوویی چیرۆکنوسی پێویستە، لەوەی ڕوح بەبەری کارەکتەرەکانیدا بکات و وردبێت لەوەی کە ئاخۆ چۆن و بە چی مەبەستێك جووڵیان پێدەبەخشێت؟

7-رۆژنامە, لە رۆژی بڵاوکردنەوەی تا چەند رۆژێك سوودی لێدەبینرێت زیاتر بەڵام گۆڤار پاش چەند مانگێکیش سوودی هەر دەمێنێت.
8-رۆژنامە,زیاتر لۆکاڵیە سنورێکی دیاریکراو دەبینرێت بەڵام گۆڤار دەتوانرێت لە شارێکیترو ووڵاتێکیتر ببینرێت بخرێتە بەر چاوی خوێنەر.
9- رۆژنامە, کەمتر وەك گۆڤار بێ ئەرشیف سوودی لێدەبینرێت چونکە گۆڤار بابەتەکانی تێروتەسەل و درۆژترن وەك بەگە نامە دەمێننەوە.

10- ڕۆژنامە, ناوی نووسەرەکان زۆرتر دووبارە دەبنەوە بەهۆی گۆڤارەکان نووسەری تازە پەیدادەبن.
11-ڕۆژنامە بەرگەی هەڵگرتن ومانەوەوئەرشیفکردنی کەمە بەهۆی گۆڤار بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەمێنێتەوەوهەڵدەگیرێت و ئەرشیف دەکرێت.

(ڕۆژنامە , گۆڤار) لە باشووری کوردستان:
بە پێی بەدواداچوون وزانیاری و بۆچوون وبەڵگەو ووردبینی پوخت کە پێویستی بە هەخنەوتوێژینەوەیە, هەوشی (ڕۆژنامە , گۆڤار) لە باشووری کوردستان, بەم شێوەیە:

ڕۆژنامە:

1-ڕۆژنامە, لە کوردستان (95%) حیزبیە بەتایبەت حیزبی دەسەڵات.
2-ڕۆژنامە, لەلایەن حیزب و کەس و ڕێکخراوگرووپ دەردەچێت.
3-ڕۆژنامەی سێبەری حیزب و زەرد بوونی زۆرە .
4-تەنیا ڕۆژنامەی حیزبەکان دەتوانن ڕۆژانە دەربچن.
5-ڕۆژنامەی ڕۆژانە حیزبی ڕۆژانی پشووجەژنەکان دەرناچن.
6-ڕۆژنامە هەیە بەبێ هەکارو بێ ڕوونەکردنەوەی دەرناچێت.
7-بابەتەکانی ڕۆژنامە زۆرتر سیاسین.
8-ڕۆژنامە هەیە بێ کاتیکی دیاریکراومەبەستێك و باروودۆخێك دەرچووەودواتر نەماوە.
9-ڕۆژنامەکان بە ڕوون وئاشکرا ستایش و پیاهەڵدانی حیزب و سەرکی حیزب پەیەوەدەکەن.
10- تەنیا دوو ڕۆژنامە ڕۆژانە دەردەچن (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ, ڕۆژنامەی خەبات) کە ئۆرگانی سەرەکی حیزبی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان , پارتی دیموکراتی کوردستان) پاڵپشتی دارایی زۆریان هەیە.
11-ڕۆژنامە بە زمانانی بێگانە(عەرەبی و ئینگلیزی) زمانانیتر بوونی کەمە گرنگی پێنادرێت.
12-بابەت وهەواڵ لە ڕۆژنامەکان دوورن لە واقیع و ڕاستی سەرچاوەی زانیاریان بزرووونادیارە لەپێچینەوە نییە لە ناڕاستی هەواڵ و ڕووداوەکان.
13-سەرچاوەی دارایی ڕۆژنامە دیارنییە بە چی بەڕوە دەچێت موچەی کارمەندانی بەچی دابینەدەکات.
14-ڕۆژنامە هەیە لەلایەن کونسخانەکانەوە دەردەچێت وەك (جام کوردی , شرق الاوسگ) .
15-کارمەندانی ڕۆژنامە بە مووچەیەکی کەم دامەزراون.
16-ڕۆژنامەکان بە زمانی ستانداردی کوردی و ڕێنووسی یەکگرتوویی

کوردی نانوسرێتەوە بەکو زیاتر ناوچەیی و میزاجی کەسی زاڵە.
17-کەسانی حیزبی و سیاسی بوونەتە سەرپەرشتکاروخاوەن ئیمتیازوبەیوەبەری نووسین.
18-رۆژنامەی نیشتمانی و ئۆرگانی حکومەت نییە.
19-رۆژنامە, شتێکی گرنگی پێنەدراو لای خەڵك و ناچێتە هەموو ماڵێك و بە درێودەلەسەی دەزانن.
20-رۆژنامەکان ناتوانن رای گشتی و شەقام دروستبکەن وبجوڵێنن.
21-رووداووهەواڵ و بابەت هەیە فەرامۆش و چاوپۆشی دەکرێت لەلایەن رۆژنامەکانەوە.
22-لاپەڕەوکاغەزی رۆژنامەکان کوالیتی باش نییە تەندروستیش نییە بۆ ماوەیەکی کەم لاپەڕەکانی بەرەونەمان و چرچ ولۆچی دەچن.
23-رۆژنامەی تایبەت بە بواری فیکری وئایدۆلۆژیا وەك رۆژنامەیەك تەرخانکرابێت بۆ فیکری (مارکسی , لیبڕالی , سۆشیالیزم , بیری چەپ) بوونی نییە.
24-جار هەیە رۆژنامەیەك رەگری لیدەکرێت لە شاریك بڵاوبکرێتەوە بەی بوونی هەواڵێك.
25-زۆربەی سەرنووسەروبەڕێوەبەری نووسین وخاوەن ئیمتیازەکانی رۆژنامە یەك رۆژیش کاری رۆژنامەیان نەکردووە دەرچوویی بواری راگەیاندن نیین.
26-رۆژنامەکان بوونەتە شوێن وجێگایە تەسفیەی حیساب , جوێن وقسەی ناشرین و ئیهانەی یەکتری, ململانێی یەکتری و ململانێی حیزبی .
27-بابەتی ەخنەوەخنەکاری بوونی نییە,واتە وەڵامی ەخنەوبەدواداچوون بۆ ەخنەکان نییە.
28-هەندێ بابەت و هەواڵ هەیە رۆژنامە ناتوانێت بڵاوی بکاتەوەوبیوروووژێنێ لەبەر نەبوونی ئازادی و رۆشنبیری لای تاك لای کەمەگە بە گشتی هەبوونی سانسۆر لای دەسەڵات.
29-نزیکەی (30) رۆژنامە بە قەبارەی بچووك وگەورە چاپ و بڵاودەکرێتەوە.
30-رۆژنامەی (سیاسی ورۆشنبیری گشتی ئەدەبی وهونەری و بازرگانی و ریکلام و تایبە بە ژنان) چاپ وبڵاودەکرێتەوە.
31-رۆژنامە هەیە ژمارەی لاپەڕەکانی (4) لاپەڕەیە رۆژنامەش هەیە ژمارەی لاپەڕەکانی (24) زیاتر نییە.
32-رۆژنامە بە زمانی(کوردی- شێوەزاری سۆرانی , بادینی) زمانی(عەرەبی , ئینگلیزی) بە پیتی (عەرەبی , ئینگلیزی , لاتینی) چاپ وبڵاودەکرێتەوە.
33- رۆژنامە کوردیەکان لە پارێزگاکانیتری عێراق بڵاوناکرێتەوەوبوونی نییە.

34-کەلتووورۆشنبیری بڵاوکردنەوەوداببەشکردنی ڕۆژنامە گرنگی پێنادرێت لە ئاستێکی نزمە.
35-ڕۆژنامە,بە زمانی عەرەبی کە لە عێراق دەردەچن لە پارێزگاکانی باشوری کوردستان بڵاودەکرێتەوە وەك (الزمان , الدستور , الصباح , شرق الاوسگ , الرای).
36-ڕۆژنامە هەیە بەناوی شارێکەوەیە وەك (ڕۆژنامەی هەولێر).
37-ستافی ڕۆژنامە حیزبییەکان وەك وەزیفە سەیری ڕۆژنامە دەکەن تەنیا بۆ ئازیکردنی سەرنووسەروبەرپرس وکەسە حیزبییەکان کاری ڕۆژنامە نووسی دەکەن.
38-ڕۆژنامەی هەفتانە وەك (هاوڵاتی , ئاوێنە , باس ,وشە ,ئاژانس ,رووداو, چاودێر) چاپ و بڵاودەکرێتەوە.
39-هەندێك لە ڕۆژنامەکان تەوەری تایبەت یان پاشکۆی (هونەری ,ئەدەبی, وەرزشی) لە گەڵ ڕۆژنامەکە بڵاودەکەنەوە.
40-هەندێ ڕۆژنامە چەند ژمارەیەکی لێدەرچوو دواتر وەستاو ژمارەی تری لێدەرنەچوو.

گۆڤار:

1-گۆڤاری (هونەری و وەرزشی وکۆمەڵایەتی وسیاسی ورۆشنبیری وپزیشکی وئایینی وکشتوکاڵی وکەلەپووری و فۆلکلۆری وسینەما وشێوەکاری و گۆڤاری گشتی وپەروەردەوفیرکردن و یاساوگۆڤاری تایبەت بە ژنان و زارۆکان) چاپ و بڵاودەکرێتەوە.
2-گۆڤاری ڕۆشنبیری (سێکسی,sex) چاپ و بڵاودەکرێتەوە بەڵام تایبەت بە (سێکس , sex) نییە.
3-گۆڤارەکان مورکێکی سیاسی وحیزبی و کەسی و ڕێکخراوی تایبەت پاڵپشتی دەکەن.
4-گۆڤاری هەفتانە و مانگانە و ساڵانە و وەرزی بوونیان هەیە.
5-گۆڤار هەیە پاش دوو سێ چوار جار لە چاپکردنی دەوەستێت بە هەر بیانووەك بێت.
6-گۆڤارەکان زۆر گرنگی بە ئازاندنەوەوقەشەنگی و ڕەنگاوڕەنگی و ریکلام دەدەن.
7-گۆڤارەکان تەنیا لە ناوخۆیی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.
8-ژمارەوتیراژی گۆڤارەکان سنووردارو کەمە.
9-گۆڤار هەیە تەنیا لە سنووری شارێك بڵاودەکرێتەوە.
10-گۆڤاری (زانستی و ئەکادیمی) بە شێوەیەکی کەم چاپدەکرێت.
11-زۆربەی گۆڤارەکان بە زمانی کوردیە.
12-نرخی گۆڤارەکان لای هاوڵاتیان بەرزە.

13-شوێن و جێگایی گۆڤارەکان گونجاونیەو شیاوی بواری راگەیاندن نییە وەك (خراپی باڵاخانەوبچووکی و نزیکی ژاوەوژاو دەنگە دەنگ.
14- کەلتووری بڵاوکردنەوەو دابەشکردنی گۆڤار گرنگی پێنادرێت لە ئاستێکی نزمە.
15-گۆڤار هەیە بەردەوام داوایی یارمەتی دارایی دەکات لە حیزب و کەسایەتی بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە دەرچوونی.
16-زیاتر لە (30) گۆڤار بە قەبارەی بچووك و گەورە چاپ و بڵاودەکرێتەوە.
17- گۆڤار بە زمانی (کوردی – شێوەزاری سۆرانی , بادینی) بە زمانی عەرەبی ,بە پیتی (عەرەبی , لاتینی) چاپ وبڵاودەکرێتەوە.
18-گۆڤار هەیە تەنیا لە یەك شار دەردەچێت و چاپ وبڵاودەکرێتەوە.
19-گۆڤار هەیە بەناوی شارێکەوەیە وەك (گۆڤاری سلێمانی).
20-گۆڤاری هەفتانە و دوو هەفتەجارو مانگانە و وەرزی چاپ وبڵاودەکرێتەوە.
21-هەندێك گۆڤار لە ساڵانی پێشو چاپ وبڵاودەکرایەوە بەڵام لە ئێستادا نەماون.

بەفری ڕەش … سەردار جاف

دەمێکە روح
وەکی چوونی وڵاتی شەختەی گرتووە
ژینۆ ئاوی و کریستاڵیەکەی سەر بەفر
جارێ مت و
جارێ تووڕە و
جارێکی تر ڕەنگر بووە
ناو بە ناویش
کە دنەی ڕوحمی بە چیمەن و گوڵزاری خۆی ئاو دەدا
مەیلەکانم …… زۆر بە پەلە و بە پێتاو بوون
تا درەنگ نەکا و دوا پەیامی بە هەوری تەنك بدا
هەور پەرییەکی گەنم ڕەنگ بوو
لە ناخەوە هەر لە خۆم دەچوو
هەر مۆمئاسا توانەوە سەری هەڵدا
ترپەی پێیەکانم گورج بوون

لە شەختە بەندانی ساڵان
لە ڕچینی قامکەوە
بەرەو باکوور ..... بەرە و سەهۆڵبەندانی ژن ، نیگا دەچوو
وەستگەی ژووان
ماچی ئاوەزان بوونمانی بە خوا سپارد
پەری و چەپکە گوڵەکانی .....
منی دەس بەتاڵی مانوو ...
بەنمان بۆ ڕەبوارانی سەر ڕێگاکە نارد
ئاای لەو سەفەرە تاڵەی من .....
ناوی تێکشانی روحە
گەانەوە بۆ رابردوو و پەشیمانی لە گەڵ خۆیا بۆ من هێنا
ئاای لەو سەفەری غوربەتەی
بۆ دوا سات و هەتا هەتا
ئەم تەمەنەی لە مەڵتکەی گریان ئاڵان
کەچی بە سەر خۆی نەهێنا
گەانەوە
هەموو هەنسکی گریان بوو
لە هەر کوێیەك بنە و بارگەی ڕەوی دەم کاتێ لێکنا
بەفر ناخی ڕەش ڕەش کردم ...
نەمزانی بەفر خۆی ڕەش بوو ..... ؟
بەفر بووە ئەو ڕوح کێشەم
ئیتر هەرگیز خۆشم ناوی ...
من و بەفر دوو هاوڕێی لاساری یەك بووین
هێشتان مناڵ منا بووم و
فێری شەڕە تۆپەڵ بووم ...
لەو ڕۆژەوە خۆشم ویست و ئیستایش ڕەقیبی سەر سەرختە
هاکە بەرەو مەرگی بردم
پەرژین و دیواربەندی
سەنتراڵی کوبنهاگن
سەراپا وێنەی پەری بوون
ترپەی هەنگاوەکانی پێم
گڕانی کەمەندی دەچێ
" بەینی من و تۆ من و تۆ نەبوو ... باسی جیایی گفتگۆ نەبوو "
نازانم ئێستا بۆ وا چوون
ئێستا هاوژینەکەی تەمەن
هاوڕێی دوا ساتی ژینم بۆ
نە جێ گەرمی و نە دەس لەملانێی پەریە

نە بزە گۆینەوەیە
پەتکی پرچ
دەبەیەکی ئاوی بەتاڵ
چارگەیەکی نایلۆن
قاپی زەردباو
دیاری و گوڵ و وەنەوشەیە
گریانێکە بۆ تامردن
کە هات بۆ بانەوەیە

گفتوگۆ لەگەڵ سەرگۆن پۆڵس ... لە ئینگلیزییەوە: ئازاد ئەسوەد

سەرگۆن پۆڵس:

ئەفسوون و مۆسیقای وشە تاساندمی

Margaret Obank سازدانی: مارگرێت ئۆبانک
ی بڕیتانیBanipal سەرنووسەری گۆڤاری بانیپاڵ
لە ئینگلیزییەوە: ئازاد ئەسوەد/بەریتانیا
Margaret Obank سازدانی: مارگرێت ئۆبانک
ی بڕیتانیBanipal سەرنووسەری گۆڤاری بانیپاڵ
لە ئینگلیزییەوە: ئازاد ئەسوەد/بڕیتانیا
من بڕدەوام هاتوچۆی رابوردوو ئەکەم. زۆربەی ئەو مادانەی کەتیان پێک هێناوەو هەتا ئەمڕۆکەش ئیشت لەسەر ئەکەن و تێ درەنگوەخت بێت دەرئەکەوێ، لەمنالی سەرچاوە ئەگرێ. لەبەر ئەوە من پێم وایەهەرچیت لەمنالیدا بەسەر هاتبێ، بارودۆخ وسەردەم و رووداوەکان و ئەو شوێنەی لێی ژیاوی، ئەبنەهەی دروست بوون و پێک هێنانت، بەتایبەتیش گەر شاعیرو نووسەر بیت، دواتر ئەگەیتەوە سەریان و بێت دەرئەکەوێ کە ئەوە تاقە سەرمایەی راستەقینەی تۆیە. لەبەر ئەوە، وەکو وتم، لەشیعرەکانی دواییمدا بەردەوام ئەگەڕمەوەبۆ ئەو سەردەمە، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێکیان بهێنمەوە، لەشوێنکی نوێ دا بیانبینم، لەناو هاوکێکدا گردیان بکەمەوەو توند بیبەستم تا

قوڵترین مانای گونجاو لەو دیمەن و رووداوو زەمینانە دەربھێنم.

دەریاچەو چیمەنی ئینگلیزی

دەریاچەو چیمەنی ئینگلیزی
من لەحەبانییە لە دایک بووم کەشارێکی بچووکی سەر ئاوەو پڕە لە گەمی دەسکرد کە ئینگلیزەکان درووستیان کردووە. لەنزیک ئاو لەدایک بووم، بۆیە پڕم وایە ئاو رزقکی گرنگە لەهلام و هەر لەبەر ئەوهشە زۆر بەکاری ئەهێنم. یەکێ لە یادەوریییە کۆنەکانم: لەگەڵ دایکم لەگوڵ ئاودا، لەو شوێنەی کەرهقانەمان هەبوو، دانیشتبووین و بە ماوەی چەند کاتژمێرێک لە ئاوەکە رائەماین و گوڵمان بە هەڵئەخست، لەگەڵ دیمەنی خەرئاوا کەهەتا ئێستاش لەیادم ماوە، تەنانەت تیشک و شەوەو رەنگیشی. ئەو وردەکارییە ناسکانەیە کە بەدرێژایی ژیانت ئەبن بە هاندەرت. حەبانیە شارێکی بچووک بوو زۆربەی دانیشتوانی ئاشووری بوون کە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە هێنرابوون. ئەمە بە من مەژوویەکی گرنگ لەبەر ئەوەی بە شێوەیەک لە شەوەکان منیش ئەگرتەوە، پێیوندیی بە جەری پەروەردە کردنمەوە هەیە. لە بیستەکانی (سەدەی بیستدا) پاش ئەوەی ئاشوورییەکان لە باکوور دووچاری ڕەشبکوژی هاتن، ئینگلیزەکان لە هندییەوە کە بنکەیەکی ئاسمانیی بەریتانی بوو (معسکر رشیدی ئێستا لە بەغدا – وەرگێ)، بردیانن بە حەبانیە کە بووە بنکەیەکی سەربازیی و، خستیانە ژێر پارێزگاریی خۆیان. باوکم لەگەڵ ئینگلیزەکاندا کاری ئەکرد. یەکێك لەو یادەوەرییانەی کە لەیادم ناچن؛ باوکم لەگەڵ خۆیدا ئەیبردم بۆ شوێنی کارەکەی کە کامپێک بوو تەنیا ئینگلیزەکان و کرێکارە عەراقییەکانی تیادا ئەژیان. هاوینان خانمە ئینگلیزەکانم لەنەو چیمەن و گوڵزاردا ئەبینی کە لەژنانی خۆمان نەئەچوون وەکو دایکم و خوشکەکانم. لەوێدا وێنەیەکی دیکەی مرۆقایەتیم ئەبینی. منیش لە دوورەوە لەتوپی درەختەکانەوە چاودێری باخچەکانم ئەکرد. ئێستا بیر ئەکەمەوە، ئەوە بە من خۆیانەکی بەهەشتی بوو، بەهەشت بەواتای شوێنێکی پڕ لە گوڵ و گوڵزاری ڕەنگاوەڕەنگ. هێندە دڵم شیعرم لەبارەی ئەو شوێنەوە نووسیوە. بەگومان ئەوکاتە مناڵ بووم و درکم بەوە نەئەکرد کە ئەوان وەاتەکەمیان داگیر کردووە.

سامانە بچکۆلەکەم

گرانەوە لەیادەوەرییەوە بە ئەو وردەکارییانەی لە هیچ شوێنێکداو لای کەس بوونی نییە لای خۆم نەبێ، بڵامەوە شتێکی گرنگەو

بە سامانی بچکۆلەی خۆمی دائەنێم، یان وردەکارییە شنگەکانی جیهان. پەم وایە ئەو شتانەیە کە چڕ بە ژیانت ئەبەخشن و ئەتکەن بەو کەسەی کە هەیت. بەگومان ئەم شتانە بە شاعیر زۆر بەهادارن، لەبەر ئەوەی شاعیر لەبارەی چیەوە ئەنووسێ گەر لەبارەی قووڵترین شتەوە نەبێ، گەر لەبارەی گەڕان و لە وردبوونەوە نەبێ لە سەردەمە دوورەکانی یاد، لەوشەوە خوقاندنی روانینەک بە جیهان؟.

پاشان حەبانیەمان جیهشت و بە کەرکوک بارمان کرد، کە شارێکە لە باکوورو تەواو جیاوازە لە حەبانیە، شارێکی بە ئاو، رووبارێکی پیادا رەت ئەبێ لە ساڵەکدا نە مانگ وشکەو سێ مانگەکەی دی ئەبێ بە لافاو. بیرەکەی نوێترین کتێبم کە بە ئەمانی و عەرەبی بە ناوی (شهود علی الچفاف) چاپ بووە لە شیعرێک وەرگرتووە کە باس لە لافاوی رووبارێک ئەکات زەربەی کات مردووە، لەناکاو هەڵئەچێ و شار لەگەڵ خەیدا هاپڕچ ئەکات. ئیتر بەم جۆرە، لە حەبانیەوە بە کەرکوک، شاریکی وشک و بەردین، خەڵکەکەی تەواو جیاوازە: زەربەی تورکمانە، تورکی مەغەلی کە هەزاران ساڵە لەو شاردان و بەزۆری لە قەڵایەکی بەندو بەردین دا ژیاون. ئەم شتانە سەرنجێکی وایان لا جێهشتووم، ئەگەی مێژووەو هەموو رۆژە رووبەووت ئەبێتەوە.

بەجەش و خرۆشەوە ئەمنووسی

لە تەمەنی 12 ساڵیدا دەستم بە نووسین کرد. یەکەمین شیعرم لە تەمەنی 13 یاخود 14 ساڵیدا بەاو کردەوە، ئیتر لەوساوە من لە نووسین نەوەستاوم. ئەفسوونی وشەو مەسیقا لەناکاو گرتمی و تاساندمی. سەرەتا بە جەش و خرۆشکی زەرەوە ئەمنووسی. ئەستاش هەندە دەفتەری ئەو سەردەمەم لاماوەو لە بەرواری شیعرەکانەوە تێبەنیم کردووە کە لە رۆژکدا 5-6 شیعرم نووسیوە. بەگومان شیعری کورت و پڕ وزە، بەڵام 5-6 شیعر لە رۆژکدا کەم نی یە، ئەوەش بە شەویەک لە شەوکان پێویندیی بە چارنووسەوە هەیە. بەڵێ، من باوەڕم بەوە هەیە، لەحاڵەتی شاعیردا هەمیشە راستە، کە جارێک پێکرای ئیتر هەرگیز بە ئەو ئەفسوونە هەڵناکەی. هەمیشە ئەگەڵیتەوە ئەو سەرچاوەیە تا بێت رووبەتەوە: ئەمە چۆن ڕووبدا؟ بۆچی بەسەر مندا هات؟ بۆچی من هەڵبژەردرام بە ئەوەی لەڵەی وشەوە جیهان بەم شێوەیە ببینم؟
دایک و باوکم هەرگیز بە قوتابخانە نەچوونە، هەر ئەوەندەیان ئەزانی کە من بەتەنها لە ژوورەکەی خەمدا بە درەژایی شەو خەریکی هەڵشکردنەوەی کاغەز بووم. دایکم بەزەیی پیاما ئەهاتەوە و ئەیوت: کوەم بە ناچی بە خەت یاری بکەی؟ بە ناڵەی بە سینەما؟ ئاخر چاوت

تک ئەچێ .. بە گەنجیتیی خۆت بە با ئەدەی؟ بەگومان، نەمن ئەمتوانی بەی ڕوون بکەمەوە نە ئەویش لێم تێ ئەگەیشت. هەتا ئەمەکەش، تەنانەت لێم تەماڵنەشدا، هەرچەند شیعر ئێنووسم ئەگەمەوە بە ئەو هەستە جوانانەو هەوڵ ئەدەم دەست بەسەر ئەو چرکەساتانەدا بگرم.

گیان و وشە

ئەمەی دەرمانێکی ئەفسوناویەو لە گیان و وشە دروست بووە. لەگەڵ استیدا زمانی عەرەبییش ئەو ئەفسوونەی تیایەو هەر کەی بۆت دەرخست ئەکەوێتە داویەوە. ئەمە لە عەرەبیدا پێی ئەڵێن " أدركته حرفه الادب"، واتە دووچاری پیشەی ئەدەب بووە، نەفرەت لێکراوە. من لەڵای خەمەوە، لەپاڵ نەفرەتبووندا، بە بەخششی دائێنێم، لەبەر ئەوەی ئەمەت، گەر لێم بپرسی، ئەمەم ئەمەوە دیسانەوە هەر هەمان شت بکەمەوە کە پێشتر کردووەمن. پێم وایە من لە شیعردا، لەپاڵ موعانات و کرێشتنی کرێکی مژووەدا، شتی دیشم دزیوەتەوە.

مژووی عەرەب، مژووی ئاشووری، مژووی ئارمانی، هەموو ئەم نەتەوانەو زمانەکانیشیان، ڕاوەتە ناو زمانی عەرەبییەوە. ئەتوانم بڵێم 70%ی زمانی عەرەبی لە سریانی و ئارامی و تەنانەت سانسکریتی و هێندێ زمانی دیش پێکهاتووە، لەبەر ئەوە پێم وایە شتێک نییە پێی بووترێ زمانی پوختە. لەبەر ئەوەی عەرەبی زمانێکی بەهێز بوو، هەموو زمانێ مردووەکانی دەوروبەری کە هەتا چەند سەدەیەک لەوەوبەر بادەست بوون لەناوچەکەدا، وەکوو موگناتیز بەڵای خۆیدا ڕاکێشا. زمانێکی بەهێز بوو و هەموو زمانەکانی دیی هەڵلووشی.

هەتا ئێستاش گەڵێ وشە هەن لەزمانی عەرەبیدا زایەڵەی ئاشووری و عیبری و سریانی و کلدانی ئەدەنەوە. بەگومان کلدانییەکان پاش ئەوەی بابلیان لە ئاشووریەکان سەندەوە شارستانێتییەکی مەزنیان پێکەوە ناو زمانەکەشیان هەموو ڕەگەڵاتی ناوەڕاستی گرتەوە.
لەبەر ئەوە، کاتێ شیعر بە عەرەبی ئێنووسم – ئەمەش نەهێنییەکە لەنەوان من و خەمدا – هێندێ جار وا هەست ئەکەم بەهەموو ئەم زمانانە ئێنووسم. چونکە پێم وایە هەموو زمانێک، یادەوەریی مردووی هەموو ئەو میللەتانە ئەگرێتەخۆ کە بەشدارن لە دروست کردنیدا. من بەم شێوەیە ئەچمە نێو قووڵایی ئەم ڕووبارە مەزنەوە. وەکوو ئەو فەرهەنگە زلەی (لسان العرب) کە لە پتر لە بیست بەرگ پێکهاتووە بڵێم زەربەی مردووە لەبەر ئەوەی بەکار ناهێنرێ.

بەهەر حاڵ، ئەو بەشەی زمانی عەرەبی کە ئێستا بەکار ئەهێنرێ زیندووەو تیننووی گۆڕانکاری و نوێ بوونەوەیە. بەم جۆرە، ئەمە تەنیا لەسەدا پێنجی فەرهەنگ بەکار دێنین، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو وشە جوانانە ئەمڕۆ بەکار ناهێنرێن و بە سەردەمانێکی پێشووتر داهێنرا

بنەچە زمانەوانییەکان

ئەم مەسەلەیە ئەمانباتەوە سەر بابەتیکی زۆر گرنگ، تەنانەت سیاسیش، بەو پێیەی نووسین سیاستێ، بەتایبەتی لەزمانی عەرەبی دا. ئەو کێشەیەی لەسەر زمانی عەرەبی ئەکرێ، مەسەلەیەکی زۆر ناسکەو لەهیچ زمانێکی دیدا بەدی ناکرێ، لەبەر ئەوەی قورئان سەرچاوەی ڕەوانبێژیی هەیە. لەئاستیدا سەرچاوە نییە، لەبەر ئەوەی زمانەکە بەر لەقورئان هەبووە، زمانێکی ڕەوان و شیرین، لەسەردەمی جاهیلییەتدا. بەڵام ئەم مەسەلەیە، بەشێوەیەک لەشێوەکان، مەسەلەیەکی سیاسیشە، لەبەر ئەوەی نێک هەر فەناتیکە ئایینییەکان، بەڵکو فەناتیکە زمانەوانییەکانیش لە گومان ئەترسن. ئەنجامەکانی ئەم کارەش ئێستا دەرئەکەون، بە نموونە تەنها لە جیهانی عەرەبدا کێشە لەسەر فەرمە شیعری یەکان بەدی ئەکرێ.

پەخشانە شیعر

لەئاستیدا تاکو ئێستاش پەخشانە شیعر پەسند نەکراوە. پێی ئەووترێ پەخشانە شیعر، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی سوورەتەکانی قورئان لەشێوەی پەخشانە شیعردا نووسراون. بۆیە ئەبینین فاندەمێنتالە زمانەوانییەکان لە نێستی خۆیاندا هەست بە هەڕەشەو مەترسی ئەکەن لەلایەن پەخشانە شیعرەوە. ئەمەش ئەبینین پاش نیو سەدە لە سەرهەڵدانی پەخشانە شیعر کەچی هێشتا وەکوو جێستەیەکی نامۆو بیانی سەیر ئەکرێ کە بەزەبر خزابێتە نێو زمانی عەرەبییەوە، گەرچی سەرنجام خێی سەپاندووە. ئەمەش یەکێکە لەو کێشانەی یەخێی شاعیری عەرەب ئەگرێ.

ئەم مەسەلەیەکی گرنگە بە هەر کەسێک باس لە شیعری عەرەبی بکات. لێرەدا سێ فەرم، سێ بزووتنەوەی شیعری دەرئەکەوێ، لە شیعری کلاسیکەوە دەست پێ ئەکات کە لە پێش ئیسلامەوە، لەجاهیلیەتەوە، لە (إمرء القیس)و شاعیرە کانە مەزنەکانەوە درێژەی هەیە تا ئەم سەردەمە. لەئاستیدا دواییین شاعیری مەزن کە بە شێوەی کلاسیکی ئەینووسی و لەم دواییەدا کەچی دوایی کرد جەواهیری بوو کە لەگەڵ

خەیدا ئەم شێوە شیعرییەش بە تەواوی نەژراو دوایی هات. لە ئەدەبدا شتێکی دیی وا نییە کە لەگەڵ شیعری کلاسیکدا بەراورد بکرێ. شیعری کلاسیکی عەرەبی لە پێنجا دانەوە تا هەزار دانە درێژی هەیە و لەسەر یەک قافیە بەردەوامیی خۆی ئەپارێزێ. شێوەی شیعری کلاسیکیی عەرەبی لە هیچ ئەدەبێکی دیدا بەدی ناکرێ.

لە کۆتایی ساڵانی چلدا شاعیرێک لە عێراق بەناوی بەدر شاکر سەیاب هەوڵی دا کارێکی لەو بابەتە بکات. سەیاب بە شیعری ڕۆمانتیکیی ئینگلیزی کاریگەر بوو؛ جۆن کیتس و شێلی و، بەگومان بایرن و وەردزوۆرپ و، لەهەموشیان زیاتر ئیدیپ سیتوە. بەڵام هەوڵەکەی سەیاب نە شیعری ئازاد بوو، نە پەخشانە شیعر، بەڵکو شیعری سەروادار بوو، بەڵام سەروای جۆراوجۆری بەکار ئەهێنا، هەر سێ چوار دانەک لەسەر هەمان تەن و، بەکارهێنانی هەمان کێشی شیعری کلاسیکی. بەڵام ئەوەی ئەو کردی لەڕاستی دا شۆڕشێک بوو، دوو هەزار ساڵ لەشیعری عەرەبیی ژێرەوژوور کرد. گەرچی گەلێ شاعیری دی لەشێوەی جۆاهیری ئیاننووسییەوە، بەڵام ئیدی شیعری کلاسیکی کۆتای پێ هات. لەهەمان کاتدا، لە ئەمەریکا، شاعیرانی عەرەبی (مەهجەر) وەکو جوبران خەلیل جوبران و ئەمین ڕیحانی و ئەوانی دی کە بە واڵت ویتمەن و بزووتنەوەی شیعری ئازادی ئەمەریکییەوە کاریگەر بوون ، جۆرێک شیعریان ئینووسییەوە کە ئەمە پێی ئەڵێین پەخشانە شیعر، واتە شیعری بێ کێش، تەنیا پەخشان، بەگومان ئەویش هەرشی کرایە سەر، بەو پێ یەی تەنیا پەخشانەو هیچی دی.

پاشان لەکۆتایی پەنجاکان دا گۆڤاری (شعر) لە بەیرووت دەرکەوت لەلایەن یوسف ئەلخال و ئەدۆنیس کە هەنگاوێکی گەورە بوو بە پێشەوە. ئەمانە کەسانێک بوون ئەدەبی ڕۆژاوایان خوێندبەوە، ئەدۆنیس بە فەڕنسی و یوسف ئەلخال بە ئینگلیزی. ئەمان بە بەراوورد لەگەڵ هاوچەرخەکانیان، لە ڕووانینیاندا بە شیعر، بە مەدەرنیزم، بە شۆڕشگێڕی کردنی شیعر، گەلێک لەپێشەوە بوون. ئەمەش کە لەکەینەوە لە شیعری عەرەبی ئەکرێ، گۆڤاری (شعر) لە چهقی مەسەلەکەدایە.

ساڵی 1961 کە لە کەرکوک بووم 16 شیعری خەم نارد بە یوسف الخال، هەمووی لە لاپەڕەکانی یەکەمی گۆڤاری شعر دا بڵاو کردنەوە. لەهەمان کات دا لەڕۆژنامەی (النهار) ستایش کرام وەکو دەزینەوەی شاعیرێکی لاو. لەڕاستیشدا زۆر لاو بووم. لەوەو من و یوسف الخال دەستمان بە نامە گەیەنەوە کردو ئەوەش سەرەتای پەیوەندیم بوو لەگەڵ گۆڤاری (شعر)دا.

دەنگ و وێنە

لەگەڵ ئەو چاپەمەنییەی منی دیاری کرد – ئەو پەیوەندی یەکەمجاری لەگەڵ بەیروت دا پەیدام کرد. لەو بەرهەمی وام بە ئەکردەوە کە لە عێراق دا، کە شیعری نوێ هێشتا شوێنی خۆی نەگرتبووە، هەرگیز خەونم بە بەاو کردنەوەیان نەئەبینی. لە عێراق دامودەزگایەکی تەواو هەیە لە بەرگریکارانی شیعری کلاسیک، منیش لەو سەردەمدا نوخوازێکی ڕاستەقینە بووم لەبواری شیعردا. شیعری کڵشدارم ئەنووسی بەڵام بڕشووییەکی غەریب، لەوانەی سەیاب و شیعری ئەو دەمە نەئەچوو، بە سەروا، بەڵام بە زەبر، بە دەنگ و وێنەو ڕوحێکی سوریالیانەوە بەڵام پڕ جۆش و خرۆش.

من هەرگیز لە نووسین نەوەستاوم. گەلێ شیعرم لە گۆڤاری (شعر)دا بەاو کردووە، لەبەر ئەوەی یوسف الخال و ئەدۆنیس ئەوەندە هانیان ئەدام، بەڵادێک کە من ئەو کتێبەی ئێستا پێوەی خەریکم (ئەو شیعرانەی لە حەفتاکان و هەشتاکان دا نووسیومن) پێشکێشی ئەوانم کردووە، لەبەر ئەوەی ئەوان، بە شێوەیەک لە شێوەکان، چاپەنووسی منیان دیاری کرد. ئەو دەمەی پەیوەندیم لەگەڵ ئەو گۆڤارەدا پتەو بوو بەردەوام بووم لە خەون بینین، بگومان بەیروت لەو بوو، لەودیوی تەواوی دیمەنەکە، لەودیوی وشەکان. بەیروت بە ئەمە خەون بوو، پایتەختێکی زێڕین، بتایبەتی لە شێستەکان دا. ئێستا پاش جەنگ و وێرانی، بەیروت بۆتە مێژوو.

لە بەغداد جەبرا ئیبراهیم جەبرام ناسی کە لە کەمپانیای نەوتی عێراق کاری ئەکردو گۆڤارێکی ئەدەبیی چاکی بە کەمپانیاکە دەرئەکرد (گۆڤاری العاملون فی النفگ – وەرگێ). من لەو گۆڤارەدا شیعرم بەاو ئەکردەوە، لەبەر ئەوەی پاداشتیان ئەداو هەروەها لەبەر ئەوەی جەبرا پیاوێکی زەر چاک بوو. ئەو دەرچووی زانکۆکانی کامبریج و ئەکسفەرد بوو، منیش پێم خۆش بوو بچمە لای و بیدوێنم.

ئەو دەمە من شێتانە ئەمخوێندەوە، پێیم بە سەرلەبەری زمانی ئینگلیزی بردبوو، براکەم زمانی ئینگلیزیی ئەزانی و لەماڵەوە کتێبخانەیەکی قشتی هەبوو، باوکیشم بەهەی کار کردنی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا، هەروەکو زەربەی ئاشوورییەکان، هێندە ئینگلیزی فێر بوبوو. ئەو جۆرە خوێندنەوەیە بیروبۆچوونی منی لەبارەی شیعرو ئەدەبیات دیاری کرد. من و هاوڕێیەکم کە ناوی جان دەیڤیو شاعیرێکی چاکە، لەبەغدا هێندە کتێبی هەرزانبایی ئینتەرجیای شیعری ئینگلیزیمان بەرچاو کەوت کە لەسەر شەقامەکاندا ئەفرۆشران.

بەو جۆرە دەستمان بە ناسینی شاعیران کرد، بەڵام ئەوەی لێ تێ نەگەیشتم ئەوەبوو کە خەیاڵم ئەکرد، کە خەیاڵ و بیرتیژیم گەشەی سەند. مرۆڤ لە تافی لاویدا بیرو خەیاڵی هێندە تیژ ئەبێ هەر شتێکی لەو بابەتە بیوروژێنێ ، ئەوەش پێم وایە گرنگترین خاڵە لەژیانی شاعیردا.

شوێنی تێ بەیرووتە

ڕۆژێکیان یوسف الخال هات بۆ بۆغدا، جەبرا ناردی بۆ شوێنماو پێی وتم:" یوسف الخال سبەی دێ بۆ ئێرەو ئەیەوێ بتبینێ". کەواتە ئەڵێم بۆ ماڵی جەبرا بۆ بینینی ئەو پیاوەی بۆ من نزیک هەر ئایدیا، بەڵکو نموونەی شاعیرێکی ڕاستەقینەش کە ڕەیشتووە بۆ ڕۆژئاوا و هاتتەوە گۆڤارێکی دامەزراندووە. یوسف الخال ناوێکی گەورەو ئەفسووناوی بوو پێشنگێکی زێبێندی بەدەورەوە بوو. پێی وتم:" تۆ شوێنت بەیرووتە، وەرە بۆ بەیرووت، تۆ یەکێکی لە ئێمە". پاش ئەوە بۆ دوو مانگ من لە بەیرووت بووم.

چیرۆکی سەفەر کردنم بۆ بەیرووت چیرۆکێکی زۆر دوورودرێژو خۆشە. ساڵی 1967 تەمەنم 22 یان 23 ساڵان بوو، کە تەمەنیکی پڕفڕکەتە بۆ سەرکێشی کردن، بۆ بینی باکوور، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەو تەمەنەدا سێ لەهیچ ناکاتەوە. بۆ پارە، بۆ هیچ شتێک، ئەبوو بڕۆم. جەبرای بەستەزمان (سەاو لە گیانی) پێی وابوو منیش وەکو ئەوخەڵکە بۆ فڕۆکە، بۆ بلیت و پاسپۆرت سەفەر ئەکەم. نەیئەزانی من نە بلیتی فڕۆکەم پێ بوو نە پارە. هێندە لە کتێبەکانم فرۆشت و 44 دینارێکم پێکەوە نا، بڕگومان بۆ پاسپۆرت! کەس ئامادە نەبوو پاسپۆرتم بداتێ.

جەبرا دەستنووسی وەرگێڕانە عەرەبی یەکەی (شالیر)ی دامێ تا بیدەمێ دەست یوسف الخال بگاوێ بکاتەوە. ئەو دەستنووسەم بۆ ماوەی دوو مانگ لە سارا پێ بوو. لە سارا پێیەوە بۆ حەسکەو حومس و دیمەشق، لەوێشەوە بۆ بەیرووت. ئەوە سەرکێشیەکی گەورە بوو لەژیانما، من هەتا ئێستاش لەسەری ئەنووسم. ئەوێش شتێکی زۆر ڕەمزیانەیە لەژیانی پێغەمبەران و شاعیراندا کە پێی ئەوترێ شەوی تاریکی ڕۆح. پێیندەوە لە سارا جیهانێکی دیبێ، لێڕاستیشدا وابوو، خۆن بوو بە من.

کاتێ لە بەیرووت بۆ دەستنووسەکەی شالیرەو چوومە دەزگای بڵاوکردنەوەی (دار النهار)، یوسف الخالم بینی لەسەر مێزێکی

دانیشتبوو، وا ئەزانم دوێنێ بوو، وتی:" ها، نەمووت؟"، وەک بڕی چاوەڕێم بوو. لەباوەڕی کەسدا نەبوو.
سارام بە پڕ بڕی، بە جانتای سەفەر، بە هیچ شتێک، تەنیا جانتایەکی بچووک کە دەستنووسەکەی شالیری تیا بوو لەگەڵ دەفتەری شیعرەکانما کە تا ئێستاش هەر پێمە. ئەم دەفتەرە بە من چاوگی ئەفسوونە کە شیعرەکانی تافی لاویمی لێخە گرتووەو زەربەیان بەاو نەبوونتەوە، بڕگەکی چەرم و قایمی هەیە لەسەری نووسراوە "بەغدا 1961". بە هەر شوێنێ بڕۆم ئەو دەفتەرە لەگەڵ خۆما هەڵئەگرم، ئایکەنی سیحریی منە، کاتێ پەویستیم بە شیعر نووسین ئەبێ، کاتێ هەست بە وشکبوون ئەکەم، ئەو دەفتەرە ئەکەمەوەو چاو بە لاپەڕەو دێڕەکانیدا ئێخشێنم، ئیلهامی ئەو چاوگی ئەفسوونەم پێ ئەبەخشێ.

ڕۆژانی بەیروووتم دابەش بووبوو بەسەر یوسف الخال و ئەو ڕۆژنامەیەی ئەدۆنیس کاری تیا ئەکردو کافەی (هەرس شوو)دا، کە کافەیەکی زەر نایاب بوو لە بەیروووت، تا ئێستاش ماوە. ئەواران هەرچ کەسێکت بویستایە لەوێ ئەتبینی، تەنانەت کەسایەتیە جیهانییەکانیش، وەکو سامیووێ بەکێت. من تاکو ساڵی 1969، ئەو ساڵەی چووم بۆ ئەمەرکا، لەڕۆژنامەی (النهار)و لەگەڵ یوسف الخال لە گۆڤاری (شعر)دا کارم ئەکرد. یوسف الخال پتر لەهەموو کەس ڕێکی گرنگی هەبوو لە دیاریکردنی چارەنووسم.

بەیروووت لەو سەردەمدا لەترۆپکی چاخی زێڕینی دا بوو، کە چاخی زێڕینی عەرەب بوو بەگشتی، لە ئێستادا شتێکی لەو جۆرە بەرچاو ناکەوێ. شارێکی کراوە بوو، جوانییەکەی و کەنارەکانی زەریای کە لە (ڕێنگ بیچ)ی سان فرانسیسکۆ ئەچوو سەرسامی کردبووین. من و ئەدۆنیس و یوسف الخال و زەر کەسی دیش پێکەوە ئەچووینە کەناری دەریا، شوێنێکی زەر خۆش بوو، کچان بکینی (سوتیان)یان لەبەر ئەکرد، ئەتووت (ریڤیرا)ی ئیتالیایە. من لەوێ لەمالی پوورم (خوشکی باوکم) ئەژیام. بەڕام زەر جار لەدەرەوە ئەماینەوە، کاتێ نووسەرو شاعیرێکی زەر کە ئەبووینەوە هەرگیزنەئەچووینەوە ماڵەوە.

دەرچوون لە بەیروووت

بەڕام من خۆن و خواست و ویستم گەورە بوو، بەیروووت بە من تا ئەهات بچووک ئەبووەوە، لەبەر ئەوەی من بە نیازی چوونە ئەمەرکاوە هاتبووم بەیروووت. ئەمەرکاو ڕۆژئاوا هەمیشە لەبیرو مشکی مندا بوو، سەرتا دەستم بە خوێندنەوەی کتێبی (وینسبەرگ، ئەهایە)ی

(شەروود ئاندرسن) کرد کە رەمانێکی کلاسیکی ئەمریکییە، پاشان فیکنەرو هەمینگوەی وفیتزجەرالدو جیهانە فانتازییەکانیان کە وەنام ئەکردن. من هەرچی بخوێنمەوە وێنای ئەکەم، بە وێنا کردن بەرجەستە ئەبە و ئەبێتە شتێکی بینراوو راستەقینەو تەنانەت تیایدا ئەژیم.

ئەم مەوداییە ئەندێشەی منە کە بەدرێژایی ژیانم پاڵکێشی کردووم. هەر بیرێشە ئێستا لەرەم لە ئەمانیاو لەگەڵتانا دانیشتووم. ریلکەو هەلدەرلین و شاعیرە ئەمانییە مەزنەکانی ترم خوێندتەوەو هەمیشە ویستووومە لەبارەی ئەمانیاوە فەربم و لەرە بژیم، ئەوەتا ئێستا لەرەم، گەرچی هەر ئەبوو پێشتر خەم بگێڕانەمە ئەمریکا و کارەکانم جێبەجێ بکەم.

بەڵام بەر لەوەی بیرووت جێبهێڵم زیندانی کرام، لەبەر ئەوەی ئیقامەم نەبوو. رێژەکیان چووم بۆ نووسینگەی گەڕاری (شعر) یوسف الخال وتی:" ئەوە چیێ پۆلیسی نهێنی بەدواتدا ئەگەڕێن، چیت کردووە؟" بەڵام من هەرگیز بەسەرهاتی خەم بۆ نەگێڕاوەتەوە. هەرگیز باسی سنوور بینم بۆ شۆڕیەکی نایاسایی بۆ نەکردووە. لەڕاستیدا من ناوچەی (هەوشە)دا ئێنووستم، ئەو شوێنەی کە وەکو پردی (گەدن گێیت بریج) لە سان فرانسیسکۆ عاشقان خەیان لەسەر هەڵئەدایە ناو رووبار، هەروەها لە ئاپارتمانی هێندێ هاوڕێدا ئێنووستم. رێژەکیان، کاتێ تەواو وەڕەس بووم لەهەموو شتێ، چووم بۆ پۆلیسخانە، کەلەپچەیان لەدەستم کردو وتیان: بەدوای تەدا ئەگەڕاین. چەند رێژەک لە زیندان مامەوە. زیندان پڕ بوو لە فەلەستینی، ئەو سەردەمە بوو کە بزووتنەوەی بەرگریی فەلەستینی تازە سەری هەڵدابوو و لە سنووریکان زیریان لە ئەگیرا. لەگەڵیان دا بووین بە هاوڕێ. 300 کەس بووین لە ژوورێکدا، ئەوان بەسەرهاتی خەیان بە ئەگێڕامەوە.

لەزیندانەوە بۆ نیووەرک

غاده السمان کە ئەوسا نووسەرێکی زۆر ناسراو بوو، سەرکی لوبنانیی ئەناسی. لە ڕێی ئەوەوە نیوەشەوێک بەڵامەوبەری زیندانی بەبجامەوە هێنایە زیندان تا بەرەبام بکات، بەڵام مەرجەکیان هەبوو، ئەبوو لوبنان بجێبهێڵم، یان بگەڕێمەوە بۆ عێراق یاخود شوێنێکی دی هەڵبژێرم. وتم: شوێنێکی دی!.

یوسف الخال زۆری یارمەتی دام، پێکەوە چووین بۆ باوەزخانەی ئەمریکی و پڕی وتن کە ئەم لاوە دوو ئەنتەلجیای شیعری ئەمریکیی

وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە گۆڤاری (شعر)دا بڵاوی کردووەتەوە، گرووپی شیعریی (بیتنیکس)ی بەخوێنەرانی عەرەب ناساندووە. بە باوەزی ئەمەریکیی وت:" تۆ تەنیا بیدوێنێ"!

ئەدەبی ئەمەریکی

باوەزی ئەمەریکی پرسیاری دەربارەی ئەدەبی ئەمەریکی لێ کردم، من لە واڵت ویتمانەوە دەستم پێ کردو بە ناوە نوێکاندا هاتم کە جیاوازیی هەرگیز نەبیستبوون وپێم وایە هەرگیزیش نایانبیستێ، وتی:"بەس!، کارەکەت سەری گرت". ئەوراقیان دامێ، بڕیار هەشتا بە پاسپۆرت بووم. بڕم جێ، 50-60 دۆلارێکم قەرز کردو بە نیوویۆرک سەفەرم کرد، بە ئەوەی کەس بناسم، تەنیاو بە پارەو بە هیچ شتێک، ئنجا بزانێ! ئەستاش باوەڕ ناکەم چۆن رزگارم بوو، چۆن گەیشتمە سان فرانسیسکۆ کە دوا شوێنی مەبەستم بوو، لەبەر ئەوەی زۆرم لەسەری خوێندبەوەو نووسیبوو تەنانەت پێش ئەوەی بشیبینم.

من کاتێ لەگەڵ گۆڤاری (شعر) لەسەر گرووپی بیتنیکس (بیت جێنهرهیشن) Beat Generationم نووسی ئەبوو پێشکێشکەی لەسەر کەناری باکوور North Beach ی سان فرانسیسکۆ بێت. دواجار کە گەیشتمە سان فرانسیسکۆ بڕم دەرکەوت کە چۆن بۆی چووبووم وچیم لەسەر نووسیبوو، هەمووی راست دەرچوو؛ سان فرانسیسکۆو هیپییەکان و شاعیرانی بیتنیکس. هەر کە گەیشتمە ئەوێ یەکسەر چوومە پاڵ هیپییەڤژ درێژو ملوانکەی موورو لەملەکان. کاتێ یوسف الخال ئەم شتانەی لەبارەی منەوە بیست وتی:" سەرگەن تەواو، ون بوو، ئیتر هەرگیز ناگەڕێتەوە". ئەو پێی وابوو من بە ئەوێ ئەڕێم بە ئەمەرکا تا بخوێنم و هێندێ بەوانامەی دکتۆرا بەدەست بهێنم و بگەڕێمەوە.

ئیتێل عەدنان یارمەتیی دام لە نیوویۆرکەوە بڕم بە سان فرانسیسکۆ. ئیتێلم جارێک لە گۆڤاری (شعر)دا بینیبوو. ئافرەتێکی وردیلەو خوێن شیرین. بەرهەمێ ئەدەبییەکانی بە یوسف الخال ئەناردو منیش تەرجەمەی عەرەبیم ئەکردن. لەڕاستیدا هەموو ئەو بەرهەمانەی ئەو کە لە (شعر) بڵاو ئەبوونەوە، من وەرمگەڕاون، گەرچی گەلێ جار ناوی خۆم لەسەر دانەئنا. ئیتێل پێی وتم:" سەرگەن، گەر هاتی بە ئەمەرکا تکایە سەر لە شارەکۆ جوانەکەی ئەمێ بدێ، شاری سان رافائێل".

بلیتی بە ناردم و شەوێک خێی و خانمەکی دی هاتنە پێشوازیم. شتێکی جوان بوو، لەبەر ئەوەی ئیتێل لە هیندیێ سوورەکان بوو. پێی وابوو

هیندیی، گەرچی هەگبەکی سووریی بوو، بەڵام وەکو هیندییەکی سوور هەستی دەکرد. ئەو چەند رۆژی لەوە بووم لە کافە یەکی بەناوبانگ دائەنیشتین پێی ئەوترا کافیە (بەنا ڤیستا)، ئێستاش هەر ماوە، لە کەناوەکەیە (بی)، لەوێوە زینداندا بەناوبانگەکەی ئاکەتراز دیارە. لەوێ لەگەڵ ئەو هیندییە ئەمریکییانەدا بووین کە شەشیان بەرپا کردبوو و ئیانویست دەست بەسەر ئاکەترازدا بگرن. بەهەر حاڵ، من و ئیتڵ عەدنان چووینە پاڵ هیندییە سوورەکان. بینینی ئەوان بۆ من خەون بوو. من ئەوانم تەنیا لە فیلم دا بینیبوو، کاتێ جان وەین چەند هەزار کەسێکی بۆ جارێک لە ئەکوشتن. لەسەر شاشەدا کاوبۆیە سپی پێستەکان وەکو مەش لێیان ئەکوشتن، ئەمە هەمیشە بڕوایمان پێیاندا ئەهاتەوە. بەڵام لای من ئەوان میللەتێکی مازن بوون، ئەوەتا ئێستاش لە سان فرانسیسکۆ بۆ واقیعی ئیانبینم، بۆ پەڕووتووك و بەتانی ودەنکە مرواریی زلەوە.

من هیندی بووم

من زۆر پێیان سەرسام بووم و هاوەڵتیم لەگەڵ زۆربەیاندا پێدا کرد. هیندییەکان لە ڕەوشێکی زۆر خراپدا بوون، ئێستاش هەروان، خەیان بەرامبەر ئاکەهەڵ ڕانەئەگەرت و گەڵە ژن و پیاویان ئاکەهەڵیک بوون، سپی پێستەکانیش ئیانچەوساندنەوە. بەڵام من ناهەقیان ناگرم گەر سپی پێستەکان خاکت لە زەوت بکەن و ئامادە نەبن بتدەنەوە. ئەوان ئامادە نین ئەو ناوچە بەردینە بچووکە بدەنەوە بە هیندییەکان کە لێیان زەوت کردبوون. گەڵەکیان پێ کردن و ئاودوویان نان و لەخاکی خێیان وەدەریان نان. بەڵێ من لەو دەمەدا پێم وابوو یەکەکم لە هیندییە سوورەکان.

سان فرانسیسکۆ سەنتەری داهێنانە لە ئەمریکا، بەڵکو سەنتەری ئەمریکایە، لەلایەک کەناری ڕۆژهەڵات East Coastو نیوویەرک و جیهانی پێخش و چاپەمەنی و ئەدەب، لەولاش کەناری ڕۆژئاوا West Coastو سان فرانسیسکۆ کە هەموو بزووتنەوە تازەکانی تیا سەر هەڵئەدەن، تا ئەمەکەش، پڕ ئەوترە ڕێنیسانسی سان فرانسیسکۆ. لەگەڵ کۆنیپ ڕێکسرۆپ دا وەک مامۆستای ڕەوانبێژەکان، کە پێی گەیشتووم، بزووتنەوەیەکی مازن سەری هەڵدا. لەڕێی ئەوەوە هەموو شاعیرە مازنەکانی گرووپی بیتنیکس دەرکەوتن؛ وەکو گاری سنایدەر، پاشان ئالن گینسبەرگ و جاک کەرواک و، ئینجا گرێگری کۆرسۆو بەب کۆفمان و لۆرانس فێرلنگێتی، کە ماریی کچی، کە ئەمناسی، بوو بۆ

سەماکارێکی سەمای رۆژهەڵاتی. ئەو ئافرەتە گەرە فەندی هاوڕێی شاعیرم گاری گاچ بوو کە ئێستاش هەر لە سان فرانسیسکۆ ئاژی.

ئەمە ئەچووین بۆ لای کەنیپ رۆکسرۆپ، بەمەرجێک، بەمان نەبوو دەم بکەینەوە، تەنیا ئەو بۆی هەبوو قسە بکات. بڵیمەتێکی گەورە بوو، ئینسایکلۆپیدیایەک بوو بە خۆی، لەڕاستیشدا بۆ ناوبانگی دەرکردبوو کە هەموو دوو ساڵ جارێک ئینسایکلۆپیدیای بریتانیکای لەبەرگەوە بە بەرگ ئەخوێندەوە. پیاوێکی بلیمەت بوو.

سان فرانسیسکۆ شوێنی هەشیاربوونەوەیە، لەبەر ئەوەی نووسەران لەوێدا گەلە کراون. ئەوان وەکو شاعیرو نووسەری نیوویەرکی نین کە پتر مەرکەزی ئەوروپییانەی پشکۆتوویان پێوەیە، نەو، بەڵکو ئەوان نووسەری کۆزمۆپۆلیتین. سان فرانسیسکۆ لەڕاستی دا شارێکە لە هەموو شارەکانی جیهان پێکهاتووە. لەم شارەدا پاریس ئەبینی، لەندەن ئەبینی، ڕۆماو بەرلین و تەنانەت چین ئەبینی، شارێکی نەونەتەوەییەو کەلتوور تیایدا تەواو کراوەیە. شارێکە پێم وایە بە هونەرمەند، بەتایبەتی بە شاعیر یەکاویەکە. من پتر لە چارەکە سەدەیەکە لە سان فرانسیسکۆ ئاژیم تەنانەت بە یەک ساتیش تیایدا هەستم بە وەسی نەکردووە . کەڵە ئەدەبییەکان، ئەو گەشتە خۆشانە، بەتایبەتی لە حەفتاکان و هەشتاکان دا کە بەلای منەوە خۆشترین کات بوو، سەرکەشییەکان، ئەو گوەوتینەی هەمان بوو، ئنجا بارکلی کە لە کەتایی شەستەکان دا ببووە شوێنی شەش و ناڕازایی دەربەین دژی جەنگی ڤیەتنام.

یەکەم شەو کە گەیشتمە بارکلی کاروانەکی خوێندکارانم بە مەوە بینی گرانییان دژی جەنگ ئەووتووە، بە تاگرتنی جەنگ لە ڤیەتنام، شیعری هەشی مینەیان ئەخوێندەوە، کە من تەرجەمەی عەرەبیم کردن و لە (دار النهار) لە بەیرووت بەناوی (یومیات فی السجن) چاپم کردن، ئەوە یەکەم کتێبم بوو. ئەوە بە من شتێکی زۆر دڵخۆشکەر بوو، لەگەڵ خوێندکارەکاندا بووین بە هاوڕێ، یەکەم جاریشم بوو لەگەڵ ئەو کچە هیپییە جوانانەدا بم؛ ملوانکەی دەنک زلیان لەمل ئەکردو پرچیان بەرئەدایەوە منالی وردیان پێ بوو. لەگەڵ خۆیان دا بردمیان، لەناو کەشتییەکی جەهەڕاودا ئاژیاین لەکەنداوە بچووکەکەی نزیك شاری سان سالیتۆ، شاری ئەستێرە سینەمایەکان. هیپییەکان لەو بەندەرەدا شانبەشانی یەختی ئەکتەرە سینەمایەکان ئاژیان. ئەو کەشتییەی ئەمەی تیا ئاژیاین هی زەمانی مالك توێین بوو، لەو کەشتییانەی بە پەروانەی کەن و پەداڵی هەمین کار ئەکەن. لەناو کەشتییەکەدا بەکسەکی مەسیقا (جووك بەکس)مان هەبوو لەگەڵ گریل

(مەقاڵ)ێك بە هەمبەرگەر. كچێ هیپییەكان، منااڵكانیان بە ووتی بەدوایانەوە، هەمبەرگەریان دروست ئەكردو لەسەر مەسیقای بەب دیلن و جانیس جۆپلین دانسیان ئەكرد. وەكو خۆن وابوو.

ئەو گۆرانیانە بە ئەندازەیە

ناوی ئەو كتێبەی ئێستا كاری لەسەر ئەكەم (إذا كنت نائماً فی مركب نوح) (گەر لە گەمیی نووح دا نووستبوویت)ەو لە دوو دەڵ شیعری گۆرە شاعیری سۆفیی ئێرانی جەلالەدینی ڕۆمیم وەرگرتووە كە تیایدا ئەڵێ:" گەر تۆ لە گەمیەكەی نووح دا بە سەرخۆشی نووستبووی/ باكی چیتە گەر لافاو هەڵكات". كتێبەكە ئەو شیعرانە لەخۆ ئەگرێ كە لە ئەمەریكا، لەو سەردەمەی باسم كرد، نووسیومن. لەوە بەم دەركەوت كە هەموو ئەو دیدو بۆچوونانەی لەبارەی نووسینەوە هەمبوو – كە پێش ئەوەی بەم بە ئەمەریكا هیچ نەبوو – لەئاست ئەو بۆنیادا نەبوو، تەنیا تەكنیك و جۆرە شێوازێكی نووسین بوو كە خاڵی بوو لەو گۆرانیانە بە ئەندازەیەی تیایدا ئەژیام. لێرەوە كۆتەپرسیار كردن لەخۆم: ئاخۆ چۆن بتوانم گوزارشت لەم ئەزموونە بكەم؟

لەو شیعرە پێ وزانەی لە ئەمەریكادا نووسیمن هەستم ئەكرد زمان كۆنترۆڵی من ئەكات لەبری ئەوەی من زمان كۆنترۆڵ بكەم. بۆیە ئەبوایە ئەم خۆشەوانییەی ڕۆمانسی (ئیقاع)ی زمان دابهێنم، ئیدی ئەم ڕستە خۆشەوانە هەموو شتێكی لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچ كرد. ئێستا كە ئەو شیعرانە ئەخوێنمەوە هەست ئەكەم لەو ڕۆیەوە خەم هاڤێ ئەكەم. شیعر نووسین بە من هەر لەسەرەتاوە تا ئێستا مەسەلەیەكی زەرگرنگ و جۆهەری بووەو پەیوەندییەكی قووڵی بە ژیانی ناوەوەی خەمەوە هەیە. ئەگینا من بۆچی شیعر ئەنووسم؟ بە ڕەمان نا، بە وتار نا؟

من هەوەم دا شێوەی نوێ دابهێنم تا لەو ڕۆیەوە زمانی عەرەبی ناچار بكەم ئەو خۆشەوانییە مەزنەی زانیاریی نوێ و واقیعی نوێ بگرێتە خۆ، سەرەنجام ئەو شیعرە نایابانەم نووسی كە ئێستا خەریكی كۆكردنەوەیانم، هەندێكیان 25 تا 30 لاپەڕە ئەبێ. بەڵام ئێستا هەرگیز لەخۆم ڕانابینم شیعری وا دوورودرێژ بنووسم، ئێستاش نازانم ئەو شیعرانەم چۆن نووسی، قەت بە خەیاڵیشما نەهاتووە باویان بكەمەوە، پێم وابوو كەس ئامادە نییە شیعری وا درێژم بە باو بكاتەوە. بۆیە هەموو ئەو ماوەیە، نوقمی ئەو جۆرە ژیان و نووسینە بووم بە ئەوەی باو بكەمەوە.

نامەیەک لە ئەدۆنیسەوە

تا ڕۆژکیان خانمکی ئاشووری کە ناوی ڤیلیت یەعقووب بوو لە بەیروووتەوە هات بۆ سان فرانسیسکۆ، پێی وتم:" نامەیەکم لە کەسکەوە بۆ هەناوی ناوی ئەدۆنیس"، وتم:" ئەدۆنیس!"، ئەم ناوە وەکو زەنگ لەدان بوو بۆلامەوە. ئەم قسەیە ساڵی 1972 یاخود 1973 بوو و من بۆ تەواوی لە جیهانی عەرەب دابڕابووم. نامەیکی جوان بوو، ئەدۆنیس تیایدا ئەی "تۆ لەنێوماندا ئامادەیت هەیە، گەرچی لەڕە نیت بەتام هەرگیز هەستمان بۆ ئامادە نەبوونت نەکردووە، ئەمەوە هەرچی نووسینت هەیە بەمیان بنەڕی بۆ (مواقف) {گۆڤارەکەی خۆی}". هەرچی نووسینم هەبوو ناردم بۆ ئەدۆنیس، ئەویش هەمووی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان دا، لە مەغریب و هەموو شوێنکدا بڵاوکردەوە. شیعرەکانم بڵاوبوونەوەو کەسانکی زۆر پێیان وتم کە ئەوانە باشترین بەرهەمی من بوون، تۆ ناتوانی بۆ هەشمەندی، شیعری لەو بابەتە بنووسی، بەهەر شێوەیک بۆ سەر هەڵئەدۆن.

یەکەم کەمپی شیعرم (الوصول إلى مدينه أين) (گەیشتن بۆ شاری کوێ) لەڕووی شێوازەوە نوێخوازانە بوو. زۆربەی شیعرەکانم لە ئەمریکادا نووسیبەوەو بەشێك بوون لەو بارودۆخە مەدرنە ڕەهایەی هەوەم ئەدا بینووسمەوەو دەستی بەسەردا بگرم. گەرچی ئەو کەمپی شیعرەم لەساڵی 1985دا چاپ کرد بەڵام بەرواری نووسینی هەندکیان ئەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکان. پاش بڵاوبوونەوەی ئەو کەمپی شیعرە قۆناغکی نوێ لەژیانمدا دەستی پێ کرد. کەمپی شیعری دووهەمم، کە زۆربەی شیعرەکانیم لە یۆنان نووسیبەوە، لە مەغریب بڵاوچاپم گەیاند. لەو کەمپی شیعرەدا هەوڵم داوە هەستونەستی مەدیتەرانیانە (ئەو ناوچانەی ئەکەونە سەر دەریای ناوەڕاست – وەرگێڕ) دەربڕم، هەر بەیەش ناونیشانی (الحياه قرب الاكروپول) (ژیان لە نزیک ئەکرۆپۆڵ دا)م بۆ هەڵبژارد. ئەوە ڕاستە، من لەو دەمەدا نزیک ئەکرۆپۆلیس ئەژیام، هەموو ڕۆژێ بەناو (ئەکرۆپۆلیس) و (پلاکا)دا پیاسەم ئەکرد، بەیەدەریاو بێن و بڕامەو هەستونەست و هەموو وردودرشتکی مەدیتەرانیانەیە.

پاشخانی ئاشووری

ئاخۆ پاشخانی ئاشووریم هیچ کاریگەرییەکی لەسەر کارەکانم هەیە؟ من بۆ مناڵییش هەر بۆ عەرەبی ئەمنووسی، گەرچی جاروبار بۆ ئاشووری ئەمنووسی، بەڵام هەر زوو بەم دەرکەوت کە ئاشووری زمانکی زۆر سنووردارە. پێش هەموو شتێک، زمانی ئاشووری لەهەموو ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستدا لەو ناچانەی ئاشووریی تیا ئەژین پێشەل کراوە – ئاشوورییەکان قوتابخانەیان نییە، گۆڤاریان نییە، کتێبیان نی یە، تەنیا کەمێکی نهێنییان هەیە. یەکەم قوتابخانە کە بەی چووم لە کۆنیسەیەک بوو لە حەبانیە کە قەشە فێری ئاشووریی ئەکردین. زمانەکی زۆر جوان و مەزنە، هەندە جار بیر لەوە ئەکەمەوە شیوانە شیعرەکی نایاب بە زمانی ئاشووری بنووسمەوە کە چەن بەبەرچاومەوە ئەمرە.

بەڵام کاتێ کەوتمە وێژەی زمانی عەرەبی، کاتێ ئەفسوونی زمانی عەرەبیم بەرکەوت، بەم دەرکەوت کە لەڕاستیدا هەموو زمانەکان یەکن، مەبەستم ئەوەیە بەڵام زمانی عەرەبی بە من وەکو زمانی ئاشووری وایە. ڕەنگە بەڵاتەوە سەیر بێ بەڵام ئەمە حەقیقەتە. لەڵای من زمانی عەرەبی وەکو سەرپێشەک وایە کە لەژێریدا هەموو زمانە دەرینەکان تیکەڵی یەکدی بوونە. زمانەکان هەرگیز نامرن، بەڵکو ئەوەتان لەوە، لەناو زمانی عەرەبی دا تواونەتەوە.

ناوی خەیان گەیوە

من بە چەندین ساڵ خەریکی خوێندنی ئەم بابەتانە بووم. تەوراتم خوێندووە کە بە کلاسیکیاتی زمانی عەرەبی دائەنرێ. پاشان بەم دەرکەوت کە هەندە لە شاعیرە گەورەکانی عەرەب ئاشووری بوون. "إمرێ القیس" ئاشووری بوو. "النابغه الزبیانی"ی شاعیری کەشك و پاشاکان ئاشووری بوو. ئێستا لەعەراق دا کە هەیە کرستیان بە و ئاشووری یان سریان یاخود کلدان نەبە؟ گەرچی هەموو ئەمانە لەڕاستیدا یەک میللەتن. هەروەها، "أبو تمّام" کرستیان بوو و ناوی خۆی گۆڕیبوو. "إبن العربی"ی مەژوونووسی گەورە ناوی بە ئاشووری "بن خەفری"یە، کەواتە ئاشوورییە. ئەتوانم سەدان ناوی دیت بە ریز بکەم. "إبن الرومی" کریستیانەکی یەنانی بوو. ئەمانە حەقیقەتن لە ئەدەبی عەرەبیدا. لەبەر ئەوە، پەم وایە شتەک نییە بەناوی ئەدەبی عەرەبیی پوختەوە، هەمووی لەملاو لەولاوە وەرگیراوە، بەتایبەتی لە عەراق و سوریاوە کە هەموو بزووتنەوە گەورەکانی شیعری کلاسیکیی تیا دا هاتە ئاراوە، وەکو شۆڕشە شیعرییەکانی ئەبو تەممام لە سوریاو موتەنەببی لە عەراق. ئەم بزوتنەوانە لەگەڵ خەیاندا رابوردووی هەموو ڕۆژهەڵاتەکە تێکەڵاوکان و، زمانە تێکەڵاوکان و، زاراوە تێکەڵاوکان و، مەعریفە تیکەڵاوکانیان بکێش کرد. هەموو رابوردووش لە شیعرو پەخشان دا ئامادەیی هەیە. من پەم وایە زۆربەی شاعیران بەدرێژایی مێژوو ئەمیان کردووە، لەبەر ئەوەی، ئەوەی لەکتایی دا حیسابی بە ئەکرێ زمان نییە، بەڵکو ئەوەی زمان دەری

ئەبێ.

منیش لە کتێبەکانمدا، بەتایبەتی لەو سێ کتێبەی دواییمدا هەمان شتم کردووە، رستەو دەستەواژەی ئاشووریم ئاخنیوەتە نێو شیعرەکانمەوە، بە نموونە (پشیممەت بابا برەناو رەخت مقوتچا)، واتە بەناوی باوک و کوڕو روحی قودس، هەندە جار وەکو خەی، بە وەرگێڕان، کە ئاشکرایە ئاشووریین، بەڵام نەک لەبەر ئەوەی ئاشووریین، چونکە ئەوە شێنییەتە.

من ئەمەوە کارەکی وا بکەم کە زمان، لەڕدا مەبەستم لە زمانی عەرەبییە، هەموو شتێک لەخۆ بگرێ. من رستەم لە ڕەبەرت لەوێ و سیزار پاڤیز و سەسار ڤالەخۆ وەرگرتووە. یەکەم جارە ئاماژە بەوە بکەم کە زمانی عەرەبی لەتوانایدا هەیە هەموو شتێک لە جیهان وەربگرێ، ئەمەیان گرنگە، ئەوانی دی تەنیا وردودرشتی مەسەلەکەن و هیچی دی. زمان مردوو نییە، بەڵکو ئەتوانێ هەموو شتێک بگرێتە خۆ. ئەوەندەی من بزانم پێشتر ئەم کارە نەکراوە، لەبەر ئەوەی ناتوانن، ناوێرن، ئەبە بزانی چۆنی ئەکەی، چۆن بە شێوەیەکی راست ئەنجامی ئەدەی، نەک تەنیا لەپێناو ئەنجامدانی کارەکە، ئەوە کارەکی بە مانایە، بەڵکو ئەبە بەشێوەیەکی داهێنەرانە ئەنجامی بدەی. ئەم کارە پێویستەو، ئەتوانێ بەشێوەیەکی چالاکانە بەشداری لە دەوڵەمەند کردنی شیعرو زمان بکات.

زمانی عەرەبی هەشتا پێی پێ نەبراوە

من لە میانەی ئەزموونی خەم لەگەڵ زماندا دەمەکە، بەڵکو هەر لەسەرەتاوە، کاری ئەزموونگەریم لەسەر زمانی عەرەبی کردووە، بەڵام هەشتا پێم وایە کە زمانی عەرەبی مادەیەکی پێی پێ نەبراوە، بەڵکو هەشتا مادەیەکی خاوە. من رام وایە زمانی عەرەبی ئەتوانرێ بە رادەی پەڕی پێ بدرێ بە جۆرێک لە داشتنی ئیدیەماتیکیی نوێ، کە من بەردەوام کاری لەسەر ئەکەم. بەوانە، من کەمێک شیعرم لە ڕۆژنامەی "الحیاه"ی لەندەنی دا بڵاوکردەتەوە کە لەڵاستیدا تەرجەمەن، بەڵام من ناویان لە نانەم تەرجەمە، بەڵکو ناویان لە ئەنەم (نووسینەوەی دەقی شاعیر).

من پێم وایە هونەری وەرگێڕان واتە دووبارە نووسینەوەی دەق. بە نموونە، من هەندە سەناتەی شەکسپیرو شیعری شێی-م بڵاوکردەتەوە کە لەڵاستیدا دووبارە نووسینەوەی ئەو دەقانن بە زمانێکی عەرەبیی

سروشتی و مەدەرن، هەروەها هایکوو و شاعیرانی چینیی وەکو (پە چووی)و، شاعیرانی کلاسیکی یابانیی وەکو ساف. بەدرێژایی چەندین ساڵو تا ئێستاش هەر خەریکی ئەم جۆرە تەرجەمەیەم، هەر خەریکی کاری ئەزموونگەریی لەو بابەتەم. من بەم جۆرە کار ئەکەم؛ دەقێک ئەهێنم، ئەیهێنمە بەرچاوم گەر لەئێستدا بە عەرەبی نووسرابێتەوە دەقێکی چانی لە دەرئەچوو. ئەمە هەموو فیکرەکەیە. واتە بیرو خیاڵم بە روحی دەقەکە ئەچێت. پەکەشی ئەوە ئەکەم شاعیرێکی عەرەب، هەست و سۆزێکی لەم چەشنە چۆن ئەنووسێتەوە؟
سەناتای شکسپیر؟ من ئەوەم بە دەرکەوتووە کەوا هێزی سەناتەکان لە خشتەوانی و بەردەوام بوونیان دایە، لەوەدایە کە بەریان لە نەگیرێ. ئەمە لە عەرەبی دا لەحوکمی مەحاڵدایە، بۆچی؟ بەهۆی کەتای دەستکانەوە کە ئەبنە بەربەست لەبەردەم ئەو بەردەوامییەدا.

بەردەوامیی هەناسە

لەم حاڵەتەدا چی بکەم باشە؟ جۆرە دەستکی نوێ دائەهێنم کە خشتەوانی و بەردەوامیی هەبێ. لەشیعری خۆشمدا هەروا ئەکەم. من کار لەسەر سەداکانی شیعرو، لەسەر دەم ئەکەم کە بە وەستان درێژ ئەبێتەوە سەر دەستکی دی تا هەناسەیەکی بەردەوام بە سەناتاکە ببەخشێت. ئەم کارە هەرگیز پێشتر لە عەرەبیدا نەکراوە، بۆچی؟ لەبەر کەشی شیعری عەرەبی.

ئەوەی من ئەیکەم، پەستاندنی زمانە بە جۆرێك کە جەی کەشی کەن بگرێتەوە، ئەویش بە داهێنانی جۆرە کەشکی نوێ، وەکو ئەوەی شاعیرە رۆژئاواییەکان کردیان، وەکو تەد هیووز. تەد هیووز شیعری بەگەداری ئەنووسی، بەگومان پێش ئەویش ئەدن ئەینووسی. شیعری بەگەدار ئەویە پشت بە بەگە ئەبەستێ.

لەو دیمانانەی بە عەرەبی لەگەڵمدا ساز دراون، گەلێ جار باسی ئەم مەسەلەیەم کردووە، بەڵام تەی ناگەن، نازانن من چیم کردووە. هەر رەخنەگرێک لەسەر منی نووسیبێ هەرگیز باسی ئەو کارانەی نەکردووە، لەبەر ئەوەی ئاگادار نین، ئاگاداری هونەرو تەکنیکی کارەکانم نین. رەخنەگران لەڵاستیدا زۆر بە تەروتەسەلی لەسەر شیعرو کتێبەکانم ئەنووسن، بەڵام لە نووسینەکانیاندا بایەخ بەوە ئەدەن کە چی ئەکەم، بەڵام ئەوەی ئەیەم بە من گرنگ نییە بەقەد ئەوەی چۆنی ئەکەم. ئەمیان گرنگە.

وەرگەڕان بەشکی گرنگی دیکەی چالاکییە ئەدەبییەکانم پێك ئەهێنێ.

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی ئەتوانم کەشف بکەم. لە ئاستیدا لەژێر کەسم بیستووە، یاخود روویداوە پێیان وتووم، یان بە تەلەفۆن و نامە، کە من کارێکی گرنگ و نوێ ئەکەم لێم بوارێدا.

شەکەکی جوان

پار هاوین لە فەستیڤاڵی عومان دا بەگوێی خەم راو بەچوونی ئاو خەکەم لەسەر شیعرەکانم گوت لە بوو. لە شوێنی بیابانی وادا وەکو ئەبوزەبی و دوبەی و شاریقاو تەنانەت لە شارەکانی قووڵایی بیابانداا، تووشی خەکانی وا ئەبووم کە شیعری منیان خوێندبووەو لە کارەکانم ئاگادار بوون. خەکانێك لە گوندی لاتەریک، لە قووڵایی بیابان، ئاوە تووشی شەکی کردم، شەکەکی جوان و خۆش.

هەموو شاعیرێک بەدرێژایی ژیانی ئاواتخوازی ئاوێنە تووشی هاوڕێستەکی لاو جارە بە. خۆشترین ساتە. هەموو ئاو ساڵانی خەم بە شیعرەوە خەریک کردووە، پەم وابوو کەس ئاگاداری نووسینەکانم نییە (لە ئاستیدا رەخنەگران ئاگادار نین)، کەچی لە پەکدا، لە شوێنەکدا خوێندکارێکی سادەت لە پەیدا ئەبە کە خەریکی کاری لێکۆڵینەوەیە لە نووسینەکانت و ئاو تەکنیکانەی بەکاریان ئاهێنی.. لە ئاستیدا ئاو لاو ئیزافاتەی کردووتە تێگەیشتووەو پەکاویەتی. ئاوە بە من پاداشتە، تاقە پاداشتاو ئاوەندە بە من بەسە، هەموو شاعیرێکیش هەر ئاوەندە ئەخوازێ.

کاتێ پەم ئەڵێن شیعری مەدەرن زۆر ئاسانە بە تێگەیشتنی کەسێکی سادەو ساکار، ئاوە قسەی قەڵەو ەاست نییە، ئاو پیاوە سادەیە کە یە؟ شتێک نییە پێی بووترێ پیاوی سادە. هەموو مرۆڤێک هەو فاکتەری ئاسانزی خۆی وباری دەروونیی خۆی هەیە، من باوەم بەمە هەیە. کاتێکیش شتێک سەرسامیان ئێکات یەکسەر هەستی پێ ئەکەن، یان بە غەریزە یاخود بە مەعریفە. هەندێ جار مەعریفە خەسکێ.

عەرەبی زمانێکی هەمیشە شەرمنێ

ئەمە کاتێ بەو شاوێیە باسی شیعری عەرەبی ئێکەین لە ئاستیدا باسی شتێکی زۆر گرنگ ئێکەین کە شایەنی ئاوە لێدانەوەیە، لەبەر ئاوەی عەرەبی زمانێکە بەرهەستی ئێکات، زمانی بەرهەستییە، ئەڵێی دەستدرێژیی کراوەتە سەر. عەرەبی زمانێکی هەمیشە شەرمنە، لە ئاستیدا عەرەبی زمانێکی پاکیزەیە، تەنانەت لە زاراوەناسییشدا. تەنانەت لەم کاتایی سەدەی بیستەمشدا – وا خەریکە پێ ئەنێینە ساڵی دوو هەزار – کەچی عەرەبی تەنانەت سادەترین وشەی ئیرەتیکی

لەخۆ ناگرێ. بۆ نمونە، ناتوانی بڕوائشکرا ناوی کەرو قوز بنێی، کە ناوهێنانی ئەم شتانە لە کەلتوورەکانی دیکەدا زۆر ئاساییە.

لەبەر ئەوە هەوڵ ئەدەم جارێ هەستەکی وا بخوڵقێنم کە ئازادانە مامەڵە لەگەڵ بگەو ماناو بینای شیعرو رستەدا بکات. پەم وایە لەو میانەوە ئەتوانی زۆر شت بڵێی. لەڵاستیدا من هاوینی پار لە فێستیڤاڵەکەی عومان دا هەوڵم دا کارەکی لەو بابەتە بکەم، بەم جارێ، هەموو ماناکانم لە چەند دێڕێکدا چڕ کردەوە. ئەمەش هەدی هەدی و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەکرێ. هەموو کەس ئەیزانی باسی چی ئەکەم، منیش باسی هەموو شتەکم ئەکرد بە ئاوەڵی ناویان بهێنم. ئا بەم جارێ ئەتوانی پارێ بە شیعر بدەی – بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بە سەداو ڕوحی شیعر. کاتێ هەندێ سەدای دیاریکراو بەکار ئەهێنم بیرەکەو ماناکان دەرئەکەون. ئەوان ئەزانن من باسی چی ئەکەم. ئەمەیە نهێنیی شیعر.

لەبەر ئەمەیە کە شیعر زمانێکی دەگمەنی هەیەو تەواو جیاوازە لە زمانی چیرۆك و وتارو پەخشان. ئەم کارە لە شیعردا ئەکرێ لەبەر ئاوەڵی لەشیعردا هەموو سەدایەک حیسابی بۆ ئەکرێ. منیش بە هەزیلی مامەڵە لەگەڵ زماندا ئەکەم، لەگەڵ زمانێکی وەکو عەرەبی کە هەمیشە پڕە لە دیکەرو وشەی زیادو چەوری، چەوریی زمانەوانی. من وەکو قەسابێک لەتوپەتی ئەکەم و ئەسقانی ئەودیو گۆشتەکەی دەرئەخەم، ئەمەش شتەکە پەم وایە شایانی ئیش لەسەر کردنە.

بەڵێ ئەمە کارێکی قورس و ئاڵۆزە، من چەندین شەوو ڕۆژم بە بیرکردنەوە لە چەنتیی ئەنجامدانی ئەو کارە بەسەر بردووە. چۆن؟ وەکو شاعیرێکی ڕاستەقینە ئاوەڵی لەسەرتە بیکەی کاری ئەزموونکاریی بەردەوام و بە کۆتایە. ڕەنگە لە هەندێ لەو هەواڵانەدا سەرکەوتن بەدەست نەهێنی، من ناڵێم هەروا بە ئاسانی سەرکەوتن بەدەست ئەهێنی، شتی وا نی یە، ڕەنگە لەناو سەدان هەواڵی لەو جارەدا تەنیا یەکێکیان سەرکەوتوو بێ. خۆ ئەگەر لە دووسەد لاپەڕە تەنیا پێنجی باش بێ، من ئەمە بە سەرکەوتن ئەزانم.

هەندێ نائومێدی

کارێکی درێژخایەن و بە پاداشتە. پاش 30 ساڵ نووسین هەست بە جارێك لە نائومێدی ئەکەم، لەبەر ئاوەڵی هەمیشە گەلەپیاوان ئەیبەنەوە. هەندێ شێخی دەوڵەمەند یان کەسانێکی خاوەن نەوت و ملیارەها دۆلار زیانێکی شاهانە ئەژین و خاوەنی هەموو گۆڤارو ڕۆژنامەکانن،

شاعیریش رەنج ئەداو تێکۆشێ تا گەشە بەزمان بدات، پەم وایە ئەوەی شاعیر ئەیکات یەکەکە لە ئەرکە پیرۆزکانی ژیان، کەچی بەتەواوی پشتگوێ خراوە. بۆیە هەندێ جار کە شاعیرێک واز لەشیعر نووسین ئەهێنێ ناهەقی ناگیرێ. بەڵام پێویستە بەرهەستیی نائومێدی بکرێت.

ئەم رێگای جەراوجێر ئەگرینەبەر تاکو ڕووەوەی شیعر بەرەو پاشەڕۆژکی ڕاستەقینە بەرین. بەڵای منەوە ئەمەیە شێشی ڕاستەقینە کە لەناوەوە ڕووئەدات، نەک لەدەرەوە. بە هەراو زەنا نا، بەڵکو بە بەدەنگی و جددی، لەناوەوەدا، بە هەوە و کێشێکی پشوو درێژی لەو جۆرە. من شتەکان بەم جۆرە ئەبینم، ئەمە بەچوونی منە، هەر ئەمشە وای لە کردووم لەم گەشەگیرییەی (شێپینگن) دا بەردەوام بم. هەندێ جار مەرگ و چیمەنی وەکو ئەم گوندە ئەمانییە بچووک و دڵگیرە، یان هەر شوێنێکی دی، ئەدەزمەوە تەنیا بە کەوتنە شوێنی ئەو بیرو بەچوونە سەرنج ڕاکێش و ئاوەزانەی خەم.

ئەتوانی بەعەرەبی بڵێی "فەك" Fuck ؟ – گینسبێرگ

سەرگەن پەڵس شیعری (لووڕ) Howlی ئاڵن گینسبێرگ-ی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و، بە ئەم مەبەستە ئەبوو ئیقاع و زمانی نوێ دابهێنێ. سەرەنجام، مەحمود دەرویش لە گۆڤاری (الکرمل)دا بڵاوی کردەوە. سەرگەن لەڕەدا باسی ئەو کارە نایابە ئەکات:

ئاڵن گینسبێرگ شیعری (لووڕ)ی لەماوەی چوار پێنج ڕۆژدا لەژێر کاریگەریی مادە هەشبەرەکانی وەکوو (مێپیدرین)و (ئێس. ئێس. دی) (مادەیەکی تووشی وێنەت ئەکات – وەرگێ) نووسی . بەڵام گینسبێرگ لەڕاستیدا کەسێکی ترێ، مرۆڤێکی زۆر مەزنە. من هەشتا لە عەراق بووم شیعری ئەوم ئەخوێندەوە. شاعیرێکی زۆر کاریگەرە. کاتێ تە لەسەرەتای تافی لاوی دایت و بە یەکەمین جار شیعری گینسبێرگ ئەخوێنیتەوە، سەرسام ئەبی، هەرگیز لەیادت ناچێتەوە. پاشان بەیارم دا تەرجەمەی بکەم.

بەڵام وەرگێڕانی ئەو شیعرە بە عەرەبی مەحاڵ بوو، چونکە ئەبوایە زمانەکەی ، زمانی بیتنیکس، بەعەرەبی بخوێنمەنم، چۆن؟ زمانی شیعرەکەم وەلا نا، ئەبوو گێڕانکاری بەسەر ڕەزماندا بهێنم و، وشەی نوێ دابهێنم. کەس ئامادە نەبوو بڵاوی بکاتەوە. پاش دە ساڵ

چاوەڕوانی لەگەڵ (الکرمل)دا بەناوبانگ. گینسبێرگ کە بیستی شیعرەکەیم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی باوەڕی نەکرد. هەندێ برادەر پێیان ڕاگەیاندبوو. یەکێک لەوانە خانمێکی هاوڕێمە ناوی (لین ویدی) یەو گەنجە فرێندی شاعیری ڕۆشپەستی گەورەی ئەمەرکی (بەب کەفمەن) بوو کە زۆر هاوڕێم بوو و کەچی دوایی کرد. بەهەر حاڵ، ئەو خانمە باسی تەرجەمەکەی منی بە گینسبێرگ کردبوو، ئەویش هەرچەند ئەهات بە سان فرانسیسکۆ پێی ئەووتم:" شیعرەکە کوا؟ چۆن بەاویان کردووە؟".

گینسبێرگ لێم پرسیم:" ئەتوانی بەعەرەبی بڵێی فەک ؟"، وتم:"بەڵێ، بەڵام کەس بەاوی ناکاتەوە". ئنجا پرسی:" بەعەرەبی چۆن ئەڵێی (صەک مای دیك)؟ suck my dick". وەك ئەزانی گینسبێرگ حەزی لەو شتانە بوو. گاڵتەی نەئەکردو زۆر بە جددیی بوو، ئەوە زمانی قسەکردنی بوو. پێم وت:" بەوانە ئاڵێن، کەس ئامادە نییە بەاوی بکاتەوە، منیش نامەوێ بە کەموکوڕی بەاوی بکەمەوە، بەڵکو ئەبە وەکو خەی بەاوبێتەوە".

ڕۆژکیان باسی تەرجەمەکەم بە مەحمود دەرویش کرد، ئەویش وتی:" گەر دەقەکە ئامادەیە من بەاوی ئەکەمەوە". وتم:" بەڵام بەمەرجێك، وەکو خەی"، وتی:" وەکو خەی بەاوی ئەکەینەوە!". شیعرەکە بەاوبوەوە، تاقە تەکستێ بەعەرەبی. یەکەم جاریش بوو ئەو زمانە پەرنەگرافییە بەعەرەبی بەاوبێتەوەو قەتیش دووبارە نابێتەوە. پەرنەگرافییەکەی لەادە بەدەرە. بەڵام هەر ئەبوو بەاوبێتەوە. من لەو تەرجەمەیەدا شتی نوێم داهێنا، ڕێگەی نوێم داهێنا بە دەربڕینی زمانی سەرجادەی عەرەبی.

هەناسەی درێژ

ماوەیەکی زۆر لەگەڵ وەرگێڕانی ئەو دەقەدا خەریك بووم، لەبەر ئەوەی ئەمویست هەمان هەزو کاریگەریی زمانە ئینگلیزییەکەی بپارێزم. تەنانەت ڕەزم و ئیقاعی نوێشم داهێنا. ئەوەی لە شیعری (لوورێ)دا سەرسامی کردووم دەڵێ، هەناسەی دریژی دەڵێ کە بەعەرەبی زۆر ئەستەمە، ئەو کارە بە کەش ناکرێ، بەڵام ئەزانم بە پەخشانی عەرەبی ئەکرێ. من تەنانەت نەفەسی قورئانیم بەکار هێناوە لە وەرگێڕانی ئەو شیعرەدا کە زۆر زەقەو هەر کەسەك زمانی عەرەبی بەباشی بزانێ ئەمەی بە دڵنیاکەوە.

زەر ئەستەمو کاری زەر پەویستە، وەکو حالی سەفیەکت لە دە لە زیکردابە و لەناو وشکانی خەیدا ون بووبە. من تەنانەت سەرواو سەروای ناوکی (سجع)م بەکار هەناوە، لەبەر ئەوەی زمانی عەرەبی پەویستیی بەو رەوەوە ناوکیە هەیە تاوکو دەکان بخاتە گەڕ. ئەمیە هەناسە. هەزی (لوورە)ش وەکو یەکێک لە کلاسیکیاتی سەدەی بیست و بگومان شیعری مەدەرنی ئەمەرکیەیش، لە هەناسەکەی دایە. گینسبەرگ پەی وتم کە لە واڵت ویتمەن و پاشان لە کانتەکانی ئیزرا پاووند-ەوە فەری ئەو هەناسە شیعریەیە بووە، کە بەدرێژایی شیعرەکە بەردەوامی لەو هەناسەیەدا هەیەو، بەم شێوەیە، بیرکەی شیعرەکەش خەسڵەتی خشڵەوانیی تەدایە، لە میانی وێنەدا، لە میانی وردودرشتی شیعرەکەدا کە لەرەدا ژیانی گینسبەرگ لەگەڵ هاوڕێکانیدا، بەتایبەتی گرێگری کەرسەو جاک کەرواك. گینسبەرگ لەم شیعرەدا ویستوویەتی ئەزموونی هەموو ژیانی خەی بخاتە نەو ئەم شیعرەوە، تەنانەت باسی گشتکانی خەی و هاوڕێکانی تیایە بە تەنجەو مەکسیکەو هەروەها دەنقەر کە لەو دەمەدا سەنتەری سەرهەڵدانی هەموو ئەم جەرە کارانە بوو.

لەڕاستیدا بەکارهێنانی ئەو هەموو وشە پەرنەگرافییانە بەعەرەبی کارێکی زەر ئەستەمە. لەبەر ئەوە ئەبوو لەکاتی وەرگێڕانی شیعرەکەدا جەرە زیکرێک بەکار بهێنم، زیکری زمانەوانی، هەر واشم کرد. تەرجەمەکەم لە یەنان تەواو کرد، بە کاوەخۆو، دەڵ بەدڵ کارم تیا ئەکرد هەتا بەو شێوەیە دەرچوو کە خەم ئەمویست. کەسانێک گەلێ سەرسام بوون بە وەرگێڕانی ئەو شیعرە، بگومان مەحمود دەرویش یەکێک بوو لەوانە، بەیە کاتە دەستنووسەکەی خوێندەوە سوور بوو لەسەر ئەوەی مەترسیی بەاوکردنەوەی لە گەڤارەکەی خەیدا (الکرمل) بگرێتە ئەستە.
تیبینی: ئەم دیمانەیەی سەرگەن پەڕس (1943 – 2007)، کە لە گوندی شۆپینگن Schoppingenی ئەڵمانیدا ساز دراوە، لە ژمارە یەکی گەڤاری (بانیپاڵ) 1998 کە لە لەندەن دەرئەچێ بەاوبەتەوە. شایانی باسە سەرگەن لە 22/10/2007 لە بەرلین لە تەمەنی 63 ساڵی دا بە نەخۆشیی دە کەچی دوایی کرد.

کورد و ئیسلامەتی ... بەختیار محەمەد

ئەوە چل و ئەوەندە ژنە لەشکری داگیرکەری دەولەتی تورکیا هێرش بۆ سەر عەفرین دەکا، کۆ گوێی لێ بووە مەلایەك گوتارەکەی لە نوێژی هەینیدا (ئەگەر چەند دەقەیەکیش بێ) بۆ ئیدانەکردن و هەخنەگرتن لەم هێرشە داگیرکارییە تەرخان بکا؟

ئەوە من باسی ئەو هەموو دەولەتە ئیسلامیی و عەرەبییە ناکەم و باسی ئەو هەموو دەزگا و ژنکخراوە ئیسلامییە ناکەم، کە تەنها بۆ توندوتیژیی و تیرۆر لەژێر پەردەی کاری خێرخوازییدا کار دەکەن و یارمەتییەکی هەگەزپەرستانەی هەندێك خەڵك و لایەنی دیاریکراوی موسڵمان دەدەن (کۆ لە جیهانی ئیسلامەتیدا ژنکخراوێکی مرۆیی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی دیتووە، کە بۆ جیاوازی یارمەتی خەڵکی لێ قەوماوی هەر هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بدا؟ یانیش وەکو ژنکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی بەرگرییان لێ بکا؟)؛ کەچی گەلێکی موسڵمانیان لەم ناوەدا لەبەردەم هێرش و پەلاماری ناڕەوای وەحشیانەی دەوڵەتێکی داگیرکەر بەجێ هێشتووە، بەناو دژن باسی مەزنایەتی ئیسلام و بیروباوەڕەکەی دەکەن. ئەوەی جێی تۆمانە پاپا و کڵێسەی ژماش هەمان هەڵوەستی نەرێنییان هەیە؛ وەك بژێی شەڤانان و خەڵکی عەفرین ئیسلام و مرۆڤ نەبن، ئەمە لەکاتێکدایە، کە شەڤانان و گەلی کورد لە پێشەنگی شەڕی دژی تیرۆری ئیسلامیی (داعش و بەرەی نوسرە) بووینە.

ئەی کوا ئەو ئەخلاقە ئینسانییەی، کە گوایا لەناو ئایینەکاندا هەیە و شەو و ڕۆژ بەم ناوەوە کاسیان کردووین؟ هێزە تیرۆریستەکانی وەك ئەنجوومەنی ئیسلامیی سووریا، بیاری جیهاد لە دژی هەسەدە دەدەن؛ ئای خزگە تۆزێك غیرەتی جیهادیان لە بەرانبەر ئیسرائیل هەبوایە! پێدەچێ ئەوان ئەردۆگان بە سوڵتانی عوسمانیی نوێی خۆیان بزانن، بۆیە وا لە دەوری کۆبوونەتەوە و شەڕی دژاوی بۆ دەکەن.

بەختیار محەمەد

دەقی کراوە پیاسەیەکی درەنگ وەخت لەگەڵ ماغوت-دا ... سمکۆ عەبدولکەریم

(١)
دوای ئەو پیاسەیەش دەبە ناوە ناوە سەر لە (خەمکانی بەر هونەکی مانگ)ی ماغوت بدەم و بەسەری بکەمەوە.
بەڵکو ئەوە خوایە، قامچییەکەی دەوەشێنێ و شەش دەست پەدەکات و ئەمەش قورتارمان دەبێت لە چنگی ئەو گەرما بەدفەڕەی تەنیا بگوێی خەی دەکات:
"هەموو ئەوەی دەمەوێت
بەو پەڕەی خەرایی بگەمە ئاسمان
بە ئەوەی قامچییەک بدەمە دەستی خودا
تا فەلاقەمان بکات و هانمان بدات شەڕش بکەین و
یاخی ببین"
(٢)
کەتایی ساڵی 1989 بوو، لە کەرکی شیعری لە هەولێر، کە بە ژمارەیەک لە شاعیرانی(هەولێر، رانیە، کۆیە) رەکخرابوو
کە لەو ساوە بە ئەمڕە دەکاتە (٢٩) ساڵ.
هەروا دەزانم دوێنی بوو.
ئەگەر هەڵە نەبم هەر لەو ئەوارە کەڵدا (قوبادی جەلیزادە) شیعری (تەمتومان)ی خوێندەوە:
"بای دەچ بایەک
مناران قوت دەکا
قەڵایان سەرنخوون
کانیاوان پە دەکا
لە ژەهری کەم و خوون"
کەژال ئەحمەد، تازە وەک شاعیرەکی ناسک و بە جورئەت و جوان دەردەکەوت، ئەستاش وەبیرمە کە وتی:
"بە ئەو ئەوارە کەرە براکەمیان لەگەڵ ناردوم، کە دیارە ئامانجێکی هوون بوو بە فەزای ئازادی، لە ووە کەمایەتییەکیەوە"
ئەو شیعرەم بیر نەماوە کە کەژال خوێندیەوە، بەڵام ئەو دەرە شیعرەم بیرە، کە مشتومەکی زۆری بەدوای خەدا هێنا:

"هیچ شتێك بەم زەویيەم نابەستێتەوە، جگە لە پاژنەی پێاوەكانم"
ئەوە، ئەو چركە ساتە بوو، كە بە یەكەم جار گوێم لەناوی "محەمەد ماغوت"ی گەورە شاعیر بوو، چونكە دواتر لە "كۆژال ئەحمەد"یان هەڵدەی، كە گوایە ئەم دێرە شیعرە، لە شیعرێكی "ماغوت" وەرگیراوە، كە دەڵێ:
"هیچ شتێك بەو زەویيەم نابەستێتەوە جگە لە پێاوەكانم"
ساڵ هات و چوو، ماغوتم باشتر ناسی، بە تایبەتی كە لە شیعرێكیدا دەڵێ:
"من پێاوانم .. كوا جەماوەرم
من خائینم… كوا دارقەنارەم
من پێاوم كوا ڕێگام"
ئەستاش باشترم ناسی كە ئەو قسەیەی ماغوتم خوێندەوە:
"بە ئەوەی شاعیرێكی مەزن بیت، دەبێ ڕاستگۆ بیت
بە ئەوەی ڕاستگۆ بیت، دەبێ ئازاد بیت
بە ئەوەی ئازاد بیت، دەبێ بژیت
بە ئەوەی بژیت، دەبێ بەدەنگ بیت"
(٣)
بەهەی ئەوەی كە ئەم و ماغوت، سەر بەیەك كیشوەرین
سەر بە یەك ئاسمان و یەك جەمسەرین
بەڵام ئەم وەاتێكی بەدەوێت و ئەوان نیشتمانێكی فرە دەوێتن.
كەچی زامەكانمان یەك جەر زام و ئەقە و مەشكمان یەك جەر و هەر یەك توخمە.
ئەوتانە ماغوت ئەوەی بە نەتەوەكەی خەی دەڵێت، وەك ئەوە وایە بەنەتەوەكەی منی بڵێت:
" وەاتەكانمان نوقمی نەخشی و نەزانین و بێ ئیشی و قەرز و سەكس و كەبت و ماددەی هەشبەر و ئوسولییەت و تایفەگەری و توندوتیژی و خوێن و فرمێسك بووە.
كەچی ئەم سەرقاڵی نقومبوونی تایتانیكین"
(٤)
هەرچەند لە گەڵ "ماغوت"دا بە ڕێگادا دەڕۆم و دیقەتی ئاوازی غەم و هەناسەكانی سەر شەستەی و هەنگاوە لەسەرخۆكانی دەدەم، هێندە زیاتر هیچ و پووچی مرۆڤەكانم بە دەردەكەوێت، زیاتریش ئەو تێگەیشتنەم چەكەرە دەكات، كە بەڕاستی ئێگەر پیاو كوژو خوێنەی و سەرسەری و درۆزن و دز و جاسوس و كەسەكانی نەو تاتیرخانەكان.
هەموو ئەوانەی، شەریفەكان تۆیان هەڵداونەتە دژەوەی بازنەی كەمەگا نەبوونایە، ئەوە بە دڵنیاییەوە مرۆڤ شەریفەكان دونیایان دەخوارد.

وەك" زەكەریا تامر" لە پێشەکی کتێبی "ساخون وطنی" ماغوتدا دا دەڵێ:
" نیشتمانی ستەمگەران هیچ نابەخشێتە خۆکی لە چەوساندنەوە و زەبووونی و کەساسی زیاتر، بۆیە هەر وەلائێک بە ئێم نیشتمانە خیانەتە" ئەو نیشتمانەی هەمیشە بە دەستی شەریفکانەوەیە، چا نیە مرۆڤە ناشەریفکان لێناگەڕێن ئەوان بە کەمالی ئیسراحەت لێی پاکەون. لە نوستنیشدا دەبێت هەمیشە چاوکیان زەق بێت.
عیسای براى ماغوت ئاماژە بە دواستەکانی ماغوتی براى دەکات و دەڵێ:
"ماغوت تا دواساتەکانی تەمەنی، شیعر و گەرانی هەر بە برسیەتی و ترس هەنیەوە، ئەو ماڵەکەی پە بوو لە خەراکی جەراوجەر، بەڵام نایدەخوارد، تا دەست بەو برسییەتیەوە بگرێت، کە لە کاتی نووستندا ئیلهامی پێ دەبەخشی"
ماغوت کاتێك بە گیرفانی بەتاڵ و برسیەتی و بێجگەرەیی و پێاوی کون کونەوە، بە شەقامەکانی بەیروتدا دەسوایەوە، نزار قەبانی شاعیر لەسەر (دانتێا)ی دەنووسی، کە جەرە قوماشکی لە ئاورشم و لەکە دروستکراوە.
بۆیە هەمیشە لەسەر خاکی نیشتماندا کەمەلەك جانەوەر دەژین، وەك جانەوەر لە هەوەی یەکتر خواردندان.
(٥)
من ئێستا تێگەیشتم بۆچی لە بەرامبەر ئەو هەموو رووداوە جەرگبڕانەی بەردەوام لە نیشتمانەکەمدا رووددەن، هێندە خەمساردم.
بۆچی لەبەرامبەر هەموو ئەوەی رووددات کەمترین فرمێسك بە چاوکانمدا دێنەخوارێ.
کەچی لەبەرامبەر بیرەوەریە تاڵ و شیرینەکانم، گریان بەردەوام میوانمە و فرمێسك بە چاوانم وشك نابێتەوە.
رەنگە هەموو ئەو مرۆڤانەی تەواوی تەمەنیان لە نێو شەڕی بە ئاماندا بەسەر بردوە، هەروا بن.
چونکە ناکرێ خەت بەدیتە دەست ئەو قەدەرەی تەواوی ژیانتی داگیرکردوە.
ئەگەر خەت بەدیتە دەست ئەو مژووە داسپاوە، مانایەك بە ژیان نامێنێتەوە.
بۆیە تە دەبێت مانایەکی تر بە ژیان ببەخشی و هیوایەکی تر بدەیتە بەر خەت.
لەرەوە دەتوانی بە شێوەیەکی دیکە خەت بدەزیتەوە و خەت لەم گەمارۆیە دەرباز بکەیت، کە خەریکە لە نەوت دەبات.
ئەوە، ئەو ئەوارەیە بوو، کە لە پیاسەیەکی درەنگ وەختدا "ماغوت"

پی وتم.
ماغوت زار زوو لەو تگەیشتووە، کە ناکرێ بە هەمیشە بدیار بێ ئەقڵی سەرکردەکانی و خەم و خەفەتی میللەتەکەی کە وەك مێ هەر خەریکی چەپڵە کوتانن، بە دیار قسە بە ماناکانی ئەو سەرکردانەی هەر دەزانن بقیەننن، دانیشە و خەی بخواتەوە.
"ماغوت" لە جیاتی ئەوەی فرمێسك بە بە ئەقڵی ئەوان بگرێت، فرمێسکی بە بدبختی خەی هشت، ئەو تا ژیا هەر بدیار غەمکانی خەیەو خەریکی نووسینەوەی غەمکانی نەتەوەکەی بوو.
"ماغوت" دەڵێ:
"بە درێژایی جەنگی حوزەیران فرمێسکێك چیێ بە چاومدا نەهاتە خوارێ، کەچی گرانییەکی فیرز، یان نەجات، یا عەبدولحەلیم دەمگرێنێت"
(٦)
مرۆڤکان هەمیشە لە نەوان ئومێد و پشیمانیدا، واق وماون، هندکیمان ناتوانین پشت لە ئومێدکانمان بکەین.
هندکیشمان زرجار ناتوانین پنجەی پشیمانی نگەزین.
هست دکەم پیوندییەکی ورد لە نەوان ئەم دوو وشیدا هیە.
پیوندییەك ناتوانین نبڕین هردووکیان استن.
کاتێك ماغوت لە کتایی ژیانیدا بە فاتیمەی هاوسەی دەڵێت:
" ئەمە محکومین بە ئومێد"
فاتیمە لە وەڵامی ئەمدا پی دەڵێت:
" ئەمە محکومین بە پشیمانی"
ماغوت تنیا دتوانێ سەری بە اوشنێت، وەك ئاماژیەك، بە ئەوەی پی بڵێت:
" جەستەم تەنەی ئەوەم لەدەکاتەوە، کە چەندین ساڵە پشتگوەم خستووە"
هرچەندە دووریی نەوان "ئومێد و پشیمانی" ئاسمان و زەویە، بەڵام نزیکیەکشی لە دربرین و تفکریندا هەر تنیا ئەو (و) ەی نەوانیانە.
"بیە تا (و) هەبە ناتوانین ببین بە یەک گیان لە دوو جەستەدا"
(٧)
هەموومان وەک یەک، لە مانگ ادەمنن.
کە اشماین، وەک یەک مانگ دبینین.
کە بینیشمان، وەک یەک لەتەدگەین.
کە تشگەیشتین، کاتێک دبینین مانگ لە جی خەی نماوە.
(٨)
کەمن ئەوانەی لە دوا چرکەی تەمەن و ژیانیشیاندا هیوابەخشن.

دڵخۆشکردنی مرۆڤ فەلسەفەیەکی گەورەیە.
پێدانی هیواو هاندانی مرۆڤ، بۆ ئەوەی هەمیشە بەرز بڕوانێ و چاوی لە ئاسۆ دانەبڕێ، بە مرۆڤە بوودەکان ناکرێ.
هەموو فەیلەسوفەکان «هایدیگەر» نین لەدوا چرکەی روح دەرچوونیاندا بڕێن سوپاس.
لەبەرامبەر ئەو سوپاسەشدا چەند لقەدارو گەڵایەك بخەنە نێو تابووتەکەیەوە.
تۆ سەیرکە، ئەو بەم سوپاسەوە، ئەم مەرگە تاڵە، چەند شیرین دەکات، بەڵام ئێمە، ئێمەی ئێستا، ئەم ژیان و جیهانە قەشەنگ و شرینە چەند ناشرین دەکەین.
(٩)
تۆ بڵێ، کاتێك گەڵاکان زەردبوون و وەرین، چ پێویست دەکات، پێمان بڵێن ئاگادارین، ئەمە نیشانەی هاتنی پایزە.
کە بەفر باری بۆ دەبێت نەزانین زستانێکی قورس بەڕێوەیە.
کە هێلکەمان لەبەر خۆرەتاو برژاند نەزانین ئێم هاوینێ چەندێ گەرمە.
کۆ درختەکان زووتر چرێیان دەرکرد نەزانین ئەمسال بەهار زووتر دێگات.

پرسـوای ژانـ... مـوزفـر عـبدوڵا

تـبینییـکی پـویست:

وەک چـند ژنـێک لـەوبـەر ڕامگـیاند کـە لـێم هـەڵتـیـوە ،زیاتریش لـسـەر سـەرنجو پـشنـاری هـنـدێك لـە خوێنـەرانـو هاوڕیـان ، گـشـتی پرسـوای هـەڤـتـانـێ دەکـەمـە ژانـێ تـا بـتـوانم ژانـێ ڕاوبـچونـو هـەڵـویستم لـسـەر ڕودداوو پرسـ گـورـو گرینگـکان زوترو بـە دواکـوتن بدەم.هـەوڵـبـدەم ئـەمـش بـە پـێی کاتو تواناو پـویست.بـو هیوایـم بتوانم لـە ڕوانگـەی مارکسیسـتی و بـەرژەوەنـدی یـە چینـایـەتیـەتی یـەکـانی جـەماوەری چـەوساوەوە تیشکـێک بخـەمـە سـەر هـەکاری سـەرهـەڵدانی ئـەو ڕوداوانـو شیـوازی چارەسـەری ئینسانیـان لـە ڕێگـای خـبـاتو

تەکەشانیاندا.

پارەی کەیان حەماە: دەسەڵاتداران یان سەکس فرۆشکان...؟!
لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دوو ڤیداوو وەک بەمب لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنو میدیای کۆمەڵایەتیدا تەقینەوەو بونە جیگای پرسوڕاو هەڵوەستگیری فراوان لە کۆمەڵگادا. وە بە شێوەیەکی گشتی خەڵکەس لە ڕایکانیادا دژی دەسەڵاتداران بون لە رودانی ئەم روداوانەو سەرکەنەیان کردن.
ئەو دوو هەواڵەش هەواڵی چاکسازی لە موچەو کرێی خانەنشینی پەرلەمانتارو وەزیرەکان بوو لەگەڵ بڵاوبونەوەی ڤیدیوی کۆمەڵێك ژنو کچی هەرزەکار کە لە لایەن دەزگای پۆلیسی پارتی یەوە بڵاوکرانەوە .وەک لە ڤیدیەکانیش دیاربون پۆلیسەکان ئەوپەڕی سوکایەتیو بەئیزیان بە ژنەکان دەکرد بە ڕووو دەرخستنو دانپیانانیان بەم کاری سێکس فرۆشی یەو وەک ئەوەی گەورە تاوانبارەکانی سەرانی داعشو دزو گەندەڵکارو بکوژانی ڕۆژنامەنوسانو هەڵسوڕاوانی سیاسیان گرتبێت. بەگومان ئەمەش سەرەڕای ئەوەی ئەوپەڕی پشێلکاری مافەکانی مرۆڤو یاساو هەر نەریتێکی ئینسانی بوو هاوکات ژیانی ئەم ژنانە دەکاتە بەر مەترسی کوشتنەوە بە تایبەتی لە لایەن کەسوکاری پیاوسالارو کۆنەپەرستی تاوانباری ناو کۆمەڵگاوە.

جا بەو پێی یەی هەردوو هەواڵە هاوکات بونو، هەروەها لە زەر لایەنەوە پێویستیان هەیە پێکەوە ، بە تایبەتی لە قسەوباسو هەڵوەستگیریو ناڕازایەتی یەکانی خەڵکیش بە هەردو ڕووداوەکە ، بەیە منیش بە پێویستم زانی بە پرسیارێک وەک هەمو جارێک ڕایکیان لەبارەوە بدەم . هەروەک لە تایتەڵکەدا پرسیومە پارەی کەیان حەماە : پارەی سەرانی دەسەڵات ، کە مەبەستم هەمو پەرلەمانتارو وەزیرو گزیرو سەرانی حزبەکانە، بە تایبەتی ئەوانەی جومگەکانی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە کە زیاتر پارتی و یەکیتین ،یان ئەم ژنە سیکس فرۆشە بەتاوانانە ؟!
بەر لە خستنە ڕووی ڕادووڤیداوو وەڵامەکەم بە پێویستی دەزانم ئاماژەیەک بەوە بدەم بە ووشەی حەڵاڵم بەکار هێناوە کە ڕوانگەیەکی ئیسلامی لە پشتەوەیەو، لە کاتێکدا من هیچ کات نە بەوام پێی هەبوو نە لە هیچ دیدگایەکی ئیسلامیشەوە ئاوبەچونەکانم دەنوسم.ئەنگەڵ زەر کەسی هاوبیریشم هاوڕام نەبن.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنانی ئەم ووشەیە لەرەدا بە موناسب دەزانم بەو مەبەستەی کە سەرانی ئەم دەسەڵاتو حزبانە سەروبەریان بەوایان بە ئایینێ ، بە تایبەتی ئیسلام

.بە هەمو شتێکی باشو خراپ ، عادل وناعادل ،هەقو ناهەق ، ووشەی حەڵاڵو حەرام بەکار دەنن. ئەمەش جگە لەوەی لەناو خەڵکیش بەهەی باڵادەستی بیرو نەریت و کەلتوری ئیسلامیو قەومیو خەڵکی ئەم دیدگاو دەستواژەو ووشانە بونەتە باو . بەکاری هێنانی منیش بە ئەم ووشەیە زیاتر بەو مەبەستەیە بیدەمەوە بەچاوی گەورەوبچوکی ئەم تاقمە قەومی و خەڵکیو ئیسلامیانەی ناو دەسەڵاتو دەوری دەسەڵات و پێیان بڵێم کە هەر بە پێی پێودانگو بانگشەو قسەکانی خۆتان پارەی ئەم سیکس فرۆشانە حەڵاڵە کە لە سایەی دەسەڵاتەکەیاندا ناچار بەم کارە کراون بەرامبەر بە پارە یەک تا ژیانی خۆیانو منالیانی پێ دابین بکەن.
کە دەڵێین لە سایەی دەسەڵاتی هەشی ئەماندا ئەم ژنانە ئەم کارە دەکەن باشترین بەڵگەش هەر ئەو یاسایە بووە هەر لەم کاتەدا پەسەندیان کرد بە دانی موچەی خەیاڵی بە هەمو سەرانی دەسەڵات لە کاتی خانەنشینیشدا کە مانگانە چوار ملیۆن دینارە کە بەشی ژیانی ساڵێکی ئەم ژنانە دەکات.بڕوانە موچەی خانەنشینانی تری وەک مامۆستاو کارمەندانو کریکاران دوای ٣٠-٤٠ ساڵ کارو خزمەت زۆرترینیان ناگاتە نیو ملیۆن.

ئەمە جگە لەوەی ئەو کاربەدەستە دزانەی دەسەڵاتو حزبەکان پێش خانەنشینیشیان دەبنە خاوەنی خانوو کەمپانیاو ماشینو هەمو پێویستی یەکانی ژیان کە دەیان قات زیاترە لە پێویستیان .بڕوانە لەو سەدان هەزار مامۆستاو کارمەندو کرێکارە نیوەی زیاتریان تا مردن نابنە خاوەنی خانوو ماشینو هیچ سەروەتو سامانێک. ئاخر ئەوانە چۆن دەبنە خاوەنی هیچ کە ساڵانە تەنها ٣-٤ موچەی نیوە ناچلی ئەوپەڕی نیو ملیونی وەردەگرن!؟
بڕوانە کاکی پەرلەمانتارو وەزیر تەنها لەو چوار ساڵە جگە لە چوار ملیونەکە جۆرەها دەرماڵەو هەسمو سومی تری بە دەنوسرێت لە پاڵ دزیو گەندەیو بەرتیل وەرگرتنو پاسەوانی بن دیوارو دەیان فرتوفێڵی تر.

ئەمە بە نیسبەت موچەی خانەنشینی پەرلەمانتاو وەزیرو گیزەکان .ئەوە ئیتر لە بەرپرسە حزبی یەکان ،بە تایبەت لە کادیرە حزبیو سیاسیو کەمپاینەتیو پیشەییو چۆنە بازە میدیاکارەکانیان تا دەگاتە سەرکردایەتی یان مەپرسە کە هەمویان لەبەر خواردنی پارەی دزی و گەندەڵی بەغدابەیان بەسەر بێنباخکانیانو، ورگیان بەسەر قایشکانیانو ،چەرمی قاچیان بەسەر قەندرە چەرمە ئیتالییەکانیان شڵە بونەتەوە...!

ئا بەم شێوەیە دەزگەکیان بە زۆرایەتی خەڵکی چەوساوەو بەبەش لە: کرێکاران، جوتیاران ، بیکاران، دەستفرۆشان ، مامۆستایان ، کارمەندان ،ژنان، وردە پیشەوەرەکان ، لاوانو قوتابیان و ..هتد پێکهێناوە . بە تایبەتی ئەوانەی کە سەر بەو حزبانە نین، ناچاریان کردون پەنا بەرنە بەر هەمو شێوازیک بۆ پەیداکردنی پارەو نانێک .هەر لە گەڵان بە دوای ژیانە خراپەکێک یان هەر پێویستی یەکی تر لەسەر زبڵدانەکانو، سواڵو دزیو ،ئاووتو ،تاوانکاری تا دەگاتە کاری نا ئینسانی لەشفرۆشی ژنانی وەک ئامانە کە وێنەو ڤیدیویان بۆ دەکرێتەوە .

وەک ئاماژەمان پێدا تا ئێو جێگایەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوداوی بۆکوردنەوەی ڤیدیوی ئەم ژنە بێتاوانانەوە ،کە هاوکاتو هاوتابو لەگەڵ بەیاری پەرلەمان بۆ بینەوەی موچەی خەیاڵی خویانو موچەی کەمی زۆرایەتی خەڵکی تر کە جیاوازی یەکی ئاسمانو ریسمانە، ئەویە کە ئێوە بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی یە وا لە بەشکی ژنان دۆکات ناچار بن دەسبەرن بە کاری سێکس فرۆشی .بەگومان ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەمو ژنێک شونەواری زیانباری تەندروستی ، کۆمەڵایەتی ، کەلتوری ،و سوتاندنی هەستو سۆزی خۆشەویستی، ئەم کارە دەزانێت .وە دەزانێت کە لە کۆمەڵگایەکی ژێر سایەی دەسەڵاتی خەڵکی ،بنەماڵەیی ئایینی وەک ئامانەی کوردستان دەسبردن بە ئەم کارە ژیانی دەخاتە مەترسی مەرگەوە بەڵام لەگەڵ ئێوەشدا ژیان ناچاری دەکات ئەم کارە بکات. کوشتنی هەزاران ژن یاخود خەکوژیان بە بەهانەی شەرەفەوە لەم سێ دەیەیەی رابردووی کوردستان باشترین بەڵگەن بۆ مەترسی دەسبردن بۆ ئەم کارو پیشەیەو هاوکات بەردەوام بونیشی.

جا ئەگەر ئەم پڕلیسو ئاساییشانە ئەم راستی یانە دەزانن وهاوکات پییان وایە کە نیشاندانی ئەم وێنەو ڤیدیویانە دەبێتە هۆکارێک بۆ لەناوبردن یان کەمکردنەوەی لەشفرۆشی ئێوە مەگەر هەر براکانی ئەم چەکدارانە نین پاسەوانی شێوە پەمەیی وسورکانی سەرانی ئەم دەسەڵاتە دەکەن کە جوانترین ژنکانیان بە دەهێنن بۆ ماڵکانیان و ئوتیلو ڕیستۆرانە حەوت ئەستێرەیی یەکان...؟! وە دوای تەواو بونیشاین بۆ پارەکیش دەخنە گیرفانیان وەک پاداشتیک بۆ پاسەوانیان،،؟!
هەر بۆ نمونە ڕۆژێک لە یەکێک لە ئاپارتەکان سەبارەت بەم دیاردەیە لە کوردستان بۆ تایبەت شاری هەولیر کە لە زمانی یەکێک لە کچە هەرزەکارەکانەوە باسی کردوە کە ژنە دەڵاڵەکەی پێی وتوە ئەمشەو لە

هوتلێکی حەوت ئەستێرە لەگەڵ یەکێک لە سەرکردە گەورەکانی پارتی شەو بەسەر دەباتو پارێیەکی خیالی وەردەگرێت هەقی ئەوەی کچێ و تا ئێستا لەگەڵ کەس نەخەوتوە.
ئاخر ئەمە چ کارەساتێکە بەسەر ژناندا دێت...!

ئەم پەلسو چەکدارانە کە لەم ڤیدیۆیەدا ئاوا سوکایەتی بەم ژنە بێدەسەڵاتو داماوانەدا دەکەن ئاخۆ دەتوانن بچنە بەردەم ئەو ئوتێلەی کە سەرانیان لەگەڵ هەمان ژنانی سیکس فرۆش هەمبازێن دەکەن..؟! دیارە بەگومانە نەخێر،چونکە ئەمانە خەیان هەم پاسەوانو هەم قوربانی دەسەڵاتن.
بۆیە پێویستە ئەم پاسەوانانەی دەسەڵاتدارانو هەر کەسێکی تر کە خەیان وا نیشان دەدەن دژی ئەم دیاردەیەن ئەوە بزانن کە هەرگیز بەو شێوە بیرو کارانە لە سایەی دەسەڵاتی چەوسێنەرانەی ئەمانە ئەم دیاردە دژی ئینسانی یە لەناو دەبرێت . هەنگێ بە ئاشکرا نایەتن بەڵام بە نهێنی هەر دەمێنێت .
چارەسەری ئەم دیاردەیە لە گرووی نەهێشتنی زەمینە ئابووری و کەلتووری یەکانو دەستبەرکردنی ئازادی و یەکسانی هەمڵایەنەی ئابووری و کەمەایەتیدایە. بەگومانە ئەمش کاری شەوو رۆژێک نی یە بەڵکو پرۆسەیەکی دوورت بەر لەهەر شتێک ئامانجینی ئەم جۆرە دەسەڵاتەی دوورت کە بۆتە هۆی سەرهەڵدانو زیادبونی چەوسانەوەی ژنان و بارزگانی پیوەکردنو سیکسفرۆشیان.

جا بۆیە هەتا ئەم دەسەڵاتانە لەسەرەوە بە خەیان بەرامبەر هیچ ماندوبونو ووزە بە فیرۆدانیکو کارێکی تاقەت پرۆکێنو بە شەوازی دزیو گەندەڵی نهێنی و ئاشکرا خاوەنی پارەو پولو هەمو هەیکانی بەرهەمهێنانو سەرمایە بن ،و ئەم دەخە نا ئینسانی یەش بەسەر خەڵکی ستەمدیدە بە گشتی و ژنان بە تایبەتی بسپێنن ئەوە بەگومانە هەندێک ژنانیش هەر بە پاروە نانێک توشی داوی ئەم کارە نا ئینسانی یە دەبن.
بیگومان لەهەر ڕوێکەوە سەرنجی پێداکردنی ئەم شێوە پارە پێداکردنەی ئەم ژنە بێتاوانانە بکەین ئەوە حەاڵەت لە چاو پارە پێداکردنەکەی سەرانی ئەم دەسەڵاتە کە لەسەر حیسابی قوتی نزیک بە پینج ملیۆن خەڵک پێیدای دەکەن.

٢٠١٨-٣-٤

شنەی دەریا … شیعری: ستیڤان مالارمێ

لە ئینگلیزیەوە: سەران محەمەد ……

جەستە خەمناکە، مەخابن! ومن هەموو کتێبەکانم خوێندووەتەوە.
با بڕۆین، دوور بڕۆین، هەستدەکەم
مەلەکان سەرخۆشن و دەفڕن
بۆ قولایی کەفی نەزانراو و ئاسمان!
هیچ- تەنانەت باخە کۆنەکانیش نا کە چاو دەیداتەوە-
ناتوانن ڕۆ لەم دۆە بگرن لە نغرۆ بوون،
ئا شەوەکان، یا ڕووناکی جۆگڕاوی لامپەکەم،
لە سەر بێشایی پەڕەکە، سپیاتییەکی بەرگریکارە،
نا، تەنانەت ژنە گەنجەکەش خۆراك بە منداڵەکەی نادا.
من دەڕۆم! کەشتییەکە گوریسەکانت ڕاکێشە
لەنگەرەکەت بڕندکە ڕووەو زبریەکی سەیر
بێتاقەتی، فەرامۆشی دۆنێتەدی بە ئاواتی زبر
هێشتا باوەڕدار بە ماڵئاوایی دەسڕەکان!
و هەنگە چارکەکان، بانگهێشکردنی ڕووناکییەکان،
ئەوانەی گەردەلولەکە چەماندنیەوە بەسەر پارچەی کەشتییەکە،
ون بوو بۆ چارکان، بۆ چارکان، دوورگەکانیش بڕیین…
بەڵام، ئای دڵم، گوێ لە ئاوازی دەریاوانەکە بگرە
…

پڕۆفایل:

ستیڤان مالارمێ شاعیری ناوداری فەرەنسی؛ لەساڵی 1842 لە پاریس لەدایك بووە، دادەنرێت بە یەکێك لە پێشەوانی ڕێبازی سیمبۆلیزمی شیعریی.
پاش مردنی دایك و باوك و براکەی، هەر لە منداڵییەوە توشی خەمۆکی بوو، لەساڵی 1863دا هاوسەرگیریی کردو منداڵەکیان بوو، بەڵام باری خەمۆکی ئەوی سوك نەکرد.

ئەو دەیویست باز بدات بەسەر ئەو هەوتە باو و لاسایکارەی ئەو کات لە فەرەنسا لە ئارادا بوو، هەروەها بە ڤیگتەر هوگۆ سەرسام بوو. هونراوەکانی بە هەسەنایەتی ناوزەد دەکرێن، بە هۆی ئەو سروشتە داخراو و بیرکردنەوە قوڵ و سۆزدارانەی هەیبوون، ئەمە وایکرد بە یەکێك لە شاعیرانی نوخبە ڕیزبەند بکرێت... ئاڕیزی دەقەکانی و سیمبولە جیاوازەکان ڕەنگیان هەبوو لەم ئەفراندنە جیاوازەی ئەودا، تا لە فالفان لە بەرواری 9/9/1898 دا کۆچی دوایی کرد.

...

سەرچاوەکان:

Poemhunter -1

en.wikipedia -2

پێشکەوتن: گۆڤارێکی تەمەن کورت و بە بەشت ... ئیسماعیل تەنیا

ڕۆژنامەگەریی کوردی بە گەلێک قۆناغی جیادا تێپەڕیوە. هەبووی دەیان ئاستەنگی قەبە، هاتووە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بە پسانەوە بەردەوام، شان بە شانی تفەنگە ئۆکتیڤەکان، لە خەبات و تێکۆشاندا، بەردەوام بووە. ڕۆژنامە نووسە بوێرەکان، ئەوانەی گیانی خۆیان خستبووە سەر لێپی دەست و ، مەمرەو مەژی، داینەمۆی سەرەکی ئەم بزاڤە بوونەو درێژیان بەم ڕێگا پیرۆزە داوە.

ڕۆژنامەگەریی شاخ، لە مەژووی بزاڤی کوردایەتیدا، شوێنێکی دیارو بەرچاوی هەبووە... سەربەرزانە، هاوسەنگەر لەگەڵ پێشمەرگەکان، مەژووی پڕ لە قوربانیدانی گەلەکەمانیان، نووسیوەتەوە. لە شێوەی نوێی ئەمجارەشماندا، بە دەیان گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی جیا جیا، لە ڕووی هزرو ئایدۆلۆژییەوە، دەرچوونە، کە لە ئاستە کردن و گۆشکردنی جەماوەردا، جێ پەنجەیان لەسەر ئەم نەخشە جوانەدا، دیارو ڕوشن بووە. جگە لەمەش، دەزی کوردیان بە خێکی تر ناساندووەو، ڕۆمە داگیرکەرەکانیشیان، ڕیسوا کردووە. یەکێک لەم گۆڤارە سەربەرزانەی کە دەبێت شوێنێکی شایستەی لە خەباتی کوردایەتی و چینایەتیدا،

دەقەبەر بکرێ، گۆڤاری (پێشکەوتن)ە.
پێناسین
کەسێکە بوونی چەندین تێنگوچڕێمەی فکری و ئیداری و ناوخۆیی، بووە هۆی لێباریکچوون و لێکترازانی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)و، پارچە پارچە بوونی.
بەرەنجامی لێبڕچاو نەگرتن و لێکتر حاڵی نەبوون و جیاوازی بیرکردنەوەو بیرو بۆچوون، زەمینەیەکی ئامادەی خولقاند کە لە ١٤/١٢/١٩٨٥ دا، (حزبی سۆسیالیستی کوردستان- عێراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆرشگێڕ)، هەڵوەست وەربگرێت و، لە حزبی دایک، جودا بێتەوە. ئەم حزبە سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندو کۆتە جموجۆڵ و ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری خۆی. بە ئەم مەبەستەش، لێبواری ڕاگەیاندنەوە، (ئاڵای ئازادی) و گۆڤاری (پێشکەوتن)ی، دەرکرد.
پێشکەوتن، گۆڤارێکی سیاسی، ڕۆشنبیریی، گشتی، قەبارە (١٧ بۆ ٢١) سانتیمەتر، بوو، حزبی سۆشیالیستی کوردستان- عێراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، دواتر، (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)، لە شاخ، دەریدەکرد. هەمووی بەسەر یەکەوە، پێنج

(٥)، ژمارەی لەدەرکراوە. لە یەکەم ژمارەوە، تا ژمارە چوار، لێژنەی ناوی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان- عێراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ)دا، دەرچووە. لە پاش کۆنفرانسی یەکەمی ئەم حزبە لە بەهاری ساڵی (١٩٨٨)، کە لە کوردستاندا، بەستی،
ناوی حزب بۆ (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)، گۆڕدرا. بۆیە: لە ژمارە پێنج (٥)دا، ناوی حزبە تازەکە (حزک)ی لەسەر نووسراوە. ئەم گۆڤارە لە ڕێگای ڕێکخستنەکانیانەوە، بۆ ناو دەبەوە، ئەم دەست و ئەو دەستی دەکرد. زەر جاران
دەگەیشتە ناو خوێندکارو نووسەرە بەغدانشینەکانیش. ئەم گۆڤارە، پێنج ژمارەی بەم شێوەیە، لەدەرچووە:
– ژمارە (١) ، ئازاری ١٩٨٦، ٤٤ لاپەڕە.
– ژمارە (٢) ، تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ ، ٦٠ لاپەڕە.
– ژمارە (٣) ، شوباتی ١٩٨٧ ، ٨٠ لاپەڕە.
– ژمارە (٤) ، تشرینی یەکەمی ١٩٨٧، ٥٦ لاپەڕە.
– ژمارە (٥) ، نیسانی ١٩٨٨، ٥٢ لاپەڕە.
کۆی هەموو لاپەڕەکانی بەسەر یەکەوە: (٢٩٢)، لاپەڕە بوو. لە ژمارە دوو بەدواوە، چەند لاپەڕەیەکیشی بە بابەت بە زمانی عەرەبی، تەرخان کردبوو.
ناوەڕۆکی گۆڤارەکە

پەشکەوتن لە بزاڤی ئەژنامەگەریی کوردیدا، بە گۆڤارەکی چەپی شۆڕشگێڕ، لەقەڵەم دەدرێت. بە دیدەکی پەشکەوتنخوازانەوە، لەژێر ڕۆشنایی بیرو ئایدۆلۆژی (سۆسیالیستی زانستی)دا، هەوڵستی لە ڕووداوەکان، وەردەگرت و شرۆڤەی گونجاوی، بۆدەکردن.
بابەتەکانی، زۆتر سیاسی بوون. لەکەی (٢٩٢) لاپەڕەدا، (١٨٣) لاپەڕەی بە بابەتی سیاسی، تەرخان کردبوو. پاش سیاسەتیش، (٥٠) لاپەڕە بە ئەدەب، (١٥) لاپەڕە بە بابەتی کۆمەڵایەتی، (١٤) لاپەڕە بە مێژوو، (٩) لاپەڕە بە مێژووی
ئەژنامەگەریی کوردی. لە کەی پێنج ژمارەدا، (١٢) لاپەڕەی بە زمانی عەرەبی تەرخان کردبوو. بەشە ئەدەبییەکەی بریتیبوو لە بڵاوکردنەوەی نە پارچە شیعرو، دوو چیرۆک و، چوار لێکۆڵینەوە. یەکێک لە لێکۆڵینەوەکان، وەرگێڕان بوو. بابەتە وەرگێڕدراوەکان، هەموویان لە زمانی عەرەبییەوە، بوون.
پەشکەوتن، دوو گۆشەی بەردەوامی هەبوو، یەکەمیان: ئەژمارەی پەشمەرگە بوو، کە بریتی بوو لە بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی پەشمەرگە. بە شێوازێکی ئەدەبی پڕخشان ئامێز، داڕێژرا بوون. گۆشەی دووەمیان: (داستانی پەشمەرگە)، بوو. ئەم گۆشەیە، گۆشەیەکی زیندو و هەست هەژێن و پڕ خوێنەر بوو. زانیاری لەسەر شێوە داستان ئامێزەکان، بڵاو دەکردەوە، کە بە نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخمان، سەنگی تایبەتی هەبوو، بە تایبەتیش، داستانەکانی: (وەزە)و، (شیوەپیران)و، (دەشتۆ)، (سماقولی)و، (ترپەسیان).

نووسەرەکانی (پەشکەوتن)
سەختی ژیانی پەشمەرگایەتی و بوونی پاپێستۆو فشاری ژێم لەسەر کەس و کاری پەشمەرگە، ببووە هۆی ئەوەی (ئەگەر نەڵێم هەمووی)، ئەوا دەتوانم بڵێم بەشی هەرە زۆری بابەتەکان، بە ناوی خوازراوەوە، بڵاوکراونەتەوە. ئەمەش لە پێناوی پاراستنی گیان و ماڵی کەسوکاری نووسەرەکانەوە، بووە. ئەم ناوە خوازراوانەش لە ڕاژی ئەمڕۆماندا، بە نووسینەوەی مێژووی ئەم زەمەنە سەختە، سەرئێشەیەکی گەورەی دروستکردووە، چونکە: دەیان نووسەر، لە ڕێبازو بیرو بۆچوون و سەر بە حزبی جیا جیا، بە هەمان نازناو (ناوی خوازتراو)، لە گۆڤارو بڵاوکراوەکانی شاخدا، نووسینیان بڵاوکردەتەوە. دەبێت (هەرش)ی نووسەر لە گۆڤاری (پەشکەوتن) لەگەڵ(هەرش)ی نووسەر لە گۆڤارەکی تری سەر بە حزبێکی تر، جودا بکرێتەوە. دەبێت: هەوڵ و ماندو بوونی ئەوان ڕێژنامەنووس و نووسەرانە، نەبێتە ئاردی ناو دەکان . دەبێت بە مێژوو و ناوی نوێ، بناسرێن.

لەم ڕوانگەیەوە، من بە پێویستی دەزانم – کاتی خۆی، وەک لە ستوونێکی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ-شدا، ئاماژەم پێکردووە، دەبێت، ئەم نووسەرە گومناوانە، خۆیان ئاشکرا بکەن، یان ئاشکرا بکرێن، تاوەکو خەڵکی لە ڕۆگای نووسینەکانیانەوە، بیانخوێننەوە.
من بە سیفەتی ئەوەی دەستایێتیێکی باش و پتەوم لەگەڵ (پێشکەوتن) و نووسەرەکانیدا هەبووە، وەرای ئەمەش، لە ڕۆگای پرسیارو ساڕاخکردنەوە، توانیوومە بۆشکی هەرە زۆری نووسەرەکانی ئەم گۆڤارە، ئاشکرا بکەم. بە ئەم مەبەستەش، سوودمکی باشم لە کاک ئاسۆ حەسەن (کاکل حەسەن)، وەرگرتوە. ناوبراو، هەرچەندە ناوی لەسەر گۆڤارەکە نەبووە، بەڵام سەرنووسەرو دایناەمەی سەرەکی پێشکەوتن، بووە.
لە کۆی سەرجەم بابەتەکاندا، دوو بابەت بە ناوی (دەستەی نووسەران)ەوە، بەاوکراونەتەوە، کە هەردووکیان (هەرش)، نووسیویەتی. دوو بابەتیش بەناوی پێشکەوتن)ەوە، بەاوکراونەتەوە کە یەکێکیان (هەرش) و، ئەوی تریان (ب- ڕۆگا)، (
نووسیویەتی. بابەتەکانی تریش بەم ناوانەوە بەاوکراونەتەوە: (
هەرش، ئاسۆ، دارا، ب- دەوەن، کاردۆ، ئومێد، دلێر، ئاشتی، ڕۆباز، خەبات، عەبدولڕەزاق مەرزەنگ، ۆ- هەشەنگ، ک- حەسەن، باوکی سەیران، م- سەنگەر، م.ج، ڕابەر، سۆفین-
خ، هێڤی، هێژار، هەمەت، فارس، زەزان، ح.م، هاوار، هەشەنگ، بروسک، ڕۆکان، ب- پێشمەرگایەتی، ب- ڕۆگا، هەشمەند، گەران، سەران، ئاکۆ ئاکەیانی، حەسیب).هەرش و ئاشتی، هەر یەکەو سێ بابەتیان، بەاوکردەتەوەو بە پلەی یەکەم دەن. دوای
ئەمانیش، ئەم نووسەرانە: (ئاسۆ، کاردۆ، هەمەت، ڕابەر، هێژار، زەزان، ۆ- هەشەنگ، ک- حەسەن، ڕۆکان)، بە پلەی دووەم دەن و هەر یەکەو دوو بابەتیان لە هەر پێنج ژمارەکەدا، بەاوکردەتەوە. بە پێی ئەم زانیارییانەی کە دەستم کەوتوون، ناوە خواستراوەکان و ناوی ڕاستەقینەیان، بەم شێوەیە:
– هەرش: (قادر عەزیز)ی سکرتێری (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)ی جاران و ئەندامی مەکتەبی سیاسی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)ی ئێستایە.
– ئاسۆ، کاردۆ، ئاشتی، ک- حەسەن، ب- پێشمەرگایەتی، هەموویان، (ئاسۆ حەسەن)ی ڕۆژنامەنووس و چیڕۆکنووس، بوونە.
– ح.م، ب- ڕۆگا: (عەباس محەمەد حوسێن)، ناسراو بە (حاجی مەم)، یان(کاکەباس)، بووە. ناوبراو، ئەم کات (ئاڵای شۆڕش) بووە.
– ب- دەوەن، ڕۆکان: (ئیسماعیل تەنیا)ی نووسەری ئەم بابەتە، بووە.
– هاوار، زەزان: (عەبدولڕەزاق مەرزەنگ)، بووە.

– هۆزار، م- سەنگەر، م.ح: نووسەرو پشمەرگەی شەهید (هۆزار دەدەوانی)، بووک.
– هەمەت: (ئیبراهیم) ناوک. بە داخەوە ناوی باوکیمان بە ساغ نەکراوەتەوە.
– هابەر: (هابەر ڕەشید)، یان (فازیل ڕەشید)ە، ناوبراو ئەستاکە مامۆستایەو لە شارچکەی (ئاتون کۆپری) پردە، دژیت.
– سەفین- خ: شاعیرو نووسەری خوالێخۆشبوو (ئەبوبەکر خۆشناو)، بووک.
– خەبات: (بەختیار عەبدوڵلا)ی ئەندامی دەستەی سەرکایەتی (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)ی ئێستایە.
– سەران: مامۆستای زانکۆ، (دارا عومەر)ە.
– ئومێد: (زرار جەلا)یە.
– حەسیب: (ئارەز عەبدوڵلا)ی ئەندامی سەرکردایەتی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)ی ئێستایە.
پشکۆتن لە ناوی هونەریەوە بە هەی کۆمەڵایەتی و هەل و مەرجە سەختەکانی ئەوان ڕۆژان، بەاوکراوەکانیش، باڵایان بەقەد باڵای ئەو هەل و مەرجانە بووە… بەیە، گۆڤاری (پشکۆتن)یش، وەک هەموو گۆڤارو بەاوکراوەیەکت تری زادەی زەمانی شاخ، لەم ڕووەوە، هۆزارەو خواستی خوێنەری ئەم سەردەمە تێر ناکات. بە فۆنتێکی ورد تایپ کراوە، دەڤەکان چوونەتە پاڵ یەک و بۆشایی نەوانیان کەمە، وشەکان سەرو ژێریان بە نەکراوە، ناوونیشانی بابەتەکان بە دەستی نووسراونەتەوە، لاپەڕەی دیارو جێگیرکراوی بە پاشماوەی بابەتەکان، نییە، بە گوێرەی (چەن گونجان)، جێگایان بە کراوەتەوە.
بەرگ، کارتۆنێکی ڕەق و جوانە، هیچ وێنەیەکی لەسەر نییە. لەسەر بەرگی دووەمدا، ناوی گۆڤارەکە بە پیتی لاتینی و ، هەروەها بە زمانی عەرەبی (ألتقدم)، نووسراوە. لە هەموو ژمارەکانیدا، لە ڕوپەڕەی ناوەوەی بەرگی یەکەمیدا، وتەیەکی (لینین) نووسراوە، کە گوزارشت لە سەربەستی و بیروبۆچوونی حزب دەکات.
بەم کورتە نووسینە، هیوادارم توانیبێتم لاپەڕەیەکی شاراوە لە بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی سەردەمی خەباتی نهێنی و شاخ (۱۹۷۵-۱۹۹۱) ئاشکرا بکەم و، هەوە و کۆششی ئەم سەربازە وناناشم خستبێتەڕوو. درود بە گیانی هەردوو پشمەرگەو شاعیر (ئەبوبەکر خۆشناو) و (هۆزار دەدەوانی)، کە لەم گۆڤارەدا ژیان هەبووەو یادەوەریان بەمان بەجێهێشتووە…

ئیسماعیل تەنیا – هانۆڤەر

کەروێشک و ڕووی.. نووسینی: ڕزا شوان

چیرۆک بۆ منداڵان..

کەروێشکێکی کەوی، لە سەیرانگایەکدا، کەروێشکێکی سپی بینی، چوو تا تاوێک یاری لەگەڵدا بکات، کە لێی نزیک بووە، سەیریکرد هیچ ناجووڵێتەوە.. بۆی دەرکەوت کە کەروێشکێکی ڕاستی نییە، لە کوتاڵی قەدیفەی سپی دروستکرابوو.. کەروێشکە پێنیەکەی لەگەڵ خۆیدا هێنا و لە دووری کونەکەیدا داینا.. جاروبار بە ڕژد دەچوو تاوێک یاری پێدەکرد.
ڕۆژێک لەوبەر جگا ئاوەکەوە، ڕوویەک لە دوورەوە هەردوو کەروێشکەکەی بینی.. لەبەر خۆیەوە وتی: دەزانم ناتوانم هەردووکیان پێکەوە بگرم.. بەڵام دەتوانم یەکێکیان بگرم.. ئەڵبەت خەم مەستی خواردنی گەشت کەروێشک دەکەم.. پێویستە بیر لە پلانێک بکەمەوە، تا بتوانم لێیان نزیک ببمەوە و ڕانەکەن.
ڕوویەکە پێشتر لە نزیکی ڕێگاکەدا، چاوڵکەیەکی ڕەشی فڕێدراوی بینیبوو.. چوو چاوڵکەکەی دەزیەوە، کردیە چاوی.. دارێکی باریکیشی دەزیەوە، دارەکەشی گرت بە دەستیەوە.. بە تەقە تەقی دارەکە بە ڕێگاکەدا هات.. کەروێشکەکە ڕوویەکەی بینی.. بە وردی سەرنجی دەدا.. ڕوویەکە تا وا خۆی پێشان بدات کە نابینایە، جاروبار بە ئەنقەست لە ڕێگاکەدا لای دەدا و دووبارە دەهاتەوە سەر ڕێگاکە، بەڵام کە گەیشتە پردە تەسکەکەی سەر جگا ئاوەکە، بە خێرایی و بە ئاسانی بەسەریدا پەڕیەوە.
کەروێشکەکە ڕای کرد و چووە ناو کونەکیەوە، کە کەوتبووە نێوان کەمەڵێک دار و دەوەنی چەقەوە، بە ئاسانی نادەزرایەوە.. ڕوویەکە دیسان لەبەرخۆیەوە: ئەویان هیچ، بەڵام وا دیارە کەروێشکە سپیەکە منی نەبینیوە.. ئای کە قەڵەو و جوانە.
کە لە کەروێشکە سپیەکە نزیک بووە.. چاوڵکەکەی و دارەکەی دەستی فڕێدان و پەلاماری کەروێشکە سپیەکەی دا و بە قەپ هەڵیگرت.. کە زانی کەروێشکەکەی پەڕیینە.. فەڵەی دایە سەر زەویەکە و وتی: ئەی کەروێشکی زەرزان، چەن زانیت کە من چاوساغم و

نابینانیم.. راتکرد و خ ت رزگارکرد.

کاریکا تر ... میدالیایی شرم ... جبار

EFRÎN
میدالیای شەرمەزاری
جبار 2018

دورگەی خەیاڵ … ستار ئەحمەد

لەچاوانتا
عەشقەکی قووڵ
ئەدرەوشێ وەکوو ئەستێرە
ئاسمانی رووت پڕتووکەکە
پیرەزترین پەڕەو دڵە
خوێندنەوەت ئاسان نییە
دەروونت دورگەی خەیاڵە
بەقەد تاڵی پەرچەمەکەت
ژینت ناسنامەی هەواڵە
مەنگیی بەعەشقی پێشینەو
لەرابردووی پڕ کێسەرت
وەک شەڕەبی
بەفری مەینەت
نیشتووەتە لوتکەی سەرت
لەگەڵ شنەی وردە تەما
بژێ بەسەر خاکی دەما
زیاتر لەرەحما جێ گیر بێ
خەشم ئاوەی هەناسەکەم
بەس ناخم پارێ پارێ کەو
کەم دەگیر بێ

نانۆتەکنەلۆژی … ئاراس وەهاب

(نانۆ) یەکەیەکی پێوانەییە، هەزار جار لە میکرۆمیتر بچووکترە. واتە یەک میلیمەتر دەکرێت بە یەک ملیۆن نانۆمیتر.
1 nanometer = 106 mm
بە ئاوەی لە قەبارەی نانۆپارتیکڵ باشتر تێبگەین، بڕوانە هەڵکاریی پێنجەمەری خێت. ماوەی نێوان بازنەیەک و بازنەیەکی تری پێنجەمەری خێت، تێیدا هەشتا هەزار نانۆپارتیکڵ جێگای دەبێتەوە

(خوێندنەوەیەك بۆ مانی فیتنە) ... سەدیق سەعیدوەندزی

تووندوتیژی وەك دیاردەیەکی سیاسی و مەترسییەکی گەورە بۆ سەر وڵات،هەمیشە بەشێك بووە لەشوناسی عێراق بەتایبەتیشی دوای دامەزراندنی. ئەوتووندوتیژییە کەبەشێك بووە لە ماهیەتی ئاستەقینەی دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق دژ بەنەتەوەوتاکەکان لەسەر دەمی فەرمانڕەوایەتی بەعسدا دەگاتە ترۆپك. کاتێ ئەو وڵاتە دەبێتە زیندانێکی گەورە و ژێرەکی فاشی بۆ ماوەیەکی زۆر فەرمانڕەوایی وڵات دەکات. بۆیە خەونی ڕووخانی بەعس ئەو ئومێدەی لای عێراقییەکان بەگشتی دروستکرد، کە ئیدی قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی ئەو وڵاتە دەست پێدەکات. بۆیە زۆرکەس ڕووخانی سەدامییان وەك دەرفەتێك دەبینی بۆ ئەو گۆڕانکارییە. خەونی لە ناوچوونی بەعس کە سایکۆلۆژیەکی زۆر وەك مۆتەکەی ترس و تۆقین لە ژیانی عێراقییەکان بوونی هەبوو، خەونی هەمووان بوو بۆ جیاوازی.لە پێشەوەشیان ئەوانەی ستەم و زیندانیکردن و ئەشکەنجەدانیان بەدستی ئەو ژێرەمە دیتبوو.تاوی زیندانەکانی بەعسیان چەشت بوو. وەلێ بەماوەیەکی کەم دوای ڕووخانی بەعس، ئەو خەونەش لەنێودەچێت و جارێکی ترو لەفۆرمێکی تر، تووندوتیژی و دیمەنەکانی خوێن و کوشتن، دەگەڕێنەوە سەر شانۆی سیاسی ئەو وڵاتە. کەبەداخەوە تا ئێستاش بەردەوامی هەیە.

پێکهاتەی عێراق، لە ڕووی ئیتنیکی و مەزهەبییەوە، پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە، ئەو وڵاتە وڵاتێکی بە زۆر دروستکراوو پێکەوە لکێنراوبوو. بەعس و سەدام بە زەبری چەك و کوشتن ئەو هاوسەنگییەیان ئاگرتبوو. بۆیە کاتێکیش ئەو ژێرەمە نامێنێت، ئیدی ئەو بەیەکدادانە ئایینی و مەزهەبییەش دروست دەبێت، کە سایکۆلۆژیەکی زۆربوو پەنگی خواردبووەوە. لێرەوەش عێراقی نوێ کە دوای ڕووخانی بەعس پانزە ساڵ لەمەو بەردروست دەبێت، بەبۆای هەزاران کەس جیاوازییەکی دیکەی لە گەڵ عێراقی پێشووتر نییە. دیسانەوە خوێن و ستەمکردن دەبنەوە بەشێك لەناسنامەی ئەو وڵاتە کە بەداخەوە هەمیشە وەك سیمایەك دەبینرێت

بۆ ناسینەوەی شوناسی سیاسییانەی. بۆگومان هەموومان لە ڕۆگەی کتێبە نایابەکەیەوە بەناوی(دۆستایەتی و بێدەنگی) نووسەروبیرمەندی عێراقی(کەنعان مەکیە)دەناسین. ئەو نووسەرەی دوورکەوتنەوە و ستەم و چەوسانەوەی زۆری دیت لە سایەی بەعس.

دواجاریش ماهیەتی ڕاستەقینەی ئەو دەسەڵاتەی لەو کتێبەیدا بەهەمووان دەرخست. بۆیە ڕەنگە ئەو نووسەرە ئومێدێکی زۆری بەو عێراقە تازەیە هەبێت. وەڵێ بەماوەیەکی یەکجار کەم و تاکە ڕۆژێك دوای ڕووخانی بەعس و کوشتنی (سید مجید)، ئیدی ئەو ئومێدەی ئەویش هەرەس دێنێت. ئەم بیرمەندە، ئەمجارەیان لە ڕۆگەی کتێبێکی دیکەیەوە کەخێی ناوی ناوە ڕۆمانی(فیتنە) شوناسی ئەو عێراقە نوێیە دەردەخات کەلەدوای بەعس دروست بوو. مەکیە لەو ڕۆمانەیدا، ڕەخنە لە ئەقڵیەتی سیاسی بەڕووبردنی عێراقی تازە و ئەو بەیەکدادانە مەزهەبییە دەگرێت کەسەدان هەزارعێراقی کردەقوربانی بەبێ ئەوەی بتوانن لێبوردانەبەیەکەوە بژین. ڕەخنە لەو دەستەبژێرە سیاسییە دەگرێت کەدەبوو ئەزموونێکی سیاسی جیاوازتریان لە ئەزموونەکانی ڕابردوو پێشەکش کردبا کەبەداخەوە نەیانکرد.

ئەو ڕۆمانە باسی واقیعی سیاسی عێراق لە نێوان ساڵانی 2004-2006 دەکات. کەتیایدا بەیەکدادانی شیعەو سوننە لەترۆپك دابوو.ڕۆمانەکە لەچەندین بەشی جیاواز پێکهاتووە.لەهەریەك لەو بەشانەش باسی کارەکتەرو ڕووداوێك دەکرێت. وەڵێ پەیامی ڕۆمانەکە دواجار لەوخاڵەدا چڕدەبێتەوە کە ئەویش ڕەخنەکردنی ئەو ئەقڵە شیعەگەرایەیە کەدوای ڕووخانی بەعس دەسەڵات دەگرێتە دەست، بەڵام سەرکەوتوو نابێت لە بەڕووبردنی وڵات. ئەوناکۆکییە تائیفیەی لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق هەبووە ڕەنگدانەوەی لە سەر سیاسییەکانیش دروستکردووە. ئەمەش وایکردووە لەبری ئەوەی وەك عێراقییەك بیر بکەنەوە بەپێچەوانەوە وەك شیعەو سوننەیەك بیر دەکەنەوە.هەروەك خۆشی لە سەردەمی یەکێ لەکارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەیەوە باسی دەکات.

کاتێ دەڵێت:(عێراق تەنها ناوە وەك بیرکە و نەتەوە بوونی نییە.سەرەتا ئێمە شیعەین، ئینجا عێراقی،دواتر عەرەب).بۆگومان ئەو بیرکردنەوەیە ڕەنگە بەس بێت بۆ ئەوەی تێگەیشتنی سیاسییانەی تاکی عێراقی بۆ بەیەکەوە ژیان دوای ڕووخانی سەدام بزانین. کاتێ مەزهەب لە پێشەوەی وڵات و نەتەوە دێت، ئیدی هەموو شتێك ڕەوایە لە پێناو ئەو مەزهەبەشدا بکرێت. وەك ئەوەی ڕۆمانووس باس لە کوشتنی(عومەر)ەکان دەکات کاتێ سەریان بە دڵلی کارەبایی کون

دەکرێت تەنها لە سەنگەی ناوەکەیان. یاخودئەوانەی ناویان(عەلی)یە ئیدی باجی ناوەکەیان دەدەن. نووسەرلەوەمانەیدا، هەموو ئەودیمەنە تراژیدی و دڵتەزێنانە باسدەکات کەلەنێوان ئەو ساڵانەدا ڕوویاندا کاتێ کوشتن لە سەر ناوو ناسنامە دەبێتە کاری لە پێشینەی تاکەکان و سیاسییەکانیش جگە لە تەماشاکارێك ناتوانن بەر بەو خوینە بگرن کە هەژانە لەجەستەی عێراقییەکانەوە دەژێت.

بەبۆای نووسەر دەستە بژێری سیاسی عێراقی لەوە بێ توانا تربوون بتوانن عەقڵیەتێکی تازە بێ هەموان بونیاد بنێن. کە تیایدا کوردو عەرەب و سوننەو شیعە و موسڵمان وکریستیانییەك بەیەکەوە وەك برابژین. ئەو سیاسییانەکە بە تێگەیشتنی هەمانووس ساڵانێکی زۆر لە دەرەوە ژیاون، ئیدی دڵنەوە سەر زەمینەیەك بەبێ ئەوەی بتوانن وڵات بەهێوەبەرن. شیعەکان کە پێکهاتەیەکی گەورە و سەرەکی عێراقن و دیمۆگرافیایەکی زۆری ئەو وڵاتە پێکدەهێنن، لەهەموان زیاتر ئەو بەرپرسیاریەتییان دەکەوێتە ئەستۆ. چونکە ئەوان دەستە بژێری بەهێوەبردنی وڵات بوون. بەڵام بەداخەوە ئەوانیش نەیانتوانی نەخشی ئەو عەقڵیە نوێیە بەبرایەتی و پێکەوە ژیانی مەزهەبی بکەن. بگرە ئەوەلەیان قۆستەوە کە ساڵانێکی زۆربەدەست سوننەکانەوە ستەمیان لێکراوە، ئیدی گیانی تۆڵە سەندنەوە لەناخیان دروست بوو.

ئەمەوڕای ئەوەی لەنێوخۆشیان کەوتنە ململانێ لە سەردەسەڵات و ناسینەوەیان بەچەندین شوناسی مەزهەبی لەبێی هاوولاتیبوون وەك:(حەکیم و سەدرو خوئی وچەندان شوناسی تریش). وڕای دروستکردنی چەندین میلیشیای چەکداری.کەهەریەکەیان سەربە نێوەندێك و کەسایەتییەك بوو.بەمەش وڵات بووە پارچەیەك لە میلیشیای چەکداری، بێ هێکخستن و سەروەربوونی یاسا و دامەزراوەیی دەوڵەت. کە دڵخەکە زۆر لە پێشتر خراپتر بوو. بەبۆای هەمانووش ماهیەتی عێراقی بەناو نوێ هەر تەنها هەژێك دوای ڕووخانی بەعس لەنێی نیسان دەرکەوت، کاتێ لە دەی نیساندا سید مەجید خوئی، کەیەکێکە لە کەسایەتییە پاك و خێنەویستەکان تیرۆر دەکرێت.بەبێ ئەوەی هیچ کەس و دەزگایەك لەوخوێنە هژاوە بپێچنەوە. ئیدی جارێکی تر خوێن دەبێتە بەشێك لە ژیانی هەژانەی هاووڵاتییان و بەتەقاندنەوەی مەرقەدی دووئیمامەکانیش،دەبێتە فوارە.ئەمەش سەرەتای نائومێدبوونە لەدروستبوونی عێراقی تازە، کە خەونی گەورەی(مەکییە)و هەزارانی وەك ئەویش بوو.

لەبەشێکی دیکەی هەمانەکەیدا هەمانووس ەخنە لە هەژی لە سێدارەدانی دیکتاتۆر دەگرێت، بەوەی کە پاڵنەرێکی مەزهەبی لە پشتی

ئەوەبووە ئەوەژە بەلەسەدارەدانی دیکتاتۆر دیاریبکرێت. کە دەکاتە یەکەم ژی جەژنی قوربان و پیرۆزی خۆی لای مەزهەبی سوننەکان هەیە.لەدوابەشی ماندەکەشیدا،نووسەر باس لە ساتی دادگاییکردنی دیکتاتۆرو پاسەوانەکانی و چەند دیالۆگێك دەکات کە سەدام لە میانەی لێپرسینەوەی لەبەردەم دادوەردا وك دروشمێك هەمیشە بەرزی دەکردنەوە کە ئەویش شانازیکردن بە عروبەو خۆناساندن وەك بەرگریکاری نەتەوەی عەرەب بوو، کە دواجار هەموو عێراقییەکانیش چارەنووسی ئەویان بینی کەنەك نەیتوانی بەرگری لەنەتەوەکەی بکات،بگرە لە خۆشی.

لەکۆتایی کتێبەکەشیدا، مەکییە لە بارەی بیرکەی ئەوکتێبەو پاڵنەری نووسینی دواوە کە بەبۆای من پێویستی بەو شرۆقەکردنە نەدەکرد. ئەم کتێبە بەبۆای من وەك خوێنەرێك پتر کتێبکی سیاسی و مێژوویی لەوەی ژمان بێت. ڕاستە نووسەر لە کتێبەکەیدا بەزمانی ئەو کارەکتەرانە دەدوێت کە خۆی ناوی ناون.بەڵام بیرمان نەچێت، کەسایەتییەکان، ڕووداوەکان، ململانێ و کێشمە کێشمە سیاسییەکان، لە زەمینەی واقیعدا و لە کۆمەلگەی عێراقی بوونی هەیە. بۆیە ناتوانرێت گوتاری ئەو کتێبە لەو دیمەنە سیاسییانە دابڕێنین کەلەدوای ڕووخانی بەعسەوە لە عێراق دروست بوون. ئەم کتێبە تیشك دەخاتە سەر بەشێك لە مێژووی عێراقی تازەی دوای ڕووخانی بەعس.بەڵام مێژووێك چەند شایستەی لێوردبوونەوەیە، هەزار ئەوەندەش مایەی نائومێدییە. چونکە دواجار ئەو ڕاستییەمان بەڕاشکاوی پێ دەڵێت کە عێراقی نوێ، ئەو عێراقە نەبوو کە سەدان هەزار عێراقی و کەنعان مەکییەش خەونیان پێوە دەبینی و ئومێدییان پێبوو.بەکو زەمینەی بەیەکدادانی نۆخێبی و دیمەنەکانی تەقاندنەوەو خوێن بوو..

پەراوێز/ فیتنە/نووسینی(کەنعان مەکییە)/وەرگێڕانی(هەکەوت عەبدوڵا)/بڵاوکراوەی(ناوەندی عەبدولڕەحمان زەبیحی_ سلێمانی-2017)

سەردەمی ئیمپریالیزم (١٨٧٠ – ١٩١٤) … وەرگێڕانی: هەمن عەزیز

هەرچەندە شەشەی پیشەسازی و ناسیۆنالیزم لە سەدەی نۆزدەدا هەنگاوێکی گەورەی ئەوروپیەکانیان کرد، ئیمپریالیزم – زاڵبوونی وڵاتێک یان خەڵکانێک بەسەر وڵاتێک یان خەڵکانێکی تردا – بە تەواوی جیهانی گرتەی لە نیوەی کۆتایی سەدەی ناوبراودا.
ئیمپریالیزم لەسەدەی نۆزدەهەمدا دەستی پێنەکرد. لە سەدەی شازدەهەمەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم، سەردەمێک کە بە سەردەمی ئیمپریالیزمی کۆن ناسراوە، نەتەوەکانی ئەوروپا لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگای بازرگانی دابوون بۆ ئاسیای دوور، جیهانی تازە دۆزینەوان و نشینگەیان لە ئەمریکای باکوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دامەزراند. ئەوان شوێنگەی بازرگانیان دامەزراندن و پێگەی گرنگیان لە کەنارەکانی ئاسیا و ئەفریقا بەدەستهێنان و بە دەستانە کاریان لێگرت فەرمانڕەوا ناوخۆییەکان دەکرد بە دەنیابوون لە پارێزراوی بەرژەوەندیە ئابووریەکانی ئەوروپیەکان. لێگرتە ئەوشەدا کاریگەری و نفوزیان سنووردار بوو. لە سەردەمی ئیمپریالیزمی نوێدا کە لە ساڵانی ١٨٧٠کان دەستی پێکرد، ئەوروپیەکان کەمتر ئیمپراتۆریەتی گەورەیان دامەزراند بەڵکو لە ئەفریقا و دواتریش لە چین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش.....

[بۆ درێژەی بابەت کلیکی ئێرە بکەن .....]

لەتیف هەمەت و شیعری منداڵان … زیاد ڕەشاد قادر

یەکەم: کورتەیەك لە ژیانی

لەتیف کۆی مەحموود کۆی محەمەد حەسەن ناسراو بە (لەتیف هەمەت) لە ساڵی (1947) لە شارچکەی (کفری)ی سەر بە پارێزگای کەرکووك لە باشووری کوردستان لە دایك بووە، هەر لە منداڵییەوە لەنێو کتێبخانەی بابیدا چاوی کراوەتەوە و بە دونیای خوێندنەوە و کتێب

ئاشنا بووە، وەك خۆی دەڵێ: "هەر کە لە دایك بووم گوێم لە شیعر بووە، چونکە لە ماڵەکدا گەورە بووم پێ بووە لە کتێب"،(1) سەردەمی پێگەیشتن و دەستدانە نووسینی لەتیف هەمەت لە کاتێکدایە کە هەوتی ئەدەبی و هۆشنبیری لە کوردستانی باشوور و ناوچەکە بەگشتی بە قۆناغێکی تازەدا تێپەڕ دەبێت.
ئەو، یەکەم شیعری لە ساڵی (1963)دا نووسیوە و لە ساڵی (1970)شدا کۆشیعری (خوا و شارە بچکۆلەکەمان)ی چاپ کردووە،(2) هەر لە هەوەتی لاوییەتی نووسینی لەتیف هەمەتدا، دەستەیەك لە شاعیرانی نوێخوازی عێراقی گروپی شیعری (69)یان دامەزراند، هەروەها ژمارەیەك شاعیر و نووسەری ئەو سەردەمەی باشووری کوردستانیش مانیفێستی ڕاگەیاند، لەم سەروبەندەشدا لەتیف هەمەت و چەند شاعیرێکی دیکەی هاوڕێی، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، گروپی شیعری کفریان دامەزراندووە و هەمەت تێیدا ڕێکخراوێکی دیاری دیوە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە باشووری کوردستان، پاشتر کە بەیاننامەی یازدەی ئادار دەرچوو و گۆڕانکارییەکی جەڕایەتی بەسەر هەوشی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی باشووری کوردستاندا هات، ئەو گۆڕانکارییە زمانی نووسین و هەوتی هۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریشی گرتەوە، ئیدی دوای ئەوە لەتیف هەمەت لەپاڵ نووسین بۆ گەورەساڵان لە دوای ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، دەستی داوەتە نووسین و وەرگێڕانی شیعر و چیرۆك بۆ منداڵان، سەبارەت بە نزیکبوونەوەی هەمەت لە دونیای منداڵان، هەنگە وەك خۆی دەڵێ: "ئێستاش هەست دەکەم جۆرێك لە جۆرەکانی منداڵێتی لەناومدا دەژی، جگە لەو شیعرانەی دەمخوێندەوە، کۆمەڵە بەیت و باڵۆرەی منداڵانە هەبوو کە من لەناویاندا گەورە بووم و هانیان داوم بچمە دنیای منداڵانەوە…".(3)

دووەم: لەتیف هەمەت و ئەزموونی نووسین و وەرگێڕان بۆ منداڵان

(لەتیف هەمەت) یەکەم شیعری بۆ منداڵان لە ساڵی (1975) نووسیوە و لە ڕۆژنامەی (پاشکۆی عێراق)دا بڵاوی کردووەتەوە،(4) یەکەم کۆبەرهەمی چاپکراوی بۆ منداڵانیش لە ساڵی (1979) بە ناوی (جوانترین دڵ) چاپ کردووە. کە لە ژمارەیەك شیعر و چیرۆکی منداڵان پێکدێ و لە ناویاندا دەقی وەرگێڕاویش هەیە. دوای ئەوە بەرهەمەکانی (دەنگخۆشترین مەل)، (هێلانەیەکی تر)، (منار و باران)، (منار و چۆلەکە)، (کاتژمێر)، (گوڵی ناو ئینجانەکە)، (پرسیار لە منار)، (چۆلەکەی سەر دارەکە)، (منار و بووکە شووشە)، (گوڵدرێژ و پاشا)، (پشیلەیەك پاسکیل لێدەخوڕێ)، (هەڵبجە) و (مانگ لە نێوانی

هەزار و یەك ئەستێرەدا دەنوێ). وێبسایتی وێکیپیدیادا سەبارەت بەو نووسیویەتی: "لەتیف هەڵمەت لە ساڵی (1979)دەستی کردووە بە نووسین لە بواری منداڵاندا. یەکەم بەرهەمی جوانترین دێ بووە کە بڵاوی کردووەتەوە، تا ئێستە (17) بڵاوکراوەی بێ منداڵان هەیە. ساڵی (2006) بەرهەمەکانی کۆکراوەتەوە کە دەکاتە (500) لاپەڕە، هەروەها خەڵاتی ئاپیکی لەسەر دیوانی منداڵان وەرگرتووە، چەند جارێکیش خەڵاتی وەزارەتی ڕۆشنبیری وەرگرتووە".(5)
هەروەها ساڵی (2008) خەڵاتی زێڕینی بلەی پێ بەخشراوە. لەتیف هەڵمەت لە بواری ئەدەبی منداڵان سەر بە نەوەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووە و دەکەوێتە قۆناغی دوای گۆران و فەرەیدوون عەلی ئەمین و ع.ع.شەونم و کاکەی فەللاحەوە، وەك لە پێشدا ئاماژەی پێدرا ئەو جگە لە شیعر، چیرۆکیشی بێ منداڵان نووسیوە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەزموون و تەمەنی نووسینی بێ منداڵان زۆتر لە چل ساڵ دەبێت. بەر لەوەی شیعر و چیرۆکیش بێ منداڵ بنووسێت و بەناوی کتێبی منداڵانەوە بڵاوی بکاتەوە، لە شیعری گەورانیشدا هەندێ کێپلە و خورپە و وێنەی وای هەن، ئەگەر بە تەواوی سەر بە ئەدەبی منداڵانیش نەبن، ئەوا نزیکن لە فەرهەنگ و دونیای منداڵەوە، وەك لە کۆشیعری (گەردەلوولی سپی)دا، لە شیعری (ئەگەر)دا کە ساڵی (1973) نوسیویەتی، دەڵێ:

ئەگەر نەخشەی هەموو جیهان
تێکدەنەوە
ئەگەر زەوی وەکو لێکە
شیکەنەوە
کە سنووریان کێشایەوە
دووبارە
هەر دێمەوە بێ ئەم شارە
هەر کوردستان
دەکەمەوە بە نیشتمان(6)

هەروەها لە هەمان کۆشیعردا، هەردوو شیعری (پاشەڕۆژ) و (گیان)، کە یەکەمیان ساڵی (1976) و دووەمیان ساڵی (1977) نووسراون، هەم خێی لەژێر ناوی (شیعر بێ مناڵ)دا بڵاوی کردوونەتەوە، هەم وشە و گوزارشتەکانی نێو هەردوو شیعرەکە، زۆرێك لە توخم و ڕەگەزەکانی ئەدەبی منداڵانیان تێدایە.

سێیەم: لەتیف هەڵمەت لە لێکۆڵینەوە و تێزە ئەکادیمییەکاندا

تا ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو لە توێژەر و ڕەخنەگرانی ئەدەبی، لەسەر

کێ کاره ئەدەبییەکانی لەتیف هەمەتیان نووسیوه لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو کراونەتەوە، لەناویشیاندا چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی نووسراوە کە سەر بە ئەدەبی منداڵانن، لە خوارەوە بەشێك لەو لێکۆڵینەوانە ئاماژە پێدەدەین، کە لەسەر بەرهەمە منداڵانییەکانی لەتیف هەمەتیان نووسیوە:

1 – (نەوزاد عەلی ئەحمەد) لە کتێبی (منداڵ و ئەدەب)، کە چاپی یەکەمی لە ساڵی (1998)دا چاپ کراوە و چاپی سێیەکی ئەلکترۆنییشی لە ساڵی (2007)دا بڵاو بووەتەوە، لە پاڵ قسەکردن لە ئەزموونی ژمارەیەك لەو نووسەرە کوردانەی بۆ منداڵیان نووسیوە، نموونەی بەشێك لە کارە ئەدەبییەکانی هەمەتیشی باس کردووە.

2 – فازڵ مەجید جاف، لە کتێبێکدا کە بە ناوی (شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا)یە و ساڵی (2004) چاپی کردووە، ئەم کتێبە تۆزی دکتۆرانامەی نووسەرە، بەشێك لە شیعرە پەروەردەییەکانی لەتیف هەمەتی بە نموونە باس کردووە.

3 – کتێبی (وەخسار و ناوەڕۆکی چیرۆکی منداڵان لای لەتیف هەمەت)، کە لەلایەن (موزەفەر مستەفا ئیسماعیل)ەوە نووسراوە و لە ساڵی (2011) چاپ کراوە، کتێبەکە لە بنچینەدا نامەی ماستەرە و لە ساڵی (2008) تاوتوێ کراوە. ئەم کتێبە لە (208) لاپەڕە پێکدێ و نووسەر بە تێروپێی لەبارەی زمان و کات و شوێن و ڕووداو… لە چیرۆکە منداڵانییەکانی لەتیف هەمەت ئاخاوتووە.

4 – (حەمە ساڵح فەرهادی) لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا بە ناوی (پێگەی شیعری منداڵان لای شاعیرانی کورد)، کە لە ساڵی (2013) چاپی کردووە و لە (340) لاپەڕە پێکدێ، باسی ژمارەیەك لەو شاعیرانەی کردووە کە بۆ منداڵانیان نووسیوە، لە نۆیشیاندا (35) لاپەڕەی کتێبەکەی تەرخان کردووە بۆ قسەکردن لە شیعرە منداڵانییەکانی لەتیف هەمەت.

5 – لە کتێبی (چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا 1970-1990)دا، کە (خالیدە قادر فەرەج) نوسیویەتی و لە ساڵی (2013) چاپ کراوە، لە بەشێکی لێکۆڵینەوەکەیدا، نموونەی بە چیرۆکە منداڵانییەکانی لەتیف هەمەتی هێناوەتەوە، ئەم کتێبەش لە بنجدا نامەی ماستەرە و لە ساڵی (1999) تاوتوێ کراوە.

ئەم سەرچاوانەی سەرەوە و هەر گوتار و لێکۆڵینەوەیەکی دی، کە ئێمە دەستمان پێی گەیشتبێ و لەسەر بەرهەمە منداڵانییەکانی لەتیف هەمەت کرابێ، بەگوێرەی پێویست و لە هەر کوێ بزانین کەمەکمان دەکان بۆ چاکتر خوێندنەوە و شرۆڤە کردنی شیعرە منداڵانییەکانی، ئەوا سوود لە ئەنجام و بۆچوون و خوێندنەوەکانیان وەرگیراوە.

چوارەم: ناوەڕۆکی شیعرەکانی لەتیف هەمەت

ئەمە لێرەدا زۆتر لەسەر ناوەرۆکی شیعرەکانی لەتیف هەمەت دەوەستین، ئەوانەی کە لە نووسینی خۆیەتی، تەنیا لەو شوێنانەدا چیرۆکەکان و شیعرە وەرگێڕاوەکانی بە نموونە دێنینەوە، کە بزانین کەمەکمان دەکات بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتنی پتر لە پەیام و ناوەرۆکی شیعرەکانی.
لەتیف هەمەت لە هەموو ئەو شیعرانەی بۆ منداڵانی نووسیون لە زۆر جێگا بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، ئەوە بە منداڵان دەڵێ کە خۆشترین شوێنی سەر ڕووی زەوی کوردستانە، دڵگیرترین گوند گوندی ئێمەیە، شار و شاخ و باخ و کانیاوی کوردەواری لە هی هەموو دونیا هەنگینتر و ڕازاوەترە، وەك لە چیرۆکەشیعری (جوانترین دێ)دا، کە دەمەتەقێ دەکەوێتە نێوان (ئازاد) و (پەپەسوڵکە)کەی، پەپەسوڵکەکە بە ئازاد دەڵێ هاکا زستان هات ئیدی لێرە کڕچ دەکەین و دەچین شار و شوێنی دیکە دەبینین و دەریات پیشان دەدەم، کە زۆر لە کانیی چکۆلەی گوند جوانتر و گەورەترە، بەڵام ئازاد وەڵامی دەداتەوە کە هەرگیز گوندەکەی خۆی بەجێناهێڵێ:

گوندەکەم لە هەموو جیهان قەشەنگترە و
کانیە بچکۆلەکانیشیی لە هەموو دەریاکانی جیهان گەورەتر و
شێخو شەنگ تڕە.
(دیوانی منداڵان، ل21)

هەروەها لە شیعری (بەچکە ماسی)دا ئەوە بە گوێی منداڵاندا دەدات، کە وەك چۆن ماسی بۆ ئاو ناژیێت، ئاوا ئێمەش لە نیشتیمان و شار و شاخی کوردەواری و زێدی باب و باپیران دوور بکەوینەوە، گیان دەسپێرین، بۆیە پێیان دەڵێ وەرن بەڕۆن بدەین لە چیا و دار و بەرد و گۆ و لوتکەی ئەم نیشتیمانە بەزار نەبین و بەجێنەهێڵین و تا ماوین ستڕانی خۆشی بۆ بچڕین:

ڕۆژێ لە ڕۆژان
بەچکە ماسی یەك تڕا لە سیروان
لە لم و چەوی لێوارەکەیدا
گوێی تینویەتی هەڵی پێوکان
مرد نیگای گەشی
هەڵوەری هەردوو گڵێنەی ڕەشی
شارە مڕوولە بەربوونە لەشی
منیش چرکەیەك لە تۆ بتراز۪م
لەناخی گوێی ئاوارەییما
هەڵدەکووز۪م

دەقرچێ گیانم
ئەمڕۆ گەرانی خۆشی زمانم
ئەی نیشتمانم من ھەڵەی تۆم
ھەرتەی شۆڕش و جەم
جێت ناھێڵم و جیا نابیەوە لێم
ئەی نیشتمانم.. شار و شاخ و دەم..
ھەتا ھەتایە ھەر تەی شۆڕش و جەم
لە چیاکانت ھەرگیز ناتەرێم
ھەر گەرانی خۆش
بۆ دارو بەردو لوتکەی تۆ دەڵێم...
ئەی نیشتمانم ئەی نیشتمانم
ئەی شۆڕش و جەگای
ھەزاران ساڵی
باو باپیرانم..!
ئەی نیشتمانم..!
(دیوانی منداڵان، ل13و14)
لە شیعری (منداڵێکی ئاوارە)شدا، سەرگوزشتەی منداڵێك دەگێڕتەوە کە لە شار و ڕاتی خۆی ئاوارە بووە، لەبەر ناڵە و گریانی، پەری و فریشتە لێی دەچنە پێش و لەگەڵ خۆیاندا دەیبەن بۆ چەندین شاری جوان، کە پێیەتی لە گوڵ و ھەنگوین و ئەستێرە و بووکەشووشە و شەکرەسۆو و ھەنار و دەبدەبەی ھەنگاوەنگ و میوەی شیرین، دەیبەنە شوێنێك کە شار و وڵاتێکی ئاسایی نییە، بەڵکو بەھەشتێکی فراوانە، کەچی منداڵە ئاوارەبووەکە دەپرسێ و ھاوار دەکا (ئێرە کوێیە؟)، پاشان داوا دەکات بیبەنەوە بۆ نیشتمانەکەی خۆی.
منداڵێکی ئاوارە بوو لە شاران
ھێندە گریا ھێندەی ناڵان
دەورەیان دا مەلائیکەو پەری ئاسمان
لەگەڵ خۆیاندا بردیان
بۆ ھەزاران شاری جوان جوان
بۆ بەھەشتی فراوان
بەھەشتی پڕ گوڵو ھەنگوین
بەھەشتی پڕ ئەستێرەی شین
ھەزار ھەزار بووکە شوشەو
شەکرە سووو ھەناری زێڕینیان دایێ
ھەزار ھەزار پفیلکی ھەنگاو ھەنگو
میوەی شیرینیان دایێ
گریاو گریاو فرمێسکی ھشت وەکو باران

هاواری کرد: ئەرە کوێ یە؟
ئەمەوە بێ نیشتمان.!
(دیوانی منداڵان، ل27)
لەتیف هەمەت لە زۆرێك لە شیعرەکانیدا، ئەوە پاتە دەکاتەوە کە هیچ شوێنێك وەکو نیشتیمانی خۆت خۆش نییە، بچیتە هەر لایێ، ئەوجا دەزانی کوردستانی زێدی باب و باپیران لە هەر هەموو دونیا دڵگیرتر و خۆشەویستترە، وەك لە شیعری (بەستەی نیشتمان)دا دەڵێ:
جێ نیە لە گشت جیهان
خۆش بێ وەکو نیشتمان..!
(دیوانی منداڵان، ل112)
ئەو لە شیعری (دیجلەو فورات)دا، لەسەر زاری چەم و ڕووبارەکانیشەوە، ئەوە بە منداڵان دەڵێ کە دوورکەوتنەوە لە نیشتیمان یانی دەرد و ژان:
کە دوور بین لە نیشتمان
دەمان گوشێ دەستی ژان
(دیوانی منداڵان، ل115)
لە شیعری (خۆشترین جێ)دا، سەربوردەی کەسێکی ئاوارە دەگێڕێتەوە، کە دوای ئەوەی لە هەندەران دەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆی، منداڵ و پیر و جوان و مامۆستا و شوانی لادێ لە دەوری خێ دەبنەوە و پێی دەڵێن چۆنت بەسەربرد لە شاران، ئەویش لە بەرسڤیاندا دەڵێ نیوەی دونیا گەڕام، لە هیچ شوێنێك وەکو ئەم دێیەی خۆمان شادمان و دڵخۆش نەبووم:
ووتی نیوەی جیهان گەڕام
بە فڕۆکەو تەمبێل پێوام
لە هیچ وڵات و جێیە
دڵخۆش نەبووم وەك ئەم دێیە
(دیوانی منداڵان، ل302)
بە هەمان شێوە لە شیعری (نووسین)دا، دوای ئەوەی بە منداڵانی هاوڕێی دەڵێ بنووسن (کوردستان، سەرکەوتن و نەورۆز)، دیسان ئەوە بە گوێیاندا دەچرپێنێ دێیەکەم خۆشترین دێیە:
بنوسە ئەی هاوڕێ گیان
بە پیتی -کاف- دەست پێدەکا کوردستان
بنووسە ئەی هاوڕێی من
بە پیتی -سین- دەست پێدەکا سەرکەوتن
بنووسە ئەی هاوڕێی دڵسۆز
بە پیتی -نون- دەست پێدەکا وشەی نەورۆز
بنووسە ئەی هاوڕێکەم

خۆشترین دێیە دڵکەم
(دیوانی منداڵان، ل327)
هەمەت شیعرکی دیکەیشی هەیە هەر بە ناوونیشانی (نووسین)، لەم شیعرەشدا لەسەر زاری منداڵانەوە دەڵێ بنووسن لەسەر ئاوێنە و گۆی جوان و لەسەر دیوار و بیابان و دارستان… هەروەها پەسنی نیشتیمان و ئاوی سیروان و ناوی شەهیدان و خۆری پرشنگدار دەدات، تا لە دوا دێردا ئەوە ڕادەگەیەنێ کە کوردستان جوانترین وڵاتە:
دەنووسم لەسەر بەردان
جوانترین وڵاتە کوردستان
(دیوانی منداڵان، ل341)
شاعیر هەر ئەوە نییە بە منداڵان بڵێ خۆشترین جێگای دونیا کوردستانە و بچینە هەر جێگایەك بڵێ دەگەڵینەوە، بەڵکو لەگەڵ منداڵان دەڵێ هەر چیمان هەیە دەیبەخشینە نیشتیمان، وەك لە شیعری (پاك و خاوێنی)دا دەڵێ:
هەرچیم هەیە.. دڵم.. گیانم
دەیبەخشمە نیشتیمانم
(دیوانی منداڵان، ل30)
هەروەها لە شیعری (پێشوازی زستان)دا، بە زستان دەڵێ وەك چۆن تۆ فرمێسك دەبەخشییە نیشتیمان، ئێمەش ئاوا گیانی پێ دەبەخشین:
ئێمەش هەموو وەکو تۆین
ئەویندارێ باخو کۆین
تۆ فرمێسك و ئێمە گیان
دەبەخشینە نیشتمان
(دیوانی منداڵان، ل49)
لەتیف هەمەت گۆرانی بۆ باران و ووبار و جوتیار و شوان و کرێکار… دەچڕێ، وەڵێ گۆرانییە هەرە جوانەکەی، ئەوەی کە لە هەموو گۆرانییەکانی دی جوانترە، بۆ جوانی نیشتمانی دەچڕێ:
گۆرانی دەڵێم بۆ باران
دەمان داتێ ئاوو نان
تا لە کۆتایی شیعرەکەدا دەڵێ:
بەڵام کام گۆرانیم جوانە
بۆ جوانی نیشتمانە
(دیوانی منداڵان، ل159)
دیارە نیشتیمانی لەتیف هەمەت پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لە خۆ دەگرێ، وەك لە شیعری (پێستی کوردستاندا) لەسەر زاری منداڵێکەوە گلەیی لە پێستەچی دەکات:
ئەی پێستەچی

ئەی پەستەچی
لەکوەوە دێی بۆ کوێ دەچی
بۆچی نامەی براکەممم
بۆ ناهێنێ لە قامیشلی..؟
ئەی پەستەچی ئەی پەستەچی
تکایە بۆ کوێ دەچی
هاوار... فریاد
بۆچی نامەکەم نابەی
بۆ خوشکەکەم لە مهاباد...؟
ئەی پەستەچی... ئەی پەستەچی
هاوارە بۆ کوێ دەچی
چەند ساڵی تر
نامەکەی من دەگەیەنی
بە مامم لە دیاربەکر..؟
هاوارە ئەی پەستەچی
بۆ ئەوەندە دڕەقی
نامەی منداڵێکی بچووك
نابەی بۆ باوکی لە کەرکووك..؟
(دیوانی منداڵان، ل322)

لە شیعری (باڵ)یشدا لەسەر زمانی منداڵێکەوە خۆزگەی ئەوە دەخوازێ لە سڵەمانییەوە بچووبایە بۆ لۆستان یاریی لەگەڵ منداڵانی ئەوێ بکردایە.

ئەو تەنانەت لەو شیعرەی باسی یاری و تۆپیش دەکات، ئەوە دەخاتە دڵی منداڵانەوە کە گەورە بوون دەبن بە پێشمەرگە و پاسەوانی نیشتیمان، وەك لە شیعری (تۆپەکەم)دا دەڵێ:

تۆپەکەم سرکو شەنگە
پڕ لە گوڵی ڕەنگ ڕەنگە
تا لە کۆتاییدا دەڵێ:
من مناڵێ بەهێزم
تۆپی خۆم دەپارێزم
گەورەش بووم پاسەوانم
بۆ گەل و نیشتمانم
(دیوانی منداڵان، ل86و87)

ئەمەو لە زۆرێك لە شیعرەکانی دیکەی لەتیف هەمەتدا، گیانی خۆشویستنی نیشتیمان و بەرز ڕاگرتنی ناوی شەهید و ستایشکردنی ڕاپەڕین و لاوانەوەی هەڵبجە و خۆشویستنی زمانی کوردی و یادکردنەوەی نەورۆز و هتد... بە ڕوونی دەبینرێ.

ئەگەر شیعری (تۆپەکەم) و بەشێك لە شیعرەکانی دیکەی لەتیف هەمەت، زۆتر کوانە بن و بۆ منداڵی کۆ گوترابن، ئەوا بەشی زۆتریشی بۆ منداڵانی کیژ نووسیوە، لەنێو هەموو ئەو شیعرانەی کە خوێنەر وا هەست دەکات لەگەڵ منداڵی کچ دەدوێ زۆرترینیان لەسەر زمانی بووکەشووشە یا لەگەڵ بووکەڵە دەدوێ، چونکە وەك ئاشکرایە منداڵ و بووکەڵە، بەتایبەتی منداڵی کیژ زۆر بەیەکەوە پەیوەستن، ئەگەر منداڵێکی کچ بووکەڵەی نەبێ وەك ئەوە وایە هەموو شتێك یا شتێکی زۆر گەورەی لێ زەوت کرابێ، بۆیە منداڵ پێویستی بە بووکەڵە هەیە، چونکە ئەمە "ئاسوودەبوونێکە بۆی کە خەم و ئێش و ئازار و نەخۆشییەکانی پێدەردەکات و متمانەش لەلای دروست دەبێ".(7) جا ئەمە بۆ هەموو تەمەنێکی منداڵی کچ ڕاستە بە شێوازی جیا، بۆ نموونە "منداڵ لە تەمەنی 3 ساڵی چەندین جار ئارەزوی ئەوە دەکات بووکەڵانەکەی بخەوێنێت، پاشان خەبەری بکاتەوە، بەڵام کچە منداڵی پێنج ساڵان مەیلی چالاکی گەورەتر دەکات"..(8) بۆ نموونە لە شیعری (بووکە شووشە)دا دوای ئەوەی ستایشی پرچ و چاو و ڕومەت و خەندە و جل و پەنجە و ملوانکەی بووکەڵەکەی دەکات، پاشان دەڵی من شتی دەدەمێ بەڵام ئەو وەریناگرێ و خەوی دێ:

بووکە شووشەکەم شەنگە
شەڕ ناکاتو بۆدەنگە…

تا دەگاتە:

شتی جوانی دەدەمێ
ئاوو نانی دەدەمێ
وەری ناگرێ نایەوێ
ماندوو بووە.. ئەخەوێ..!
(دیوانی منداڵان، ل31)

لە شیعری (بووکە شووشەکەم)یشدا، باسی ئەوە دەکا کە باران باریوە بووکەشووشەکەی تەڕ دەبێ و دوایی سەری ژان دەکات و نەخۆش دەکەوێ، بۆیە دەڕۆ دەبێ جلی تازەی لەبەرکەم:

دەبێ دەستو برد بکەم
جلی تازەی لەبەرکەم
مەگری بووکەشووشە گیان
وا بڕۆت دێنم جلی جوان
(دیوانی منداڵان، ل323)

هاندانی قوتابییان بۆ چوونە قوتابخانە و خۆشەویستی زانست و کتێب و دەفتەر و ڕۆزگرتن لە مامۆستاش، پانتاییەکی زۆری لە شیعرەکانی لەتیف هەمەتدا گرتووە، وەك لە شیعرەکانی (باخچەی فێرگە، قوتابخانە، منداڵانی باخچە، پاداشتی ماندووبوون، خەو و کەشێر…)

ئەوە چەند بارە کراوەتەوە کە قوتابخانە و باخچەی منداڵان خۆش و دڵگیرن، کەلوپەلەکانی دەپارێزین و ڕۆژی مامۆستا دەگرین، لە قوتابخانەوە فێری زانیاری دەبین و مامۆستا کە ئابەرمانە شەوەزەنگمان بێ ووناك دەکاتەوە، بە خوێندنەوە و ئەنجامدانی ئەرکەکانی قوتابخانە پێش دەکەوین و سەردەکەوین، لە شیعری (قوتابخانە)دا، ئەوها پەسنی زانست دەدات و خوێندنگە بە مەبەندی بیر و هۆش ناوزەد دەکات:

قوتابخانە زۆر خۆشە
مەبەندی بیر و هۆشە
ئەپارێزم باخچەکەی
دەرگا و شووشە و پەنجەرەی
بەرد ناهاوم بێ داری
پێ لە گوێ و هەناری…
(دیوانی منداڵان، ل108-109).

ئەو ئاوێ لە چەندین پرس و باسی پەروەردەیی و فێرکاری دەداتەوە و تێوی ڕەوشت و خۆشەویستی و ڕۆژ لە یەکدی گرتن لە دێ و دەروونی منداڵدا دەچێنێ و گیانی یەکتر قەبوڵ کردن و تەبایی لای زارۆکان خۆشەویست دەکات، هەروەها لەسەر زمانی گیاندار و بێ گیان و منداڵانەوە، وانەی ئازادی دەیتەوە و ئەوە ئادەگەیەنێ دیلێتی و قەفەس زیان بە ژیان و ماف و ئیرادەی مرۆڤ دەگەیەنن، هەر وەك لە شیعرەکانی (دەنگ، دارتاش، وێنەی باخچە و باڵندە…)دا، جێی شکاندنی قەفەس دەدات و گرانی بێ ئازادی دەچێ، لە شیعری (دارتاش)دا سوێند دەخوات کە هەرگیز قەفەس دروست نەکات:

گەر دارتاش بم بە مشار
دەبڕمەوە تەختە دار
لە داری چنار و گوێز
دروست دەکەم تەختە و مێز
کورسی قوتابخانەو ماڵ
بێ گەورەو هەم بێ منداڵ
جێلانێ دروستدەکەم
بێ کڕپەی خەندە بە دەم
بەڵام سوێند بێ… سوێندی بەرز
قەت دروست ناکەم قەفەز
نەوەك ڕۆژێ زەردارێ
تیا بەند بکا باڵدارێ..!
(دیوانی منداڵان، ل113)

لەتیف هەمەت لەو شیعرانەی کە بێ منداڵانی نووسیوە، وەك زۆربەی

شاعیرانی دیکه که ئاوەیان له منداڵ داوەتەوە، لەسەر زاری زۆرێك له گیانەوەرانی وەکو (سمێرە، ورچ، سەگ، پشیلە، چۆلەکە، کەڵەشێر، گورگ، قەلەڕەش، توتی، ڕێوی، پەڕەسۆلکە، کۆتر، کرم و مێروولە...) شیعری نووسیوە، هەروەها لە گەشتی شیعرەکانیدا منداڵ بە گوێ و درەخت و گیا و سەوزایی و باخچە و دەریا و دارستان ئاشنا دەکات. هەروەك لەگەڵ هەور و مانگ و خۆر و ئەستێرە و بەفر و با و باران... دەدوێت. بە هەمان شێوە کۆلارە و بووکەشووشە و چەتر و قەڵەم و تۆپ و دەفتەر... لە بیر ناکات. ئەو بە منداڵان دەبێژێ کامە مافیانە و سروود بێ نان و ئاشتی و ئازادی دەچڕێ و نەفرەت لە چەك و جەنگ دەکات. هەروەها بێ خزمەتی شیعر و ئەدەب و منداڵ سوود لە کەلەپوور و فۆلکلۆری میللەتەکەی و گەلانی دیکەش وەردەگرێ. بە بایەخەوە لە وانە و ئارەزووی شیعر نووسین و تابلۆ و نیگار و فۆچە و پێشانگا دەئاخفێت.

هەروەها خێشەویستی خۆی بۆ دایك و باب دەردەبڕێ و بە ئازیز و خەمۆکان ناویان دێنێ، بە تایبەتیش بە دایکی دەڵێ بەتەوە ئەم دونیایە ڕووناکە و تەماشاکردنت چون هەتاوی ئازادی خۆشە و هیچ وشەیەك لەم جیهانەدا بەقەد وشەی دایك ناسك نییە، ئەوەش لای زۆرێك جوان پیشان دەدات کە گەرەکە خوشك و برا و ئەندامانی دیکەی خێزانەکەمان خۆش بوێ. وا لە منداڵ دەکات ڕێز بۆ کەمئەندام و خودان پێداویستییە تایبەتەکان دابنێ، ئەو بە منداڵان دەڵێ هاوڕێ نابیناکانمان بە دڵ سەیری ژیان دەکەن:

گەڵێ هاوڕێی نابینا هەن
بە دڵ سەیری ژیان دەکەن
سەیری ڕەش و سپی دەکەن
بە دڵ ڕاستی بەدی دەکەن
(دیوانی منداڵان، ل320).

هەروەها شاعیر چەندین شیعری پەروەردەیی و فێرکارییشی هەیە، کە لە ڕێگەیانەوە ئەوە بە منداڵ دەڵێ کە (با) شێوەی نییە و بەفر سەرەتا لەکۆوە دێ و ساڵ چەند وەرز و هەر وەرزە چەند مانگە، ڕێژانی هەفتە چەند ڕۆژن و ناویان چییە، ئەتەکێتی نان خواردن دەبێ کوو بێ و چۆن ڕەچاوی پاکژی بکەین. هەروەها لە ڕێی شیعرە فێرکارییەکانییەوە باس لە سوود و بایەخی شیری دایك بۆ منداڵ دەکات و لە زیان و خراپییەکانی جگەرە دەدوێت.

لەتیف هەمەت لە چەند دەقێکدا، بەرگری لە کێشەی فەلەستین دەکات و بە چاکە ناوی قودس و بەیروت دێنێ و زەمی ژێمی ئیسرائیلی دەکات، بەتایبەتی لە یەکەم کۆبەرهەمیدا. ئەو ژمارەیەك شیعر و چیرۆکیشی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، هەروەك سوودی لە

ناوەڕك و بیرکەی کۆمەڵی دەقی ئەدەبی ئازەری دیوە و ئاماژەی پێداون. جگە لەمانەش کۆمەڵە شیعری جیهانی کە لەلایەن منداڵەوە بۆ منداڵ نوسراون لە عەرەبییەوە گێڕیوە بۆ سەر زمانی کوردی، کە ئەمە لە ئەدەبی کوردیدا وێنەی دەگمەنە.

پێنجەم: فۆرمی شیعرەکانی لەتیف هەمەت

زمانیی شیعریی لەتیف هەمەت زمانێکی هەوان و پاراو و ناسکە، ئەو کوردیزانێکی کارامەیە و تابڵێی لە مامەڵەکردنی لەگەڵ وشە و ڕستە و وێنەی شیعریدا، هەنج دەدات و خۆی ماندوو دەکات و وەستایەتی بەکاردێنێ، چون ئەندازیارێکی زیرەك لە وشەی ڕۆژانە و پەیقی نێو فەرهەنگ و یاریی منداڵان، باڵاخانەی قەشەنگی شیعر و پەخشان بونیاد دەنێت. چوون نیگارکێشکی بەسەلیقە کە فڕچە و مەرەکەبەکەی هەقایەت و داستانی خۆش خۆشن، وێنەی قەشەنگی وەها دروست دەکات، گەورە و منداڵ سەراسیمە دەکات، لە شیعری (پێشوازی زستان)دا نووسیویەتی:

ئەی زستانی باو باران
کچێکەی چاو پڕ گریان
تۆی بە فرمێسکی هەوان
گوڵزار دەکەی گشت جیهان
(لەتیف هەمەت، ل49)

ڕاستە بەر لە لەتیف هەمەت، لە ئەدەبی کوردیدا شیعری ئازاد بۆ منداڵان نوسراوە، بەڵام ئەو لە ڕووی ژمارەوە زۆرترین شیعری ئازاد و چیرۆکە شیعر و پەخشانە شیعری بۆ منداڵان نووسیوە، کە بەشکیان زۆر درێژن، هەروەها لەو شیعرانەشی کە ئازاد نیین و شیعری کێشدار و سەروادارن زۆربەیان لەسەر کێشی حەفت بگەیی و هەشت بگەیین، بەڵام لەتیف هەمەت بەهۆی ئەوەی شیعری ئازادی زۆرە و لە شیعری گەورانیشدا شیعری ئازاد دەنووسێ، هەروەها بۆ منداڵانیش جگە لە شیعر چیرۆکیشیان بۆ دەنووسێ، بۆیە لەو شیعرانەی کێشدار و سەرواداریشن، هەندێ جار زۆر گوێی بە ژمارەی بگەکان نەداوە و هەندێ شیعری بۆ نموونە کێپلەیەکی حەفت بگەییە، دوایی لە کێپلەیەکی دی دەبڕێتە هەشت بگەیی، شیعری وای هەیە هەمووی هەشت بگەییە، لە نیوە دێری کۆتاییدا بگەیەکی بۆ زیاد دەکا یا کەم دەکا، بۆ نموونە لە شیعری (خەون)دا دەڵێ:

من خەونێکی خۆشم دی
مانگ هاتبوو بۆ سەر زەوی

لە شەوی ئەنگوستەچاوا
مەلەی ئەکرد لە ئاوا
بەدرێژایی شەو تا بەیان
مانگی دەم بەخەندەو جوان
لەگەڵ سەدان ماسی ورد
هەر یاری و مەلەی دەکرد
(دیوانی مناڵان، ل191)
وەك دەردەکەوێ ئەم چەند دێرەی سەرەوە حەفت بڕگەیی و هەشت بڕگەیی و نێ بڕگەییشی تێدایە.
لە شیعری (زستان)یشدا، ژمارەی بڕگەکانی هەموو نیوە بەیتەکانی وەکو یەك نین، ئەوەتا دەڵێ:
کاتێ من دێم بەفر دێ
سپی دەبێ شار و دێ
مناڵ بێ کەڵان ڕادەکەن
شەڕە بەفرینەی تیا دەکەن…
(دیوانی مناڵان، ل220)
هەروەها لە شیعری (ئاسمان)دا کە شیعری وەرگێڕدراوە و بەم شێوەیە دەست پێدەکات:
ئاسمان هەتا بڵێی بەرزە
زستان هەر بارانەو تەرزە
(دیوانی مناڵان، ل169)
کە بە کێشی هەشت بڕگەیی نووسراوە، کەچی لە نیوەی شیعرەکەدا بووە بە حەفت بڕگەیی، وەك دەڵێ:
هەنگاو بێ هەر کۆم دەبات
ئاسمان تەماشام دەکات
(دیوانی مناڵان، ل169)
تەنانەت لە نیوە دێری کۆتاییدا دەبێتە شەش بڕگە و دەڵێ:
مانگ و ئەستێرە و هەتاو
بێ ئاسمان بوون بە چاو
(دیوانی مناڵان، ل169)
هەم کێش و هەم سەروا لەکن منداڵ بایەخی زۆری هەیە و زۆربەی ئەو گۆرانی و یارییە فۆلکلۆرییانەش کە لای منداڵ خۆشەویستن گرنگیی بە کێش و سەروا دراوە، لەتیف هەمەت یەکێك لەو شاعیرانەیە زۆر بایەخی بە سەروا (قافیە) داوە، لە شیعرە ئازاد و چیرۆکەشیعرییەکانیشیدا، کە کێشی شیعر فەرامۆش دەکرێ، بەڵام بە بەردەوامی یەکێتیی قافیەی پاراستووە، ئەوەش خاڵێکی هێزی شاعیرە لەو ڕوانگەوەی کە وەك عەزیز گەردی دەڵێت: "سەروا دیاردەیەکی زەقی

شیعری جیهانییه بەگشتی و شیعری کوردییه بەتایبەتی، شیعری کوردی هەر لە سەرەتاوە تا بیستەکانی سەدەی بیستەم، بە هەردوو جۆرییەوە (نووسراو و زارگۆتن)، بە هەموو زارەکانییەوە، زۆر پابەندی سەروا بووە، دەستبەرداری کێشی یەك ھەنگیش بووبێ (وەکو هەندێ بەیتی فۆلکلۆری) دەستبەرداری سەروا نەبووە".(9) لەگەڵ ئەوەش لە چەند شوێنکی کەمی شیعرەکانیدا قافیەی زۆر دووبارەبووەوە و سواوی بەکار هێناوە، یا هەندێ قافیە و پاش قافیەی وای بەکار هێناوە یتم و ئاوازی شیعرەکەی لەنگ کردووە، بێ نموونە لە شیعری (کەهکێوی)دا، کە وەك خۆی دەڵێ بنەهەتی شیعرەکە لە دەقکی ئازەرییەوە وەرگیراوە دەڵێ:

لە پێ شاخی کەهکێوی
گیر بوو لە شورەی تەلەزی
(دیوانی منهان، ل256)

لێرەدا بێ وشەی (کەهکێوی) کە هاوقافیەی (ێوی، پشێوی، بزێوی، بەدنێوی...)یە، ئەو هاتووە (تەلەزی) هەڵبژاردووە! هەروەها لە بەشکی دیکەی شیعرەکانیدا بێ وشەی (بدەر)، وشەی (مەدەر)ی کردووەتە هاوسەروا، یا بێ هەردوو وشەی (قەڵای) و (گوناهەی) پاش قافیەی (خۆی دەدۆ)ی بەکار هێناوە، بێ وشەی (ببینم)، وشەی (دەچم) و بێ وشەی (پێکەنی)ش وشەی (گەوجێتی) کردووەتە هاوسەروا و هتد... هەروەها لە هەندێ شوێندا بە (کێ) قسە دەکات، کەچی بێ ئاگرتنی قافیەی شیعر دەیکات بە (تاك) یا بە پێچەوانەوە، بێ نموونە لە شیعری (بووکەشووشە)دا دەڵێ:

چاوەکانی ئەش ئەشە
دەمی پێ خەندەی گەشە
(دیوانی منهان، ل31)

لێرەدا مادام باسی چاوەکان هاتووە، دەبوو بنووسرێ (ئەشن)، نەك (ئەشە)، بەڵام بێ ئەوەی لەگەڵ (گەشە) ببێتە هاوقافیە وای نووسیوە. هەروەها لە شیعری (تابلۆیەك)دا دەڵێ:

دوکەڵکی ئەشو چێکن
بەدەوریدا وروژاوە
بەهەزاران منهێو ژن
لە ناوەندی تابلۆکەدا کوژراوە
(دیوانی منهان، ل295)

لێرەشدا بێ هەزاران منداڵ و ژن، (کوژراون) بەکار دێ نەك (کوژراوە)، لێ بێ ئەوەی لەگەڵ (وروژاوە) ڕێك بکەوێ کردوویەتی بە (کوژراوە). لە شیعری (پەڵە هەور)یشدا، چەند کۆمەڵێ بەرخی هەیە، بەڵام لەبری ئەوەی بڵێ بێ لەکەن، دەڵێ بێ لەکەیە، تا ببێتە

هاوسەروای (هەیە):
چەند کەمەک بەرخم هەیە
سپی سپی بۆ لەکەیە
(دیوانی منالان، ل50)
سەبارەت بە ناوونیشانی شیعرە منداڵانییەکانی لەتیف هەمەت، پێویستە ئەوە بگوترێ کە لە هەبژارنی ناوونیشاندا، توانیویەتی زیرەکانە مامەڵە بکات و هەر ناوونیشانێك گوزارشتێکی زۆر نزیکی ناوەرۆکەکەی بێ، لەگەڵ ئەوەش بەشێك لە ناوونیشانەکانی زۆر لەیەکەوە نزیکن، بۆ نموونە ئەو شیعرێکی هەیە بە ناوی (بووکەشووشە)، شیعرێکی دیکەی هەیە بەناوی (بووکەشووشەکەم)، تەنانەت ناونیشانی دووبارەبووەوەشی هەیە، دوو شیعری هەیە بەناوی (دارستان)، دوو شیعری هەیە بەناوی (مامۆستا)، زۆتر لە شیعرێکی هەیە بەناوی (باران) و هتد… هەروەها هەندێ لە ناوونیشانەکانی زۆر درێژن، وەکو: (مار نابێتە هاوڕێی کەس)، (وەرزەکان چەند مانگن)، (ناونیشانی منالانی کوردستان)، (دەنگو ئاوازی کۆتر) و (دیرێکی شەڕی دوو بزن) و هتد…
لەتیف هەمەت هەندێ کەرەستە و وشە و خوازەی نوێی هێنایە نێو ئەدەبی منداڵانی کورد، کە پێشتر یا نەبوون، یا زۆر دەگمەن بوون، ئەو لەگەڵ نووسینی شیعر، چیرۆکیشی فەرامۆش نەکرد، لە هونەری شیعر نووسینیشدا، شیعری ئازادی زۆری هەیە، هەروەها ئەو هونەرەی کە پێی دەگوترێت (چیرۆکەشیعر) زۆر پەرەی پێدا، ژمارەیەکی بەرچاو دەمەتەقێ و ئێپەرێتی نووسیوە، سوودی لە بیرۆکەی شیعر و چیرۆکی گەلانی دیکە وەرگرتووە و لە بەرهەمی منداڵانەی ئەوانیشی کردووە بە کوردی، لەناو بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانیشیدا ئاوڕی لەو شیعرە بیانییانە داوەتەوە کە منداڵ بۆ منداڵی نووسیوە.
هەرچەندە کێی بەرهەمە منداڵانییەکانی لەتیف هەمەت پێلین نەکراون بۆ کام تەمەنی منداڵ گونجاون، وەلێ بە خوێندنەوەی بەشی زۆری شیعرەکانی دەردەکەوێت کە بۆ منداڵانی سەرووی (10) ساڵی گونجاون، ئەمە بۆ چیرۆکەکانیشی هەر ڕاستە و چونکە ئەو "لەو نووسەرانەیە کە زۆربەی چیرۆکەکانی بۆ قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە ناگونجێت و زۆربەی چیرۆکەکانی لەتیف هەمەت بۆ منداڵانی تەمەن 8-12 ساڵی شیاوترن وەك تەمەنی بچووکتر".(10) لەگەڵ ئەوەش بەشێك لە شیعرەکانی بۆ تەمەنی خوار دە ساڵیش گونجاون و لەگەڵ منداڵی شەش ساڵان و حەفت ساڵان دەئاخفن، لە کەمەڵە بەرهەمی (جوانترین دێ)دا شیعرەکانی (دایکم) و (پاك‌و خاوێنی) و (باخچەی فڕگە) بۆ منداڵانی سەرەتای قۆناغی خوێندن و تەنانەت هی باخچەی منداڵانیش گونجاون.
بۆ نموونە لە شیعری (منالانی باخچە)دا دەڵێ:

ئەمە منالی باخچەین
دادەکانمان
فەرمان دەکەن هەنراوەی جوان
لەبەر کەین…
(دیوانی منالان، ل276)
بە هەمان شێوە لە کۆمەڵە بەرهەمەکانی دیکەیدا، چەند شیعرێکی تری هەیە کە بۆ منداڵانی گچکە دەستدەدەن، لەوانە شیعری (منالانی باخچە) و (ژانی هەفتە) و (نان خواردن) و (باوك و دایك)… شیعری سادە و ئاسانن، وشەکان سەر بە فەرهەنگی منداڵن و دوورن لە بەکارهێنانی وێنەی قورس و ئاڵۆز، بۆیە ئەو ئەنجامەی (موزەفەر مستەفا ئیسماعیل) لە لێکۆڵینەوەکەیدا کە لەسەر چیرۆکی منداڵانی (لەتیف هەمەت) نووسیویەتی لە چیرۆکی (جوانترین دێ)دا پێیگەیشتووە، ئەوا لەسەر بەشی زۆری شیعرەکانیشی جێبەجێ دەبێ، بەڵام لەسەر کۆی شیعرەکانی نا، چونکە ئەو شیعرانەی باس کران دەرخەری ئەوەن کە بەشێکی کەم لە شیعرەکان بۆ منداڵی خوار دە ساڵییش گونجاون.
بەشێکی دەقەکانی لەتیف هەمەت کە بۆ منداڵان نوسراون، پەخشانەشیعرن، کە دیارە "پەخشانە شیعر نووسینێکە لە ڕواڵەتی پەخشاندا بەڵام هەڵگری توخمە باوەکانی شیعرە، وەك: کێش، هونەرە کەلامیەکان، لەحنی تایبەت، سەروای ناوەکی، هاوئاهەنگی پیتەکان و وێنە دیداری و ژنەفتەنیەکان".(11) بەشێك لە پەخشانە شیعرییەکان وشەی قورس و خوازە و وشەی جوت مانای وای تێدا هەیە، کەم منداڵ هەیە تێی بگات. لە پەخشانە شیعری (دارستان)دا وەهای نووسیوە:
بۆ نایەن تاوێ لەسەر
سەوزە گیای قژ نەرما بۆ خەم
لەسەر گازەرای پشت ڕاکشێم
کاژی ماندوێتێ دووریی ڕێم
دابماڵم لە ئەستێم..
لە گۆمی خەوی شیریندا.. هەمن هەمن..
تەپو تۆزی کێچو بارم لە خەم بشەم..
(دیوانی منالان، ل43)
ئایا منداڵ لەم وەسف و گوزارشت و ڕەوانبێژییە تێدەگات؟ دیارە ئەم وێنە شیعرییانە بۆ منداڵ قورسن، بەتایبەتی بۆ منداڵانی خوار تەمەنی دە ساڵان، وەڵێ ئەو خێی باس لەوە دەکات کە ناتوانێ لە (10-12) ساڵ زێتر خێی بچووك بکاتەوە، بۆیە دەبینین بەشێك لە چیرۆکەکانیشی بۆ منداڵان قورسن "چیرۆکەکانی لەتیف هەمەت زۆربەیان بۆ منداڵانی قۆناغی (8-12) ساڵی نووسراون. هەروەك خێی

دەڵێت من ناتوانم لە 10-12 ساڵی زیاتر خۆم بچووك بكەمەوە".(12)
ئەو لە شیعرەكانیشیدا وەك كەسێكی زمانپاراو و كوردیزانێكی كارامە دەركەوتووە، وەڵێ ئەو كوردیزانییەی ئەگەر لە زۆر باردا كۆمەكیان كردبێ تا شیعری بەپێز و قەشەنگ بۆ منداڵان بنووسێ، ئەوا لە هەندێ شوێندا، بوونەتە هۆی گرانكردنی فۆرمی شیعرەكانی و وەك دەقێكی ئاڵۆز و تەمومژاوی خۆیان پیشانی منداڵ بدەن، بۆ نموونە منداڵ چ لە وشەكانی (هەزن، یادگە، دەغەزار، قەقنەس، مەڕەش، هەژگ، تیلماسك، زگار، كاكێشان، چنچێ، چی، پەرخز، ناقۆە و بۆقەتە…) تێدەگات، یان ئەگەر لە ناوچەیەكیش بەكار بێن، بەشی زۆری منداڵی ناوچەكانی دیكەی كوردستان، كە دیالێكت و بەشە دیالێكتی دیكە دەئاخفن، لەوە ناچێ تێی بگەن.
لەتیف هەمەت كۆمەڵە وشە و زاراوەی جوانی لە دەقە ئەدەبییەكانی بەكار هێناوە، ئاخر ئەو فەرهەنگی شیعرە منداڵانییەكانی پێن لە وشەگەلی (گوێ، نیشتیمان، بەهەشت، پەری، خەندە، باخچە، هێلانە، جێلانێ، پەپوولە و ئاسمان و هتد…)، بەڵام لە بەكاربردنی زۆر وشە و زاراوەیش كە هەنگە زۆر پێویست نەبن لە تێكستی منداڵاندا بەكار بێن، كەچی ئەو بەكاری هێناون، بەتایبەتی لە ئەزموونە بەراییەكانیدا، وشەگەلی (قەنارە، خوێن، پەژارە، تابووت، چەپەڵ، دێزە، نەگریس، بەدكار، دڕندە، بگەن، ناپاك، بێ ئەمەك، تف، تفەنگ، تانك…) لە تێكستەكانیدا دەبینرێن، كە ئەمەش ئەگەر زیانی بە ئەدەبی منداڵانی ئەو نەگەیاندبێت، ئەوا هەرگیز قازانجی نەبووە، ئەمە بەلەربەچاوگرتنی ئەوەی كە هەندێكیان بەر لە سی چل ساڵ لەمەوبەر نووسراون، بێیە ئەگەر بكەونە بەر دادگای هەنەش دەبێ هەچاوی ئەو سەردەمە بكرێت و بە چاوی ئەو قۆناغە هەبسەنگێنرێن. بەڵام ئەو چونكە فەرهەنگی زمانی دەوڵەمەندە و لە بەكاربردنی وشە و ستەدا خودان ئەزموون و وەستاییەكی چاكە، زۆرەڵێیی نییە گەر بڵێین هیچ ستە و بەیت و وێنەی كرچوكاڵ و بێواتا نادزیتەوە، ئەگەر هەشبێ زۆر دەگمەنە، هەروەها لە وشە و زاراوەی نێو دیالێكتی كرمانجی خواروودا شارەزایە و تا ئادەیەكی زۆریش هەچاوی ڕێنووسی جوانی كردووە و جوان مامەڵەی لەگەڵدا كردووە، لەگەڵ ئەوەش لە هەندێ شوێندا لە پێكەوەلكاندنی وشە و پاشگرێك، یا لە یەك جوداكردنەوەی پێشگرێك و وشەیەكدا، وەكو پێویست ورد مامەڵەی نەكردووە، بێ نموونە لە چیرۆكە شیعری (جوانترین دڵ)دا نووسیویەتی:
گوندەكەم لە هەموو جیهان قەشەنگترەو كانیە
بچكۆلەكانیشیی لە هەموو دەریاكانی جیهان گەورەترو
شێخو شەنگ تڕە

(دیوانی منا‌ن، ل21)
ئەمە لە کات‌کدا ئەگەر بۆ (کانییە)ش یەك (ی) بەکار بێنێ و بنووسێ (کانیە)، بەڵام دیار نییە بۆچی لەباتی (بچکۆلەکانیشی)، نووسیویەتی (بچکۆلەکانیشیی)! یان لە (قەشەنگتر) و (گەورەتر) دروستی نووسیوە، کەچی هەر لە دوای ئەوە لەباتی (شۆخو شەنگتر)، نوسیویەتی (شۆخو شەنگ تر). هەروەها (بووکەشووشە)ی بە (بووکە شووشە) و (بووکە شوشە)ش نووسیوە، لەباتی (جوانیی دایك)، ئەو (جوانی دایك)ی نووسیوە، لە هەمان دەمدا (با نابینرێ)ی کردووەتە (با نابیینرێ)، (گرانیی پیتەکان)ی نەنووسیوە و (گرانی پیتەکان)ی نووسیوە، وشەی (لەسەرخۆ)ی بە (لە سەر خۆ) نووسیوە، کەچی لەجیاتی (با پیر نەبین) ئەو (باپیر نەبین)ی نووسیوە… ئەمە دەزانین بەیەکەوە لکاندنی وشە لەگەڵ پێشگر و پاشگر، یا نووسینی یەك (و) و دوو (و)، یا بەکار هێنانی یەك (ی) و دوو (ی) لە زمانی کوردیدا بەتایبەتی لە ڕێنووسی ئەلفبای عەرەبیدا کێشەی زۆری هەیە و یەکلا نەکراونەتەوە، چونکە "چەند جارێك کێ و کێبوونەوە و سیمیناری تایبەت ڕێك خراوە بۆ یەکخستنی ڕێنوسی زمانی کوردی و ڕێککەوتن لەسەر هەندێك وشە و زاراوە کە کێشەی تێدا هەیە، بەڵام بەشێی زۆری ئەو گردبوونەوانە ئەنجامی دڵخۆشکەری لێ نەکەوتووەتەوە".(13) بەڵام ئەم نموونانەی باسمان کردن دەکەونە دەرەوەی ئەو کێشانەوە.

هەروەها لەتیف هەمەت لە بەکارهێنانی هەندێ وشەدا، وەکو پێویست و ورد مامەڵەی نەکردووە، ئەگەرچی ئەو وشانە زۆر دەگمەنیش بن، بەڵام مادام لە بەرهەمی سەر بە ئەدەبی منداڵاندایە، زووتر هەستی پێ دەکرێ و کەمتر بواری ئەوەی تێدایە لەژێر ناوی گەمەکردن بە وشە و لێسەندنەوەی دەسەڵات لەم وشە و پێدانی بەو وشەدا جێگایان بکرێتەوە، نازانم بۆچی ئەو (مەڕ و پەز)ی پێکەوە بەکارهێناوە، لەکات‌کدا یەك مانایان هەیە و لەنێو ئەو دەربڕینە جوتپەیقانەشدا جێگای نابێتەوە کە لە کوردیدا باون، وەکوو (بەژن و باڵا)، (جێ و مەکان) و (بەخت و مراز)… کە یەك مانایان هەیە و هەندێ جار هەردوو وشەکە کوردین و هەندێ جاریش وشەیەکیان کوردییە و ئەوەی دیکە هی زمانێکی دیکە و هاتووەتە نێو زمانی کوردییەوە.(14) هەروەها وشەی (پەمە) بۆ گریان بەکار دێ، کە بە واتای (شیوەن، گریانی بەهێز، گریانی لەناکاو) دێ،(15) کەچی ئەو (پەمەی پێکەنین)ی بەکار هێناوە. لە شوێنی دیکەدا (فرمێسکی قاڵ) و (کێتری مڕ)ی بەکار هێناوە! هەروەها لە شیعری فۆرکاریدا وەك چۆن گرنگە شاعیر زمانێکی سادە و نەرم بەکار بێنێ و خۆی دوور بگرێ لە زمانی ئامێزگاریی

ڕاستەوخۆ، لەویش گرنگتر ئەوەیە زانیاریی نادروست بە منداڵ نەڵێت، کەچی دیار نییە بۆچی ئەو بە منداڵان دەڵێت سەرچاوەی ئاوی ڕووباری دیجلە دەریاچەی وانە!

ئەنجام

لەتیف هەڵمەت وەك شاعیر و چیرۆکنووسێکی دیار لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی داوەتە نووسین و وەرگێڕانی شیعر و چیرۆك بۆ منداڵان و تا ئێستاش بەردەوامە، ئەگەر زۆرەر و بەشێك لە هاوڕێکانی ڕێبەرایەتی ئەدەبی منداڵانی کورد بکەن لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووە وە تا کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو. گۆران و ئەدیبانی دوای خۆیشی بە نەوەی دووەمی ئەدەبی منداڵانی کورد دابنرێن، ئەوا لە تیف هەڵمەت لە چارەگی کۆتایی سەدەی بیستەم بە نوێکەرەوەی زمان و فۆرم و ناوەرۆکی شیعر و چیرۆکی منداڵان دادەنرێت. ڕاستە بەر لە لەتیف هەڵمەت، لە ئەدەبی کوردیدا شیعری ئازاد بۆ منداڵان نوسراوە، بەڵام ئەو لە ڕووی ژمارەوە زۆرترین شیعری ئازاد و چیرۆکە شیعر و پەخشانە شیعری بۆ منداڵان نووسیوە، جگە لە پێشخستنی هونەرەکانی چیرۆکەشیعر و دەمەتەقێ و شیعری ئازاد لە ئەدەبی منداڵانی کورددا، هەروەها چ وەك وەرگێڕان یا سوود وەرگرتن لە بیرۆکەی دەقی ئەدەبی بێگانە، بەرهەمگەلێکی عەرەبی و ئازەری و هی تری کردووە بە کوردی، ئەو یەکێکە لەوانەی بایەخی زۆری بە وەرگێڕانی ئەو دەقە ئەدەبییانە داوە کە لەلایەن منداڵانەوە بۆ منداڵان نووسراون. ئەگەرچی مێژووی نووسینی لەسەر هیچ یەکێك لە تێکستەکانی نەنووسیون، بەڵام ئەوەندەی لە ڕێگەی ساڵی بڵاوکردنەوەی چاپی یەکەمی کتێبەکانییەوە دەردەکەوێ ئەوەیە کە زمان و ستایلی نووسینی هەموو شیعرەکانی وەکوو یەك نیین. ئەویش وەکوو شاعیرانی پێش خۆی و هاوسەردەمی خۆی، سەرەتا بە شیعر و نووسین بۆ گەوران دەستی پێکردووە، دواتر ئاوڕی لە بواری ئەدەبی منداڵان داوەتەوە. هەروەها بە سەرنجدان لە کۆی بەرهەمەکانی لەتیف هەڵمەت بە شیعر و پەخشانییەوە، ئەوەش دەردەکەوێت کە ناوبراو هەرگیز شیعری ئایینی و شیعری گاتەوگەپ و مەتەڵە شیعری نەنووسیوە. چیرۆکی کورت و درێژیشی هەیە، بەڵام لە ئەزموونی نوسینیدا هیچ ڕۆمان و نۆڤێتێکی بۆ منداڵان نەنووسیوە.

پەراوێز

– چاوپێکەوتن لەگەڵ لەتیف هەڵمەت، سازدانی: فریاد محەمەد، گۆڤاری (پەیامی ڕاستی)، ژمارە (84)، زستانی (2009)، ل54-59.

2 – سەرچاوەی پێشوو، ل54-59.
3 – سەرچاوەی پێشوو، ل54-59.
4 – حەمە ساڵح فەرهادی، پێگەی شیعری منداڵان لای شاعیرانی کورد، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2013، ل.177
5 - https://ckb.wikipedia.org

6 – لەتیف هەمەت، گەردەلوولی سپی، لە چاپکراوەکانی کۆی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆی زانیاری کورد، بەغدا، 1978، ل.33
7 – کۆمەڵە پسپۆڕی ئەمەریکی، گەمە لە ژیانی منداڵاندا، وەرگێڕانی: کەمال فاروق، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، 2005، ل.53
8 – سەرچاوەی پێشوو، ل.54
9 – عەزیز گەردی (د.)، سەروا-لێکۆینەوەیەکی شیکاریی بەراوردە لە شیعری کوردیدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر، ل.6
10 – مقفر مصگفی اسماعیل، ڕوخسار و ناوەڕۆکی چیرۆکی منداڵان لای لەتیف هەمەت، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2011، ل.180
11 – بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، 2004، ل .113
12 – مقفر مصگفی اسماعیل، ڕوخسار و ناوەڕۆکی چیرۆکی منداڵان لای لەتیف هەمەت، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2011، ل.183
13 – زیاد ڕەشاد قادر، زمان و میدیا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر، 2013، ل .33
14 – بۆ زانیاریی زێتر بڕوانە: (Nezir Ocak, Waneyen Rezmana Kurmanci, wzsanen hesrane2, Capxane Kayhan matbazcilik, capa yakamin, rezber 2014, R51.)
15 – بۆ زانیاریی زێتر بڕوانە: (هەژار، هەنبانە بۆرینە، انتشارات صدا و سیمای جمهوری اسلامی ایران، تهران، 1368، ل106) و (موحەممەد مەردۆخی کوردستانی، فەرهەنگی مەردۆخ، لێکۆینەوە و ئامادەکردنی: ڕەئوف ڕەهنموون، بەرگی یەکەم، خانەی بڵاوکردنەوەی پێتەوبەیان، چاپی یەکەم، سنە، 1388ی هەتاوی، ل 347) و (عەبدولوەهاب شێخانی، فەرهەنگی شێخانی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2009، ل122).

تێبینی:
سەرجەم نموونە شیعرییەکان لەم سەرچاوەیە وەرگیراون: (لەتیف هەمەت، دیوانی منداڵان- شیعرو چیرۆك بۆ منداڵان، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی کەرکوك، چاپی سێیەم، کەرکووك، 2013).

ئەستەمبوڵا ناوەندی مەعریفی ڕوناکبیری کورد ... سەلام ناوخۆش

سۆکوچکەی باشوور لە باکوور
نالی، حاجی قادری کۆیی، پیرەمێرد .....

_____

دەروازە

پێش و پاش ئەو زاتانە ، چەندان نوسەری دی باشووری کوردستان بەرەو ئەستەمبوڵ لە کاتی جیاواز بارگایان تێکناوە ، بەڵام ئەم سێیە لە پێش و پاش چوون ، وەك سێ ئاببەر لە شیعری کوردی باشوور پێگەیان هەبوو .
ئەم کورتە توێژینەوەیە لە چەند سەرباسێك پێکهاتووە ، هەموو جەخت لە سەر ئەوە دەکەن ، کە ئەستەمبوڵ لە کاتی حوکمڕانی عوسمانیی ئارامگای کۆکردنەوەی دژەکان بووە ، بەڵام لە سەردەمی حوکمڕانی ئیتحادییەکان و کەمالییەکان بۆتە شوێنی سێنەوەی ناڕازییەکان و تەنگاوکردنیان کە ئەستەمبوڵ بەجێبهێڵن یان زیندانی دەکرێن!
لە لایەکی تر هەر لە سەردەمی عوسمانیدا ، ئەلفوبێی کوردی تەواو نزیك بووە لە ئەلفوبێی عوسمانی ، تەنیا لە چەند دەنگێك جیاواز بوونە ، بەڵام لە سەردەمی حوکمڕانی کەمالیی زمان و ڕێنووس و ئەلفبێی کوردی لە باکوور قەدەغە کراوە ، بۆیە دوا کەسی سۆکوچکەی (نالی ، کۆیی ، پیرەمێرد) ناچار بووە ئەستەمبوڵ بەرەو سلێمانی بەجێبهێڵێت.

سەرباسی یەکەم ، پێگەی ئەستەمبوڵا لای متەنەوەری کورد

قوستەنتینییە (ئەستەمبوڵ) پێگەیەکی مەعریفی بوو بۆ نوسەرانی کورد . ئەلاکۆم 2005 لە ل20ی کتێبی کوردەکانی ئەستەمبوولی کۆن لە بارەی کورد لە ئەستمبوڵ دەنووسێت :" دەمانێك کورد کە نزیکەی (30)هەزار کەس بوون ، ئەمڕۆ لە سەرووی (3) ملیۆن کەس دەقەسرێنرێن . تەنانەت سەرچاوەی ئەوتۆش هەن کە سەرژمێری کورد بە نزیکەی (4) دادەنێ."

شاری ئەستەمبوڵ شارێکی هێندە گەورە بووە بۆ گەورەکردنی ڕۆناکبیرانی کورد، هەربۆیە حاجی قادری کۆیی لە وەسفی گرینگی شاری ئەستەمبوڵ دەنووسێت :

سەوادی ئەعزەمی قوستەنتەنییە
گەلێ بێ ناوی کردە صەدری ئەعزەم

ئەلاکۆم 2005 ، ل28 و پیربا 2009، ل6 و عوسمان 2017 ئاماژە بەوە دەکەن کە ئازادکردنی ئەستەمبوڵ دوای ساڵی 1453 بووە ، کورد تاك تاك و شۆوەی گروپ هاتونەتە ئەستەمبوڵ . ئەلاکۆم لە ل29 دەنووسێت هەر گرتنی ئەستەمبوڵ خودی شەهابەدینی شارەزووری ناسراو بە مەلا گۆرانی بووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمیش ، سەردەمی عەبدالحەمیدی دووەم 1879-1909 کاتێکی زێڕین بووە بۆ کەسایەتی دینداری کوردی ، بە جۆرێك ئەلاکۆم لە ل42 دا دەنووسێت :" زیادبوونێك لە ژمارەی ئەو کوردانەدا ، بەرچاو دەکەوێ کە لە سەردەمی عەبدلحەمیدی دووەم دا هێناونەتە کەرتی سەرەوەی بیرۆکراسییەوە….هەروەها لە ل42-43 دەنووسێت : کوردەکان لە کۆشکی عەبدالحەمید وەك مرۆڤی لە ئاسن دروستکراو لە تابووردا ڕیز دەبوون ، لەسەر کەوا (مینتان)ەکانیانەوە هێمەکی زەرد جوانیان لەبەر کردبوو .." هەروەها د.عومەر عبدالعەزیز 2016 لە گۆڤاری خاڵ ، ژمارە (5) باس لەوە دەکات کە سەعیدی نورسی لەگەڵ پیرەمێردی شاعیر چوونەتە دیداری عبدالحەمید."

لەپاش نەمانی عبدالحەمید ، هەر یەك لە ئەلاکۆم و جوردی گۆرگاس و پیربا باس لەوە دەکەن کە هۆشی ئابووری و ڕۆشنبیری ئەستەمبوڵا تێکچوو بوو . هۆحمی هەکاری لە شیعرێك بەناوی نوزەی هەتیوێك لە گۆڤاری ژین ، ئەوها باسی بەشێك لە کوردەکانی ئەستەمبوڵ دەکات کۆچەرم من ، ئەوا کەتوومەتە بەر دەرگای ئەم و ئەو

جوردی گۆرگاس لە کتێبی(الحرکه الکردیه الترکیه فی المنفی) و فەرهاد پیربا لە (گەنجە کوردەکان) پێ لە سەر ئەوە دەگرن کە زۆربەی ڕۆناکبیرە گەنجە کوردەکانی ئەستەمبوڵ نەك هەر لایەنگری هۆوتی عەلمانی بوون، بەڵکو مارکسیش بوون . ئەو گەنجە سیکیولەرە مارکسیانە لە نێویان جەلادەت بەدرخان و هی تر هەر بەو گۆڕانکاریە

هزرییه نەوەستان ، بەکو ئەلفوبێی کوردیشیان گۆڕی بە ئەلفوبێی لاتینی .
هەر یەك لە نەوشیروان مستەفا 2012 بە دەم ڕۆگاوە گوڵچنین –کتێبی یەکەم و مەلا ئەحمەد سەلیم ، ل6ی دیوانی حاجی قادری کۆیی ، باسی ئەوە دەکەن کە دەلاقەی دیوەخان و مزگەوت و کۆشکی دیوەخانی ئاغاکانی کورد …سەرچاوەی بەهێزن بۆ پاراستنی دەقی کوردی .”
ئەو سێ شاعیرە لە دوو کۆنتێکستی جیوگرافی جیاواز ژیاون ، بەیە هەر چ نەبێ شیعری دووانیان ، نالی و حاجی قادر ، پەرت و بڵاویان پێوە دیارە ، دژوارە بەرهەمی هەردوو شوێنیان بدۆزرێنەوە ، چونکە لەو دووایانە نەبێت توێژەری کورد دەرفەتی دیتنی دۆکیومێنتی عوسمانی بۆ واڵا نەکراوە ، هەروەها توێژەری کوردی باشووریش ، پیشەی گەڕان بە دوای دەستنووسدا لە مزگەوت و دیوەخان و حوجرە و خەڵك نەکردێتە خەمێکی ئەکادیمی بۆ ساخککردنەوەی مۆژووی ئەدەبی خۆی !
سەرباسی دووەم ، نالی لە ئەستەمبوڵ 1851-1877

ڕابەرییوونی نالی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا هیچ پەیوەندی بە تەوژم و ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی وەنەبووە , بەکو ئەوە دەقەکانی بوون ، بۆیە لە یەك کاتا کۆمەڵك توێژەری ئایدیا جودای هاندا لە دەرگای بدەن : بۆ نموونە دیندار و شەرعزانی کورد مەلا عەبدولکەریمی مودەریس , ڕەخنەگری مارکسی وەك مەسعود موحەمەد , کۆمینیستی وەك حەمەی مەلا کەریم , توێژینەوەکاری وەك دکتۆر خەزنەدار و دکتۆر ڕەئووف عوسمان ، کەسی وەك پیرەمێردی شاعیر هەتا بە ” پێغەمبەری شیعری کوردی ” ناوی ببا ، هۆشیار ، ل85 .
سێ کۆنتێکستی جیوگرافی جیاواز ، سلێمانی ، شام ، ئەستەمبوڵ ڕۆڵی خۆیان هەیە لە دیارکردنی شوناسی شیعری نالی دا .
کۆنتێکستی سلێمانی و شام زۆر قسەی لە سەر کراوە ، بۆیە بە زۆری قسە لە سەر ژیانی نالی لە ئەستەمبوڵ دەکەین.

کۆنتێکستی شام سەرەتایەك بووە بۆ کۆچککردن بۆ ئەستەمبوڵ ، سەرچاوە کوردیەکانی باشوور ، سەجادی ، عبدالکریم مدرس ، محمدی مەلا کریم ، مسعود محمد ، خەزنەدار 2003 ، ل45-46…، جەخت لە سەر ئەوە دەکەن ، کە نالی لە حەج-دا گەڕاوەتەوە شام ، لەوێ نامەیەکی لە (سالم) پێدەگات کە، لە غیابی (ئەو) کودەتایەکی سیاسی لە سلێمانی ڕوویداوە : کە لە ساڵی 1844 دا(ئەحمەد پاشای بابان) لە کۆشکی میرایەتی لادراوە و (عەبدوڵا پاشا) بە هۆزی عوسمانی لە جێی داندراو و ئەحمەد پاشا ئاوارە و دەر بەدەر بوو , نالی لەو

کوده‌تایه‌دا سل‌مانی چ‌ نه‌کردووه , به‌ام له نه‌گبه‌تی سا‌ی 1851 دا نه‌گبه‌تیه‌که له‌وه دابوو ‌وخانی میرنشینی ل‌که‌وته‌وه و سل‌مانی کرایه قه‌زایه‌ك له ویلایه‌تی شاره‌زوور. ده‌و‌ه‌تی عوسمانی عه‌بدو‌‌ا پاشاشی لادا و پیاوی خ‌ی له شو‌نی دانا .”
نالی چامه به ناوبانگه‌ی ب‌ ده‌ن‌ر‌ت ، چامه‌که‌ی نالی 42 د‌ر بووه ، چامه‌که به ن‌ستال‌ژیه‌ك ب‌ نیشتیمان ، سل‌مانی، ده‌سپ‌ده‌کات :

قوربانی ت‌زی ‌‌گه‌تم ئه‌ی بادی خ‌ش مروور
ئه‌ی په‌یکی شاره‌زا به هه‌موو شاری شاره‌زوور

نالی له غه‌زه‌لنووسی (نالی سل‌مانی) له شام ده‌ب‌ته ش‌‌شگ‌ر‌کی که‌لامی ، ئه‌و ش‌‌شگ‌‌ه به‌رگه‌ی مانه‌وه له شام ناگر‌ت ، ب‌یه وه‌ك صه‌دیق
ب‌ره‌که‌یی 2008 , ل580 باس له‌وه ده‌کات که ئه‌حمه‌د پاشای بابان له‌گه‌ خ‌ی ب‌ ئه‌سته‌مب‌لی بردووه هه‌روه‌ها (کار‌کی میریی) ب‌ د‌زیته‌وه .
ل‌ره‌دا ئار‌شه و جیاوازی له ن‌وان تو‌ژه‌ران ده‌ست پ‌ده‌کات . سه‌جادی له لاپه‌ه (246) ی هه‌مان کت‌بدا , ده‌نووس‌ت : ” نالی له 1830 ده‌چ‌ته حه‌ج و پاشان ده‌گه‌‌ته‌وه ب‌ شام و له‌و ده‌مه‌دا میرنشینی بابان دووچاری هه‌ره‌س ده‌ب‌ت ، که‌چی خه‌زنه‌دار 2003 , ل47 ئه‌و چوونه‌ی نالی ب‌ حه‌ج ده‌گه‌‌نه‌ته‌وه ب‌ سا‌ی 1851 هه‌روه‌ها سه‌جادی باوه‌‌ی وایه که نالی سا‌ی 1855 ک‌چی دوایی کردووه .” که‌چی خه‌زنه‌دار , ده‌نووس‌ت له 1856 مردووه . ب‌ره‌که‌یی 2008 باوه‌‌ی وایه نالی له ته‌مه‌نی 83 سا‌ی ک‌چی دوایی کردووه , (ب‌ره‌که‌یی , ل575) حاجی قادریش له ته‌مه‌نی 77 سا‌ی له ئه‌سته‌مب‌ل ک‌چی دوایی کردووه – (سه‌جادی ، ل 336)
که‌واته به قسه‌ی تو‌ژه‌ره کلاسیکیه‌کانی باشوور له ن‌وان سا‌انی 1854 و 1855 که حاجی قادر و نالی ئاواره ‌وویان کرد‌ته ئه‌سته‌مب‌‌ ، ب‌یه هه‌قمانه ده‌پرسین : ده‌ب‌ ئه‌و زاتانه یه‌کتریان له ئه‌سته‌مب‌‌ بینی ب‌ت ؟ ئه‌و یه‌کتربینه ز‌ر گرینگه، چونکه لایه‌کی ش‌وه شیعری نالی له ئه‌سته‌مب‌ل پیشان ده‌دات! مارف خه‌زنه‌دار 2003 , ل47 له وه‌رامی ئه‌و نیگه‌رانیه ده‌‌ت : ” حاجی قادر له ده ج‌گه له شیعری ناو دیوانیدا یادی نالی کرد‌ته‌وه و به چاو‌کی به‌رز ته‌ماشای کردووه و به گه‌وره‌ی شاعیران ناوی بردووه .”
له پرسی له دایکبوونی نالی دا ز‌ربه‌ی تو‌ژه‌رانی وه‌ك سه‌جادی و خه‌زنه‌دار و مه‌سعود موحه‌مه‌د و موده‌ریس …، ز‌ر له یه‌ك نزیکن، به‌ام له پرسی مردنی ز‌ر له راستی دوورن ، چونکه نالی له تورکیا –دوور

لە چاوی خەڵکی باشوور مردووە.
هەریەك لە بڕەکەیی ، کوردی ڕۆژهەڵات ، و دکتۆر هێمن عومەر 2017 ڕای تەواو جیاواز دەخەنە ڕوو . بڕەکەیی باوەڕی وایە نالی لە تەمەنی 83 ساڵی واتە ساڵی1880 کۆچی دوایی کرد بێت ، هەرچی دکتۆر هێمن عومەر خۆشناوە 2017 لە ل 42ی کتێبی (نالی لە بەگەنامەکانی عوسمانیدا) " نالی لە 11ی تشرینی دووەمی ساڵی 1293 ی ڕۆمی کۆچی دوایی کردووە ، کە دەکاتە 23ی مانگی 11ی ساڵی 1877ی میلادی."
هەموو ئەوانەی قسەیان لە سەر شیعری نالی کردووە وەك عەلائەدین سەججادی -1952 , دکتۆر مارف خەزنەدار 2003 , سدیق بڕەکەیی (سەفی زادە) 2008, دکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسول 2012، سەلام ناوخۆش 2016 ، دکتۆر هێمن عومەر چەند زانیاریەکی کەم لە سەر ژیانی نالی لە باکووری کوردستان یان ئەستەمبۆل تۆمار دەکەن , وەك :

1. سەججادی لە لاپەڕە 257ی (مۆژووی ئەدەبی کوردی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەر سێ چاپی یەکەم 1931 و دووەمی 1948 و سێیەمی 1962 دیوانی نالی لای کوردی ڕۆژهەڵات بووە بە ناوی کوردی مەریوانی , عەلی سنەیی , گیو موکریانی , نەك باشوور , ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت , کە ئەو دیوانانە دەقی سلێمانی و شام و باکووری کوردستان لە خۆ گرتووە.
2. سدیق بڕەکەیی –سەفی زادە کە لاپەڕە 575-588ی بەرگی دووەمی (مۆژووی ئەدەبی کوردی)بۆ نالی تەرخانکردووە. بە پێی سەفی زادە ئەم دەقە , کە لە دوا بەرهەمەکانی نالی یە لە باکوور دا , ئاماژە بەوە دەکات نالی زۆر پیر بووە , بە جۆرێك قژ سپی و چاو کز بووە وەك دەڵێت :
مووی سپی کردم بە شووشتن ئاوی عەینی شەڕە شەگ
شەڕە شەگ یەعنێ کە تێدا خۆ بە خۆ قەل بوو بە بەگ
3. دکتۆر مارف خەزنەدار , یەکێ لەو کەسانە بوو کە بە نالی ناس وەك عەبدەلکەریمی مودەریس و مەسعود موحەمەد حسێبی بۆ دەکرا , نەك تەنیا کەکەرەوەی دیوانەکەی نالی بۆ !
بە قسەی مارف خەزنەدار 2003 , ل46 نالی تەنیا 3 ساڵك لە باکوور یا ئەستەمبۆل بووە ، ئەو باوەڕی وایە نالی هەتا ساڵی 1853-1854 لە شام بووە و لە 1856 کۆچی دوایی کردووە. هەروەها دکتۆر خەزنەدار ، ل 46 باوەڕی وایە نالی لە ئەستمبۆل بزر دەبێ !
4. دکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسول
لە شێوەی ئەم دەقەی نالی –دا
فارس و کورد ە عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتووە
نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ مەکە , دیوانی هەیە

ئەم مەرج (زانینی زمانی دی) و پێوەرە , نالی ئەستەمبێلی وە لێکردووە , کە چوار زمان بزانێت , ل 7-8 و شیعرەکە وای لێدێت:
فارس و کورد و عەرەب و تورك هەر چوارم بە دەفتەر گرتووە
نالی ئەمێ حاکمی چوار مێکە , دیوانی هەیە.
ئایەکەی خەزنەدار ناڕاستەوخێ لای دکتێر عزەدین و بارەکەیی و مەسعود موحەمەد و مەلای گەورە ئەتدەکرێتەوە , چونکە نالی بە 3 ساڵی فێری تورکی نابێت و شیعری پێ بنووسێت , یان مەلای گەورە واتەنی بە 56 ساڵی ئەوەندە پیر بێت ؟؟ یان نالی واتەنی ئیش سپی و چاو کز بێت!
دکتێر عوسمان عەلی 2013-2015 کتێبێکی دەربارەی کورد لە بەگەنامەکانی عوسمانی بڕاوکردەوە ، بەڵام بە هیچ جۆرێك بە لای پرسی نالی و حاجی قادر کۆیی لە ئەستەمبێ نەچوو ، تۆژینەوەکەی دکتێر هەمن عومەر ، نالی لە بەگەنامەکانی عوسمانیدا ، چەندان زانیاری تازەی لە بارەی نالی لە ئەستەمبێ خستێتەوو بەوەی لەو ژنێکی هێناوە بەناوی (زەینەب) هەروەها لە ئەستەمبێا وەزیفەدار بووە و خانەنشین کراوە هەروەها بەپێی بەگەنامەکانی عوسمانی لە ئەستەمبێ کۆچی دوایی کردووە.
لە ژیانی نالی لە هەر سێ شوێن ، دەگەینە چەند ئەنجامێك:

1.نالی لە ژیانی دوو جار حەجی کردووە (سەجادی و ئەوانی تر تەنیا باسی یەك حەج دەکەن ، پێش ئەوەی بچێتە ئەستەمبێ ، کەچی مەسعود محمد و صەدیق بارەکەیی باسی حەجێك دەکەن کە نالی لە پیری حەجی کردووە و باپیرەی مەسعود موحەمەدی لە حەج بینیوە.)
2.نالی لە ئەستەمبێ بێتەوە نالی سلێمانی وەك مەلا سەعیدی کوردی و ئەحمی هەکاری پشتی لە ململانێی میرانی کورد کردووە.
3.هەرچەندە تۆژینەوەکەی دکتێر هەمن عومەر زۆر شتی تازەی تێدایە ، بەڵام هیچ دەقە شیعری تێدا نییە ، کە شیعری نالی بن لە ئەستەمبێ ، لەوانەیە هەکارەکە ئەوە بێ ، دکتێر هەمن دکیومێنتی عوسمانی بە دەست کەوتووە ، نەك دەستنووسی کورد ، هەرچی صەدیق بارەکەییە دەستنووسی بە دەست کەوتووە ، نەك دکیومێنتی ڕەسمی ، هەربۆیە ئەو مردنی نالی بە 1880 دادەنێت ، دکتێر هەمن بە 1877 دادەنێت : دەپرسین دەبی نالی لەو وازی لە شیعرنووسین هێنا بی ، ئەمەش دووڕە لە ڕاستیەوە ، چونکە صەدیق بارەکەیی باسی شیعرێکی نالی لە تەمەنی پیری دەکات.
4.ئەو دوو کارەی بارەکەیی و هەمن تەواوی قسەی تۆژەرانی باشوور لە بارەی ساڵی مردنی نالی ، 1855یا 1856 یا 1857 هەڵدەوەشێننەوە !

سەرباسی سێیەم ، حاجی قادری کۆیی لە ئەستەمبوڵ1856-1897
حاجی قادری کۆیی لە باشووری کوردستاندا بە خانی دووەم ناوزەد دەکرێت بەوەی ئەویش وەك خانی دینداری و سۆزی نەتەوەیی هەبووە . فندی 2008، لە ل70ی کتێبی الفکر القومی الکوردی.. دەنووسێت : بەوەی حاجی پێش بچێتە ئەستەمبوڵ ، چێتە کوردستانی ئیران بۆ دیراسە لەوانە سەردەشت و مهاباد ، بەڵام پاش تەواوکردنی دیراسە گەڕاوەتەوە کۆیسەنجق..”
سەبارەت بە پرسی حاجی قادر لە ئەستەمبوڵ ، ڕای جیاواز هەیە.
بە قسەی ئەکوام و ڕەحمی هەکاری ، ئەستەمبوڵ لە حوکمرانی عوسمانیدا پەناگەی کوردی باشوور بووە ، بەڵام بە موحەمەدی مەلا کەریم 1960 ، ل 10 و سەردار میران و کەریم شارەزا 1986 ، ل14 ئەستەمبوڵ ، شوێنی چەوساندنەوە بوو! سەردار میران و کەریم شارەزا ، ل14، ئەو شیعرەی کۆیی دەکەنە بەگە

شەو دانیشتبووم بۆ شەمع و میصباح
ئەتێی هێناوە یادم کاکە فەتتاح

بەدرخانییەکان لە باکووری کوردستان بە تایبەتی ئامەد خاوەن قۆناغ بوون ، نەك لە ئەستەمبوڵ ! لەوێ ئاوارە و دوورخراوە بوون ، بە هۆی تێمەتبارکردنی عەبدالرەزاق بەدرخان لە سەر کوشتنی (ڕەدوان پاشا)!
لە لایەکی تر ، پرسی کەیفی جوانۆیی بۆتە پرسێکی جێگای شك : ئایا لەگەڵ لە کۆیی سەفەری کردووە یان لە ئەستەمبوڵ بۆتە برادەری؟!

سەججادی لە لاپەرە (336) ی مێژووی ئەدەبی کوردی , دەنووسێت : ” حاجی قادری کۆیی لەگەڵ کەیفی شاعیر لە ساڵی 1854 بەرەو ئەستەمبوڵ دەچێت .” کەچی سەردار میران و کەریم شارەزا 1986 ، ل15 دەڵێن :” کەیفی جوانۆیی ، حاجی قادری کۆیی لە کۆیە نەبینیوە ، بەڵکو لە غوربەتی بووە بە دۆستی گیانی بە گیانی کەیفی جوانۆیی.”
ئەو بەجێهێشتنەی کۆیە لای مەسعود محمد ، سەردار میران ، ڕەشید فندی بۆتە ئارەشە !
بینیمان چوونی نالی بۆ ئەستەمبوڵ بەهۆی ناچاری بووە : دەوڵەتی عوسمانی میرنشینی بابانی ڕوخاند و کەسانێکی نزیك لە خێی لەوێ کردە میر . سالمی هاوڕێی ئامۆژگاری دەکا بەوەی سلێمانی کەبکی ئەوی نەماوە ، ئەویش سەری خێی هەڵدەگرێت بەرەو ئەستەمبوڵ دەچێت ،کەچی لە پرسی ڕێشتنی حاجی قادر کۆیی مەسعود موحەمەد لە بەرگی سێ ، ل277و سەردار میران و کەریم شارەزا 1986 ، ل12و فندی لە ل71

دەنووسن : کە شێخ نەبی ماویلی و مریدەکانی ،حاجی قادری کۆیی پەنجا ساڵی ناچار کردووە کۆییە بەجێبهێڵێت و بەرەو ئەستەمبووڵ بچێت.”
تێنەگەیشتن لە پرانسیپەکانی ئیسلام و ماتریالیزم ، هەندێ نووسەری بەوە بردووە کە حاجی قادری کۆیی بە زانای ماتریالیست ببەن ، وەك چۆن هەمان شتیان کرد دەربارەی (قانع) و (مەلای گەورە)!!
سەردار میران و کەریم شارەزا لە ل15، ئەم شیعرەی خوارەوە بە نموونەی ماتریالیزم دەهێننەوە

لازمە خول بخۆی وەکوو بەرداش
هەموو قەرنێ دەگێڕێ ئەمری مەعاش

هەر یەك لە نالی و حاجی قادر کۆیی لە یەك ماوە زەمەنی لە ئەستەمبووڵ بوونە ، ئایا یەکتریان بینیوە؟ هەردووك لە ئەستەمبووڵ تەنیا لە لایەنی ئایندارى لە یەك نزیك بوونە ، ئەگەرنا هەردووك لە ئەستەمبووڵ پێچەوانەی یەکتر بوون : نالی وازی لە شیعری نەتەوەیی هێنابوو ، کەچی حاجی قادر وازی لە شیعری دێداری هێنابوو ، خەریکی شیعری نەتەوەیی بوو!
لە لایەکی تر ئەلاکۆم2005 ، لە ل66-80ی کتێبی کوردەکانی ئەستەمبووڵی کۆن دەنووسێت : کورد لە بەشی ئەوروپای ئەستەمبووڵ و بەشی ئاسیای ئەستەمبووڵ دەژیان ..” ئەوەش وەیکردووە یەکتر نەبینن ، تەنیا لە دوورەوە ئاگاداری شیعری یەکتر بن.
دکتۆر فەرهاد پیربا 2009 لە ل11-12 دەنووسێت :” حاجی قادری کۆیی لە ساڵی 1897 لە ئەستەمبووڵ کۆچی دوایی کردووە.” سەردار میران و کەریم شارەزا 1986 لە ل17 دەنووسن :” حاجی قادر لە ساڵی 1897 دا لە شاری ئەستەمبووڵ ، لە ئاوارەیی و بێ کەسیدا سەری ناوەتەوە و لەبەری ئێسکودار ، لە گۆرستانی (قەرەج ئەحمەد) نێژراوە.”

سەرباسی چوارەم ، پیرەمێرد لە ئەستەمبووڵ 1897-1924

پیرەمێرد ، جگە لەوەی لای هەندێك بە بیرمەند و لای کەسانێکی تر بە فەیلەسوف ناوزەد دەکرێت . پیرەمێرد لە کوردستان و ئەوروپا زۆری لە سەر نووسراوە هەتا ماستەر و دکتۆرا، وەك ماستەر فێئاد ەشید و دکتۆرای عەبدوڵا پەشێو .
پیرەمێرد لەگەڵا شاندێکی باڵای باشووری کوردستان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە چۆتە ئەستەمبووڵا . دکتۆر فەرهاد پیربا 2009 لە ل11ی ئەستەمبووڵ و ئەدەبی نوێی کوردی دا دەنووسێت :” لە ساڵی 1897

دا پیرەمێردی شاعیر ، لەگەڵ شاندێکی شێخ سەعید، باوکی شێخ مەحموود، دەگاتە ئەستەمبوڵ." ئەو شاندە کوردیەی باشوور ، شاندێکی مەزن بووە. ئەلاکۆم 2005 لە ل111 دەنووسێت :" ئەو شاندە شاندێکی 40 کەسی بووە (زۆربەیان) و (پیرەمێرد) ، (شێخ مەحموود بە منداڵی) ، (شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحموود) سوێتان عەبدالحەمیدی دووەم مۆواندارییەکی گەورەی کردوون. ئەو شاندە سێ مانگ لەوێ ماوەتەوە." دکتۆر عومەر عبدالعەزیز 2016 ، ل 66 لە نووسینەکەی گۆڤاری خاڵا ئاماژە بەوە دەکات ، کە مەلا سەعیدی کوردی (شێخ سەعیدی نورسی) پیرەمێردی شاعیر بە هەڵی ڕواوی (31ی مارت) پێکەوە گیران …" " پیربا۠ا لە ل11-12 دەنووسێت :" پیرەمێرد ، لە ئەستەمبوڵا هاوڕێ و دراوسێی دوو کەڵە نووسەری ڕۆبەری ئەم بزووتنەوە ئەدەبیەی تورکیا بووە:ئەکرەم ئەجایی زادە (سەرنووسەری گۆڤاری پێروت فنون 1896-1901)، هەروەها خالید زیا عوششاقی زادە ، کە هەردووکیان لە یەك ئاپارتماندا ، لەگەڵ پیرەمێرد ژیاون.." ئەلاکۆم لە ل112 درێژە زیاتر بەو دیدارە دەدات کە جگە لەو دوو کەڵە نووسەرە تورکە بەوەی پیرەمێرد ماوەیەك لە (هەیبەلی ئەدا-دوگەی هەیبەلی) لە تەلارێکدا لەگەڵ حوسێن ئەحمی ، ڕەزا تۆفیق ژیاوە هەروەها ئەحمەد ئاسم و عبدالحق حامید تەرخان دەناسێ."
پیرەمێرد وەك گەنجێکی 29 -30 ساڵی زۆر لە ژێر هەژموونی ئەو بزووتنەوە ئەدەبیەی تورکیا بوو. لە یادەوەری شاعیر و نووسەری کوردی باشوور بەوە دەگەین کە ژمارەیەك لەوانە وەك تۆفیق وەهبی ، ئەفیق حیلمی ، ئەفیق مەولانزادە ، موحەمەد ئەمین زەکی ، پیربا۠ا لە ل12 لە یاداشتەکانی پیرەمێرد دەگوازێتەوە بەوەی وتویەتی :" ئێمە ، زۆرترمان ، لەوێ پێگەیشتووین." ئەو نوێکردنەوە شیعرییە کاریگەریەکی زۆری بە سەر پیرەمێرد بەجێهێشتووە، گۆڤارەکەی ڕەجایی زادە ، سەروەتی فنوون، سەرنجی پیرەمێردی ئاکۆشاوە ، ناچاری کردووە بیانخوێندێتەوە ، ئەوەتە ئەلاکۆم ، ل112 و پیربا۠ ، ل12 لە پیرەمێرد دەگوازنەوە بەوەی لە یاداشتەکانی وتویەتی :" کاریگەریی ئەو شیعر و ئەدەبیاتە ، لە سندباد پتر وای لێ کردم بە دونیای خەیاڵدا ئابمێنم.." پیربا۠ لە ل16 دا دەنووسێت : پیرەمێرد یەکەمین شاعیری کوردە کە شیعری خۆی لە ژێر کاریگەرێتیی تورکە گەنجەکاندا بنووسێت و بڵاوبکاتەوە: یەکەم دوو شیعری پیرەمێردلە ژمارە 1 و 2ی ڕۆژنامەی کوردلە 1908 لە ئەستەمبوڵ بڵاوکراونەتەوە."
لەو 25 ساڵەی ئەستەمبوڵ ، چەند نووسەرێکی کوردیشی ناسیوە ، د.عومەر عەبدالعەزیز لە ل66-71 ی ژمارەی 5ی گۆڤاری خاڵ دەنووسێت : مەلا سەعیدی نورسی ، خەلیل خەیاڵی ، شێخ عبدالقادری شەمزینی ،

خالید بەگ ، یوسف زیا ، دکتۆر کەمال ..”

چاکیە ئەدەبی و سیاسییەکانی پیرەمێرد لە ئەستەمبوڵا

پیرەمێرد هەتا هاتنە سەر کاری مستەفا کەمال هەوەشاندنەوەی نیزامی سەلتەنەت و قەدەغەکردنی زمانی کوردی هەر لە ئەستەمبوڵ ماوەتەوە . هەر یەك لە فەرهاد پیربال ، ل22 و دکتۆر عومەر عبدالعەزیز ، ل66 دەنووسن 25 ساڵ لە ئەستەمبوڵ ماوەتەوە ، کە لە 18ی 11ی 1924 ئەستەمبوڵ بەجێدەهێشت و دەگەڕێتەوە بەغدا ، ئەم شیعرە دەنووسێت:

ئەوا ڕووم کردەوە تۆ ئەی دایکی موشەففەق بیست و پێنج ساڵە
لە غوربەتدا بە یادی تۆ دەژیم خوا شاهیدی حاڵە
بەیانی دا نەسیم لای تۆوە هات ، بۆنی وەتەن پێوە-هوشیار ،ل32

تەها هاشمی ، یەکێ لە دامەزرێنەرانی سوپای عیراقی هەر بەوە نەوەستا سوپای عیراقی دروست کرد ، لە بەغداوە” چوو بۆ ئەستەموو بۆ پێوەندیکردن بە ئەفسەر و ڕێناکبیرەکانەوە کە بگەڕێنەوە بۆ عیراق ، چاوی بە حاجی تۆفیقیش کەوت و داوای لێ کرد کە بێتەوە بۆ عیراق…”هەشیار 1990،ل31

پاش هاتنە سەر کاری مستەفا کەمال ، هەوشی کەمەڵەی کورد تەعالی زەر خراپ ببوو ، زەربە ئایانکردبوو یان لە بەندیخانە بوون ، کوردەکانی باشووریش گەلابوونەوە عیراق ، بۆیە دەردی غوربەت و خۆش ، ناچاربوو بە پێشنیازەکەی تەها هاشمی ئازی بوو و گەڕایەوە بەغدا ، پیربالا ، ل22 ، هەشیار ،ل31.

هەفیق حیلمی ، ل106 ، هاوار ، ل301 ، خواجە ، ل3 چیم دی باسی ئەوە دەکەن پاش ئەوەی شێخ مەحموود لە ئەیلولی 1922 گەڕاوە سلێمانی حکومەتی دووەمی لە مانگی دامەزراند.” لە 29ی شوباتی 1923 دوو فڕۆکە هاتنە سەر شاری سلێمانی و شێخ لە سەرەتای مارتی 1923 سلێمانی بەرەو جاسەنە بەجێهێشت -، هاوار ، ل498 ، شێخ لە 26ی 6 گەڕایەوە سلێمانی و وتی

من کوردم و بە کوردی ئەژم و بڕایەوە

دڵ نەما ، گوێی هیوامان گەشایەوە ، هاوار 528 . ئینگلیزەکان لە 18ی 7 ی 1924 ناو سلێمانی ، بەمەش حوکمداریەتی شێخ لە سلێمانی کۆتایی پێهات –ل556 .

بە قسەی پیربال ، ل22، پیرەمێرد لە 30ی 1 ی 1925 لە ئەستەمبوڵ هاتەوە سلێمانی .” بەڵام لە ژمارە 6ی ڕۆژنامەی ژیان 25ی 2ی 1926 ڕۆژی 23ی 2 هاتەوە سلێمانی –هەشیار ، ل35. ئەوساش ، 1926 حوکمداریەکەی شێخ تەموزی 1924 لە سلێمانی کۆتایی پێهات بوو،

کەواتە پیرەمێرد حوکمداریەکەی شێخ مەحموودی نەبینی بوو !! بەڵکو لە هەردوو حوکمرانیەکەی شێخ 1918-1919 ، 1922-1924 ، ئەو هێشتا لە ئەستەمبوڵ بوو !!
شیعری ~" فەلسەفەی شیعری کوردی " کە بە
ئەبێ بەخشندە مل کەچ کا ، لە ڕاستی مووچە خۆری خۆی
سوراحی بێ پیاڵە سەر فڕێ دەنێ کە تۆ کا بۆی-ل185
لە زۆر شوێن بۆاوکراوەتەوە ، هیچ پەیوەندی بە ستەمی دەسەڵاتی شێخەوە وەنییە ، چونکە شێخ لە زەمەنی هاتنەوەی پیرەمێرد لە سلێمانی هیچ دەسەڵاتی نەمابوو؟! بە واتای کە پیرەمێرد گەڕاوە سلێمانی ، حوکمڕانیەکەی شێخ نەمابوو!!

1.خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (کورد)
ڕۆژنامەی کورد ڕۆژنامەی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقیی کورد بوو کە لە 1908 لە ئەستەمبوڵ دەردەچوو . لای ئەلاکۆم ، ل126 ، پیربال ، ل16 ، کەچی دکتۆر عومەر لە ل67 ڕۆژنامەکە دەکاتە گۆڤار و لە ل69 خۆی ڕاستەکاتەوە و دەنووسێت : ڕۆکخراوی ناوبراو بڕیاریدا کە ڕۆژنامەیەك دەربکات! هەر ئەلاکۆم لە ل126 دەڵێت : ئەحمەد جمیل دیاربەکریی سەرنووسەر ڕۆژنامەکە بوو.
2.مەلا سەعیدی کوردی بۆ ئەوەی دەرفەتی مەشروتیە-دەستوورخوازی 1908 بقۆزێتەوە ، بووە ئەندامی کۆمەڵی موحەمەدی . دکتۆر عومەر لە ل67 دەنووسێت : پیرەمێرد لەگەڵ نورسی ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی ئەو کۆمەڵەیە بوون.
3.کۆمەڵەی هیڤی1910
ئەو کۆمەڵەیە کۆمەڵەیەکی نهێنی قوتابیان بوو ، لە دوای داخرانی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کوردی دروست بوو . دکتۆر عومەر لە ل66 دەڵێت : پیرەمێرد ئەندامی کۆمەڵەی هیڤی بووە." بە تێگەیشتنی من ، پیرەمێرد ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە نەبووە لە بەر دوو هۆ :
1.بیرکردنەوەی ئەندامانی جودا بوو لە تەعاون و تەرەقی کوردی و کۆمەڵەی موحەمەدی
2.دکتۆر عبدالستار لە ل63-64 ناوی ئەندامەکانی باکوور و باشووری گۆڤارەکە لە دوو ماوەی پێش جەنگ و دوای جەنگ دەهێنێت ، ناوی پیرەمێرد تێدانییە :" عومەر بەگ جمیل پاشا ، قدری ئال جمیل پاشا، فوئاد تەمۆ ، زەکی بەگ ، ئەکرەم بەگ جمیل پاشا ، مەمدوح سلیم ، خلیل خەیالی ،…هەروەها زنار سلوپی لە چاپی دووەمی دەزا کوردان ناوی کەمال فەوزی …نەجمەدین حسێن کەرکوکلی ، عبدالکریمی سلێمانی .
هەروەها پێرەمێرد دوور بوو لە ململانێی بنەماڵەی شەمزینی و

بەدرخانییەکان ، بۆیە نەبۆتە کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد ، چونکە ئەو باڵە زیاتر کەسانی لایسیزم و سیکیولەر بوونە!

ئەنجام

لەم نووسینەدا بە چەند ئەنجامێك گەیشتووین ، لەوانە
1.ئەستەمبوڵا لە سەردەمی عوسمانی 1453-1908 پێگەی حەسانەوەی زۆرێك لە نووسەرە ناوداراەکانی کورد ، لەوانە مەلا گۆرانی شارەزووری ، نالی ، حاجی قادری کۆیی ، پیرەمێرد ، ڕەفیق حیلمی ، موحەمەد ئەمین زەکی..
2.ئەستەمبوڵ لە سەردەمی ئیتحادییەکان ، گەنجە تورکەکان 1908-1918 و کەمالییەکان 1921-2002 پێگەی داخستن و چەوساندنەوە و زیندانیکردن و کۆچپێکردنی نووسەرانی کورد بووە.
3. مزگەوت و دەلاقەی دیوەخان و دەستنووس و بەگاکەکانی عوسمانی سەرچاوەی بەنرخن بۆ دۆزینەوەی شیعرە ونبووەکانی کوردی ئەستەمبوڵ .
4. خوێنەوار و بەشێك لە توێژەری کورد لە ترسی ئایدیۆلۆژیا کاری لە سەر ئەو چوار شوێنە نەکردووە ، بۆ نموونە هەتا دەرکەوتنی دکتۆر هێمن عومەر کار لە سەر دۆکیومێنتی عوسمانی نەکرا بۆ دیتنەوەی بەشێك لە ژیانی نالی لە ئەستەمبوڵ!
5.پاش ئەوەی نالی بە دڵشکاوی لەگەڵ ئەحمەد پاشا بەرەو ئەستەمبوڵ ، دەستبەرداری شیعری نەستاڵۆژیا ئامێز و بەرەی میرانی کورد دەبێت .
6.پاش ئەوەی حاجی قادری کۆیی هەست دەکات ، خەڵکی کۆیی وەك پێویست قەدری ناگرن و لایەنگیری شێخ نەبی ماویلی دەگرن لە تەمەنی پەنجا ساڵی بەرەو سەری خۆی هەڵدەگرێت.
7.حاجی قادر بە پێچەوانەی نالی-یەوە کە دەگاتە ئەستەمبوڵ و لەناو بنەماڵەی بەدرخان دەژی ، شیعری شۆرشگێڕی و نەتەوەیی نووسیوە.
8.پیرەمێرد لە ئەستەمبوڵ هەم شاعیر هەم سیاسی هەم قانوونی بوو ، بە واتای ئەوەی ئەستەمبوڵ پێی بەخشی زۆر زیاتر بوو ! لەو هەمووە بەشدار بوو.
9.پیرەمێرد لەوێ بووە هاوڕێی زۆر شاعیری تورك و کورد هەروەها بووە هاوڕێیەکی گیانی بە گیانی نورسی هەتا کە گەیەوەش ، لە سڵمانی لە ڕۆژنامەی ژیانەوە یادی هاوڕێیەتی نورسی هەر کردۆتەوە.

سەرچاوەکان

.كوردى

.ئەلاكۆم ، رۆهات 2005 .كوردەكانى ئەستەمبووڵى كۆن ، هەولێر : دەزگاى موكريانى.
.بەكر ،سەلام ناوخۆش 2015. ناسیۆنالى ناوەكى و دەرەكى لە شیعرى كوردیدا ، هەولێر : چاپخانەى هێقى.
.بەكر ، سەلام ناوخۆش 2017 . ~" كۆنتێكستى جیۆگرافیاى شوێن لە ژیانى نالى ، ێێژنامەى وشە.
.پیربااڵ،فەرهاد 2009.ئەستەمبێڵا و ئەدەبى نوێى كوردى ، سلێمانى :لە بااوكراوەكانى بنكەى گەاوێژ.
.خواجە ، ئەحمەد 1969 .چیم دى ،سلێمانى :چاپخانەى كامەران.
خورشید ، هێمن 2017. نالى لە بەگەنامەكانى عوسمانیدا ، سێران : لە بااوكراوەكانى زانكۆى سێران.
.سجادى ، عەلائەدین 2005 .شێرشەكانى كورد وە كورد و كۆمارى عیراق ، چ2،تاران :ئەتلەس چاپ.
.

.عوسمان ، دیدار و شەیما ێێستەم 2017.ماێستاى محەمەد فاتیح : مەلا گێرانى شارەزووري، هەولێر : چاپخانەى هێقى.
.فندى ، ێەشید 2008 . الفكر القومى الكوردى بین خانى و حاجى قادر الكویى ، دهوك : لە بااوكراوەكانى سپى ێێز.
.قەرەداغى ، محمد عەلى 2009 .هەنگاوێك لەسەر ێێگاى لێكێێینەوەى دیوانى سالم دا ، هەولێر : لە بااوكراوەكانى ئەكادیمیاى كوردى.
.میران ،سەردار و كەریم شارەزا1986 .دیوانى حاجى قادرى كۆیى ، بەغدا : لە بااوكراوەكانى ئەمیندارێتى گشتیى ێێشنبیریى و لاوان.
.هاوار ،م.ێ.1991.شێخ مەحموودى قارەمان و دەوێەتەكەى خواروووى كوردستان،لەندەن :بلاك رێز.
.هێشیار ، فائق و ئەوانیتر1990 .دیوانى پیرەمێرد، بەغداد.
گێڤارى خاێ ، ژ.5 ، نووسینەكەى دكتێر عومەر عبدالعزیز.

.عەرەبى

شریف ،عبدالستار 2007 .الجمعیات و الممڤمات و الاحزاب الكوردیه فى نصف قرن ، سێیمانیه:سردم

چەند سەرنجێک دەربارەی گرنگی سیاسی و ڕێکخراوەیی مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست ... مۆزەفەر عەبدوڵا

تیبینی یەک:
بیرکەو سەرخەتی ئێم بابەتەم مانگێک پیش ١٧٠ یادی بلاوبونەوەی مانیفیست نوسیبوو بریارمدابو لەهەمان ڕۆژدا بلاوی کەمەوە. بەڵام بەهەی ئەوەی دەبو پیشتر لە بلاوکاروەی بەپیشەوەدا بلاوبکریتەوە بویە کەمێك دواکەوت. بە داوای لیبوردنەوە، بە هیوای سودبەخشین بە خوێنەرانو خە هەر سەرنجو بوجونیکتان هەبو لەسەر بابەتەکە هیوادارم بوم بنوسن تا سودی لیوەرگرم.
کرێکارانی جیهان یەکگرن !
دروشمێکی سەرسورهێنەر لە سێ ووشەدا

بە بۆنەی ١٧٠ هەمین ساڵیی بڵاوبونەوەی مانیفێستەوە....

پێشەکی:

لینین لە وەسفی مانیفێستدا دەڵێت :لەم کتێبەدا بە چڕێنکی بلیمەت(عبقری) یانە تازەترین بیروڕا لەبارەی جیهان ووڕنکراوەتەوەو پیشاندراوە.ماتریالیزمی راستودروست کە بواری کەڵەکایەتیش دەگرێتەوە،دیالێکتیک کە فراوانترینو قوڵترین زانستە لەمە پەرەسەندن،تێبینی و سەرنجی خەباتی چینایەتیو ڕۆژی شۆڕشگێڕانەو میژوویی و جیهانی پرۆلیتاریا کە دامەزرێنەری کەمەڵگای تازەی کەمۆنیزمە، ڕونکراوەتەوەو خراوەتە ڕوو.
ئەم چەند ڕستەیەی لینین ،کە گرنگترین ڕابەری تیۆری و پراکتیکی سیاسی شۆڕشی سۆسیالیستی کرێکاری بوو دیدگای ڕۆشنو کورتی خەی لەبارەی گرینگی سیاسی و ڕێکخراوەیی مانیفیست و پێگەو ڕۆڵی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار(پرۆلیتاریا) لە کەمەڵگای مرۆقایەتیدا دەربڕیوە. وە لەبەر ڕۆشنایی یەکانی مانیفێستو هەلومەرجی کەمەڵگای ئەو سەردەمەی روسیاو جیهان توانیان چینی کرێکارو تویژە

ئەجەلان دەیزانی کە ێشەی گرفتەکان لە گەلەك کەمەڵدا ، وەکو کەمەڵی کوردیی، بەتایبەتی لەو ناوچەیەی کە لەوەی هاتووە، کامانێن. لای ئەجەلان تەنها ئەوە بەس نەبوو کە بە تەنها دەوڵەت-

نەتەوە ڕەتبکاتەوە ، ئەو باوەڕەی وایە لەتەك ئەوشدا خەڵکی دەبێت تەرکیز بکاتە سەر گرفتکی سەرکی دیکە کە لە کۆمەڵدا بە ماوەیکی دوورو درێژ هەیە، کە پرسی ژنانە. ئۆجەلان زۆری لەسەر کۆمەڵی کۆن [قەدیم] خوێندەتەوە ، هەر لەکاتی یەکەم مەدەنیەتەوە پێش 10 هەزار ساڵ هەروەها ڕۆڵی ژنان لەو کۆمەڵانەدا هەر لەو سەردەمانەوە . بۆ خوێندنەوە قوڵە، ئەو دەرکی بەوە کرد کە کەهموو پرسەکان، کێشەکان هەر لە دووڕەت-نەتەوەوە لە ڕۆگای چەوساندنەوە و بەکارهێنان و کۆیلەکردنەوە تا دەگاتە کێشەی ژنان و یەکسانی جێندەیی زەر بە تۆندی بە یەکدیەوە گرێدراونەتەوە هەر لەبەر ئەوەش ناتوانرێن بەجیا چارەسەربکرێن. لە ئاستیدا ئۆجەلان وابیردەکاتەوە کە چەوساندنەوە و بەکارهێنان لە کۆیلەکردن و سەرکوتکردنی ژنانەوە دەستپێدەکات " بۆیە کۆیلەکردنی ژنان هیچ کام لە جۆرەکانی دیکەی کۆیلایەتی نایەتەوانی بوونی هەبێت ، ئیتر لە بردەوامبوون و گێشکردنی خودی کۆیلایەتی بگرێ….بۆیە سەرکوتکردنی ژنان سەرچەمی کۆمەڵگە مەحاڵ بوو یاخود پێشبینی نەدەکرا"6

ئۆجەلان زەر بە جددی کێشەی ژنانی وەرگرتووە تا ئەو ڕادەیەی وای بیردەکردەوە کە ژنان نەتەوەیکی کۆیلەنایزکراون. چەمکەکانی ئەو سەبارەت بە ژنان ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە ئەو چەند پەرەشی پرسی ژنانە، جێختکردنەوەی لەسەر بەشداریکردنی ژنان لە یەکەم تێگەیشتن و هەنگاونانی خەباتکردنا بە چارەسەرکردنی گرفتکانیان و هەروەها سەراپای گرفتکانی کۆمەڵیش، بناغەیین. ئۆجەلان بە کۆتواریی کاری لەسەر ئەمە کردووە کاتێك کە لە شاخ بووە توانیوێتی زەرەك لە ژنان تەکۆڵاوی بزوتنەوەی پەکەکە بکات، نەك هەر لە کورد ، تەنانەت لە غەیرە کوردیش . بە تێپەڕبوونی زەمەن ئۆجەلان زیاتر لە ڕۆڵی ژنان ئاگابووەوە ، نەك هەر بە تەنها لە جەنگینیانا بە چەك دژی دووڕەت ، بەڵکو جەنگینیان دژ بە دووڕەت لە ڕۆگای جیاوازەوە بە دروستکردنی کۆمەڵکی نوێ لەسەر بناغەی کۆنفیدراڵیزمی دیمەکراتیك " کۆنفیدراڵیزمی دیمەکراتیك بە کوردستان دووڕەت-نەتەوە نییە ،…… بەڵکو سیستەمکی دیمەکراتیانەی خەڵکیە بە بێ دووڕەت"6

بۆچی ئۆجەلان ئەوەندە پەداگریی لەسەر کۆنفیدراڵیزمی دیمەکراتیك کردووە؟ پێناسەی ئۆجەلان بە ئەو چەمکە چییە؟

ئۆجەلان لە شوێنکدا پێناسەی کۆنفیدراڵیزمی دیمەکراتیکی لە چەند وشەیکدا کورتکردەتەوە " دیمەکراسیی ، ئیکۆلۆجیی ، کۆمەڵی ئازادیی جێندەیی… یاخود دیمەکراسی بێ بێ دەوڵەت" 7

ئەو باوەڕەی وایە سەرمایەداریی لە سەر 3 پایە دروستبووە و خەی

گرتوو: سەرمایەداریی مەدیرین، دەوڵەت-نەتەوە، پیشەسازییبوون [پیشەسازیکردنی وڵات – زاهیر]. ئەو باوەڕەی وایە کە خەڵکی خۆیان دەتوانن ئەمانە واتە ئەو 3 پایەیە بە " دیمەکراسی مەدیرانانە، نەتەوەی دیمەکراسی، ئابووریی کەمونانە [بە هاوبەشیکردنی ئابووریی – زاهیر] لەتەك پیشەسازی ئیکۆلۆجیانە [وڵات ئیکۆلۆجیانە پیشەسازی بکرێت – زاهیر]" 7 جێگا بگرنەوە.

ئایدیای کۆنفیدرالیزمی دیمەکراتیك لای ئۆجەلان خەڵکخستنی خودی خەڵکی خۆیەتی بۆ بەدەستهێنان و بەڕێوەبردنی خۆی. ئەو ئەم پلانە بە کاری خەڵکە هەشووەوتەکەی خوارەوە دەبینێ کە لە هێگای دەستەجەمعییەوە، بەیارمەتی کەسبارێت بە کاروبارەکانیان لە لایەن خۆیانەوە دەدرێت ، نەك لە دارەوەی خۆیان، ئەویش لە هێگای دیمەکراتی ئاستوخوەوە کە لەوەدا کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت یاخود هەر ئیدارەیەکی دیکەی پاوانخواز هەتدەکاتەوە. ئەو نوسیوەتی " کۆنفیدرالیزمی دیمەکراتیك نموونەیەکی واقیعیانەیە بۆ خەڵکانی سەرکوتکراو. کۆنفیدرالیزمی دیمەکراتیك مەدەلێکی کەمایەتی دەوڵەت-نەتەوە نییە. لە لایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ ناکرێت. هاوکاتیش کۆنفیدرالیزمی دیمەکراتیک بە کوڵتورکردنی هەکخستنی پشنیارکراوی نەتەوەی دیمەکراسییە. کۆنفیدرالیزمی دیمەکراتیك لەسەر بناغەی بەشداریکردنی جەماوەر ، پرسەی بەیادانکانە کە کەمەنتیەکان دێدەن"6 ئۆجەلان بەردەوام دەبێت لەسەر قسەکانی و دەڵێت " [کۆنفیدرالیزمی دیمەکراتیك] .. دەتوانترێت بە ئیدارەیەکی سیاسی نادەوڵەت یاخود دیمەکراسی بە بە دەوڵەت ناوزەد بکرێت. پرسەی بەیاردانی دیمەکراسییانە نابێت چەواشەیی دروستبکات لەتەك ئەو پرسانەی کە ناسراون بە دیمەکراسی لەلایەن ئیدارە کەمایەتییەکانەوە. ئیدارەی دەوڵەتکان تەنها ئیدارەی دەوڵەتین بەڵام دیممەکراسییەت، فرمانڕەوایی دەکات. دەوڵەتکان لەسەر بناخەی دەستەڵات/ هێز دامەزراون ، بەڵام دیمەکراسی لەسەر بناغەی بەیاری هەرەوزی / بەکۆمەڵی کە هەموویان لەسەری هەکەکەوتون و ێیکن، بنیاتنراوە"6 تائێستا پێناسە و دیدی کۆنفیدرالیزم لە لایەن بوکچینەوە و هەروەها پێناسە و ڕوانگەی ئۆجەلان-یشم سەبارەت بە کۆنفیدرالیزمی دیمەکراتیك، باس کردووە. ئێستاش با بزانیین چ وەکچونێك و جیاوازییەك لە نێوانی ئەم دوو چەمکەداو هەروەها لە دیدی ئەم دوو کەسەدا هەیە؟ . بەڵای من هەردوو تێزەکە و دید و ڕوانگەی بوکچین و ئۆجەلان زۆر نزیکی و وەکجوون، هاوبەش دەکەن. هەنگە ئەوان هەردوکیان دوو چەمکی جیاوازیان بۆ تێزەکانیان هەبێزاردبێت ، بەڵام مانا و ئامانج لای هەردووکیان یەکە.

چەند جیاوازییەکی لاوەکی لە نەوانیئانا هەیە وەکو ئەوەی ئەجەلان کەنفیدراڵیزم-ی کردووە بە کەنفیدراڵیزمی دیمەکراتیك. هەروەها لە بری بەکارهێنانی شارەوانییە ئازادیخوازەکان ئەجەلان ناوی جیا جیای بە ئەو ئیدارانە هەبەژاردووە وەکو ئەوانەی کە لە ڕۆژاوادا پیادەکراون. ئەوەندەی من ئەجەلانم خوێندبێتەوە ئەوە تێگەیشتوم تیئۆرەکەی – کەنفیدراڵیزمی دیمەکراتیك- وەکو چارەسەرێك بە بەیەکادانەکان و گرفتکانی نێوان نەتەوەکان و کەمایەتییە نەتەوەکانە تایبەتن بەو ناوچەیەی کە ئەو سەری لێوەدەرهێناوە . بەڵام بوکچین زیاتر لە ئەجەلان ڕۆیشتووە و باوەڕی وایە کەنفیدراڵیزم چارەسەرە بە سەرجەمی مرۆڤایەتی و ڕێگایە بە کۆتایهێنان بە پاوانخوازیی سەرمایەداریی لە هەموو لایەکەوە. لەبەر ئەمەش کەنفیدراڵیزم لای بوکچین چارەسەرە بە گرفت و کێشەکانی خەڵکی کە لە جیهانداڕووبەڕووی دەبنەوە نەك هەر بە تەنها لە ناوچەیەکدا یاخود لە چەند وڵاتێکدا.

جیاوازییەکی دیکەش هەیە . ئەجەلان لە شیکردنەوە و توێژینەوەکەی بە مۆژوی مەدەنیانەی مرۆڤ، چەوساندنەوە و کۆیلایەتی، ئەو باوەڕەی وایە کە کۆیلایەتی لە کۆیلەکردنی ژنانەوە دەستی پێکردووە و هیراشییەتیش لە پاوانخوازیی پیاوانەوە بە ژنان دستی پێکردووە ، گەر چی لە شوێنکی دیکەدا لەگەڵ بوکچین-دا دەتەوە کە دەڵێت " من بە بڕدەوامی ئەوەم خستۆتە ڕوو کە کەمەڵی باوکسالاریی لە " شامان" [شامان پیاوانی ریشچڕم و دەماستی خاوەن کەسایەتی بوون – زاهیر] شێخ بۆتەمانە خاوەن ئەزمونکان ، سەرکردە سەربازییەکان، بووە. ڕێنگە کارکی ژیرانە بێت ئاوەڵك لە بنەما نمووندییەکان بە کەمەڵکی نوێ لەناو ئەم جۆرە گێشکردنەدا بدینەوە لێشانی " کەمەڵکی نوێ"وە کە مەبەستمانە تاکو بزانین کە بارودۆخك هەبووە بە سەرهەڵدانی سیستەمی هیراشی/قوچکەیی لەناو خەڵکانا. بەم شێوەیە دابەشبوونە زڕوورییەکە گەیشتە دواکۆشی، ئەمەش لە کاتێکدا کە سیستەمی هیراشی تێشنەی بە فەرمیلکردنی / پێکهێنانی چینکی سابیت و هەروەها ڕێکخراوی شێوە دەوڵەتی ، کرد"8
پرسی سیستەمی هیراشیی/ قوچکەیی ڕەحی تئیورەکەی ئەجەلانە وەکو شارەوانی ئازادیخوازان بە بوکچین، گەرچی هەردووکییان هیراشییەت بە بە بناغەی کەمەڵی چینایەتی دەزانن . ئاشکرایە کە بوکچین زۆر قوڵتر لە ئەجەلان لە کێشەی هیراشی و کەمەڵی هیراشیانە ڕۆچووە، زیاتر و قوڵتر لە ئەجەلان سەبارەت بەوەی کە چۆن پاوانخوازیی لە نێو سەرانی خەڵکان و ، سەرانی خەزان و بەتەمانکان و هەروەها لە پاوانکردنی ژنان لە لایەن پیاوانەوە ، پێش کەمەڵی چیانیەتی، بوونی

هبووە. " بە گوترەی کارل ماركس " یەكاسانییەكانی نێو كۆمەڵە سەرەتاییەكان " بە گشتكردنی چینە كۆمەڵایەتییەكانەوە هەرسی هێنا، كە لەوەدا ئەوانەی كە خاوەنی سامان و موڵك بوون هێزی كاری ئەوانیان بەكارهێناوە كە هیچیان نەبووە. بەڵام بە تێپەڕینی مێژوی هاوچەرخ ، بوكچین ئەوە تێگەیشت كە شیكرردنەوەی چین بە تەنها لە خێدا شرۆڤەی تەواوی چەوساندنەوەی كۆمەڵایەتی ناكات. كەتاییهێنان بە كۆمەڵی چینایەتی پێوەندی نێوانی باڵادەستان و ژێردەستان چارەسەرناكات ..... بوكچین پەداگریی لەسەر زرووری نەهەڵانی نەك بە تەنها چینەكانی نێو كۆمەڵە بەڵكو هیراشییەتی نێو كۆمەڵیش ، كردووە... هیراشیەت و پاوانخوازیی[هێمەن] لە دیدی بوكچینەوە لە ڕوی مێژویەوە پایەی داپەسین و سەركوتكردن بووە و هەر لەوەوە پێوەدنیەكانی چینایەتی بناغەیان گرتووە"9
لەگەڵ ئەو شرۆڤەیەی كە لە وكچوون و جیاوازیەكانی نێوان بوكچین و ئەجەلان كردوە، جانەت بڵە باوەڕی وایە كە تیئورەكەی ئەجەلان زەر یان كەم هەمان ئەوەی بوكچینە و ئەجەلان تیئورەكەی بوكچینی خستەتە كارەوە . لەیەكەك لە بەنەكانا ئەو دەڵێت " من وا بیردەكەمەوە كەبوكچین ساوایەكی بووە و ئەجەلانیش كردویەتی بە منداڵەك"10 ئەو لەسەر قسەكانی بەردەوامدبەت و دەڵێت " ئەجەلان هەندەك لە مەدەلە ئەریجانەكەی[ئەسی] بوكچینی گەیوە. بوكچین ئەنارکست بووە بەو شێوەیە ئەو دژی هەموو جۆرەكانی هیراشی بووە هەر لە : هیراشی نەژادیی، جێندەیی، سێكسی پاوانخوازیی لە لایەن دەوڵەتەوە تا دەگاتە پێوەندییە شەخسییەكان. مستەر ئەجەلان جەخت لەسەر هیراشی جیندەیی و گرنگیی ئازادی ژنان دەكات. ئەوەش یەكەك لە گەورەترین گەڵانی تئیوریی كە من بزانم "10
سەرەڕای ئەم لەكچوون و جیاوازیانە ، بەڵای من جیاوازییەكی دیكەی گەورە لە نێوانی دیدی بوكچین و ئەجەلاندا هەیە . بوكچین باوەڕی وایە دروستكردنی شارەوانییە ئازادیخوازەكان بناغەی بنیاتنانی كۆنفیدرالیزمە.

دروستكردنی كۆنفیدرالیزمیش بە تەواوی بەندە و متمانە دەكاتە سەر پەروەردە و پەگیاندن ، ڕێكخستن و بەشداریكردنی خەڵكی. ئەجەلانیش باوەڕی وایە ئەو بەشداریكردنە كاری خودیی خەڵكی خۆیەتی و دەبەت لە ڕێگای كەبونەوەی جەماوەریی/ ئەنجوومەنەكانەوە بەت بە لەدوان و گفتوگۆكردنی پرسە هەنووكییەكان و ئەوانشی كە پێوەندییان بە بارودۆخەكەوە هەیە ، بیارکانیش دەبەت بە كۆمەڵ/ هەرەوزیانە بدرێن. بە بەیكردنی ئەمش ئەو پشنیاری ئامرازی دیمەكراسی ئاستوخە و چالاكی ئاستوخە دەكات.

گەرچی لای ئەجەلان ئامانج هەر هەمان ئامانجی بوکچینە وەکو پێشتر خستمە پێشچاو، بەڵام ڕێگای گەیشتن بە قۆناغەکە لە لایەنکەوە یاخود لانی کەم ئەوەی کە لە ڕاژاوا و لە باکور دەتوانین بیبینین ، جیاوازە. تاکو ئەم چرکەیە ئەجەلان سەرۆك و ڕابەری پەکەکەیە و سەرۆك و ڕابەری ڕەحیی کوردانی باکور و ڕاژاوایە و هەروەها زۆرێك لە کوردانی باشور و ڕۆژهەڵاتیش . ئەوە ڕاستیە کە ئەجەلان پەیوەندی بە حیزبەکەی و خەڵکەکەیەوە کردووە کاتێ کە لە بەندیخانەوە دەیتوانی بیکا . ئەو هەوڵی زۆریدا بۆ ڕازیکردنیان بۆ گۆڕانی پەکەکە بۆ بزووتنەوەیەکی کەمڵایەتی. بەرەنجامی ئەوەش لێدوان و گفتوگۆیەکی زۆری لە ساڵی 2012 وە خستەوە، دوای ئەوەش سەبارەت بە ئایدیای ڕێکخستنەوەی دەوڵەت-نەتەوە ، پابەندبوون بە ئاگربەستیەوە ، هەروەها گفتوگۆکردن دەربارەی ئۆتارکیزم . لەگەڵ ئەوەشدا پەکەکە نەگەڕا بەوەی کە ئەمە و ڕێنگە ئەجەلانیش، دەیویست. کاتێك کە پەیوەندی نێوانی ئەجەلان و دەرەوەی لە مانگی نیسانی 2015 دا بڕا و بارودۆخێکی نوێ لە باکوردا بۆ هێزی هەڵواو فاشیانەی دەوڵەتی تورکیاوە نێك هەر بە سەر پەکەکە بەڵکو هەموو کورد لەوە، پەکەکە زیاتر میلیتەرایز / عەسکەرتاریی بوو ، لەبەر ئەمەش بۆ پەکەکە گرنگتر بوو بایاخ بەبەرپەرچدانەوەی دەوڵەت بدات تاکو بەردەوامبوون لەسەر پرۆژەکەی پێشتری. لە ڕاژاواش زۆر یا کەم هەمان شت ڕوویدا، بەڵام لەوە لابەری شۆڕ بۆ سوپای ئاسایش ناچارکرا بەوەی کە بەرگریی لە کۆبانی و شوێنەکانی دیکە بکات لە بەرانبەر داعش دا** جێگای گومان نییە کە لەسەردەمی شۆڕ لە هەر وڵاتێکدا، بزووتنەوەی کەمڵایەتی/ جەماوەریی لاواز دەبێت و بزووتنەوەی سەربازیی بەهێزتر . هەر بۆ شۆڕیش لە باکور و ڕاژاواشدا پەکەکە و پێدەڵێن لەسەر حسابی بزووتنەوە جەماوەرییەکە زیاتر بەهێز بوون.

ئالیرەوە من دەرنجامی ئەوە دەکەم کە لە باکور و ڕاژاوادا جوتێك حیزبی هیراشی بۆ زەبتوڕەبت لە پشتەوەی دروستکردنی کانفیدراڵیزمی دیمۆکراتیکن لە هەردوو کوردستانا . هەر بۆ هێیانەی سەرەوە ئەمانە ئەو پارتیانەن کە بەیارە گرنگ و گۆڕکان دەدەن ، پلان دەکەن، کۆشەی سیاسەت دەکشن و گفتوگۆ و سازش لەگەڵ دوژمنانیان و دەوڵەتکانا دەکەن ، هەر ئەمانن کە بەیاری شۆڕ و ئاشتی دەدن. بە دنیاییەوە ئامانەش کۆشۆ و پرسی زۆر گەورەن کە داهاتوی کەمڵی ڕاژاوا و باکوریی پەوە بەندە. بەداخەوە و بە بەدبەختیی، پارتە سیاسییەکانن کە ئەم بەیارانە دەدەن لەبەری خودی خەڵکەکە لە کابونەوە و ئەنجوومەنەکانی خەیانا لە ڕێگای چالاکی ڕاستوخۆوە.

لای بوکچین هەکار و ئەرکی دروستکردنی شارەوانییە ئازادایخوازەکان و کۆنفیدراڵیزمی کاری خەڵکەکەیە یاخود "هاووڵاتیانە" وەکو ئەو ناوی خەڵکی بە هاووڵاتیان دەبات، بەڵام لای ئەجەلان و پەکەکە لانی کەم لە حاڵی حازردا، ئەرك و ئامانجی پارتە سیاسییەکانە.
لە بەشی کۆتایی ئەم وتارەدا پرسیارەك دەتە پێشەوە. ئایا ئەوەی کە لە ڕۆژاوادا هەیە لە ئستادا کۆنفیدراڵیزمی دیمەکراتیکە ؟
وەڵامی ئەم پرسیارە یەکجار قورسە بە من چونکە من لە وەرگرتنی زانیارییەکانما تەنها متمانەم کردەتە سەر ئەوەی کە لەسەر ڕۆژاوا دەستم دەکەوێت، ئەویش دووکەوتنی دەنگوباس و هەواڵە لە ڕادۆ و تیڤی ، ماڵپەڕەکان ، سۆشیاڵ میدیا بەتایبەتی فەیسبوك و چوونە کۆبونەوەکانە.
بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە و تێگەیشتن لە هەموو لایەنەکانی کە پەیوەندی بە ئایندەی ڕۆژاوایە پێویستم بە کردنی چەند توێژینەوەیەکی بنەڕەتی هەیە . ئەم کارەش چونە شار و شارچکە و گوندەکانی ڕۆژاوایە ، قسەکردنە و دیمانەکردنی خەڵکەکی زۆرە لە زۆربەی مەیدانەکان و لە پلە و پایە جیاوازەکانی هەموو کەرتەکی کۆمەڵەی ڕۆژاوادا. بینینی کۆمونەکانە و بەشداریکردنی کۆبونەوەکانیانە و دووکەوتنی بریارەکانیانە . بینینی هەڵوێستەکان و شیکردنەوەی هاوسەنگی هێز و دەسەڵاتەکانە لە نێوانی بزوتنەوەی تێقدەم و پێدەڕ و هەڕوەها لە نێوانی ئەوان و ئیدارەی خۆبەڕێوەبەریی، خەسڵەتێکە لەگەڵ کردنی زۆر کاری تر.

هەمووەمان تێبینی ئەوەمان کردووە کە زۆرێك نوسراو لەسەر کۆنفیدراڵیزمی دیمەکراتیك لە ڕۆژاوادا ، هەیە. زۆربەی زۆری ئەم نوسینانە پێزەتیڤانە و هاوپشتیانەیە بە ڕۆژاوا، هەمووێان یەکدەگرنەوە کە کۆنفیدراڵیزمی دیمەکراتیك لەوە دروست بووە یاخود لە دروستبوونداید.
بە بروای من گرفتی سەرەکی زۆربەی ئەو نوسینانە پەراوێزخستنی شتە سەرەکییەکانیانە ، هۆوداوەکانە لە بەرانبەر ڕۆژ و هەژموونی پێدەدا کە تا ڕادەیەك لەیاد کراون. هاوڕێیانەك کە ئەم نوسینانەیان نوسیوە یاخود لەبیریان کردووە یا نەیان ویستووە ئەوە بڵێن کە دروستکردنی کۆنفیدراڵیزم و کۆنفیدراڵیزمی دیمەکراتیك ئەرکی ئەنارکیستەکانە. ئەنارکیستەکانن نەك پارتە سیاسییەکان کە دەبێت بەشداری بکەن و لە ڕۆگای بزوتنەوە جەماوەرییەکەوە لە پرۆسەی دروستکردنی کۆنفیدراڵیزم، کۆنفیدراڵیزمی دیمەکراتیکەوە بگەڕێن چونکە هەندەك کەشەو پرس دەنە پێشەوە کە دەبێت لە ڕۆگای شارەوانی ئازادیخوازەوە کە بناغەی کۆمەڵی ئازادە، لابەلابکرێتەوە.

بوکچین دەنوسێت " پێش سەردەمی کۆمۆنی چینایەتی " گۆرچی ناکرێت ئیمە کۆنفیدراڵیزمی دیمۆکراتیك (یاخود کۆمۆنیلیزم) ببینین کە پێویست بە ئەنارکیزمەوە نەبێت چونکە ئەوان [ئەنارکیستەکان – زاهیر] زۆر بە دووی تراديسۆنی ئەنارکیزمی کلاسیکییەوەن "4 .

لە پرسی ڕۆژاوادا زۆر پرسیار هەیە کە بکرێت زۆرکێش لە کێشە یەکلاییەنەکراوەکان هەن، کە دەبێت قسەیان لەسەر بکرێت. وەکو : ئایا هەموو کەسێك ئازادە لە بەشداریکردن لە سیاسەتا و بەشداریکردن لە کۆبونەوەکانا کە بەیارەکانی تیادا دەدرێت ؟ ئایا ئەو کێشانە کە لە سەرەوە دەستنیشانم کردن و ئەو بەیارانەی کە دەدرێن ئایا بە دەستەجمعی لە کۆبونەوە جەماوەرییەکانا لە ڕۆگای چالاکی ڕاستەوخۆوە دەدرێن؟ ئایا هەرەوەزییەکانی هەنوکە بەڕاستی لە لایەن کۆمیتەکانەوە خاوەندارێتی لەدەکرێت یاخود ئیدارە خەڵکییەکە یان جۆرێك لە تەکنیکیە لە خاوەندارێتی تایبەتی و گشتی ، هەروەها ئایا هەموو کەس دەتوانێت کە بەشێتە ئەندام لەم هەرەوەزییانەدا بە پشتگوێخستنی ئەوەی کە ئەوانە کێن و جیاوازییان چیە ، هەروەها چۆن بەرهەمی ئەم هەرەوەزیانە دابەشدەکرێت؟ ئایا کۆمۆنەکان و 'ماڵەکانی گەل' لە ڕاسیتیدا گروپ یا ڕێکخراوێکی هیراشی نین؟ بۆچی سەرۆك و هاوسەرەکیی لە پلەکانی خیانا بە ماوەیەکی دووروو درێژ دەمێننەوە؟ ئایا سەرەکی ئیدارە خەڵکییەکە و ئەوانەی کە لە پلەیەکی بەرزی تەقدەم و کۆمۆنەکاندان لە ڕۆگای دیمۆکراسی ڕاستەوخۆوە هەڵدەبژێرن یاخود هەر دادەنرێن؟ چەندەك بە جددی کۆنفیدراڵیزمی دیمۆکراتیك کار بەرەو بەدیهێنانی کۆمەڵکی ئیکۆلۆجیانە دەکات و تا ئێستا چی لەو بارەوە بە دەستهێناوە؟ لە ڕاستیدا پرسیارگەلێکی زۆری تر سەبارەت بە لایەنەکانی کۆنفیدراڵیزمی دیمۆکراتیك هەیە و دەبێت قسەیان لەسەر بکرێت و وەڵامەکانیان تاووتوێی بکرێن.

بە بۆچونی من ئەوانەمان کە تا ئیستا دەربارەی کۆنفیدراڵیزمی دیمۆکراتیك نوسیومانە وەڵامی زۆرێك لە پرسیارکانمان نەداوەتەوە یاخود کاری تەواومان لەسەر ئەم پرۆژەیە نەکردووە.
من هەندێك لەو هاوڕیانە دەناسم کە لە سەر ئەم پرسە وتاریان نوسیوە زۆر لە ڕۆژاوا نەماونەتەوە تاکو سەبارەت بە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵکەی بزانن و توێژینەوەی تەواو لەسەر ئەم پرسە بکەن. ئەو کەسانەشی کە بە ماوەیەی زۆر لە ڕۆژاوا ماونەتەوە ئەو هاوڕیانە بوون کە پێوەندییان بە یەپەگە و یەپژەوە کردووە .
لەگەڵ هەموو ئەوانەی سەرەوەشدا ، ئەبێت لەسەر ئەوە پێکبەین کاتێك

کە دەنوسین و توێژینەوەی جێژاوا دەکەین نابێت جێژاوا پەراوێز بخەین لەو بارودۆخەی کە دەوری داوە . دەبێت بە باشی دوژمنەکانی جێژاوا لە ناوەوەی سوریا و دەرەوەی ببینین، هەروەها بەردەوامبوونی لە شێیدا دژ بە داعش و بە ژێمی ئەسەد ، تورکیا و ئێگەری شێی داهاتوش کە جەنگی عێراق و ئێران و تورکیا یەکبگرن دژ بە پەکەکە ، نەدەینە لاوە.
سەرجەای هەموو ئەوەی کە باسمکردن دەبێت دان بەو ڕاستییەشدا بنێین کەمەك و هاوپشتیی نێونەتەوەیی کارا و بەهێز لە لایەن چەپ و کۆمۆنیست و سوشیالیست و نقابی و ئەنارکیستەکانەوە نەبوو هەروەها هەمان یاخود لەو چەشنە بزوتنەوەیە لە هێج وڵاتێکی دراوسێ یا لە ناوچەکەدا ڕووی نەدا . ئێگەر بارودۆخی جێژاوە جیاواز بوایە لەوەی کە هەر لە 2015 وە پێیدا دێوات و ئەو هێلە مەرجانەی کە باسم کردن بهاتنایەتە کایە ، جەنگبوایە جێژاوا وەکو هەموو پرسیارەکانی منی بە بارێکی پڕزەتیڤانە بدایەتەوە و نموونەیەکی باشتری بدایەتە دەستمان.

زاهیر باهیر – لەندەن
شوباتی 2018
Zaherbaher.com

*Communalism ئەم چەمکە هی بوکچینێ ، وەکو چەمکێکی سیاسی فەلسەفی بەکاری هێناوەو گۆشەی پێکردووە و وەکو خەبەیوبەریەك یاخود سیستەمێکی خەبەوبەریی کە کۆمۆنەکان بە ئازادیی و سەربەخۆیی خەیانەوە لە فیدراسۆنێکدا یەکبگرنەوە پێێوی مبادیئەکانی خاوەندارێتیی بکەن و بیخەنە پراکتیکەوە .
**ئەم وتارە پێش هێشی دوەێتی فاشی تورکیا بە سەر عەفرین ، جێشنوسکەی نوسراوە .

_____

سەرچاوەکان

Anarchist and Radical Texts/The Anarchist Sociology of Federalism

2 Libertarian municipalism – Wikipedia https://en.wikipedia.org/wiki/Libertarian_municipalism

3 Biehl J. Ecology or Catastrophe, The life of Murray Bookchin, Oxford University Press 2015, P 227

The Meaning of Confederalism | The Anarchist Library 4 https://theanarchistlibrary.org/library/murray-bookchin-the-meaning-of-confederalism.pdf
5 The politics of Social Economy, Libertarian Municipalism. Biehl, J. P 110 and 118 https://drive.google.com/file/d/0B6YOyGNakE86b3RLY2RZN0dySUE/view?usp=sharing
6 http://www.freeocalan.org/wp-content/uploads/2012/09/Ocalan–Confederalism.pdf
7 Democratic Confederalism – ROAR Magazine
8 Abdullah Ocalan, Capitalism and unmasked gods and naked kings: Manifesto for a Democratic Civilization, Volume ll (page 110). Published New Compass Press, Porsgrun, Norway and International Initiatives edition, Cologne, Germany 2017
9 The Murray Bookchin Reader. Edited by Janet Biehl (page 75) https://archive.org/details/themurraybookchinreader
10 Golphy O. Rojava’s democratic confederalism: the experiment of an American theory. 2016. https://www.reddit.com/r/syriancivilwar/comments/4fxpd5/rojava/s_democratic_confederalism_the_experiment

---

مەکسیم گۆرگی و ئەدەبی منداڵان … رەزا شوان

بەشێکی زۆر لە کەس نووسەرانی جیهانی (هەڵبژاردەنووسان، چیرۆکنووسان، ڕۆمانnووسان، شانۆنووسان) منداڵانیان فەرامۆش نەکردووون، بەشێک لە نووسینەکانیان، بە تایبەتی بە منداڵان نووسیوون، بە شێوازێکی ئاسانتر و کورتتر و بەزمانێکی شیرین بۆیان داڕشتوون، لەوانەش (تۆڵستۆی، چارلز دیکنز، ڤیکتۆر هۆگۆ، پۆشکین، ئۆسکارد وایڵد، تاگوور، مەکسیم گۆرگی، ئەحمەد شەوقی،…) لە هەڵبژاردەنووسانی کوردیشمان (ئەحمەدی خانی، فایەق بێکەس،

پیرەمەرد، زەوەر، گەران، هەژار موکریانی، قانیع،...)
(ئالیکسی ماکسیمۆڤیتش بیشکەف) کە بە نازناوی ئەدەبی (مەکسیم گۆرکی) ناسراوە و نووسینەکانیشی هەر بەم ناوەوە نووسیون و بڵاوی کردوونەتەوە.
کاتێ ڕەماننووس و چیرۆکنووس و شانۆنووس و وتارنووس و چالاکوانێکی سیاسی روسیە، خاوەنی شاکارە ڕەمانی جیهانی (دایک: ١٩٠٧)ـە. مەکسیم گۆرکی بە دامەزرێنەری قوتابخانەی ڕاستیی ئەدەبی و بە سەرکردەی شۆڕشیکی ئەدەبی لە روسیا دەزانرێت.

مەکسیم گۆرکی لە (٢٨ی/ ئادار/١٨٦٨) دا، لە شاری(نیژنی نۆڤگورۆد) لە ڕووسیا لەدایکبووە.. تەمەنی پێنج ساڵان بوو، باوکی (مەکسیم پیشکەف) کۆچی دوایی کرد.. دایکی (ڤارڤارا کاشیرنیا) دووبارە شووی کردەوە، نەنکی و باپیری (باوک و دایکی باوکی) ئەرکی پەروەردەکردن و بەخۆوکردنیان گرتە ئەستۆیان.. باپیری پیاوەکی ڕەق و توندوتیژ و گرژ بووە.. بەڵام نەنکی ئافرەتکی بەسۆز و میهرەبان و نەرم بوو، مەکسیم گۆرکیی زۆر خۆشدەویست.. شوانە بە شەوازکی شیرین چیرۆکی فۆلکلۆری خۆشی بە دەگێڕایەوە.. ئەم چیرۆکانە بوونە ئیلهام بە ئاوەزی گۆرگی هەر لە منداڵییەوە ئاڕەزووی چیرۆک نووسین بکات.. بە هەی دەستکورتی مادی نەنکییەوە، مەکسیم گۆرگی لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە ناچاربوو کاربکات.. چەندین کاری قورس و سەختی کرد کە لەگەڵ تەمەنی دا ناگونجان وەکو ئشکردن لەنانەواخانە، مانگی بە دوو ڕەبل.. تەمەنی نە ساڵان بوو دایکیشی کۆچی دوایی کرد.. دوایش نەنکیشی کۆچی دوایی کرد.. گۆرگی بە مردنی دایکی و، بە تایبەتیش نەنکی کە زۆر خۆشویستی و پەگەیکی تایبەتی لە دڵیدا هەبوو، غەم و ناخۆشی و کەسەرکی زۆر چووە دڵییەوە، کاریگەرییکی زۆر تێکردن.. ژیان بە منداڵکی بەناز بە دایک و بە باوک زۆر ناخۆش و سەخت بوو.. چونکە هیچ داهدەیکی ئاوەتەی نەبوو ڕووی لەبکات.. ماوەیک وەک و سەرگەردان و دەربەدەربوو.. بە ڕوسیادا دەسوایەوە.. شوێنکی نەبوو تیا بسرەوێت.. لە تەمەنی نزدە ساڵان دا، لەبەر هەژاری و نەبوونی و بە پارەیی و بکەسی، هەوڵی خۆکوشتنی دا.. خۆی بریندارکرد و خەریک بوو بمرێت.

بەڵام زۆر جار ژیانی سەخت و تاڵ و پڕ لە مەینەتی و کارەسات، وا لە مرۆڤ دەکات کە زیاتر بەوای بە خۆی هەبێت و خەڵاگربێت و بە هیوا و ئائومەد نەبێت.. دڵخۆشی بە کۆتایی ژیان و جیهان نەزانێت.. بە گۆشبینییەوە بگەڕێت بە دەزینەوەی دەرگایکی تری بەختەوەری و خۆشی.. بەڵێ مەکسیم گۆرگی پشیمان بوو، کورد

وتەنیش:"لە دوای تەنگانە شەنەیی دەت"
گۆرگی دەڵێت:" تا مرۆڤ زیاتر تاڵی بچێژێت.. زیاتر برسیی خۆشیەکانی ژیان دەبەت" دەشڵێت:" جیهان وەک شۆکی تارەک وایە.. هەموو کەسەک دەبەت چرای خۆی داگیرسێنێت.."
مەکسیم گۆرگی لە ساڵی (۱۸۹۲) لەگەڵ (کاترینا بیشکۆفا) دا کە چالاکوانێکی بواری مافەکانی مرۆڤ بوو، هاوسەرگیریان کرد.. دوو کوڕیان بوو.
مەکسیم گۆرگی بە منداڵی زۆر حەزی لە قوتابخانە و لە خوێندن بوو، دەڵێت:
"ئەگەر پەمیان بوتایە، پێتدەخوێنی، بۆ مەرجی هەموو ڕۆژانەکی شەممان لە گەڵپانی (نیکۆلا یەڤسکی) دا، چینی دارکاریت دەکەین، بەگومان رازی دەبووم" زۆرحەزیش دەکرد کە بچێتە زانکۆ و خوێندنی باڵا تەواوبکات.. بەڵام هەژاری و سەرگەردانی ڕەگربوون لە رووی ئەم حەز و هیوایەی.
زۆریش لە قوتابخانەدا بەردەوام نەدەبوو، بچە بچە دەچوو.. بەڵام زۆری دەخوێندەوە.. یەکەک لەو پەرتوکانەی کە خوێندیەوە و سەرسامی بوو، پەرتوکی (زۆردەشت وای وت" لە نووسینی بیرمەندی ئەڵمانی (نیتشە).

گۆرگی لە ساڵی (۱۸۹۰) دا بە نووسینی کورتە چیرۆک، دەستی بە نووسین کرد و بڵاویانی کردنەوە.. لە ساڵی (۱۸۹۲) دا، یەکەمین چیرۆکی خۆی نووسی و بڵاوی کردەو کە لەژێر ناونیشانی (ماکار چودرا) دایە.. چەندین چیرۆکی تری بە دوای ئەم چیرۆکەدا نووسسی و بڵاوی کردنەوە.. دوایش دەستی بە ڕۆمان نووسین کرد، چەند ڕۆمانەکی بەرزی هەیە.. زیاتریش بە ڕۆمانی (دایک) ناوبانگی دەرکرد کە بەیەکەک لە شاکارە ڕۆمانە جیهانییەکان و کراوە بە فیلمی سینەمایی.. کە وێریان گەڵاوە بە زەربەی زمانەکانی جیهان نووسەر ڕووناکبیر و سیاسەتمەداری کوردمان خوالێخۆشبوو مامەستا (کەریمی حیسامی) ڕۆمانی (دایک)ی لە زمانی فارسییەوە وەگەڵاوە بە سەر زمانی کوردی..هەروەها گۆرگی چەند شانۆیەکی سەرکەوتووشی نووسیوون، زەربەیان لەسەر تەختەی شانۆدا نمایش کران.. بە دەیان وتار و ڕۆخنەی ئەدەبی و سیاسیشی نووسیوە.. هاوڕێتیشی لەگەڵ لینین و ستالین دا هەبوو.

شایەنی باسیشە وشەی (گۆرگی) لە زمانی ڕوسیدا، مانای (تاڵ) دەگەیەنێت.. هەڵبژاردنی ئەم نازناوەش لە لایەن مەکسیم ەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژیانە تاڵ و سەخت و ناخۆش و پڕ کارەسات و

کۆرەواری و مەینەتییەی کە گەلی روسی لە سایە دەسەلاتی قەیسەری دا دەیان چەشت.. ئەم راستییەشی بۆ چاوی خۆی بینی.. هەروەها بۆ ژیانی تاڵ و سەختی منداڵی و هەرزەکاری خۆی.. بۆ ژیانی تاڵی دایکە بەدبەختەکەی کە بە دەست مەردی دووەمیەوە، گیریخواردبوو.. کە پیاوەکی مەیزەدە و هەمیشە سەرخۆش و توندوتیژ بوو، دەستی لە دایکی دەوشاند و هەر خەفەتیشەوە مرد.. ئەم هەموو تاڵیانە، وای لە مەکسیم کرد کە وشەی (گەرگی: تاڵ) بکات بە نازناوی ئەدەبی و بەم ناوەوە بنووسی و بڵاوبکاتەوە.

گەرگی سەرگوشتەی ژیانی خۆی لە سێ بەشدا نووسیوەتەوە، دوو بەشیان باس لە تاڵیەکانی قۆناغی ژیانی منداڵی و لە قۆناخی هەرزەکاری و لە ژیانی سەخت و تاڵی خەڵکی دەکات.
مەکسیم گەرگی لە تەمەنی (٦٨) ساڵیدا لە ساڵی(١٨ي/ یونی/١٩٣٦) دا لە شاری مۆسکۆدا کۆچی دوایی کرد.. لە گۆڕستانی سوور، لە بن دیواری کرملین دا، لە ریزی شۆڕشگێڕان و نەمرەکانی روسیادا بە خاکیان سپارد.
ئەدەبی منداڵان لە روانینی مەکسیم گەرگییەوە:
ئەوەی ئەمە لەم نووسینەدا مەبەستمانە ئاوەدانەوە و روانینی مەکسیم گەرگییە لە ئەدەبی منداڵان.. کە رەنگی گرنگ و بەرچاوی هەبوو لە گۆشەکردنی و پێشکەوتنی ئەدەبی منداڵانی روسی دا.. داواشی لە نووسەرانی ئەدەبی منداڵانیش کرد.. کە هەوڵی داهێنان و تازەگەری بدەن لە ئەدەبی منداڵان دا.
گەرگی دەڵێ:" منداڵ لە هەموو سەردەمێکدا هەمای بەتاوانی و پاکی و خێر و راستی و جوانییە.." لە بارەی شێوازی نووسینیش بۆ منداڵان، دەڵێ:" پێویستە بۆ هەمان شێوازی نووسین بۆ گەورەکان.. هەر بۆ شێوازیش بۆ منداڵان بنووسین، بەڵام بۆ ئاستێکی باشتر" لە روانینی ئەوەوە، پێویستە نووسین بۆ منداڵان، بۆپێی خواست و ئارەزووەکانی منداڵان بێت، نەک بۆپێی ویستی نووسەران.. گەرگی تەنها بە قسە پابەندی ئەم بیر و باوەڕ و روانینانەی نەبوو، بەڵکو زۆر جار لەگەڵ منداڵان خۆشیان دادەنیشت و لێی دەپرسین: حەزتان لە چ جۆرە نووسینێکە؟ جارێکیان بە فۆرمی بە ناردنی نامە ئەم پرسیارەی ئاراستەی ژمارەیەک لە منداڵانی روسیا کرد:"ئارەزووی خوێندنەوەی چی دەکەن..؟" لە زیاتر لە دوو هەزار منداڵەوە وەڵامی پرسیارەکەی پەگەیشت، نووسیبوویان لە "هەموو شتێک"
مەکسیم گەرگی لەم وەڵامەوە، لە گرێ و لە رێنماییەکانی گەورەکان وازیهێنا و دەستبەرداری فیز و خۆبەگەورەزانین بوو.. چووە نێو جیهانی وێنەوشەیی سیر و سەمەرەی منداڵانەوە.. جیهانی راستی و

پاکی و بەتاوانی، گوێی لە هیوا و خواست و راز و لە خۆنە شیرین و سۆزکانیان دەگرت.. بۆیە مەکسیم گۆرگی فەلسەفەی خۆی لە دەستواژەی "هەموو شتێک"دا چەکردووە.

مەکسیم گۆرگی، ماکۆشی کردبوو بۆ ژوانگەیەکی نووسەرانی ئەدەبی منداڵان، زۆرجار لەگەڵیاندا دادەنیشت و گوێی لەدەگرتن.. باس و تاوتوێ نووسین و ئەدەبی منداڵانی لەگەڵ دەکردن.. بەچوونەکانی و ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی پەدەوتن.. چەند جارێکیش کەبەکەی بۆ ئەدەبی منداڵان سازکرد.. خۆاتی ڕۆزلەنانی بۆ نووسەرانی تێکستێ باش و براوەکان دەبەخشی.. شایەنی باسیشە مەکسیم گۆرگی، گەورەترین دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەدەبی منداڵانی لە ڕوسیادا دامەزراند.. کە هەکارێکی گرنگ و هاندەربوو، بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی ئەدەبی منداڵانی ڕوسی.
لە تەوانینی گۆرگییەوە پێویستێ ئەدەبی منداڵان، هاوەوت بێت لەگەڵ پەڕوەردەی نوێدا.. پەروەردەش پەروەردەیەکی کەمەایەتی بێت.. پەروەردەی کەمەایەتیش بۆ لای گۆرگییەوە، ئەنجامدانی کاری شەشگەانەیە.. ڕزگارکردنی مەشکی منداڵانە لە خەیاڵی پووچ و لە داب و نەریتی بەسەرچووی سواو.. دەبێت منداڵان بۆ شەوازێک گەش و پەروەردە بکرێن، کە زیاتر لە داهاتوو بەوانن، وەک لەوەی ئاوە لە ڕابردوو بدەنەوە.

گۆرگی دەڵێ:"کاروانی ڕابردوو ناتگەیەنێت بۆ هیچ شوێنێک" مەبەستی گۆرگیش ئاوە نییە، کە هەڵی ڕاست و چەپ بەسەر ڕابروودا بهەنین و لەبەر چاوی منداڵانی بخەین، یا لە ڕگاوە ڕگکێشی بکەین.. چونکە ئەمەش لە دوێنە لە دایک بووە، سبەینێش لە ئەمەش لەدایک دەبێت، ئاوەی ڕابردووی نەبێت، ئەمەش و داهاتووشی نابێت.. مەبەستی گۆرگی ئاوەیە، پێویستێ بە شۆیەکی ڕاستگەیانە و ڕوون، بۆبە ئارایش و ڕتووش، باسی ڕابردوو بە منداڵان بکەین.. لەم ڕووەوە دەڵێ:"پێویستێ زانیاری لە خزمەتی منداڵاندا بێت.. منداڵانیش وا ڕابهەنین کە بیر لە داهاتوو بکەنەوە.."
مەکسیم گۆرگی، جەخت لەسەر بایخی چیرۆکە کۆنە میللیەکان دەکاتەوە، کە گرنگییان هەیە لە گەشەکردنی هەش و هزری منداڵان، لە هەستکردنیان بە داهێنان لە هونەر و ئەدەب دا، لە دەوەمەنکردنی زمانیان، لە بەخشینی چێژ و خۆشی و شادی پێیان.

ڕزا شوان
نەرویج: ١ی/ ئادار/٢٠١٨)

کورد لە تاراوگە و خەباتی مەدەنی و گەیشتن بە ئامانجە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان ... هیوا ئەحمەد

لە ئابردودا گەلی کورد لە چوارچێوەیەکی جوگرافیای قەتیس و بە میدیاو بە کەس و بە دەست چەوسێنراوەتەوە و خاکی داگیر کراوەو کەمێ کوژوو جینۆساید کراوە ، دوژمنانی ئەم گەلە هەمیشە چەپکی قورس و داگیرکاریان لەسەر کوردستان بووە زۆر لەم سەردەمە زیاتر کوشت و بڕو داگیرکاریان کردوە ، بەڵام بەهەی نەبون یاخود کەم بونی کورد لە دنیای دەرەوەو جیهان بە گشتی و نەبونی میدیاو کەناڵ و نەبونی خەباتی مەدەنی نەتوانراوە دەنگی میللەتەکی چەوساوە بە جیهان و بە کەمێگەی نەودەوڵەتی و ئەوروپا بگەیەنرێت ، ئەوەی لە ئێستادا لە خەرئاوای کوردستان ەودەدات چ لە کەبانە لە شێی داعشداو چ لە عەفرین کە وەاتەکی زل هەزی وەک دەوڵەتی تورکیاو دوهەم هەزی ناتە هەرشی داگیرکەرانەی کردەتە سەر بە نیو هەندەی جینۆسایدی کیمیا باران کردنی شاری هەڵەبجەی باشوری کوردستان نابێت کە شارەک بەتەواوەتی خاپور کراو ژەهر خوارد کراو لە ماوەی ەەژەکدا ەژەمی بەعس توانی کە مەرامی خەی وەدەست بخات و هیچ وەاتەکیش لە کاتی خەیدا نەبو بە ەژەمی بەعس بڵێت پشتی چاوت بڕیە !!

لە ئێستادا و لەم سەردەمی عەولەمو تەکنەلەجیایەدا بەو هەمو سەرمایەو چەکی پێشکەوتوو فڕۆکەسەربازیەوە تورکیا بە ناتوانێت عەفرین بگرێت ؟؟!!گومان لە خەیاگری و بیرو باوەڕی نەتەوەی و کورد پەروەری و بەرخەدانی شەهیدانی و یەکینەکانی پاراستنی گەل نیە بەڵام گومانیش لە نابەرامبەری لە چەندێتی و جەرگتی مەشق و چەک و جبەخانەی دەوڵەتی تورکیاو شەهیدانەدا نیە ئەوەی کە تورکیا ناتوانێت سنوری عەفرین بشکێنێت و بچێتە ناوەوە چەندی موقاومەت و شەو بەرگری شەهیدانە ئەوەندیش موقاومەتی خەباتی مەدەنیە لە هەمو پارچەکانی کوردستان و لە تەواوی دنیا کە کوردەکان ەەژانە بە

خۆپیشاندان و چالاکی مەدەنی شۆڕشگێڕانی وڵاتانی دنیا پێ دەکەن و لە دەرگای کۆمەڵگای نوودوولەتی دەدەن و دەرگای پەڵەمانی یەکێتی ئەورووپا دەگرن و لەدەی کەسایەتیە سیاسیەکانی جیهان دەدەن و پێیان دەڵێن ئەمەیش میلەتێکی ئازادی خوازو دیموکراتی خوازین و دەمانوەت وەک تەواوی میلەتانی جیهان بژین و خاک و ماڵ مان پارێزراوبێت ،هەر ئەویش وایکردوە کە دەوڵەتی تورکیا لەژێر فشاری نوودوولەتیدا نەتوانێت بەو مقاومەتەی شۆڕشگێڕان بەو هێزە نابەرامبەرەوە سنوری عەفرین بشکێنێت ، دەنا خاپور کردنی خاکی عەفرین لەوانگەی سەربازیەوە بە دەوڵەتێکی وەک تورکیا هیچ جیاوازیەکی نیە لە خاپور کردنی هەڵەبجە و بە چەند کاتژمێرێک دەتوانێت بیکات.

کەواتە دەبە گەلی کورد و تاکی کورد لەم خەباتە مەدەنیەی کە دەکرێت بە تایبەتی لە تاراوگە نائومێد نەبێت و هیچی خۆی بە کەم نەگرێت ، بەشداری کردن لە خۆپیشاندانەکان و چالاکیە مەدەنیەکاندا فەرقێکی ئەوتۆی نیە لە خۆچەکدارکردن و سەنگەر گرتندا ،هەردو جۆرەکە تەواوکەری یەکترین و بە هەردو جۆری خەبات کورد دەگاتە ئامانجە نەتەوەی و نیشتیمانیەکانی ، هەر لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین خەونی بەدیهاتنی ئاواتەکانمان نزیکە و گەلی کورد لە ئێستادا گەلێکی ناسراوو کراوەیە بەوی جیهاندا و کۆشای ئەم گەلە لە داگیرکاری و چەوساندنەوەی گەیەنراوەتە تەواوی جیهان و ئەم خەباتە مەدەنیانە کە لەئێستادا ئەنجام ئەدرێن زۆر لە خەباتی چەک و شۆڕش خۆنەڕژی کە لەوڵاتانی دیموکراتی خوازدا نەفرین کراوە بەهێز ترو کاریگەر تر بەردەوامیدان بە خەباتی مەدەنی و بەشداری کردن لە خۆپیشاندانەکان و چالاکیە مەدەنیەکاندا گەلەکەمان دەگەیەنێتە کەناری ئارام .

ئایا ئەردوگان لەنەوەی ئەوانەیە کە کورو برای خۆیان

بۆ کورسی کوشت؟ … عیماد عەلی

ئەگەر یەکێتی ڕەفتارەکانی ئێردوگان بخوێنیتەوە، لە ناپاکی و پاشقوڵدانی ئەربەکان و نزیکترین هاوڕێیانی خۆی لە گول و داود ئۆغلۆ و گوێلەن و چەندینی تری نێوخۆی حزبەکەی خۆی، دواتر لە مژووی تورکیا و بە تایبەتی زەمانی عوسمانیەکان وردبیتەوە و بەراوردێك بکەیت، بۆت دەردەکەوێت هاوشێوەی زۆری هەیە و هیچ سەرتسورنامێنێت لە سیاسەتەکانی ئەمڕۆی ئەم ملهورە. بۆ زانینمان دەبێت ئەوە ڕیز بکەین کە عوسمانیەکان چیان کردووە:

1- یەکەم کەس سوڵتان مورادی یەکەم باپیری سوڵتان محەمەدی فاتیح بوو، کە بە دەزووی تووندوتۆڵ دروستکراوی ئاوریشم سوڵتانی مەحمودی برای لە خرپەی خەودا خنکاندا.
2- سوڵتان محەمەدی فاتیح؛ برایەکی شیرەخۆڕی شەش مانگەی بە ناوی میر ئەحمەد لە ترسی کورسیەکەی خۆیدا کوشت.
3- سوڵتانی سەلیمی یەکەم؛ هەردووبراکەی خۆی کوشت بۆ ئەوەی خۆی ببێتەوە جێنشینی باوکی و لە دوا ساتەکانی حوکمەکەیدا هەوڵی کوشتنی کورەکەی خۆیشی دا بەڵام بە لێهاتوویی دایکیەوە ڕزگاری بوو، دواتر بە ناوی بە سوڵتان سلێمانی قانونی ناویدەرکرد.
4- سوڵتان سلێمانی قانونی؛ خۆشەویسترین کوری خۆی دەخنکێنێت و کورەزا شیرەخۆڕەکەی سەردەبڕێت.
5- سوڵتانی سەلیمی دووەم براکەی خۆی و منداڵەکانی خنکاند .
6- محەمەدی سێیەم پاش وەرگرتنی عەرشی عوسمانی بەچەند کاتژمێرێك نزدە برای میری خۆی کوشت، کە سێ میریان منداڵی شیرەخۆڕە بوون و پێنجیشیان لە نێوان دوو بۆ شەش ساڵان بوون.
7- مورادی چوارەم سێ برای خۆ کوشت و لەگەڵ ئەوەشدا چەند منداڵی دەبوو بە نەخۆشی دەمردن، بۆیە سوڵتانە کەسیم ی دایکی بەهەر جۆرێك بوو نەیهێشت ئیبراهیمی برای بکوژێت بۆ ئەوەی بنەماڵەکەی بنبر نەبێت.
8- سوڵتانە کەسیم دواتر بەخۆی ئیبراهیمی کوری کوشت لەبەر ئەوەی هەرەشەی شاربەدەرکردنی لێکردبوو، بۆیە محەمەدشازادەی تەمەن شەش ساڵی کردە جێنشین بۆ ئەوەی بە خۆی کاروباری دەوڵەتی عوسمانی بەڕێوەبەرێت.

ئەم ڕەفتار و عەقلیەت و مامەڵە سیاسی و فکریەی عوسمانیەکان بە ناوی ئاینی ئیسلامەوە، بەم شێوەیە لە هیچ شوێنکی دونیا و لە هیچ قۆناغێکی مێژووییدا بەم توندی و دڵرەقی و نەشیوایەوە نەبووە،

مەگەر لە خەڵکێکی لەم شێوەیەی عوسمانیی تێرانیدا نەبێت کە وەچەکانیان تا ئێستا شانازی بەو مێژووەوە دەکەن.
بۆیە، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەم رەفتار و مامەڵەکردن و عەقڵیەتەی ئێردوگان لەو سوڵتانانە زیاتر نیە و، هەمیشە چاوی لە گێرانەوەی هەیبەت و هەژمون و شکۆی سەڵتەنەتەکەیە بۆ تورکیای کەمالیست .
ئەمڕۆ، لەم شەرە دەستەویەخەی ئەردوگان کە بە کورد و عەفرین دەیفرۆشێت" ئەوەی بۆ سەلماندین کە بەو عەقڵیەتەوە دەجوڵێتەوە و هیچ سەرمان سورنەمێنێت کە هەرچیەکی بۆ بکرێت دەیکات تەنانەت بەکارهێنانی هەر چەکێکی مرۆڤکوشیشی بەدەست بێت، لەبەر ئەوەی لە نەوەی ئەوانەیە کە بۆ کورسی برا و منداڵی خۆیان بە قازەونترین ڕێگە کوشتن، ئەگەر بۆیان بکرێت کوردکوشتن هەر ئاوخواردنەوەیە لایان.

خۆنکەی (باران) … نوسینی: عەلی حەمید

(باران) لەگەڵ ئاوی کە زەر حەزی لە قوتابخانە بوو، بەڵام هەندێک جار بەزاری خۆی دەردەبڕی ،چونکە پێاو و پێتوکانی زەر قورس بوون،کە دەگەڵایەوە جانتاکەی دەکردە شانی ،پشتی دەیدایە ئازار.هێزێک دوای گەڵانەوەی لە قوتابخانە پشوویەکی کەم ، ئاپادەکەی هێنا و لە دڵی خۆیدا وتی خۆزگە لە جیاتی پێاو و پێتوک تەنها ئەم ئاپیادەم دەبرد بۆ قوتابخانە. بۆدەم بیرکردنەوە لەو بابەتە ، چونکە ماندوو بوو خۆشکی ئارام ئامێزی بۆ کردەوە .(باران) خۆنکی خۆشی بینی ، کە بۆ ئاگا هاتەوە چووە لای هاوڕێکانی وخۆنکەی بۆ گەڵانەوە، لە خۆنمدا مامۆستا بووم ، لەگەڵ مامۆستاکانی تردا هەموو پێتوکانی پڵی یەکمان سکان کرد و بۆ قوتابییەکانمان وت کە ئاپیادی هەیە،بۆیانی لەگەڵ خۆی بیهێنێت! چەند خۆشبوو هەموو هەیانبوو .بۆ بۆیانی هەمووان ئاپادەکانیان هێنابوو ناوی خۆشیان لەسەر نوسی بوو . لەمان وەرگرتن و بابەتە سکانکراوەکانمان لەسەر ئاپیادی هەریەکیان دابەزاند .بۆ هێزی دواتر لەسەر ئاپیادەکە وانیان دەخوێند و هەر

لەسەر ئایپادەکەش ئەرکەکانیان دەنوسیەوە,لە وانەی پەنجەمدا پەمان وتن بە بەیانی پەویست ناکات جانتا قورسەکانتان بهێنن.چونکە ئەستا هەموو بابەتەکان لەسەر ئایپادەکانتان هەن.باران بە پەکەنینەوە وتی: بەداخەوە کە بە ئاگا هاتمەوە تەماشادەکەمماستا نیم وهەروەک جاران قوتابیم!جانتا و ئایپادەکەشم هەروەک خەیان ماونەتەوە،ئیتر هەمووان دایانە قاقای پەکەنین و وتیان:خەزگە خەونەکەی باران دەهاتە دی بە هەمووان.

ئاەتون ... پشکە ناکام

..... ئەم عالەمە زەر سەیرن ، یاخوا بە شتەکەوە نەیگرن تا کەوەی نەکەن وازی لە ناهێنن ، ئەوەتا بەربونەتە وەزەی نوێنەرە ئازیزە خەم خەرەکانمان لە پارلەمانی نمونەی پاکی و دیموکراسی و بە لایەنی هەرەمەکەمان ، چی قەوماوە ؟ گوایە ئەو بەڕێزانە ازی نەبوون بەوەی تەقاعودیان لە چوار ملیەن دینار، تەنیا چوار ملیەن !! کەمتەر بەت... ئە هەقی خەیانە ، ئەبە معاشەکەیشیان هەر وەک کورسیەکانیان لە عەوام بەرزتر بەت ، ئەمە ئەبەت چاک لەوە تە بگەین کە پارلەمانتار بە ئەوەی باش بیر بکاتەوە و خەرا تر بە دوای سکالاکانی خەڵکەوە بچە پەویستە سیحەتی باش بەت ، سیحەت باشیش بە خواردنی گران و پە لە ڤیتامین نایەتە دی ، لەم وەزعەشا بە ئەوەی نوێنەرەکانمان سیحەتیان باش بە و باش بیر بکەنەوە مەودای ئەقە و فکریان بە دەیان کیلە مەتر بەوات ئەبە سە ژەمە خواردنەک بخەن کە هاوتا بە لەگەڵ ئیدراک و تەگەیشتنیان بە گرفتە ناوخەیی و دەرکیەکان ، هەمووشمان ئەزانین ئەمە خواردنی باشی شایستە بەوان گرانە ، بەیە لەوانەیە نە معاش نە تەقاعودیەکەشیان بەش بکات ، لەوانەشە بکەونە قەرز کردن..!

بە سەیارە گرانەکانیشیان ، ئەوان نوێنەری ئەمن چاوی ناحەز نەیارانی دیموکراسیان لەسەرە، جا بە ئەوەی کەس زەفەریان پە نەبا ئەبە سەیارەی خەرا و تەکمەیان پە بەت تا مەحفوز بن و هیچیان بەسەر نەیەت، خەڵکی وک ئەمەومانان دروست ئەبەتەوە ، بەڵام خەڵکی وەک ئەوان یەک جار لە تەئریخ و جوگرافیاش دروست ئەبن ، ئەوە بیر بکەنەوە خوانەکردە نوێنەرەکمان بە کارەساتی هات و چە لە کیس بچەت

چەن زەحمەتە یەکەکی تر شونی بگرێتەوە ، چونکە وەختەکی زۆر ئەبات تا فەری ئسوڵیاتی پارلەمانتار و چونیەتی " خەتەر کردن" و سیحەت باشی ئەبێت، جا بە سەیارەی باش و خەرا و قایمیان نبێت ! هەقە بە ئەوەی دەستی ناحەز نەیانگاتە و بەمزەرێت بن سەرو هاممەر یان مودەعەکیشیان بنە بە کاتی تەنگانەدا...

جگ لەوەش ئەمە نونەری وامان هەیە بە دیفاع کرن لە مافەکانی میللەت چوار ساڵە هەر هاوار هاوارێتی و هەر ئەقیڵنە ، دەیان جار تووشی نەخۆشی قوڕگ و لەوزەتیەن بوە ، ئەی ئەگەر معاش و تەقاعودیەکەی زۆر نەبە ناتوانە چارەسەری خەرا و باش لای دکتەری باش وەربگرێت، بە ئەوەی سەرلەنوە بتوانە هاوار هاوار کات نابە دەرمانی ساختە (هی عەوام) بکار بهێنێت ، بە ناشکوریش نەبێت خە مەتارکان هەر داخراون و ناتوانن بچن بە دەروەی ووڵات بە چارەسەری قوڕگ و دیفاع کردن لە نەخۆش و پەککەوتەکانی میللەت / بەشی عەوام..!! جگە لەمانەش نونەری وامان هەیە روژانە بە فەردە و کیلە جەردی " دز" یەکانمان لە تەلەفزیونەکانەوە بە ئەزمەرێت ، ئە خونەوەی ئەو هەموو ژمارانە بکەیت بە دینار ، تەقاعودیەکەی ئەبە لە چوار ملیۆن دینار تێپەڕێت...هەر هیچ نەبە هەقی ئەوەی مەشکی بوە بە قاسە لە قاسکەی پارلەمان تەقاعودیەکی موحتەرەمی بە دابنرێت... ئەوەشمان لە بیر نەچێ " نونەری هەژاران "ی وامان هەیە کە ئەیەوێت بیسەلمێنێت کە : تەر ئاگای لە برسیە ، جا ئەو زاتە ئەگەر معاش و تەقاعودیەکەی زۆر نەبێت ناتوانە تەر بە و ئاگاشی لە برسیەکان نابە ،. زۆر گرنگ و جێی سەرنجە کەسک گیرفان و وورگ پە بێت و دیفاع لە برسی بکا و هەست بە برسێتی ئازارەکانی " عەوام " بکا و سەلماندنیشە کەتەر ئەتوانێت ئاگای لە برسی بێت ، نەک وەک ئەوەی کە ئەووترێت " تەر ئاگای لە برسی نیە..!" معاش و تەقاعودی باش و زۆریش ئەو نونەرانە بە "تەر" ێتی ئەهەتەوە و زیاتر و لە نزیکتر ئاگایان لە برسیەکانی هەرێم ئەبێت..خەڵکی کوردستان ئەبە مەمنوون بن کە نونەری وایان لە پارلەمان هەیە بە چوار ساڵ چوار جوملەی نەووتوە، بەڵام کام جوملانە ؟ هەمووی عیلم و سیاسەت و دیفاعە لە ئەمە ، ئاسایی هەر جوملەیەک بە یەک ملیۆن دینار لە تەقاعودیەکەی بە حساب برێت ، چونکە ئەو جوملانە زۆر دەگمەنن و زۆر کەم گومان لە ئەبێت ، هەموو شتەکی دەگمەنیش گرانە ، هەر وەک ئاەتون..

خەکی باشوری کوردستان لە چاوەوانی (گۆڕان)دا ! … ئاری زۆندینی

ئەوە نە وەزعە نە قەیرانە نە سیاسەتە نە کارەساتە نە گەندەڵیە نە کێشەی ئیداریە نە ئابووقەی سیاسی وئابوری نە قەیرانی دارایە ئەوە سەد لە سەد بەهۆیەیە! حکومەتی هەرێم ستێپی نەماوەوبەرەوهەڵدێرولێژایی دەوات قەت ناتوانێ چاکی بکات چاکی بکات خراپتردەبێت! ئەو وەزعە یان خوا یان عەبادی یان ئەمەریکا ئەوە قسەو قسەڵکی خەلکە قوربەسەرەکەی باشوری کوردستانە, چونکە دەڵێن ئەوە غەزەبی خوایە و سیاسەتی بەغدایە و دەستێوەردانی ئەمەریکایە و حیزبایەتی حیزبەکانی کوردستانە گومانیشدەکرێت بەئەنقەست وا کرابێت بێ مانەوەو درێژەپێدانی سیاسەتی خۆیان وبازرگانیان.حکومەتی هەریمی کوردستان داهێنەری سیاسەت و میکانیزمی (نیوە موچە, چارەگە موچە,پاشەکەوت لە موچە) ژیان لە کوردستان هەمووی نیوە نیو ژەمە خواردن نیوە کارەبا نیوە دەوامکردن نیوە زەوق نیوە عەیب نەبی با نەیێم هتد …, دەسەڵاتداران بەسەر لاشەی هاوڵاتیان گوزەردەکەن و دەژین هاوڵاتی بێتە قەڵغان بێ بەرگری سیاسەتی نیوەوچارەگ.

هاوڵاتی بێتە چەکی میلانۆوهامەری ئەمەریکی و قەناسی دوورهاوێژ بێ رووبەرووبوونەوەی هەموو قەیران و پێشهاتەکان وەك حەشدی شەعبی و داعش و قەیرانی دارایی,جیاوازیمان چیە لەگەڵ وڵاتێکی وەکو (میسر) فەرمانبەرێك لە کاتی موچە وەرگرتن نەتوانێت کیلۆ گۆشتێك بکڕێ, هەزاران دەرچوی کۆلیژ دانامەزرێن بەرەو هەندەران , وەرە حیزب وەرە حکومەت دوژمنی خەڵکی خۆت بیت چاوت لە موچە و پارەی خەڵك بێت دۆنیام هەموو حیزبەکان پێیان خۆش نیە موچە لە بە غداوە بێت چونکە بێ ئیش کار دەمێننەوە بەرنامەوپرۆژەیان تەواو دەبێت چونکە کەرەستەی وان هاوڵاتیە وەك داشی دامە! گەر یاپرخیش دروست بکەن هەر بە هاوڵاتی دەیپێچنەوە! مەعلومە و دیارە خەڵك دەڵێ (یان خوا یان عەبادی یان ئەمەریکا) ئەی حکومەتی هەرێم ئەی دەست وئەقڵی خۆتان, هەندێك جار دەڵێن کورد حکومەتاتی پێناکرێت و بەس پارەی

دەوڵەت بەڵام ئەم دیاردە بەس لە باشوری کوردستان وجوودی هەیە کوردانی (ئێران و تورکیاوسوریا) بەم شێوەیە نین ئەمەش سەبەب و رەهەندی مێژوویی خۆی هەیە.

خەڵك لە باشوری کوردستان بە جارێك گێژووێژ بووە بۆ پارەوبازرگانی لەوانەیە ئێستا دەسەڵاتداران داهاتی دوکانەکان بکاتە نیوە لە گەڵ خاوەن دوکانەکان لاریان نیە قبووڵیانە! بەڵام ڕاستە (یان خوا یان عەبادی یان ئەمەریکا) دەتوانن ئەم دۆخەی باشوری کوردستان ئاسایی بکەنەوە بۆ؟ لەبەر ئەوەی (خوا) خاڵقی کەونوکائیناتە چاکەوخراپە هەرئەودەیکات هەمووی بۆ تاقیکردنەوەی مرۆڤەکانە ئەوە مرۆڤەکان خۆیان وادەڵێن و واش تێگەیشتوون لەم دونیایە, (عەبادی) سەرۆك وەزیرانی عێراق پارە وبریارەبەدەست ئەوەوڵێژنەی ناردۆتە کوردستان دەشتوانێت بە موچەوپارە نەوەك فەرمانبەری کوردستان بەکو دەسەڵاتدارانی کوردستانیش ڕازی بکات خەونی دەوڵەتی کوردیش لە گۆڕێت هەروەك چۆن ریفراندۆمی هەڵوەشاندەوە, (ئەمەریکا) ئەوەش هەر قسەی خۆکە دەڵێن هەمووی ئەمەریکایە هەموو ئەمەریکا داعشی دروستکرد هەموو ئەمەریکا نەفتی برد گەر ئەمەریکا زەغت بکات وەزعەکە باشتر دەبێت,هاوڵاتی کوردوحکومەتی هەرێم چاوەڕێی (عەبادی و خواو ئەمەریکا) ئەی خوا ئەقڵی نەداوەتە مرۆڤ و تاقی دەکاتەوە کارێك بەکارێك بکات, عەبادیش دەڵێ حکومەتی کوردی خۆتانە کێشەی من نییە, ئەمەریکاش دەڵێ هاوڵاتی بابەخۆی داوایی مافی خۆی بکات تۆزێك بەغیرەت بن ئەوجا ئێمە هاوکاریتان دەکەین.ئەوەی لە کوردستان دەگوزەرێ بە هیچ دانانی فەرمانبەروماموستاودوکتۆروخانەنشین وکارمەندانی داموودەزگاکانی حکومەتە, بەئاشکراوبەڕاستەوخۆیی بەرپرس قەشمەری بە هاوڵاتی کورد دەکات کە تۆ هیچت پێناکرێت ئەگەرنا مەعقول چیە مەسئول وبەرپرس لە ماڵەوە حیمایەی هەبێت و بەشیری گامێش خۆی بشوات و کارەبایی (24) سەعاتی هەبێت و داوودەرمانی لە ووڵاتانی ئەوروپی بۆ بێت!

ئەوەی لە کوردستان دەگوزەرێ شێوەیەکە لە کۆیلایەتی و فەرمانەوایی سەدەکانی پێش ناوەڕاست بەڵام بەشێوەی (مۆدێرن) بە چەواشە کردنی خەڵك و لێڕاهاتنی خەڵك و سست کردنی تواناکانی مرۆڤەکان لە جیاتی دوژمن و داگیرکەران پێمان بکات ئێمە خۆمان بە خۆمانی دەکەین بۆ ئەوەی پێی بزانین! گەرنا ململانێی حیزبەکان بۆچی ؟ لەکارکەوتنی حکومەت وپەرلەمان بۆچی؟ نەبوونی موچە بۆچی؟ خانەنشینکراوێك تەمەن (70) ساڵ بۆ پارەوموچە بۆچی؟ چارەسەرکردنی ئەو وەزعە بۆچی (یان خوا یان عەبادی یان ئەمەریکا) ئەی خەڵکی

کوردستان یان حکومەتی هەرێمی کوردستان,ئەوەی لە کوردستان رووەدات لە هیچ شوێنکی دونیا رووینەداوە لە سێ شاروپارێزگا نەتوانی بژی نەتوانی دادپەروەری و یەکسانی و ئازادی جێبەجێبکەی.

لە دوایی ڕاپەڕین هەڵبژاردنی (36) دانرا لە (2005) فیدرالیمان وەرگرت لە کاتی هەڕشی داعش لە ئاسمانەوە فڕۆکەی هاوپەیمانان ئێمەی پاراست کەواتە نە عەبادی نە خوا نە ئەمەریکا دەستت ناگرێ و بتژیێنێ بە ئکو خۆت بە خۆت بزانی چۆن دەژی و بۆچی دەژی ئەوە نە سەدەکانی ناوەڕاستە نە سەردەمی ئەفسانەی تەنها بیربکەیەوەو دانیشی بەکو سەردەمی زانست وتەکنەلۆجیایە دەبێت بیربکەیەوەوبکەویە سەر پێ تەنها بۆخۆت نەژی بەکو بێ هەمووانیش بژی چونکە خەڵك لە کوردستان بەجارێ خۆپەرست بووە پێویستی بە فڕۆمات کردن هەیە مەشکی قورس بووە شتی زیادی تێدایە! معقول چیە فیتەرێك لە سناعە معاش خۆرە دوکاندارێك معاش خۆرە بندیوار نوسراوە! بەو مانایەی بێت ماموستاوفەرمانبەر سەردیوارن معاشیان نیە دونیا عەکس بووەتەوە ئەوەی لە بنەوەیە دیارن سەرەوە دیار نیینە, یاسا بێ فەقیری پارەوبودجەومەزرەعەوقیلا بێ مەسئول وخاوەن زەلام! هەریمی کوردستان دارستانکە یاسایی بەهێزەکان جێبەجێدەکرێت! نەوەڵا لە هەمووی سەیرتر نەوت فرۆشبیت بەئام یەك قەترە نەوت بێ هاوڵاتی خۆت نەبی !

دوو کاری کاریکاتێری … خۆن و یەکسانی …. جۆبار

خۆن…



یەکسانی ...
http://dengekan.ca/wp-content/uploads/2018/03/jabar_yaksany.jpg

---

نیشتمان ... شیعری: نزار قبانی – وەرگێڕانی: پشکۆ ناکام

کاتێک نیشتمانەکەم
ئەگەرێم
جگە لە دەفتەرێک
چی ترم پێ نیە
ئەم بازگەیە ئەمنەرتە
ئەو بازگەیە

لەم سەربازگەیە
بە ئەوەی ئەوبەر …!
منیش جگە لە چەکەکەیەک
چی ترم
لە گیرفانا نیە..
بەناو"ئەفسەر" ەام ئەگرێ
و
داوای پاسپەرتی
چەکەکەکەم لە ئەکا..!!
لەم نیشتمانە
"..ووشە.."
پەویستی بە مەتی
تەپەڵ بوونە..
لە چاوەڕێی فەرمانی
کار بەدەست
فڕێ ئەدرێمە
سەر ئەرز
سەیری ئەو هەموو
فەردە " لم "ە ئەکەم
و
فرمێسکی چاوم
وەک دەریا وایە
.. و…
لە بەر دەمما لافیتەیەک
لە یەک
" نیشتمان"ی ئەدوێ
لە یەک
"میللەت" ی ئەدوێ…!!
منیش وەک " مشک " ەکی
بە دەستەوات
هەر دانیشتووم
هەڕنجی غەمەکانم، ئێمە..
و
هەموو دروشمەکان
ئەمەوێ
و
لە بەر دەم دەروازەی

نیشتمانم
وەک کوپەکی شکاو
هەر…فڕێ دراوم …

****

لەبارەی سێکس و ئەخلاقەوە … هیوا سەعید

کاتێک تێگەیشتنی سێکس لە تێگەیشتنی ئەخلاق دابستراتەوە، لێگەڕانان و گەڕکردنی وشەی سێکس یەکسەر کردەیەکی نائەخلاقی و دیمەنێکی نەشیاو و تێگەیشتنێکی نێگەتیڤمان بۆ دروست دەبێ. کەچی سێکس پەیوەندی بە ئارەزو هەیە و ئەخلاق پەیوەندی بە ویست و ئیرادەوە هەیە و لە یەکتر جیاوازن. هەروەها ئەم دووانە ئارەزو و ویست لە بەریەککەوتن و ململانێدان، هێندێک شت هەیە ئارەزو دەیوێ و ویست دژبەتە ڕێگر لە بەردەمی و سەرکوتی دەکا، بۆ پێچوانە زۆرجار ویست بڕگەی ئەو ململانێیە ناگرێ و دەکەوێتە بن دەستاتی ئارەزووەوە. بۆیە دەکرێ بڵێین سێکس چێژە و ئەخلاقیش پابەندبونە، یان پابەندبونێکی ناوەکی و دەرەکییە.

لە زمانی ئینگلیزی هەردوو وشەی ئیتیک (Ethick) و مۆڕاڵ (Moral) کە بە مانای ئەخلاق دێن لە وەرگێڕانیان بۆ کوردی ئیتیک دەبێتە ڕەوشت و مۆڕاڵیش یانی ئاکار.
لەبەرئەوەی ڕەوشت ئەو جۆرە ئەخلاقیە لە دەرەوە و لایەن ئەوانیتری وەک ئایین و کلتور و یاساکانی دەوڵەتەوە بەسەر مرۆڤ دەسپێنرێ. بە مانای ئەوەی هێندێک حەز و ئارەزو هەیە لە ترسی باج و سزادانی ئایینی و کلتوری و یاسایی مرۆڤ ناوێرێ مومارەسەیان بکا و پابەندبونی بە ڕەوشت پابەندبونێکە لە ترسان و ڕەوشتیش ئەخلاقێکی پیشەیی و هەڵبژاردنێکی ناچاریە.
لە بەرانبەردا ئاکار ئەخلاقێکە بە هیچ ترس و سەپاندنێک لە ناوەوەی مرۆڤ دژبەتە دەرەوە و جگە لە گوێگرتن لە دەنگی ناوەخۆی پابەند نییە بەو یاسا و ڕەسایانەی لە دەرەوەی ئەو بونی هەیە.

کەواتە سەکس ئەوکاتە دەبێتە بە ئەخلاقی ئەگەر هاتو ئارەزو لە پێناو تێرکردنی خەی سەی لە زەرلەکردن و دەستدرێژی نەکردەوە و گوێی بەو دەنگە ناوەکییە و بە ئاکار نەدا.
لەرەدا نائەخلاقییەکە پێویست نییە بە وروژاندن و لەکخشاندنی جەستەیی، بەکو لەوەدایە بڕانبەرەکەی وەک کەرەستەی تێرکردن و لە خزمەت ئارەزوی خەی بەکارهێناوە و ویست و ئیرادەی لە زەوتکردوە. واتا بە ئەخلاقییەکە لە زەوتکردنی ویست و ئیرادەکە دایە. ئەگەرنا کردەی سەکس بەخەی تەنیا چەژە و هیچی بەسەر بابەتی بە ئەخلاقی و بە ئەخلاقییەوە نییە.